سەرپەرشتیاری دۆسیە
سەنگەر زراری

| | |
|---|---|
| - چەند قسەیەک بۆ ئەم دۆسیەیە | سەنگەر زراری |
| - ژیاننامە | ئا: بنار |
| - حەز لە نووسین ناکەم | و: سەنگەر زراری |
| - هەستم بەوە نەکردووە کە کاتی نووسینی ژیاننامەم هاتبێ | و: سەفەر رەمزی |
| - جوانترین کوردانذن ئەوەیە شتەکان بێ دەسکاری بگوازرێنەوە | سازدانی: رابەر فاریق |
| - ئەو رۆماننووسەی ئازایانە کۆمەڵگاکەی رووت دەکاتەوە | جەبار سابیر |
| - رانانێک بۆ وەرزی کۆچ بەرەو باکوور | و: عەبدوڵلا سلێمان(مەشخەڵ) |
| - گفتوگۆی "وەرزی کۆچ" لەگەڵ "لە ناو جەرگەی تاریکی"دا | و: کاوەیس حەمەدەمین |
| - «وەرزی کۆچ بەرەو باکوور» لە تەرازووی رەسەنێتیدا | و: فاتیمە فواد |
| – خۆکوشتنی کەسەکان لە «وەرزی کۆچ بەرەو باکوور» | و: نەجات خۆشناو |

## کەسێک بە دەست نووسینەوە دەناڵێنێ

# دۆسیەیەک بۆ تەیب ساڵح و وەرزی کۆچ بەرەو باکوور

سەرپەرشتیاری دۆسیە
سەنگەر زراری





# تەیب ساڵح... بەرهەمی کەم و ناوبانگی زۆر
## چەند قسەیەک بۆ ئەم دۆسیەیە



سەنگەر زراری

بۆ تەیب ساڵح؟ بۆ وەرزی کۆچ بەرەو باکوور؟ لە میانەی ئامادەکردنی ئەم "دۆسیە"یەدا ئەم دوو پرسیارەم زۆر رووبەڕووکرایەوە؟

لە جیهان زۆر رۆماننووسی لە "تەیب ساڵح" باشتر و زۆر رۆمانی لە "وەرزی کۆچ بەرەو باکوور" باشتر هەن، بەڵام نکوڵی لەوە ناکرێ کە "تەیب ساڵح"یش یەکێکە لە رۆماننووسە باشەکانی جیهان و "وەرزی کۆچ بەرەو باکوور"یش یەکێکە لە رۆمانە باشەکانی دنیا.

ناکرێ ئێمە لە هەموو شتێکدا پێوەرێکی ورد بێنین و بە وردی باسی ئەوە بکەین کە ئەمە لەوە باشترە و تا ئەوە هەبێ نابێ باسی ئەمە بکەین و...

"تەیب ساڵح" یەکێکە لە رۆماننووسە باشەکانی جیهان، ئەمڕۆ دەرفەتی ئەوە هەیە باسی ئەو بکەین و بەیانی باسی یەکێکی تر دەکەین. ئەم دۆسیەیەی تەیب ساڵحیش هاوشانی دوو دۆسیەی پێشترە کە لەم گۆڤارەدا بۆ دوو ئەدیبی گەورەی عەرەبمان کردەوە "نەجیب مەحفوز" و "محەمەد

ماغوت"، ئەمەش لە پیناو ناساندنی ئەوانە بە خوینەرانی کورد، بە تایبەتی نەوەی ئێستا کە ڕێژەیەکی زۆریان زمانی عەرەبی نازانن و بە ئەدەبی عەرەبی ئاشنا نین، لە کاتێکدا کە ئەم ئەدەبەش قورسایی خۆی هەیە و بە روونی کاریگەری بەسەر نەوەکانی پێشترمان هەبووە و هەیە.

بە بۆچوونی من ئەو پرسیارەی لێرەدا پێویستە وەڵام بدرێتەوە ئەوەیە کە بۆچی هاوشانی تەیب ساڵح ڕۆمانی "وەرزی کۆچ بەرەو باکوور" لە کاتێکدا تەیب ساڵح چەندین ڕۆمان و چیرۆکی دیکەی هەیە.

لە راستیدا "وەرزی کۆچ بەرەو باکوور" ئەو ڕۆمانەیە کە "تەیب ساڵح"ی بە جیهان ناساند، نەک کتێبەکانی دیکەی یان بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانی، تا ئێستاش دەتوانم بڵێم لەسەر ئاستی ئەدەبی عەرەبی و جیهانی "مستەفا سەعید"ی پاڵەوانی ڕۆمانەکە بە ئەندازەی "تەیب ساڵح" خۆی بەناوبانگە، ئەمە هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی کە زۆرێک لە رەخنەگران وای دادەنێن: کەسایەتی مستەفا سەعید، رەنگدانەوەی خودی کەسایەتی تەیب ساڵح خۆیەتی. تەیب ساڵح خۆشی لە شوێنێکدا دەڵێت: "هەندێ شتی ژیانی مستەفا سەعید لە ژیانی من دەچێت".

«وەرزی کۆچ بەرەو باکوور» ئەو ڕۆمانەیە کە تەیب ساڵحی نەک تەنها بە ئەدەبی عەرەبی، بەڵکو بە هەموو جیهان ناساندو کردی بەو تەیب ساڵحەی ئێستا ئێمە بەو شێوەیە دەیناسین.

ئەدەبی سوودانی ئەدەبێکی لاتەریکە و ناوبانگێکی ئەوتۆی نییە، بەڵام تەیب ساڵح توانی لە ناو ئەم جوعزە بەرتەسکەی جیهان بێتە دەرەوە و ببێتە ئەدیبێکی جیهانی.

سەرەڕای ئەو ناوبانگەی کە ئەم کابرایە لەسەر ئاستی ئەدەبی جیهانی هەیەتی، ئەگەر تەماشا بکەین، ڕێژەی چەندێتی بەرهەمە ئەدەبییەکانی، بە بەراورد لەگەڵ ناوبانگەکەی ئەوەندە زۆر نین، تەیب ساڵح دەڵێت: "من حەز لە نووسین ناکەم، کێشەی دەروونیم لەگەڵ دەربڕیندا هەیە، لەو باوەڕەدام کە ژیان پڕە لە شتی دیکە کە دەکرێ کاریان تێدا بکەین".

ئەگەر ئەم رستەیەی تەیب ساڵح مانایەکی هەبێت، ئەوە مانای ئەوەیە کە تەیب ساڵح زۆر راستگۆیە لەگەڵ نووسین، چونکە تەنها لە پێناو نووسین و زۆر نووسیندا نانووسێت، بەڵکو تەنها ئەوکاتە دەنووسێت کە نووسین زۆری بۆ دێنێت و فشاری دەروونی دەخاتە سەر، ئەمەش باشترین جۆری نووسینە و هەر ئەمەشە نهێنی دەرکەوتنی تەیب ساڵح بەو گەورەییە.

# ژياننامه

ئا: بنار



تەيب ساڵح



- تەیب سالّح لە سالّی ١٩٢٩ لە گوندی "کەرمەکول"ی هەرێمی "مەروە"ی باکووری سوودان لە دایکبووە.
- منداڵی و هەرزەکاری خۆی لەم هەرێمەدا بەسەر بردووە.
- لە تەمەنی گەنجیدا چۆتە "خەرتووم"ی پایتەخت.
- لە "خەرتووم" بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لە زانست بەدەستهێناوە.
-بۆ درێژەدان بە خوێندن چۆتە لەندەن و لەوی کاروباری نێودەوڵەتی خوێندووە.

**ژیانی پیشەیی:**

- تەیب سالّح گەلێ پلەی ئیداری وەرگرتووە
- ماوەیەک بەڕێوەبەری قوتابخانە بووە.
- ساڵانێکی زۆر لە بەشی عەرەبی دەزگای رادیۆی بەریتانی (BBC) کاری کردووە.
- لە (بی بی سی) چەند پلەیەکی کارگێڕی بڕی تا بووە بەڕێوەبەری بەشی دراما.
- لە رادیۆی "بی بی سی" دەستی لە کار کێشایەوە و



گەڕایەوە سوودان.
- ماوەیەکی زۆر لە ئێزگەی سوودان کاری کرد.
- چووە وڵاتی "قەتەر" و لە وەزارەتی ڕاگەیاندنی قەتەری کاری کرد.
-دواتر بووە بەڕێوەبەرێکی هەرێمیی لە ڕێکخراوی "یونسکۆ" لە پاریس.
-پاشان بووە نوێنەری یونسکۆ لە کەنداوی عەرەبی.
- بەشێوەیەکی گشتی نووسینەکانی دەربارەی ئەو بابەتانەن کە پەیوەستە بە داگیرکار و مەسەلەی سێکس لە نیشتمانی عەرەبی.

**تەیب ساڵح و ئەدەب:**

- تەیب ساڵح گەلێ ڕۆمانی نووسیوە کە بۆ زیاتر لە ٣٠ زمان وەرگێڕدراون، لەوانەش: موسم الهجرة إلى الشمال.
- دەرهێنەری کوێتی "خالید سدیق" لە ساڵانی حەفتاکاندا، ڕۆمانی (عرس الزين)ی کردە فیلم و فیلمەکە لە فیستیڤالی "کان" سەرکەوتنی بەدەستهێنا.
- لە بواری ڕۆژنامەگەریدا ماوەی (١٠) ساڵ ستوونێکی ڕۆژنامەوانی هەفتانەی لە گۆڤاری "ئەلمجەلە" هەبوو کە لە لەندەن بە زمانی عەرەبی دەردەچوو.

**ڕۆمانەکانی:**

- ضو البيت (بندر شاه): باس لەڕووداوی کەسێک دەکات کە دەبێتە قوربانی دەستی باوکی خۆی و کوڕی خۆی.
- دومه ود حامد. لەم ڕۆمانەدا باسی کێشەی هەژاری و خراپی پەیوەندی نێوان هەژارەکان خۆیان و ئیستیغلالکردنیان لە لایەن ئەو دەرەبەگانەی کە لە پارە زیاتر هیچ شتێکیان بەلاوە گرنگ نییە.
- عرس الزين
- مريود
- موسم الهجره إلى الشمال- ١٩٦٧:
- منسى

http. ar. wikipedia .org

## تەیب ساڵح:
# حەز لە نووسین ناکەم

و: سەنگەر زراری



لە لێژنەی هەڵسەنگاندنی خەڵاتی "داهێنانی ڕۆمانووسی عەرەبی"، ڕۆماننووسی سوودانی تەیب ساڵح سەرۆکی لێژنەکە بوو، ئەوکات ڕۆماننووس (سەنەعەڵڵا ئیبراهیم) لەسەر مینبەر و لەبەردەم لێژنەی هەڵسەنگاندندا، خەڵاتەکەی ڕەتکردەوە، ئەمە وای لە (تەیب ساڵح) کرد کە بەتووندی ڕەخنەی لێبگرێ و گوتی: ئەگەر مەبەستی بوو کە خەڵاتەکە ڕەت بکاتەوە، دەبوو بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە نەهاتبا، ئەو کارەی ئەو کردی تەنها ئیهانەکردنی لێژنەی هەڵسەنگاندن بوو.

ئەمساڵ خەڵاتەکە بە (تەیب ساڵح) خۆی بەخشرا و ئەو ڕەتی نەکردەوە، بەڵکو وای دانا لەو کاتەوەی کە دەنووسێت گەورەترین خەڵاتە پێی بەخشرابێت.

بەڵێ ئەمساڵ لە خولی دووەم و لە بارودۆخێکی نائاسایی خەڵاتەکە بەدەست هێنرا، بارودۆخێک کە درەوشانەوەی زیاتری پێوە دیاربوو لە ساڵی پار، واتا لەوکاتەی (سەنەعەڵڵا ئیبراهیم) بە ئامادەبوونی (فاروق حوسنی) وەزیری ڕۆشنبیری میسری خەڵاتەکەی ڕەتکردەوە و ئەوەی ڕاگەیاند کە ڕەتکردنەوەی ئەم خەڵاتە، ڕەتکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیرییە، چونکە ئەو خەڵاتەکەی بەخشیوە.

ناوی (تەیب ساڵح) لە ناو ڕۆشنبیری عەرەبیدا هۆکارێکی گرنگ بوو کە ئەمساڵ ئەو ئەتمۆسفێرە جوانەی ڕێوڕەسمی بەخشینی خەڵاتەکەی دروست کرد، لەو کاتەی خەڵاتەکەی بەدەست هێناوە، ئەتمۆسفێرێکی ئاهەنگئامێز باڵی بەسەر کۆڕبەندە ڕۆشنبیرییەکانی ڕۆشنبیری میسریدا کێشاوە. لێرەدا ئەستێرەی یەکەم، خاوەنی "وەرزی کۆچ بەرەو باکوور"ە، ئەو ڕۆمانەی کە قورسایی ڕۆمانێکی جیهانی



**هەیە.**

**لەم گفتوگۆیەدا (تەیب سالح) دەربارەی چالاکییەکانی خەلاتەکە و دوا داهێنانەکانی و ئەو گۆرانکارییانە دەدوێت کە ناوەندی رۆشنبیری و ئەدەبی عەرەبی بە خۆیەوە دەبینێ.**

**سەرەتا دەربارەی ئەو بردنەوە لەناکاوەی خەلاتی "داهێنانی رۆمانووسی عەرەبی" و ئەو رەخنانە پرسیارم لێکرد کە ساڵی پار (کاتێ خۆی سەرۆکی لێژنە بوو) ئاراستەی (سەنعەڵڵا ئیبراهیم)ی کرد بەهۆی رەتکردنەوەی خەلاتەکە، ئەو بەڕاشکاوی و بەو شێوازە سوودانییە قسەی دەکرد کە سەرەڕای بەسەربردنی ساڵانێکی زۆر لە غوربەت، هێشتا پارێزگاری لێ دەکات..**

**"پێشبینیم نەدەکرد کە ئەمساڵ خەلاتەکە ببەمەوە، بەلام سەرەڕای ئەوەی چەندین خەلاتی دیکەم بەدەستهێناوە، ئەم خەلاتەیان بۆ من چێژێکی تایبەتی هەیە، شانازی پێوە دەکەم و سەربەرزم بەوەی گەورەترین خەلاتی رۆمانی جیهانی عەرەبیم پێ دەبەخشرێ و منیش ئەم خەلاتە پێشکەشی سوودان دەکەم، ئەو ولاتە ئەفریقییەی کاریگەرییەکی روونی لەسەر مێژوو هەیە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا لە کەلتووری عەرەبیدا فەرامۆشکراوە".**

### رەخنەم لە هەڵوێستی (سەنعەڵڵا ئیبراهیم) نەگرتووە:

(تەیب سالح) لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت "سەبارەت بە هەڵوێستی من لە پارساڵدا، من رەخنەم لە (سەنعەڵڵا) نەگرت ئەوکاتەی خەلاتەکەی رەتکردەوە، بەڵکو رەخنەم لە شێوازی رەتکردنەوەکەی گرت و گوتم: رەتکردنەوەی خەلاتی هەر نووسەرێک لە کەس و ولاتی خۆی هیچ کاریگەرییەکی نییە.

سەرەڕای ئەوەی کە نووسەر ئازادە لەوەی هەر خەلاتێک رەت بکاتەوە یان وەریبگرێ، بەلام ئەوکاتەی رەتی دەکاتەوە، پێویستە بە رێگایەکی شیاو رەتی بکاتەوە، نەک بەو شێوەیەی سەنعەڵڵا کە کاتێ چووە سەر شانۆیەکە ئینجا رەتی کردەوە، مادام دەیویست خەلاتەکە رەت بکاتەوە، دەبوو بۆ ئاهەنگەکە نەهاتبا، ئەو جۆرە رەتکردنەوەیە جۆرێک بوو لە ئیهانەکردنی لێژنەی بالای هەڵسەنگاندن.

من ئەو خەلاتەم قبووڵ کرد، چونکە ئەمە ئیزافەیەکە بۆسەر ناوی من، (سەنعەڵڵا ئیبراهیم) ئارەزووی خۆیەتی کە وەری دەگرێ یان رەتی دەکاتەوە".

هیچ کاتێک ناوی (تەیب سالح) بەبێ ناوی رۆمانەکەی ناهێنرێ کە لەسەر ئاستی جیهانی بەناوبانگە (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور). (مستەفا سەعید)ی پاڵەوانی ئەم رۆمانە سەفەری ئینگلتەرای کرد و رێککەوتی شارستانییەتێکی تری کرد، ئایا نووسەر لە شەستەکاندا پێش ئەو هەولانە کەوتووە کە لەمڕۆدا کەلتووری دیالۆگ پێی گەیشتووە، لەوەدا کە زەرورەتێک هەیە بۆ تەواوکاری لەگەڵ شارستانییەتی رۆژئاوا؟ لەجیاتی پێکدادانی شارستانییەتەکان کە لە دوای رووداوەکانی (١١)ی سێپتێمبەرەوە بۆتە رووکارێکی زاڵ و باو.

(تەیب سالح) بەپەلە سەرەداوەکەی دەگرێتە دەست و ئەوەی دەخاتەسەر:

"هیچ پاساوێک نابینمەوە بۆ ناونان بە (پێکدادانی شارستانییەکان) ئەوەی لەنێوان شارستانییەکان هەیە رووبەڕووبوونەوەیە نەک پێکدادان، رۆمانەکە رەنگدانەوەی کەسایەتی



(مستەفا سەعید)ە کە لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا لە کۆمەڵگایەکی ئیسلامی، بەرەو کۆمەڵگایەکی رۆژئاوایی هاتووە، واتا لەو ماوەیەی کە داگیرکار "ئیستیعمار" لەناو سوودان و میسر رەگوریشەی دادەکوتا، هەوڵمدا لە میانەی ئەم رۆمانەدا پێداگیری لەسەر ئەوە بکەم کە پاڵەوانی رۆمانەکە بەرهەمی جیهانی عەرەبییە، بەڵام بەهۆی خوێندنە پێشکەوتووەکەیەوە بۆتە بەرهەمی جیهانێکی دی کە ئەویش جیهانی ئەوروپییە و بەمەش تووشی جۆرێک لە دابەشبوونی کەسایەتی هاتووە، ئەمەش وای لێکردم لە ستایلی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم واقیعەدا دەلالەتێکی رەمزی بەکاربێنم، وای لێ بکەم کە واتێبگات ئەویش لە نەتەوەیەکە کە لە کارەکانیدا سەرکەوتووە و وا هەست بکات ئەویش داگیرکەرە بەڵام بەجۆرێکی تر".

**شانۆی رۆمانەکانی:**

لە زۆربەی رۆمان و کارەکانی (تەیب سالح)دا شوێن و ژینگەی لادێی دەدرەوشێتەوە، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە نووسەر پابەندە بە جیهانی تایبەتی خۆی و ئەو ژینگەیەی کە تیایدا گەشەی کردووە؟! تەیب سالح دەربارەی ئەمە دەڵێت:

"بەتەواوی وایە.. من شانۆی زۆربەی نووسینەکانم ولاتەکەی خۆمە، وەکو هەر نووسەرێکی تر کە بە ژینگەی خۆی و ئەو شوێنە کاریگەرە کە تیایدا ژیاوە، سەرەڕای ئەوەی کە گەلێ ولات گەڕاوم، بەڵام نووسین دەربارەی ئەو ژینگەیە وام لی دەکات هەمیشە هەست بە سۆزی نیشتمان بکەم، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ژینگەی سوودانی زۆر دەوڵەمەندە و دەکرێ ببێتە شوێنێکی زۆر باش بۆدروستکردن و چنینی رووداوی جۆراوجۆر، دەکەوێتە سەر دۆڵی نیل، هەروەها درێژکراوەی بیابانێکی گەورەیە لە سوودان و هۆزێکی عەرەبی گەورە تێیدا دەژی بەناوی (کەبابیش)، وابزانم ئەم ولاتەش پڕە لە کەڵەکەبوونی شارستانییەتی جیاواز و دیمەنی زۆربەی ئەو رووداو و رۆمان و نووسینانە دەوڵەمەند دەکات کە من نووسیومن".

لێرەدا پێم گوت: مادام وای دەبینی کە ژینگەی سوودانی پڕە لە کەڵەکەبوونی شارستانییەتەکان، ئایا ئەمە کاریگەری لەسەر رۆمانی (زەماوەندی زین- عرس زین) هەیە؟ تەیب سالح وەلامی دایەوە:

"زەماوەندی زین، رۆمانێکە پڕە لە قسەکردن لەسەر ئەو ژینگەیەی کە تیایدا ژیاوم و خۆشم ویستووە، هەوڵم داوە وێنەی ئەو ژینگەیە بکێشم و هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەلایەتی و شارستانییەتی ئەو ژینگەیە بخەمەڕوو، هەوڵیشم داوە ژیانی ئەو گروپ و هۆزانە بخەمەڕوو کە چوونەتە ناوچە بەربەرنشینەکانی سەر (نیل)، پاش تێکەڵ بونیان بە یەکتر ژیانیان پڕبووە لە دەوڵەمەندی رۆشنبیری و کۆمەلایەتی لە ناوچەکەدا، وا هەست دەکەم کە لەم رۆمانەدا توانیومە بەیەکگەیشتنی مرۆیی و شارستانی پێکەوە گرێ بدەم، بەڵام بە شێوەیەکی بچووککراوە، ئەمەش ئەو دەلالەتە رەمزییە دەگەیەنێ کە پێکگەیشتنی نێوان هۆز و شارستانییەتەکانی تر پێویستە".

**(سێینە)کە و بارودۆخی ئێستای سوودان:**

زۆربەی رەخنە گران وای دەبینن کە سێینەکەی تەیب سالح (بندر شاه) و (چو البیت) و (مریود) بارودۆخی ئێستای سوودان پیشان دەدا و تێڕوانینی خودی خۆشی، رەنگدانەوەیەکی



دوولایەنی دژ بەیەکی هەیە، ئەو دەڵێت:
"ئەم قسەیە سەرەڕای ئەوەی دڵخۆشم دەکات، لەهەمانکاتدا خەمباریشم دەکات، ئەدیب بە شێوەیەکی گشتی ناتوانی لە واقعی ژیانی خۆی دابڕێ، چونکە هەستێکی هەیە بۆ بۆ بینینی ئاینده، وای دەبینم کە ڕۆمان جۆرێکە لە کەشفکردنی هونەریی ئەو ژینگەیەی کە بە کەڵەکەبوونی شارستانییەکان دەوڵەمەندە، هەوڵمداوە لەم کارانەدا ئەوە بخەمەڕوو کە رابردوو و ئێستا چەند کاریگەرییان لەسەر ئاینده هەیە.
ئەوەی ئێستا لای ئێمە لە سوودان روو دەدات، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەستە بە نەخشەی سیاسی وڵاتەکەمان کە دەبێ لە لایەن خودی گەلی سوودان جیا بکرێتەوە، ئەوەیە کە سوودان وڵاتێکی بەرفراوانە و پڕە لە جۆراوجۆرێتی شارستانییەکان، باشوورەکەی ئەفریقییە و باکوورەکەشی عەرەبییە، ڕۆژئاواکەی نوبییە و ڕۆژهەڵاتەکەی تایبەتمەندی تر و ئینتیمای جیاوازی هەیە، ململانێکانیش لێرەوە هاتوون، ئەوەی ئێستا روودەدا تەنها هاوسەنگییەکی نوێیە لەنێوان هێزە سیاسییە ململانێکەرەکان و لەسەر بنەمای پەیمانێکی کۆمەڵایەتی نوێ لەنێوان هەموو تایفەکانی کۆمەڵگا".

**(سێینە)ی من و (سێینە)ی نەجیب مەحفوز:**

لێرەدا دەبێ بەراورد بکەم لەنێوان سێینەی (تەیب ساڵح) و سێینەی (نەجیب مەحفوز) کە هەندێک وای دەبینن زۆر لەیەک نزیکن یان لەیەک دەچن، بەڵام ساڵح زوو وەڵامی ئەم بەراوردەی دایەوە و گوتی:
"لەو باوەڕەدا نیم کە هەوڵمدابێ لاسای سێینەی ئەدیبی گەورە نەجیب مەحفوز بکەمەوە، بەڵکو دەتوانم بڵێم هەردووکیان یەک شێوازن ئەویش هەوڵدانە بۆ چوونە ناو ژینگە.
سەرەڕای ئەوەش تەنانەت لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ چوونە ناو هەر یەک لەم ژینگانە جیاوازی هەیە، ستایلی من تێکەڵبوونمە بە ژینگەی خۆم، بەڵام لەسەر ئاستێکی ئەفسانەیی، بەڵام نەجیب مەحفوز بەشێوەیەکی لەمن باشتر مامەڵە لەگەڵ واقیعدا دەکات، چونکە ستایلی ئەو پڕە لە واقعییەت نەک ئەفسانە، دەبینین کە "عرس الزین" لە "بندر شاە" جیاوازە، کە هەردوو بەشی (چو البیت) و (مریود)ی لێ دەرهێنراوە، بەڵام ئەوانەی دەیانەوێ چوونیەکییەک لەنێوان ئەم دووانەدا بدۆزنەوە، لەوانەیە بگەنە چوونیەکییەک لە شانۆی خودی رووداوەکان، واتا هەڵبژاردنی ژینگە و واقیعی خۆمان، ئەمە سەرەڕای جیاوازی نێوان ئەم دوو واقیعە".
هیچ کەسێک گومانی لەوە نییە کە تەیب ساڵح بەهرەمەندێکی گەورەی بواری ئەدەبی هاوچەرخی عەرەبییە، بەڵام زۆرێک لەو باوەڕەدان کە ڕۆمانەکانی لە رووی چەندێتییەوە لەگەڵ ئەو بەهرە گەورەیەی هەیەتی گونجاو نییە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی عەرەبی، لەوانەیە کەمی ڕۆمانەکانی لەبەر ئەوەبێت کە سەرقاڵە بە نووسینی رەخنەییەوە.
تەیب ساڵح بە دەربڕینێکی نەرم و جوان وەڵام دەداتەوە و دەڵێت:
"هەمیشە دەڵێم هونەر لەو (پەرستگا)یانە دەچێت کە هەندێ ئەفسوونگەری تێدایە و پاسەوانی لێدەکەن و واش گومان دەبەم کە ئەفسونگەری شەڕاوین، ئەگەر نووسەر تەسلیمی ئەو ئەفسوونگەرانە بوو، بە دڵنیاییەوە زۆر شت لەدەست دەدات، بۆیە هەوڵدەدەم بەئاگایانە بچمە



ناو ئەم دنیـــایە و لێی دەربێم، لەو باوەڕەدام کـە نووسین بۆ من چالاکـیـیـەکـە لە مـیـانەی چەند چالاکـیـیـەکی تر کـە من گـرنگیـان پێ دەدەم، لەوانەش: گەشتکردن و خوێندنەوە و گوێگرتن لە مۆسیقا و بینینی برادەران".

**بەدەست نووسینەوە دەناڵێنم:**

جێی سەرسوڕمانە کە خاوەنی "وەرزی کۆچ بەرەو باکوور" حەزی لە نووسین نییە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە موفرەداتەکانی نووسیندا ئەفسونگەرە و لە بەرهەمهێناندا بەهرەمەندە. ئەوانەی لێیەوە نزیکن دەڵێن کە ئەو کێشەی لەگەڵ کاغەزدا هەیە، ئەو خۆشی دان بەوەدا دەنێت:

"بەشێوەیەکی گشتی من حەز لە نووسین ناکەم، کێشەی دەروونیم لەگەڵ دەربڕیندا هەیە، لەو باوەڕەدام کە ژیان پڕە لە شتی دیکە کە دەکرێ کاریان تێدا بکەین، ئەمە لای من زۆر لەوە باشترە کە لە کۆتایی شەو دانیشم بۆئەوەی بنووسم، دواجار ماندوو دەبم، ئەوکاتانەش کە کاغەز بەو کەسایەتییە وەهمییانە پڕ دەکەمەوە ماندووبوونەکەم زیاتر دەبێت، کێشەی گەورەی من ئەوەیە کە چۆن ئەم جیهانە وەهمییە دەربڕم کە لەوانەیە هیچ پەیوەندییەکی بە واقیعەوە نەبێت، لەراستیشدا ئەم کەسایەتییانە زۆر کەم پەیوەندییان بە واقیعەوە هەیە.

**شیعرو ڕۆمان:**

لەبەر ئەوەی کە (تەیب ساڵح) ڕۆماننووسێکی گەورەیە، لەوانەیە لەسەر حسابی شیعر پەرەی بە ڕۆمان دابێ و ڕۆمانی بەسەر شیعردا زاڵ کردبێ، لەم سەردەمەی کە ئێمە تیایدا دەژین هەمیشە ئەو پرسیارە دەکرێ کە ئایا ئێستا سەردەمی شیعرە یان سەردەمی ڕۆمان؟ تەواو بە پێچەوانەوە تووشی سەرسوڕمان دەبیت کاتێ وەڵامدەداتەوە:

"سەرەڕای پێشکەوتنی ڕۆمان بەم دواییە و سەرەڕای ئەوەی کە خۆم ڕۆماننووسم، بەڵام وای دەبینم کە زەمەنی عەرەبی زەمەنێکی شیعرییە و میزاجی عەرەبی میزاجێکی شیعرییە، ڕۆمان وەکو دیاردەیەک لە گۆڕەپانەکە دەردەکەوێت، بەڵام شیعر هەمیشە پارێزگاری لە پێشکەوتنی خۆی دەکات، سەرەڕای هەموو ئەمانە ڕۆمان توانیویەتی لەسەرزەمینی عەرەبیدا، ڕێڕەوێک بۆخۆی بدۆزێتەوە، ناکرێ ئەو هەموو ڕۆمانە لەبیر بکەین کە لە ژیانی ڕۆشنبیریماندا هەیە. وای دەبینم کە ئەم شێوە ئەدەبییەی تەعبیرکردن بۆ گەنجان و دەربڕینی کێشەکانیان زۆر گونجاوە، دەبینین کە ڕۆماننووسانی هەموو وڵاتانی وەکو یەمەن و سوودان و سۆماڵ، لە دەورووبەرن و نەهاتوونەتە ناو بازاری فیکری عەرەبی، بەڵام توانیومانە سوود لە بەرهەمی ڕۆشنبیری خەڵکی بەرهەمهێنەری فیکری عەرەبی بکەین لە وڵاتانی وەکو میسر و لیبیا و عێراق و سوریا، تەنانەت ئەو پێشکەوتنەش کە ئێستا ئێمە لە ڕۆمان ناومانە".

**گرێی (خۆبەنامۆزانین):**

بێگومان (تەیب ساڵح) لە دەرەوی جیهانی عەرەبی سوودی لە گەلانی دیکە بینییەوە، ئەو گەلانەی ماوەیەکی دوورودرێژ لەناویاندا ژیاوە و ڕەگەزی هاوبەشی لەنێوان داهێنانی ڕۆمانی عەرەبی و داهێنانی ڕۆمانی جیهانیدا دۆزیوەتەوە، ئەمەش بە دڵنیاییەوە لە زۆربەی کارەکانی دەردەکەوێ، کاتی ئەو گریمانەیەم خستەڕوو گوتی:

"بە تێڕوانینی من، داهێنانی عەرەبی زۆر گەشاوەیە و لە ئاستی داهێنانی هیچ جێگایەکی دیکەی جیهان نزمتر نییە، بەڵام کێشەی ئێمە ئەوەیە کە باوەڕمان وایە هەرچییەک لە دەرەوە بێت لەوە باشترە کە لەناوخۆماندا هەیە، ئێمە تەنانەت



لە ئەدەبیشدا تووشی گرێی (خۆبەنامۆزانین) هاتووین، ئێستا پێویستە کە پێنووس و نووسینەکانمان لە بازاڕی فیکری جیهانی بخەینەڕوو، چەند ساڵێک پێش ئێستا دەستمان بە خوێندنەوەی ئەدەبی لاتینی کرد، چونکە ئەم ئەدەبە بووە ئەدەبێکی باش و گونجاو، بەداخەوە ئەدەبی عەرەبی بە دەست کێشەی بازاری کتێبەوە دەناڵێنێ و هەندێ جاریش کێشەی بەرزی نرخی کتێب هەیە".

**رەخنە و داهێنان:**

ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ (تەیب ساڵح)دا بکات، دەبێ بچێتە ناو دەریای رەخنە و باسی بکات، چونکە ئەو زۆر وتاری رەخنەیی دەنوسێت، لێم پرسی: ئایا رەخنە هاوشان لەگەڵ داهێنانی رۆماندا دەڕوات؟ بە پیداگیرییەوە وەڵامی دامەوە:

"من یەکەم کەسم کە گوتوومە: رەخنە هاوشان لەگەڵ داهێنانی ئەدەبیدا دەڕوات. رەخنە درێژکراوەی کاری ئەدەبی نییە، بەڵام هاوتەریبە لەگەڵیدا و ئەمەش خۆی لە خۆیدا داهێنانە، من رەخنە وەکو شیعر و رۆمان بۆ چێژ دەخوێنمەوە، رەخنەگری زۆری عەرەب هەن کە من چێژیان لێ وەردەگرم، لەوانە: رەجا ئەلنەقاش، مەحمود ئەمین عالەم و چەند گەنجێکی سعودی موژدەبەخشیش لەمبوارە هەن، لەوانە: سەعید سەریحی و فەهد حاریسی".

**رۆشنبیر و دەسەڵات:**

ئایا دەبێ رۆشنبیر هاوگروپی دەسەڵات بێت (وەکو فاروق حوسنی وەزیری رۆشنبیری میسری دەڵێت)، یان دەبێ بە هەمووشێوەیەک لە دەسەڵات و لە خەڵاتە ماڵییەکانی دوورکەوێتەوە (وەکو ئەو بڕوایەی سەنەعەڵڵا ئیبراهیم هەیەتی)، تەیب ساڵح دەڵێت:

"چەندە رۆشنبیر لە دەسەڵات دوور کەوێتەوە باشە، بەڵام دەبێ سیستەمێک و رێگایەکی کراوە و دەروازەیەک بۆ گفتوگۆکردن لەنێوانیاندا هەبێت، لەسەر پیاوی دەسەڵاتیش پێویستە کە رۆشنبیر بێت بەرامبەر بەوەی کە بیرمەندان دەیڵێن، چونکە هەمیشە پیاوی دەسەڵات بەرەو کردەوە دەڕوات و لە فیکر کەم دەکاتەوە، بۆیە پێویستە بیرمەند فیکرەکانی خۆی بۆ بخاتەڕوو، لەنێوانیاندا پەیوەندییەکی بە هێزی تەواوکاری گەشە بکات، ئێستا پیاوانی دەسەڵات ترسیان لە رۆشنبیران هەیە ئەم ترسەش هیچ پێگەیەکی نییە، لە رابردوودا گوێمان لەوە نەبووە کە بیرمەندێک کودەتایەکی سیاسی ئەنجام دابێت"....

**پەراوێزخستن لە لایەن (ئەویتر)ەوە:**

هەندێ لە رۆشنبیران تیۆری کودەتایان بەسەردا زاڵە و وا دەڕوانن "ئەویتر" کە دوژمنە و هەوڵ دەدات پەراوێزیان بخات، رۆشنبیری عەرەبی بە دەست ئەم ناڕوونییەوە دەناڵێنێ: چ پەراوێزخستنێک و بۆچی ئەم ئامانجەیان هەیە؟

بە پێچەوانەوە (تەیب ساڵح) وای نابینێ کە ئەمە راستە و لێرەوە دەڵێت:

"هیچ هەوڵێک بۆ پەراوێزخستنی ئێمە نییە و کەس ناتوانێ رۆشنبیریی عەرەبی پەراوێز بخات، شتێک نییە بەناوی هێرشێکی توند، لەوانەیە فشار و کێشە هەبێت، بەڵام ئەوە لە هەموو جیهاندا هەیە، ئێمە بە ئەندازەیەک شپرزە نابین کە تووشی ئیفلیجی بین، مرۆڤی تێکۆشەر هەمیشە رووبەڕووی کێشە دەبێتەوە، بۆیەش هەست بەوە دەکەین چونکە ئێمە پێش دەکەوین و تێدەکۆشین، بەمەش هەست بە غیرەی ئەوانیتر و تووڕەبوون و بێزاری ئەوانیتر دەکەین، ئەوانەی لە



جیهانی عەرەبی شیوەن و لاوانەوە دەنووسن، پێویستە وازی لێبێنن و چیتر نەینووسن، ئێمە نەتەوەیەکین کە شارستانییەتێکی گەورە و توانایەکی بێسنوورمان هەیە، تەنها ئەمەریکا گەمژەیی دەکات و تاوانی گەورە ئەنجام دەدات، بە سڕینەوە و لەناوبردنی شارستانییەتێکی جیهانی عەرەبی، ئەویش نیوەی مێژووی عەرەبی و ئیسلامییە لە عێراق و ئەو کارەساتەیە کە روو دەدات، بەڵام ئایا ئەمەریکا ئەمە بەرامبەر هەموو وڵاتانی عەرەبی دەکات؟ لەو باوەڕەدا نیم بیکات و ناشتوانێ بیکات، ئێمە خاوەنی جیهانێکین کە مێژوویێکی جێگیرمان هەیە، زۆر کێشە و تەنگەژەمان رووبەڕووبۆتەوە و نەمردووین و ناشمرین، رۆشنبیری و زمانمان بە جێگیری و گەشاوەیی دەمێنێتەوە، پێویستە خەڵک بڕوایان قایم بێت و بڕوای خۆیان لەدەست نەدەن".

**ژیاننامەی خۆم:**

لە کۆتاییدا ئەوانەی کارەکانی (تەیب ساڵح)یان خۆش دەوێت، پرسیار دەربارەی ژیانی دەکەن، سەرسام دەبین کاتێ دەڵێ:

"بەشێکی زۆری ژیانی خۆم لە (مریود و ضو البیت)دا خستۆتەڕوو، بەڵام لە (دومە ود حامد) فیکرەی پابەندبوون بە کۆن و قورسی و زەحمەتی نوێکردنەوە و هەندێجار هاودژی لەنێوان زانست و خورافیات و کەلەپوورم خستۆتەڕوو، لەو باوەڕەدام کە دەبێ نووسەر ژینگە و رەگوریشەی خۆی ئاشکرا بکات، ئەمەش بێ ئەوەی هەستی پێ بکات، خۆی لە کەسایەتی بەرهەمەکانیدا دەبینێتەوە، من هەندێ جار لێکچوونێکی رووکاری لەنێوان خۆم و لەنێوان (مستەفا سەعید)ی پاڵەوانی (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) دەبینم، چونکە ئەو لە (لەندەن) ژیاوە و لەوی ژنی هێناوە وەکو ئەوەی من کردوومە، بەڵام سەبارەت بە نووسینەوەی ژیاننامەم، وا هەست دەکەم کە پێویست بەنووسینەوەی ناکات".

لێم پرسی: (تۆفیق حەکیم) دەڵێت کە رۆمان لە لای ئەو بەبیرۆکە دەست پێ دەکات؟ رۆمان لای تۆ چۆن دەست پێ دەکات؟ (تەیب ساڵح) وەڵامی دامەوە:

"یە هەیکەلی چیرۆکێک دەست پێ دەکەم، من هەندێ کەسایەتی دروست دەکەم کە لە ژینگەیەکدا بیرم لێ کردوونەتەوە و هەمیشە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەجێیان دێڵم، بەڵام لەوانەیە گرنگ نەبێ لە هەر خاڵێکەوە دەست پێ بکەم، چ سەرەتا بێت یان ناوەڕاستەکەی، پاشان دەگەڕێمەوە سەرەتاکەی و ئینجا کۆتاییەکەی تەواو دەکەم، بەڵام هەمیشە وێنایەکی تەواوی بابەتەکەم لا گەڵاڵە دەبێ، کاتێ دەبینم کە (بەش)ێک لەگەڵ کۆنتێکستەکەیدا ناگونجێ، ستایلی (بڕین) بەکار دەهێنم، بۆ نموونە: لە وەرزی کۆچ بەرەو باکووردا، بەشێکی زۆرم لە دەقە سەرەکییەکە بڕی، لەوانەش: کێشەی داداگام نووسیبوو، وێنەیەکی تەواوی دۆخەکەم دروستکردبوو، من چیرۆکی ئەو کەسانەم خوێندبووەوە کە خێزانەکانی خۆیان کوشتووە، پاشان ئەم بەشەم لادا، چونکە بینیم کە ئالۆزی لە کارەکە دروست دەکات.

**سەرچاوە:**

www.almajalla.com

سازدانی: إیمان عزام.

٢٠٠٥/٠٤/١٩

* من ناونیشانەکەیم گۆڕیوە. وەرگێڕ.

## هەڤپەیڤین

رۆماننووسی سوودانی "تەیب سالح"

# هەستم بەوە نەکردووە کە کاتی نووسینی ژیاننامەم هاتبێ

و: سەفەر رەمزی



رۆماننووسی سوودانی "تەیب سالح"

رۆماننووسی سوودانی "تەیب سالح" لە ساڵی ١٩٢٩ لە سوودان لەدایکبووە، کۆلێژی زانستی لە "خەرتووم" تەواو کردووە، بڕوانامەی کاروباری نێودەوڵەتی لە ئینگلتەرا بەدەست هێناوە، ماوەیەک وەکو وانەبێژ کاری کردووە و پاشان چووەتە رادیۆی "بی بی سی" لە لەندەن.

لەنێوان ساڵانی ١٩٨٤-١٩٨٩ بۆتە نوێنەری رێکخراوی یونسکۆ لە وڵاتانی کەنداو کە بارەگاکەی لە قەتەرە.

لە ساڵی ١٩٧٦ چەند توێژەرێک کتێبێکیان لەبارەیەوە دەرکرد بەناونیشانی "تەیب سالح... بلیمەتی رۆمانی عەرەبی" کە باسی زمان و لایەن و شێوەکانی رۆمانەکانی ئەویان دەکرد.

تەیب سالح بەهۆی رۆمانی "وەرزی کۆچ بەرەو باکوور" کە لە ساڵی ١٩٧١ بڵاوی کردەوە زیاتر ناوبانگی دەرکرد.



*** دەیان وتار هەن ئاماژە بۆ خاکەڕایی تێڕوانینەکانی تۆ دەکەن بەرامبەر بە بەهای ئەوەی کە دەینووسیت، بۆنموونە "ڕەجا ئەلنەقاش" کە چەندین جار ئاماژەی بۆ ئەمە کردووە، سەرچاوەی ئەم خاکەڕاییە لە کوێوەیە؟**

– سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێم کە قەرزاری "ڕەجا ئەلنەقاش"م، چونکە ئەو یەکەم کەسبوو ئاگاداری کارەکانم بوو، بێ ئەوەی بیناسم یان ئەو من بناسێ کاری لەسەر کردن، سەبارەت بەو خاکەڕاییەش کە تۆ دەیلێی و ئەوانیتر دەیلێن، وای دەبینم کە ئەم ڕەفتارەم ناگاتە ئاستی ناوەکەم، نە باشم و نە چاکیشم، لەڕاستیدا من خاکەڕا نیم، بەڵام دەشزانم چۆن لە چالاکی نووسین دوورەدەکەومەوە، چونکە پێموایە نووسین تەنها چالاکییەکە لەنێوان چەند چالاکییەکی ژیان، جگە لەنووسین زۆر شتی تر هەن کە دەکرێ مرۆڤ ئەنجامیان بدات و بەهەمان ئەندازەی نووسینیش دڵی خۆش بکات، من عاشقی گەشت و خوێندنەوەم، هەمیشەش دەڵێم کە ئەگەر بەردەوام بنووسین کێ ئەو نووسینە جوانانەی تر دەخوێنێتەوە کە ئەوانیتر دەینووسن؟! بەبێ هیچ خەڵەتاندنێک پەیوەندی من بەنووسین وەکو چالاکییەکی داهێنەرانە، کێشەی ژیان و مردن نییە وەکوئەوەی هەندێک وای دەبینن "هەروەک لەئاهەنگی خەڵاتوەرگرتندا وامگوت" نەمویست خۆم بدەمە دەست ئارەزووی جادووگەری هونەری خراپەکان. وەکو ئەوەی لە ژیاننامەی زۆربەی داهێنەرە گەورەکاندا دەیبینم، بەهۆی نووسینەوە زۆر ئازاریان چەشتووە، چونکە خۆیان بەتەواوی دەخستە چنگی ئەم جادووگەرانە، بەڵام سەبارەت بەمن ئەمە بەسە کە فرتوفێڵ و پێچوپەنا دەکەم، هەندێجار لێیان دوورەدەکەومەوە و هەندێجار لێیان نزیک دەبمەوە، بەڵام هیوا دەخوازم بەساغی لە ناخۆشییەکانی نووسین دەرچم.

*** ئایا لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە هەمیشە پێداگری لەسەر مانەوەت لە پەراوێزدا دەکەی؟ بمبوورە تێناگەم چۆن نووسەرێکی بەناوبانگ لەپەراوێزەوە قسە دەکات؟ لەکاتێکدا تۆ گەشتی نووسینت بە کارکردنی تەواو لە سەنتەر و لە ژێر تیشکی ڕووناکییەکان دەست پێکرد؟**

– هاوڕام لەگەڵت... ئەمە کێشەیەکی ڕاستەقینەیە، بەڵام پێکهاتەی دەروونی من(وەکو دەروونی هەزاران سوودانی تر) وام لێدەکات بەئاسانی باسی خۆم نەکەم، پاشان ئارەزووی دەرکەوتنم نییە، وای دەبینم کە کاتێک نووسەرێک خۆی دەداتە دەست ناوبانگ، خۆی و بەهرەکەی ڕووبەڕووی مەترسی ساختەکاری دەکاتەوە، کاتێ نووسەر خۆی دەبینێتەوە لەڕێگای ڕاگەیاندنەکانەوە تووشی مشتومڕ بووە، دەبێتە کەسێکی تر، بەتایبەتیش دەبێتە "شێوازێک"، چونکە ئارەزووی خۆبەدەستەوەدانی بۆ ئەم وێنایە هەیە کە خەڵک بۆ نووسەریان دروستکردووە و لەگەڵ دەنگ و باوەڕەکانی ناگونجێ. من بەپێی توانا هەوڵ دەدەم تووشی مینبەرەکانی ڕاگەیاندن نەبم، بەتایبەتیش کە من شارەزاییەکی دووردرێژم لەگەڵ کاری ڕاگەیاندندا هەیە، پاشان هیوادارم کە لە کاروانی کارکردنما جۆرێک لە حەسانەم بەدەستهێنابێ لە تیشکی ڕووناکییەکان، چونکە حەسانەی تەواو بەدەست نایەت.

*** دوای دەرچوونی کتێبەنوێیەکەت(لەبیرکراو-منسی)و هەموو ئەو کتێبانەی دیکەت کە**



**وتارەکانت لەخۆ دەگرن، پێت وا نییە کە قسەکردن لەسەر دوورکەوتنەوەت لە نووسین هیچ بایەخێکی نییە؟ بەواتایەکی دیکە: ئایا ئەم کتێبانە لە پرسیارکردن دەربارەی هۆکاری وەستانت لە نووسینی داهێنانگەرایانە دوورت دەخەنەوە؟**

– من بەهیچ شێوەیەک لە نووسین نەوەستاوم، هەرچەندە لە بڵاوکردنەوەی رۆمانەکانم وەستام تا کاتی بڵاوبوونەوەی رۆمانی "لەبیرکراو"، ئەوەی رووشیدا ئەوەیە کە من شتی تر دەنووسم، هەندی وتارم هەن زۆر لەوە باشتر و قوڵترن بخرێنە ریزی وتاری رۆژنامەوانی، ئەم وتارانە روانگەی منە بۆ کاری ئەدەبی و بابەتە هونەرییەکان کە لە گۆڤاری "ئەلمجەلە"دا بڵاوم کردونەتەوە، تێشیاندا هەیە کە رامانی منە بۆ جیهانی شاعیرە گەورەکان، لەوانەش: زی ئەلریمە و ئەبوعەلای موعەڕی و موتەنەبی و ئەوانی تری وەکو ئەمانە. ئەم نووسینانەش کاتی زۆری ویستووە بۆ ئامادەکردن و خوێندنەوە. دڵنیات دەکەمەوە من رۆژێک لە رۆژان هەستم بەتەنگەژەی وەستان لە داهێنان نەکردووە، چونکە هیچ کاتێک هەستم نەکردووە بیرم لە رۆمانێک کردبێتەوە و سەرنەکەوتبم، من سەیری ئەوە دەکەم کە نووسراوە و چێژی لێوەردەگرم.

*** هەندێک وەکو دەقێکی ژیاننامەئامێز دەڕواننە رۆمانی(لەبیرکراو)، ئەمەش پاڵم پێوە دەنێت بۆ ئەوەی بپرسم: ئایا هیچ رۆژێک بیرت لە نووسینی ژیاننامەی خۆت کردۆتە، بەلایەنی کەم بۆئەوەی بۆشایی دووربوونت لە رۆمان پڕبکەیتەوە؟**

– تائێستاش هەستم بەوە نەکردووە کە کاتی نووسینی ژیاننامەم هاتووە، باوەڕیشم بەوە نییە کە ئەگەر نووسیم سوودێکی ئەوتۆی هەبێت. لەوانەیە سەرت سووڕبمێنی ئەگەر پێت بڵێم من شەیدای ژیاننامەم، ئێستاش خەریکم ژیاننامەی بیرمەندی میسری "عەبدولڕەحمان بەدەوی" دەخوێنمەوە، رێژەیەک لە چێژی تێدا دەبینم کە بەدەر نییە لە تووڕبوون لە جیهان.

"ژیاننامە" بەشێوەیەکی گشتی هونەرێکی چێژبەخشە، کاتی لێی نزیک دەبمەوە، ئەوەم بۆ دروست دەبی کە دەمەوی بیلێم، یان ئارەزووی پێویستم لەمبارەیەوە لە لا دروست دەبێت. لەگەڵ ئەمەشدا لەوانەیە جۆرێک لە ژیاننامە و تێڕامان دەربارەی ئەو کەس و رووداوانەی کە رۆژێک لە رۆژان دەیانبینم لە وتارەکانمدا بیانبینییەوە و لەسەر پێشنیاری تۆش بیانکەمە کتێب بۆ ئەوەی بخوێنرێنەوە.

*** دەربارەی ئەو تێڕوانینە چی دەڵێیت کە ژیاننامەی تۆ بە ژیاننامەی "مستەفا سەعید"ی پاڵەوانی "وەرزی کۆچ بەرەو باکوور" دەچووێنن؟**

– باوەڕ ناکەم نووسەر بتوانێت لەو کەسایەتییانە رزگاری بێت کە دایاندەهێنی، چونکە ئەو کەسایەتیانە لە خەیاڵ و لەو ئەزموونە سەرچاوەی گرتووە کە تیایدا ژیاوە و لە ژیانی ئەوانی ترەوە وەریگرتووە، بەڵام ئەوەی سەرسامم دەکات ئەوەیە کە خەڵک لەسەر کەسایەتی رۆمانەکانی ترم ناوەستێت، لەوانەش "مریود، چوء البیت، عرس الزین" بۆئەوەی ژیانی منی پێ بەراورد بکەن، بەڵکو تەنها بە "مستەفا سەعید"م بەراورد دەکەن، لەکاتێکدا کە هەڵوێستەکانی ئەو لەسەر ئاستی مرۆیی لە من ناچن، بەڵکو تەنها وەکو پێویستییەکی هونەری پوخت نووسیومە.

*** هیواداربوون لە گەشتی ژیانتدا، لە**



**منداڵییەوە تائێستا بەر ئەو نائامادەییە ئاشکرایەت دەکەوی کە کاریگەری شارە سوودانییەکانی بەسەرەوەیە، ئەویش لەو کتێبەتدا کە بە ئاراستەی خۆشەویستی بۆ ساڵەکانی منداڵی و گوند دەچیت، وەکو ئەوەی گەڕانێک بێ بەدوای ئەوەی کە ناوی دەنێیت "فیردەوسی ونبوو"؟**

– ئەمە راستە... لەوانەیە لەبەرئەوە بی کە ئەو ژینگەیەی تیایدا ژیاوم سەرەڕای هەموو ئەو ئەزموون و شارەزاییەی تیایدا ژیاوم، پڕ بوو لە جۆراوجۆریتی و وێنەی ئەتۆ کە کاریگەرییەکەیان ون نابێت، من کوڕی لادێیەکی سەر رووباری "نیل"م کە لە هەمان کاتدا درێژکراوەی بیابانێکە کە هۆزێکی "بەخێوکەری حوشتر" تیایدا نیشتەجێن، هەروەها ناوچەیەکیشە کە ئەو کەڵەکەبوونە شارستانییانە کۆدەکاتەوە کە لەسەردەمی فیرعەونەکانەوە تا ئەمڕۆ بە سووداندا تێپەڕیوە. لە لایەکی دیکەوە لەو باوەڕەدام کە شارەکانی سوودان هیچ نین جگە لە درێژکراوەی گوندەکان و زۆر بەکەمیش دەتوانی ئەو سیفەتە شارستانیانەی تێدا ببینیەوە کە بە شارە گەورەکانی وەکو قاهیرە و دیمەشق و بەغدادی بەراورد بکەی، پاشان من ئەو کاریگەرییە سەرنجراکێشەم تێدا نەبینیوە، ژیانی من بەڕادەیەک تیایدا کورتبوو کە تۆ ناتوانی هەست بەو کاریگەرییە بکەیت، بەڵکو هەستێکی ونبوون و ئامادەنەبوونت لە لادروست دەبێت. لەگوند هاتمە دەرەوە، پاشان وەکو وێستگەیەکی کورت لە "خەرتوم" و "ئوم دەرمان" مامەوە، ئینجا بەرەو "لەندەن"، لەوێشەوە راستەوخۆ بۆ رادیۆی ئێزگەی بەریتانی "بی بی سی".

*** قسەکردنت دەربارەی نووسینەکانت بەو سیفەتەی کە ئامرازێکن بۆ درێژکردنەوەی پردێک لەنێوان خۆت و ئەو ژینگەی لێی هاتوویتە دەرەوە، وام لێدەکات هەست بەوە بکەم کە تۆ پەشیمانی لەوەی لە سوودان هاتوویتە دەرەوە و چوویتە لەندەن لەپێناو خوێندن و کارکردن، ئایا ئەمە راستە؟**

– بەڕاستی برای بەڕێزم بڕیاری دەرچوونم لە سوودان، ئەزموون و شارەزایی زۆری پێبەخشیم، بەڵام لەساتە ناخۆشەکاندا خۆزگەی ئەوە دەخوازم کە لە سوودان نەهاتبامە دەرەوە. بەڵام پرسیارەکەی تۆ "گریمانەیی"یە، بەلایەنی کەمەوە لەبەرئەوەی سوودان بەجۆرێکە کە ئەگەر لەوا بمابامەوە ئازارەکانم لەوە گەورەتر دەبوو کە لە دەرەوەم.

*** سەرەڕای جۆراوجۆریتی ئەو کارانەی لە ئەستۆت گرتوون و ئەو شارانەی کارت تێداکردوون، هەمیشە ئەوەت رەتکردۆتەوە کە پەیوەست بی بەهیچ حزبێکی سیاسی سوودانی، هەموو پۆستێکی فەرمیت لە وڵاتەکەی خۆت رەتکردۆتەوە، ئەم رەتکردنەوەیەت لەسەر چ بنەمایەکە؟**

– من هەمیشە بە گوێرەی هەستەکان دەژیم، دوور لە ئارەزووی تووشبوون بەهەر شتێک یان پەیوەستبوونی تەواو پێیەوە، کارکرنیشم لە "بی بی سی" لەو بیرۆکەیەوە گەشەی کرد کە پەیوەست نەبم بەو لایەنەی کاری لەگەڵ دەکەم، ئەوێ دەزگایەکی ناحکومییە و هیچ کەسێک کە لەو دەزگایە کار دەکات، ناچار ناکری بچێتە ژێرپەردەی کارێکی ناپیشەیی، پاشان ئەمە سامانێکی گرنگە بۆ گەشەکردنی فیکری ئازاد، تەنانەت کاتی لە قەتەریش کارم دەکرد، چ لە وەزارەتی راگەیاندن یان ئەوکاتەی وەکو نوێنەری



ڕێکخـراوی یونسکۆ لە کـەنداو کـارم دەکـرد، لەکـەش و هەوایەکی زۆر باش دەژیام و ئەمـەش یارمەتی دام کە ئازادی خۆم بپارێزم، وای دەبینم کە ئەگەر لە سوودان کارم کردبا دەگلامە ناو ئەو ملمـــلانێ و هەڵوێســـتـــانەی کـــە هیچ چوارچێوەیەکیان نییە، وادیارە من ئارەزووی ئەوە دەکـەم کـە دوور بم لەبەگـژداچوونی کـردەوە سیاسییە ناپاکەکان و باجدان بۆ ئەم کردەوانە، من ســوورم لەســەر ئەوەی کـە باجی ئەم جـۆرە کردەوانە نەدەم.

*** لەمیـانەی ئەو ماوە دوورودرێژەی لە لەندەن نیـشـتـەجێ بووی، بۆچی نەگـۆڕای بۆنووسـەری تاراوگــە، واتا بەزمــانێکی دیکەی ناعــەرەبی بنووسـیت، یان نووســینەکـانی ئەم زمانە تەرخان بکەی بۆ بیـرۆکـەی خودی سـۆزداری، وەکـو هەندا لەو نووسەرە عەرەبانە کردیان کە بە ئەزموونێکی هاوشێوەی ئەزموونی تۆدا تێپەڕین؟**

- بەڕاســــــــتی نازانم، بـەڵام لـەوانـەیـە، لەبەرئەوەبێ کە من لە دەروونی خۆمدا پارێزگاری لە رووبەرێک دەکەم کە وام لێدەکات ئارەزوومەند نەبم بـۆئەوەی بەتەواوی لـەنووسین بـکـڵـــێم، لەوانەیە سەرسام بیت ئەگـەر پێت بڵێم: من تا ئێستاش پارێزگاری لە پاسەپۆرتە سوودانییەکەم دەکەم، سەرەڕای ئەوەی نزیکەی نیو سـەدەیە لە لەندەن دەژیم و هاوســەرەکــەم ئافــرەتێکی بەریتانییە، بەڵام تائێستا داوای رەگەزنامەی بەریتانیم نەکردووە، ئەم هاوسەرگیرییەش بەهۆی پابەندبوون بووە بەمەرجە مرۆییە سروشتییەکان نەک هیچ مـەرجێکی دیکە، لەناویشـیـانـدا پێـداچوونەوەی شوناس یان نەفـیکردنەوەی. لە "وەرزی کـۆچ بەرەو باکـــوور"دا لەســەر زاری گـێـڕەرەوەکـە دەربڕینێک هەیە کـە ئامـاژە بە پەیوەندی ئێـمــە و ئینگلیـز دەکـات، لەوێدا گووتومە "بەزمانی ئەوان قسەدەکەین بەبێ ئەوەی هەست بە شەرمەزاری یان جوانی بکەین".

زمـان هیچ نییـە جگە لە ئامـرازێک، بەدەر لەمە، پێویستم پێی نییە، من بەلایەنی کەم بەو هۆیەوە دەنووسم کـە ببینم بۆ شـتـەکـان، یان روانینم بۆ جیهان لەسەر هاوسەنگی وەستاوە و هیچ توندوتیـژیەکی تێدا نابینرێ، کـاتێکیش دەربارەی "شوناس" پرسیارم لێدەکەی، وا باشترە کە خۆم لەشتەکان جیابکەمەوە، ئەگەر کێشەیەک لەخۆمەوە بێت خەوم نازڕێنێ، ئەم پرسیارە تەنها لەمیانەی نووسیندا پێداگیری دەکات، ئێستا وام بەبیردادێت کە ئارەزووم بۆ راکردن لە نقوومبوون لەقوڵایی دەروون، لەوانەیە هۆکاری سەرەکی بێت بۆ پێچ و پەناکردنم لە نووسین و راکردن لێی.

*** لە وتارە رەخنەییـە زۆرەکـاندا، ئامـاژەی زۆر هەن لەسـەر نزیکایەتی دەقی "وەرزی کـۆچ بەرەو باکـوور" لەکـاری "جـۆزیف کـۆنراد"ی بەناوبانـگ "دڵی تاریکایی"، سنووری ئەم لێکنزیکییـە چییـە؟ ئایا لەناخی تۆدا ئارەزوویێک هەیە بۆ نووســینی "ئاوەژوو"ی هونەری بۆ دەقی "کـۆنراد" بەجـۆرێک کە رێڕەوی گەشتەکە بگۆڕێت؟**

- "ئێدوارد سەعید" وەکو وانەبێژێکی "کۆنراد" یەکـەم کـەس بوو کـە تێـبـینی ئەمـەی کـرد، لەو باوەڕەشـدام کە ئەو بەمەبەسـتـێکی خـراپ وای نەکرد بەو شێوەیەی کە هەندێک بەخراپە بەکاریان هێنا، من دڵنیـات دەکەمەوە کاتێ "وەرزی کۆچ"م نووسی و کـاتێ بڵاویشم کـردەوە، بیـرم لە دەقی کۆنراد نەکردبووەوە، بەو مەبەستە سەرنجم نەدابوو کـە بە(ئاوەژووکـراوەیی) بینووســمــەوە وەکــو هەندێک وای دەبینن.

*** لەهەمـوو بارەکـاندا رۆمانەکە لە خستنەڕووی**



**ئیشکالییەتەکانی پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا جیاوازە، پرسیاری من ئەوەیە: ئایا تۆ بەر لە نووسینی ئەم ڕۆمانە، ئەو دەقە عەرەبییانەت خوێندبووەوە کە لە سەر هەمان بابەت نووسرابوون، بۆ نموونە "قندیل ام هاشم" یان "الحیی اللاتینی" سوهەیل ئیدریس؟**

– بابەتی ئەم ڕۆمانە.. ماوەیەکی زۆر زەینی داگرتبووم، ڕووداو یان حیکایەتەکانی هیچ دەقێکیشم بەزەیندا نەدەهات. لەڕاستیدا لە تەمەنێکی زووی ژیانمدا "قندیل ام هاشم" م خوێندبووەوە، بەڵام چەند ساڵێک دوای نووسینی "وەرزی کۆچ بەرەو باکوور" ئینجا "گەڕەکی لاتینی"م خوێندەوە. وای دەبینم کە هەر نووسەرێک ڕوانگەیەکی تایبەتی هەیە بۆ چارەسەرکردنی بابەتە کان.

*** لەنووسینەکانتدا(هەروەکو ڕەجاڕ نەقاش- تێبینی کردووە) وێنەیەکی جیاوازی ئافرەت هەیە، ئافرەت لە کردەوە و خەون و کاریگەرییەکانیدا بەتوانا و بەهێزە، بۆنموونە: دەتوانین "بنت مەجزوب" لە "وەرزی کۆچ" یان "مەریەم" لە "مریود" بهێنینەوە یاد، ئەمەش وێنەیەکی دەگمەنە، لەبەرئەوەی پێچەوانەی وێنەی ئەو ئافرەتە زوڵملێکراوەیە کە لە ئەدەبیاتی ئێمەدا جێگیرە. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە بوونی تۆ لە ڕۆژئاوا لەزووەوە، فاقی شێوەگەری، یان وەڵامدانەوەی نزیکایەتی ڕۆژهەڵاتییانەی وێنەی ئافرەتی عەرەبی لە لای تۆ تێکنەشکاند؟ ئەم وێنە ناوازەیەت لە کوێ هێنا؟**

– سەرەتا سوپاست دەکەم بۆ ئەم تێبینییە، بەڵام دەمەوێ بڵێم کە من هیچ شتێکم دانەهێناوە، بەڵکو ئەوە وێنەی ئەو ئافرەتانەیە کە من لەناو هۆزەکەم و لەنێو خزم و کەسەکانمدا لەگەڵیان ژیاوم. ئافرەت لای ئێمە بوونەوەرێکی تەواو هاوبەش و هاوکارە، لەبەڕێوەبردنی ماڵدا بەتەواوی پشتی پێ دەبەستری. بەڕاستی ئەوە دەڵێم کە هەندێجار خەڵک ملکەچی ئەو سیفاتانە دەبن کە ئەوانیتر بۆ ئێمەی دەتاشن، هەروەکو "ئێدوارد سەعید" تێبینی ئەوەی کردووە، ئەو جۆرە ڕوانگەیان لە لای ئێمە چاندووە کە ئاماژە بە چەوساندنەوەی ئافرەت دەکات لای ئێمە، ئێمەش باوەڕمان کردووە و هەوڵدەدەین لە نووسین و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەماندا جەختی لەسەر بکەینەوە، ئەو میراتە زۆرەمان بیرچۆتەوە کە ئافرەت ئامادەگی تێدا هەیە. بۆنموونە: من چوومەتە چەند وڵاتێکی وەکو یەمەن و مۆریتانیا، ڕۆڵی کارای ئافرەت لەم وڵاتانەدا سەرسامی کردووم.

*** ئایا تائێستا لە ناخی خۆتدا خەون بەتەواوکردنی سێینەی " بندر شاه"دەبینی؟**

– هیوای ئەوە دەخوازم، چونکە ئەم کارە پرۆژەیەکە کە خەریکە لە زەینمدا تەواو دەبێت، ئەگەر بەتاڵبووەوە، باوەڕ دەکەم کە وەکو داهێنەرێک نامەکەی خۆمم گەیاندووە.

*** لە گەلێ شار و وڵاتی عەرەبییدا ژیانت بەسەربردووە و گەڕاوی، بەڵام "بەیروت" شوێنێکی تایبەتی لەناخی تۆدا هەیە، تیایدا لە لایەنگرانی تازەگەری عەرەبی نزیک بوویەوە، بەتایبەتیش "یوسف ئەلخال و هاوڕێکانی لە گۆڤاری "شیعر"، سەرەڕای ئەوەی کە دوور لە بیروباوەڕە هونەرییەکانی ئەواندا مایتەوە، هەمان هەڵوێست لەسەر پەیوەندی تۆ و "تۆفیق سایغ"یش جێبەجێ دەبێت: چۆن پارێزگاریت لەو پەیوەندییە مرۆییە کرد و ڕووبەرێکی هونەرییشت لەگەڵ ئەم دوو ناوەدا هێشتەوە، بەو مشتومڕانەی**



**دەربارەی ئەمانە دەکرێت؟**

- سەرەتا یوسف ئەلخال ئەو دەربڕینە میسرییەی بەسەردا جێبەجێ دەبێ کە دەڵێن "شیخ عرب"، مەبەستم ئەوەیە کە پیاوێکی گەورە و بەرێزە بەمانای وشە لە هەست و بیرکردنەوە و رەفتارەکانی رۆژانەیدا. من ئاگاداری ئەو دانیشتنانە بووم کە بەمەبەستی دامەزراندن ئەنجامیان دەدا، لە فیکری ئەو و هاورێکانی رادەمام و هاریکاری بیرکردنەوەیانم دەکرد دەربارەی تازەکردنەوەی شیعری عەرەبی، ئێستا بابەتییانە سەیری هەوڵەکانیان دەکەم و جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە ئەوان مەبەستێکی خراپیان نەبوو لە بابەتی پەیوەست بەداهێنانی عەرەبی، ناشکری بە چاوی تۆمەتبارکردن بڕوانینە پێشنیارە جوانەکانیان. "تۆفیق سایغ"یش بەلای منەوە شاعیرێکی گەورەیە، ئەو بەهۆی ئەو ستەمەی رووبەرووی بووەوە سەبارەت بەهاوکاریکردنی گۆڤاری "حوار" کە من "وەرزی کۆچ بەرەو باکوور"م تێدا بڵاوکردەوە، بەو هیوایەی کە لایەنگر بێت بۆ ئەو دۆستەی دووچاری نەهامەتی و وازهێنانی لە زۆربەی هاورێیەکانی بووەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو مرۆڤێکی شارستان و خاوەن رۆشنبیرییەکی بەرفراوان بوو.

بەشێوەیەکی گشتی، تکا دەکەم وا تێنەگەی من هەڵوێستێکی دژکارانەم بەرامبەر "پەخشانە شیعر" هەیە، "پەخشانە" شیعر رەگەزێکی داهێنانە و نکوڵی لێناکری، بەڵام چێژی شیعری من بە ئاراستەیەکی دیکەدا دەروات کە لێوانلێوە لە حەماسەتی شیعری کلاسیکی، بەتایبەتیش موتەنەبی و ئەبی عەلای موعەری و ئەبونەواس و هەروەها ئەحمەد شەوقی و نزار قەبانی، لە سوودانیش "محەمەد فەیتوری و محەمەد ئەحمەد مەجزوب و محەمەد مەکی ئیبراهیم و ئەلیاس فەتحولرەحمان"، هەروەها "مەحمود دەروێش و سەلاح عەبدولسەبوور و ئەحمەد عەبدولموعتی حیجازی"شم خۆش دەوێ، لەشاعیرە گەنجەکانی میسریش "ئەحمەد بەخیت"م خۆش دەوێ.

*** ئایا هیچ کاتی بیرت لە نووسینی شیعر کردۆتەوە بەهۆی ئەو کاریگەری و عیشق و بەدواداچوونە بەرفراوانەی لەسەریت هەیە؟**

- شیعرم نەنووسیوە تەنها لە بابەتی گاڵتە و گەپ نەبی، یان ئەو کاتانە دەینووسم کە بۆخۆشی و رابواردن لەگەڵ هاورێکانم دادەنیشین.

*** بەبیستنی چ مۆسیقایەک دڵخۆش دەبیت؟**

- حەزم لە مۆسیقای جاز و کارەکانی پۆپ رۆبسۆن و ماهیلا جاکسۆنە، حەزم لە گۆرانی سوودانییە بەدەنگی محەمەد وەردی و کابلی، هەروەها زۆر حەزم لە دەنگی فەیروز و ئوم کەلسوم و عەبدولوەهابە، زۆریش دڵم بەمەقاماتی عێراقی خۆش دەبێت.

**کتێبەکانی تەیب سالح:**

* عرس الزين رواية(١٩٦٢)
* موسم الهجرة إلي الشمال رواية(١٩٧١)
* مريود رواية .
* نخلة علي الجدول
* دومه ود حامد روايه .
* ناونیشانەکەم گۆڕیوە-و.

**سەرچاوە:**

www sudaneseonline. com.

## * سەباح ئیسماعیل: وەرگێڕی
## وەرزی کۆچ بەرەو باکوور بۆ زمانی کوردی

# جوانترین کوردانذن ئەوەیە شتەکان بێ دەسکاری بگوازرێنەوە

سازدانی: رابەر تاریق



سەبارەت بە کۆمەڵێک پرسی تایبەت بە کردەی وەرگێڕان و گواستنەوەی چەند لایەنێکی کولتووری ئەوانیدی و پەیوەست بە(کوردانذنی) ئەویدیکە و گفتوگۆکردن لەسەر وەرگێڕانەکەی ڕۆمانی(وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) ی ئەلتەیب ساڵح و گرنگی بۆ خوێندنەوەی خوێنەرانی کورد، هاوکات خستنەڕووی هەندێک لەو کێشانەی کەوا هاتنە بەردەم وەرگێڕەکە(واتە: سەباح ئیسماعیل) و چۆنییەتی زاڵبوون بە سەریان و چییەتی و چۆنییەتی کوردانذنی زمانی ئەویدیکە، هەروەها بۆ پرسیارکردن لەسەر جیاوازی نێوان شیعرەکانی نێو ئەم ڕۆمانە و دەرکەوتنی جیاوازیی لە رووباندا، هاوکاتیش وەرگرتنی بەرسقی ئەم وەرگێڕە سەبارەت بەهەندێک پرسیاری تری گرنگ و پەیوەست بە وەرگێڕان و وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە، سەباح ئیسماعیل بەم چەشنەی خوارەوە بەرسقەکانی خستنەڕوو

*** هەموو ئەو کێشە گەورە و بچووکانەی لە کاتی وەرگێڕانی ئەم رۆمانەدا یەخەیان گرتیت، چین؟ چۆن توانیت بەسەریاندا زاڵ ببیت؟ چییش کۆمەکی کردوویت بۆ ئەم زاڵبوونە و نەهێڵانی کەوتنەوەی بۆشایی؟**

– هەڵبەت لە وەرگێڕانی رۆمانی(وەرزی کۆچ بەرەو باکوور)ی ئەلتەیب سالحدا کۆسپ وتەگەرەی زۆرم هاتنە پێشێ. لەوانە کێشەی زمان، بۆ نموونە زاراوەو وشەیێلی لە فەرهەنگ بەدەری وام تووش دەهاتن لە عەرەبیزانترین کەسم دەپرسی دەیگوت نەمبیستووە. بۆیە ناچار رووم کردە بازاڕی ئەحمەد ئاغای کەرکووک، تا لەوێ پەنا بۆ ئەو پینەدۆزو تایەدروو سوودانییانە بەرم، بەداخەوە چونکە زۆربەیان خوێندەوارییەکی وایان نەبوو یاخود سەرو ساختیان لەگەڵ ئەدەبدا نەبوو، تاکو ئەو هۆنراوانەی بە دیالێکتی ناوخۆیی سوودانی نووسراون بۆم شی بکەنەوە، سوودێکی وایان پێ نەگەیاندم تا دڵم ئاو بخواتەوە. ناچار لەرێگەی ئەنتەرنێتەوە پێوەندیم بە دوو نووسەری سوودانییەوە کرد، چونکە خۆشیان ئەدیب بوون، هۆنراوەکانیان هێند بەرِوونی بۆ شیکردمەوە، دەتگوت بەکوردی کراون. ئینجاش گرفتی پاراستنی کێش و سەروا و مۆسیقا و ریتمی هۆنراوەکانم هاتنە پێشێ. پاشان پێویستی دەکرد زانیاری لەسەر کەش و هەوا و جوگرافیای سوودان کۆ بکەمەوە، هەڵبەت جیاوازیی لەگەڵ لای خۆماندا زۆرە و لە پەراوێزەکاندا روونم کردوونەتەوە. پاشان بینیم ئەگەر رۆمانەکە بێ پاشەکی و بە رووت و قووتی بخەمە بەر دیدەی خوێنەران، ئەوا رەنگە ئەو بایەخەی نەبێت، کە من چاوەڕوانم دەکرد، بۆیە بەناچاری لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر رۆمانەکە کرد بەناونیشانی(هەوڵێک بۆ کردنەوەی کۆدەکانی رۆمانەکە)، تاکو خوێنەر لە رەهەندەکانی رۆمانەکە بگەن و بەرۆمانێکی تاک رەهەندی وێنا نەکەن. ئەمانەو جگە لەوەی لەرێگەی پۆستەوە نامەم بۆ ئەلتەیب خۆی نارد و پێوەندی تەلەفۆنیم پێوە کرد و کاک ئەدیب نادریش لەبەر من چووە ماڵیان لە لەندەن، تەنیا بۆ ئەوەی پێشەکییەک بۆ چاپە کوردییەکەی بنووسێت، بەڵام مخابن هەوڵەکانمان بێ سوود بوون و بەدەنگمانەوە نەهات.




*** لەو پێشەکییەی کەوا بۆ رۆمانەکە نووسیوتە، برگەیەک وەهایە(توانیم رۆمانەکە بکوردێنم)، پێتوایە مافی وەرگێڕ بێت زمانی ئەویدی بگوازێتەوە بۆ نێو زمانەکەی خۆی و بیخاتە ژێر تارماییەکەیەوە؟ ئایا(کورداندن)ی ئەم رۆمانە واتەی:(بەکوردیکردنی زمانێک) دەگەیەنێت؟ کوردانەن چییە؟**

– من کە نووسیومە(توانیم رۆمانەکە بکوردێنم)،تەنیا مەبەستم ئەوە بووە بڵێم توانیم رۆمانەکە وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی، ئەگینا کوردانەن بە مانا فرە رەهەندەکەیم پێ راست نییە و ناکرێت کولتووری میللەتێک دەستکاری بکرێت و بکوردێنرێت، هەر کاتێکیش ئەمە کرا، ئەوا من خۆم بە دزییەکی گەورەی دەزانم و بەلای منەوە

دەچێتە خانەی لادان لە دابونەریتی وەرگێڕان. چۆن بتوانم بیکوردێنم و گەرمای سووتێنەری بیابان بگۆڕمەوە بە سەرمای ڕەقهەڵێنی چیاکانی کوردستان؟! یاخود لە بری دیشداشەو گەلەبیە کورتەک و شەرواڵیان لەبەر بکەم! لە وەرگێڕاندا جوانترین کوردانەدن ئەوەیە شتەکان بێ دەستکاری وەکو خۆیان بگوازینەوە. من هەوڵم داوە ئەمە بکەم، جا نازانم تا چەند سەرکەوتنم بەدەست هێناوە، ئەوە ئەوانی دی دەتوانن بڕیاری لەسەر بدەن.

*** لە زۆربەی ڕۆمانە گەورەکانی دونیادا، تیشکی هەرە گەورەی ڕووناکی خراوەتە سەر چەمکەکانی(خۆکوژیی ، مردن) ئەمە بۆ ئەم ڕۆمانەیش هەر وایە، بەو واتەیەی لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا دەبینین کە هەریەک لە:(شیلا گرێنود، ئان هەمند، دوێتەی مەحموود، مستەفا سەعید، جین مۆرس، ولدرەیس) خۆیان دەکوژن و دەکوژرێن و دەمرن، بەتێڕوانینی تۆ(خۆکوشتنی کارەکتەرەکان) بۆچی دەگەڕێتەوە، بەتایبەت لە ڕۆمانی(وەرزی کۆچ بەرەو باکوور)دا؟**

– مرۆڤ بەنرخترین سەرمایەیە. چەندێک زیاتر تیشک بخرێتە سەر خۆکوژی، یاخود مردنی کەسایەتییەکان، ئەوا ژیان بەنرختر و جوانتر وێنا دەکەین. تۆ کە دەڵێیت خۆکوژی یا مردن قێزەونە، بەمانا دەتەوێت بڵێیت ژیان شیرینە. مرۆڤ بە درێژایی تەمەنی هەر لە سەرەتای مێژووەوە تاکو ئەمڕۆش بەدوای نەمریدا گەڕاوە و لە کەڵکەڵەی ئەوەدا بووە چۆن لەدەست مردن ڕابکات. ڕەنگە تاقە ئاوات و خواستی مرۆڤایەتی بێت نەهاتبێتە دی و مرۆڤ بەدەستییەوە دامابێت.

ئەمڕۆ لە دنیادا نایەکسانی و ناعەدالەتی بەربڵاوە، مرۆڤ لە سەرمایەی حکوومەتەکاندا هەرزانترین کاڵایە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا نامۆییەک دروست دەکات، کە هەندێک جار دەگاتە ڕادەی گۆڕینەوەی ژیان بە مردن. ئا لەو کاتەدا مرۆڤەکان هەموو دەرگاکانیان لێ گیراوە و ئومێدی و ئاوابوونیان لێ ناکرێت، مرۆڤەکان دەستە پاچە دەبن و دۆش دادەمێنن و بێ وەڵام دەمێننەوە، هەستی دوور کەوتنەوەی مەوداکانیان لە بەرابەر ژیاندا لە لا چەکەرە دەکات. مرۆڤێک بێ بەری لە خۆشەویستی، بێ بەری لە کار و سادەترین مافی مرۆیی، هەمیشە و بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی ژیاندایە، ناعەدالەتییەکان دەچن بە چاویاو چاوی هەڵدەکۆڵن و ئۆپۆزسیۆن و ئەڵتەرناتیڤێک بەدی ناکات، هەژار گوتەنی کەواتە(ئەی مردن لە کوێی؟ ژیان کوشتمی) ، ئیدی دەرفەتێک بۆ ژیان نامێنێتەوە پەنابردن بۆ خۆکوشتن نەبێت. کەسایەتییەکانی ڕۆمانی(وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) خاڵی نیین لەو ئەگەرانەی باسمان کردن. سەرەڕای ئەوەی زۆریان بێ بەرین لە خۆشەویستی و چێژی ڕاستەقینەی سێکسی. من وای دەبینم نووسەر لەڕێگای کوشتنی یاخود بەکوشتدانی کەسایەتییەکانەوە دەیەوێت بڵێت، ژیارەکان تێکەڵ نابن و پێکەوە هەڵناکەن، هەر نزیکبوونەوەیەکیش لەیەک ئەنجامەکەی پێکدادانە و کارەساتی گەورەی لێ دەکەوێتەوە. هەڵبەت لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەم، کە ئەلتەیب ساڵح بەر لە سامۆئێل هەنتنگتۆنی بیریاری ئەمریکی باسی لە(پێکدادانی ژیارەکان) کردووە.

*** لە گەلەک پەڕەگرافی ڕۆمانەکەدا دەبینین کە نووسەر باس لەو قەیرانانە دەکات لە جڤاتەکەی کەوا بەهۆی قەیرانی سێکس سەریان هەڵداوە، بەڵام بەزمانێک تێکەڵ بەزمانی مەجازیی و ئاسایی، بەدەرلەوەی کە زمانی شیعر لە سەرەتادا پانتاییەکی**



**فراوانی داگیرکردووە، تەنیا دووانەیەک نەبێت کەوا ئێجگار کەم رووبەروویان دەبینەوە، ئەوانیش خەیاڵ و فەنتازیان، پێتوایە لە باتی ئەمانە(واقیع) ئەڵتەرناتیف بێت، یاخود چی؟**

– فرۆیدی گەورە زانای دەروونناسی، سێکسی بە بزوێنەری هەموو شتەکان داناوە، تەنانەت گۆڕانکارییە گەورەکانی مێژوویش بۆ چەپاندنە سێکسییەکان دەگەڕێنێتەوە. لەم ڕۆمانەشدا هەموو ئامانجەکان ڕووەو سێکس دەچوولێن. ڕایش دەڵێت: (هەموو بەختەوەرییەکانی ژیان لە بەختەوەرییەکانی سێکسەوە سەرچاوە دەگرن)، ئێمەی ڕۆژهەڵاتی زۆربەی ناتەواوییەکانمان لە وێوە سەرچاوە دەگرن، کە چەپاندنی سێکسیمان زۆرن و نەستەکانمان بەرێوەمان دەبەن. ئێمە وا دەزانین گوێگرتن لە خواستە ڕەواکانی لەش گوێگرتنە لە بانگی ئەهریمەن، لە کاتێکدا تەواو پێچەوانەکەی ڕاستە.

هەڵبەت یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ڕۆمانەکە، زمانە شیعرییەکەیەتی. ڕۆمانەکە چونکە زمانێکی شیعریی پۆشیوە، بایەخی زمانەکەی زێتر بووە، ئەمە جگە لەو سادەیی و نائاڵۆزییەی بەجەستەی زمانەکەوەیە. ژان کۆکتۆ دەڵێت: (ئەدەب شێوەیەکی ئاڵۆز نییە بۆ دەربڕینی شتە سادەکان، بەڵکو سادەترین شێوەیە بۆ دەربڕینی کێشە ئاڵۆزەکان).

ڕۆمان نووسین کارکردنە لە ناو پانتایی خەیاڵدا. نووسەر چەندە هۆشیار و زرنگ و جیهانبینییەکەی فراوان بێت، هێندە مەودای خەیاڵ دروستکردن و کارکردن لەناویدا زیاتر دەبێت. فەنتازیاش دروستکردنی واقعێکە، وەلێ لەم واقعە ناچێت، فەنتازیا (بەزاندنی سنووری پێوانە تەقلیدییەکانی نێوان مەعقوول و نامەعقووله، ڕاست و درۆیە). نووسەر لە نووسینی ڕۆمانەکەدا هێند لە واقیع نزیک بۆتەوە، وا دەزانین ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە و تەنیا ئەرکی گێڕانەوەکەی بەو سپێرراوە. تەنانەت زۆرێک لە لێکۆڵەران دەڵێن(مستەفا سەعید)(تەیب ساڵح) خۆیەتی، چونکە ئەمیش وەکو مستەفا سەعید لە ئینگلتەرە خوێندوویەتی و ژنەکەی ئینگلیزە و لە سەردەمی داگیرکاردا ژیاوە و زۆر شتی دیبیش.من پێم وا نییە واقیع ئەڵتەرناتیڤی خەیاڵ و فەنتازیا بێت، وەلێ دەشێت بڵێین دەکرێت خەیاڵ و فەنتازیا ئەڵتەرناتیڤی واقیع بن. ئەوە شێوازی نووسەرە بەکارهێنانیان دیار دەکات، یاخود چەندە دەستەمۆی کردوون و زاڵە بەسەریاندا، هەڵبەت ناکرێت بەزۆر فەنتازیا بئاخنرێتە ڕۆمانەوە، هەر بۆ ئەوەی بڵێین نووسەرێکی فەنتازییە و سوودی لە فەنتازیا بینیوە، هەندێک جار شێوازی گێڕانەوەی بابەتەکە بڕیار لەسەر بەکارهێنان یاخود بەکارنەهێنانی فەنتازیا دەدات. لە هەر تێکستێکیش فەنتازیا بەزۆر مەزرێنرا(تەوزیف کرا) ئەوە بزانە گەورەترین غەدر لەو تێکستە کراوە و بە فەنتازیا شێوێنراوە.

*** ئەگەر بێتو بە وردی تەماشای سەرجەم کۆپلە شیعرەکانی ئەم ڕۆمانە بکەین، دەردەکەوێت کەوا وەکو وەرگێڕان جیاوازییان تێدا بەدیدەکرێت. لە یەکەم و دووەم و سێیەم شیعردا هەست دەکەین کە میوزیک نائامادەیە، لە هەندێک دێریشدا ئەوەندەی قسەی ئاسایی دەبینین ئەوەندە شیعرییەت خۆی نانوێنێت، لە چوارەمیشدا شیعرێکی(کوردێنراو) ئامادەگیی هەیە، لە پێنجەم و شەشەمیشدا ڕووبەڕووی سەروا دەبینەوە لە هەندێک کۆپلەدا، هاوکات دێری(سەربەست) یش، پێت وانییە ئەمانە بەجۆرێک لە جۆرەکان گومان و پارادۆکس لە زاکیرەی خوێنەردا جی بهێڵن؟**

– نووسەرێک کە بەداخەوە ناوەکەیم لە یاد نییە، دەڵێت: (ئەگەر وەرگێڕان بە شێوەیەکی گشتی



ناپاکی بێت، ئەوا وەرگێرانی شیعر ناپاکییەکی مەزنە). ڕەخنەگرێکیش دەڵێت: (کە شیعر وەردەگێڕین، نەشتەرگەریی لە دڵیدا دەکەین، دوای وەرگێڕانەکە، یان ڕاستتر، دوای نەشتەرگەرییەکە لە دڵیدا، دەشێت شیعرەکە بژی، دەشێت بمرێت).

من وەکو لە پێشەکی کتێبەکەشدا وتوومە و لە وڵامی یەکەم پرسیاریشدا دووبارەم کردووەتەوە، کێشەی زیاترم لەگەڵ هۆنراوەکاندا بوو، یەکیان شاعیرێکی ئینگلیزی لەبارەی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە نووسیویەتی، پاشان هۆنراوەی ئەبی نەواسی تێدایە، ئینجا سێ هۆنراوەی فۆلکلۆری سوودانی و پاشان هۆنراوەیەکی شاکەسی ڕۆمانەکە مستەفا سەعید خۆی. هەڵبەت ئەم هۆنراوانە یەک کەس نەینووسیون، بۆیە ئاساییە جیاوازییان لە لایەن کێش و سەروا و ڕیتم و مۆسیقاوە تێ بکەوێت. ناکرا خۆمیان لێ ببوێرم، بۆیە دوای وەرگێڕانیان بۆ زیاتر دڵنیابوون پەنام بردە بەر وەرگێڕی ناودار مامۆستا (ئەمین شوان)، پاشان پیشانی شاعیر و وەرگێڕ(ئەدیب نادر)م دان، تاکو وەکو شاعیرێک بە شیعرەکاندا بچێتەوە. لە دوا هۆنراوەدا کە مستەفا سەعید نووسیویەتی، حیکایەتخوان کە دکتۆرای لەسەر شاعیرێکی گومناوی ئینگلیزی وەرگرتووە، لەبارەی هۆنراوەکەوە دەڵێت: (چامەیەکی کرچوکاڵ و لاوازە، لەسەر چوونیەک و بەراورد ڕۆنراوە، خاڵییە لە هەستی پڕ لە ڕاستگۆیی و وروژاندنی ڕاستەقینە........خەتێکم بەسەر دوا دێڕدا هێنا و ئەمەم لە شوێن نووسی "لاجانگی بێ دەنگ و ئەنیەی کپ") ل١٥٢. واتە: لە ئەسڵدا هۆنراوەکە خۆی لاوازە، هەڵبەت شیعرە فۆلکلۆرییەکانیش لە هەندێک کۆپلەدا دەگەنە ئاستی قسەی ئاسایی.

*** هەموو ئەوانەی کە دەقێک وەردەگێڕن، بە شێوەیەک لە شێوەکان چەندین هۆکار هەن کەوا دەبن بە کۆمەککاری وەرگێڕەکە بۆ ئەوەی دەقەکە وەکوو خۆی بگوازێتەوە بۆ نێو کولتوور و زمانەکەی تر، ئەو هۆکارگەلەی کە بوون بە بەربەست و ئەوانەیش کە بەکێشیان کردیت بۆ وەرگێڕانی ڕۆمانەکە، چین؟**

– لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا باسی ئەو ئاستەنگانەم کرد، کە لەکاتی وەرگێڕانی کتێبەکەدا بەرەنگاریان بوومەوە. وا لێرەدا باسی ئەو هۆکارگەلە دەکەم کە دنەی وەرگێڕانی ڕۆمانەکەیان دام. لە سەرەتاوە حەزدەکەم ئەوە بڵێم، من ئەم ڕۆمانەم بۆ خۆم وەرگێڕا. کاتێک لە قۆناغی ئامادەییدا بووم، واتە لە ساڵانی نیوەی دووەمی حەفتاکاندا، کاتێک ئەم ڕۆمانەم خوێندەوە زۆری کار لێ کردم، ئەو کات هەرزەکار بووم، تاسەی دەرچوون بۆ هەندەران و خوێندن لە زانکۆیەکی ئەورووپی لە کەللەی دابووم، وامدەزانی ئەگەر بچمە هەندەران مستەفا سەعید ئاسا کچان هەنگ ئاسا لە منی گوڵ دەنیشن. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیشەوە زمانە شیعری وسادەییەکەی زۆریان کار تێ کردم. پاشان بوێریی نووسەر لە خستنە ڕووی تابوکان و باسکردنیان. هەموو ئەم شتانە بەسەر یەکەوە لە هێلانەی یادەوەری و نەستمدا مابوونەوە و جار جار سەریان دەکرد و بیرم دەکەوتنەوە. کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٦ دا جارێکی دی خوێندمەوە، هەمان چێژی جاری یەکەمم تێدا بینییەوە، بۆیە بڕیاری وەرگێڕانیم دا. لەسەر خۆ وەرم دەگێڕا و پەلەم لێ نەدەکرد. دەکرا بە دوو مانگان وەریبگێڕم، وەلێ ناوبەناو چەند لاپەڕەیەکم لێ وەردەگێڕا و دەچوومە سەر شتێکی دی، تاکو بەساڵێک تەواوم کرد. لە هەفتەنامەی(باسەڕە) دا گۆشەیەکی ئەدەبیم هەبوو، وتارێکم لە سەر ڕۆمانەکە نووسی و لە پەراوێزی وتارەکەدا نووسیبووم: (ئێستاش ڕۆمانەکە چاوەڕێی

مەرحەمەتی چاپی دەزگایەکە) ئەوەبوو بەرپرسی دەزگای ئاراس کاک بەدران ئەحمەد حەبیب گۆشەکەی خوێندبووەوە، ناردی بە دوامدا و بەڵێنی چاپکردنی ڕۆمانەکەی پێ دام.

*** دەتوانین وەرگێڕان وەکو تەئویلکردنی کولتوور و شارستانییەتی ناوچە و وڵاتێک تەماشا بکەین؟ بە واتەیەکی تر: لە ئێستەدا ئێمە کەم تا زۆر کارمان لەسەر(لێوەرگێڕدراو) کردووە ، بەڵام بۆ(وەرگێڕدراو) ئەوەندە ئیشی بۆ نەکراوە، قەیرانەکانی ئەمانە چین کەوا لە کاتی وەرگێڕاندا تووشی وەرگێڕ دەبن؟**

-خۆی لە خۆیدا هونەری وەرگێڕان دیالۆگە لەگەڵ کولتوورەکانی دیدا و بنیاتنانی پردی ئەزموون لێ وەرگرتنە لەوانی دی و لێک نزیکبوونەوەی کولتوورەکانە. ئێستا بزاڤی وەرگێڕان لای ئێمە سەرەڕای کەموکورییەکانی هەنگاوی باشی بەرەو پێش ناوە. لێ مخابن بێ بەرنامەییەک لە وەرگێڕاندا لە ئارادایە چارەسەرکردنی هەروا سانا نییە. هەڵبەت باشترین وەرگێڕان ئەوەیە لە زمانی یەکەمەوە بکرێت. داخەکەم لای ئێمە وا نییە و بەکەمی ئەمە پەیڕەو کراوە. جگە لە وەرگێڕان بۆ زمانی کوردی پێویستە بە پێچەوانەشەوە، دەقی کوردیش وەربگێڕرێتە سەر زمانانی دی. من دڵنیام بۆ نموونە ئەگەر شاکاری وەکو(دواهەمین هەناری دونیا) یاخود(شاری مۆسیقارە سپییەکان) ی بەختیار عەلی بکرێنە عەرەبی، ئەوا لە عەرەبییەوە وەردەگێڕرێنە سەر زۆرێک لە زمانەکانی دی و ئاوڕ لە ئەدەبی کوردی دەدرێتەوە. ئەمەش کاری دەزگا ڕۆشنبیرییەکانە، ئەگینا لای ئێمە کتێب چاپکردن بەزمانانی دی زۆر زەحمەت و بێ بەرهەمە. من بە پێویستی دەزانم ئەو پرۆژانە لە ڕێی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە کاریان بۆ بکرێت و گرێبەست لەگەڵ دەزگایەکی چاپ و پەخشی لوبنانیدا ببەسترێ و لەڕێگەی ئەوانەوە چاپ و بڵاوبکرێتەوە. ئەگینا لای خۆمان هەر کتێبێک بۆ نموونە بە عەرەبی چاپ بکرێت سنووری هەرێمی کوردستان نابەزێنێت. واتە ئێمە بەزمانەکانی دییش هەر بۆ خۆمان دەنووسین.

من تا نووکە چەندین نووسەری عەرەبی وەکو(یاسین نصیر لە هۆڵەندا و دینا سەلیمی فەڵەستینی لە ئوسترالیا) داوای دەقی کوردییان لێ کردووم تا بۆیان بنێرم. منیش جگە لە چەند چیرۆکێک زیاتر نەمتوانیوە هیچیان بۆ بنێرم! چونکە دەزانم ئەوان مەبەستیانە ڕۆمانی وەرگێڕراویان بۆ بنێرم. من لێرەوە پێشنیازی ئەوە دەکەم، لەڕێگەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمەوە کۆمەڵێک وەرگێڕی کارامە و بە ئەزموون هەڵبژێرن، چەندین دەقی کوردی(دوور لە هەموو حیساباتێکی دەرەوەی داهێنان)، وەربگێڕنە سەر(بەلای کەمەوە) زمانەکانی(عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی)، دڵنیام دەقییلی زۆرمان هەن ئەگەر وەربگێڕرێن ئەوا کورد و کولتوورەکەی لەڕێگەی ئەو دەقانەوە ئاوڕیان لێ دەدرێتەوە.

**بیۆگرافیا:**

- ١٩٦١ کەرکووک
- دەرچووی کۆلیژی ئەندازیاریی زانکۆی تەکنەلۆژیی بەغدایە.
- تا نهۆ حەوت کتێبی لە نێوان لێکۆڵینەوە و وەرگێڕاندا بە چاپ گەیاندوون.
- جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەی(سێبەر)ە و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئەدەبیی(نەوشەفەق)ـە.



ئەلتەیب سالح

# ئەو رۆماننووسەی ئازایانە کۆمەڵگەکەی رووتدەکاتەوە

**جەبار سابیر**

هێرمان برۆخ(١) پێیوایە رۆمان ئەو شتە دەڵێ کە هەر رۆمان دەتوانێ بیلێ. گەر لەم قسەیەی برۆخەوە دەست پێبکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین: کاری ئەدەبیات بەگشتی، وتنی نەوتراوەکانە، کردنی ئەو شتانەیە کە تەنیا بەئەدەبیات دەکرێن. بەڵام کاتێک(برۆخ) دەڵێ: رۆمان ئەو شتە دەڵێ کە دەبێت هەر رۆمان بیلێ. ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە رۆمان باڵاترین شێوەی ئەدەبیاتە. لەڕۆماندا پانتاییەکی زۆر هەیە بۆ قسەکردن، ئەم پانتاییە زۆرەیش دەستی رۆماننووس ئاوەڵا دەکات بۆ ئەوەی لەسەر شتەکان بەوردی و بەجوانی قسە بکات. رەنگە خوێندنەوەی کارەکانی(دۆستۆیۆڤسکی و تۆڵستۆی) بەس بێت بۆ ئەوەی شارەزاییەکی باشمان لەسەر مێژووی وڵاتی رووسیا دەستکەوێت.



بەڵام ئەو زانیاریانەی ڕۆمانێک دەماندانێ، هەمیشە راستگۆترو پڕ چێژترە لەوەی مێژوونووسێک لەڕێگەی کتێبێکی مێژووییەوە دەماندانێ، چونکە هەمیشە مێژوونووس راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری لایەنێکەوە، بەڵام ڕۆماننووس هەمیشە بێلایەنانە دەمێنێتەوە هەڵبەت ڕۆماننووسی باش. مێژووی ئەم وڵاتانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی ژێردەستەیی و دواکەوتووییانەوە هەمیشە مێژوویەکی لێڵ و وێل بووەو بۆ دەرمان راستی تێدانییە، ئەمەش پەیوەستە بەوەی کە داگیرکەران لێناگەڕێن نەتەوەو کۆمەڵگە ژێردەستەکان پێشکەون و لەتاریکییەکدا دەیانهێڵنەوە بەخاتری ئەوەی سەروەت و سامانی وڵاتەکە بۆ خۆیان بەرن. بۆیە کاتێک دەتەوێ شارەزایی لەسەر ئەم کۆمەڵگەو نەتەوانەی ئەم ناوچەیە هەبێت، ئەوا باشترین شتێک خوێندنەوەی رۆمانەکانیانە. رۆمانەکانیان ئاوێنەی راستگۆیی ئەو کۆمەڵگانەن. بۆ شارەزابوون لەمەڕ کۆمەڵگەی عەرەبی رۆمانەکانی (ئەحلام موستەغانمی)جەزائیری و(محەمەد شوکری)مەغریبی و(ئەلتەیب ساڵح)ی سوودانی و زۆریتریش باشترین سەرچاوەن.

دەمێکبوو ناوی رۆمانێکی(ئەلتەیب ساڵح)ی نووسەری سوودانیم بیستبوو، زۆرجار لەگەڵ برادەرە چیرۆکنووسەکانمدا کە دەکەوتینە گفتوگۆ باسی جوانی ئەو رۆمانەی(ئەلتەیب ساڵح)یان بۆ دەکردم،(وەرزی کۆچ بەرەو باکوور)دواجار بەرلەوەی بەعەرەبی ببینم و خوێندنەوەو تێگەیشتنی زۆر ماندووم بکات بەکوردی بینیم و خوێندمەوەو هەستم کرد ئەو هاوڕێیانەم بەراستی هەقی خۆیانبووە کە هەمیشە باسی ئەو رۆمانەیان دەکرد. ئەم رۆمانە(سەباح ئیسماعیل) لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوەو ئەوەندەی من بیزانم زۆرجوانیش وەریگێڕاوەو کورداندوێتی. من لە نووسینێکی دیکەدا لەسەر ئەم رۆمانە دواوم و ئەوەندەی بۆم بکرێت خۆم لە دووبارەکردنەوەی قسەکانی ئەوێم دەبوێرم. رۆمانەکە لەدەوری ژیانی کەسێتییەک دەخولێتەوەو دواتر چەند کارەکتەرێکی دیکەش دێنە ناوەو هەر یەکەیان و بەجۆرێک رۆڵیان هەیەو دەبنە تەواوکەری یەکتر. لەسەر شێوازی ریالیزمی سیحری نووسراوەو بەتەکنیکی شەپۆلی هۆش، کاری تێداکراوە. هێڵێکی درامی تەواوی رووداوەکان دەبەستێت بەیەکەوەو لەئەنجامدا یەک تاقە رووداوی جەرگبڕت دەداتێ کە کوشتنی ژنێکە. دەکرێ بڵێین ئەم رۆمانە دیوارێکی بە(خشت) دروستکراوەو هەر کارەکتەرەو خشتێکەو بەدەرهێنانی هەر کارەکتەرێک کەل دەکەوێتە دیوارەکەوەو وەک ئەوەیە خشتێکت دەرهێنابێت. ئەمەش وریایی رۆماننووس دەگەیەنێت. کاری رۆماننووسی لەزۆر لایەنەوە کتومت کاری بیناسازی و فەرشچنینە، بیناسازی وریاو کارامە هیچ نەخش و نیگارێکی زیادە ناخاتە ناو بیناکەیەوەو فەرشچنیش هەروایەو یەک تاڵە بەن یاخود یەک تۆز رەنگ نابینی لەخۆڕا فڕێدرابێت و رۆڵی لەجوانی ئەو فەرشەدا نەبێت.

لەوەتای لەگەڵ خوێندنەوەو دواتر لەگەڵ نووسینیش ئاشنا بووم، هەمیشە خوێندنەوەی رۆمان یەکێک لەئەرکە رۆشنبیرییەکانم بووەو پێشموایە خوێندنەوەی رۆمان پێویستترین شتێکە بۆ رۆشنبیربوونی هەر کۆمەڵگەیەک، چوون راستە رۆمان زادەی خەیاڵەو وەک بابەتێکی زانستی موجەرەد نییە، بەڵام ئاستی پێشکەوتنی هەر

نەتەوەیەک بەندە بەئاستی خوێندنەوەی رۆمانەوە، بەتایبەت کەرۆمان خۆی دەرهاویشتەی قۆناغی سەرمایەداری و شارنشینی و پێشکەوتنە خێراکانی مرۆڤە. ئەمە جگەلەوەی کەرەخنەگرانی ئەوروپی رۆمانیان وەک پێداویستییەک بۆ سەرگەمی خەڵک لەشارەکاندا داوەتە قەڵەم بەتایبەت بۆ ژنان، چونکە زۆرترین کاتی ژیانیان لەماڵەوەن. مرۆڤ بۆ سەرگەرمی خۆی و بۆ دوورکەوتنەوە لەژاوە ژاوو ئاپۆرای شارەکان رۆمانی داهێناوەو لێرەیشەوە هەموو رۆمانێک کونجێکی مێژووی نەتەوە یاخود شارێکی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە. رۆمانەکانی (میلان کۆندێرا) زۆرینەیان مێژووی ئەو چەند ساڵەی شاری (پراگ)ی پایتەختی (چیک)ن کەروسەکان داگیریان کردوو خەڵکەکەیان تووشی دەردەسەری زۆرکرد. ئەو لەرۆمانەکانیدا هەموو ئەو نەهامەتییانە دەهێنێتە زمان کە گەلی چیک بەدەستی روسیای کۆمۆنیستەوە چەشتویەتی. ئەمەش وادەکات رۆمان وەک ئاوێنەیەک ببینین کەگەلێک یاخود کۆمەڵگەیەک خۆی تێدا دەبینێتەوە، چونکە رۆمانەکان کۆمەڵگە بەرەو یەکگرتن و لێک نزیکبوونەوە هاندەدەن، بەپێچەوانەیشەوە مێژوو خەڵک لەیەکتر دەکەنە دوژمن. کۆندێرا لەرۆمانی (گاڵتە) (٢) دا دەڵێت: هیچ شتێک هێندەی خەمی هاوبەش مرۆڤەکان لەیەکتر نزیک ناکاتەوە. ئەمەش وامان لێدەکات کەبڵێین: بەجۆرێک لەجۆرەکان رۆمان نووسینەوەی خەمە هاوبەشەکانی مرۆڤایەتییە. کاتی خۆیشی (لینین) وتبووی: رۆمانی (دایک)ی (مەکسیم گۆرکی) دەساڵ شۆڕشی ئۆکتۆبەری پێشخست، ئەم قسەیەی لینینیش ئەوە ئاشکرا دەکات کە رۆمان کاریگەری زۆرە لەسەر خەڵک و کۆمەڵگەکان بەگشتی.

ئێمە هەموو دەزانین کەئەوەی لەسەر کاغەز بەناوی ئەدەبیاتەوەو بەتایبەت بەناوی رۆمانەوە دەنووسرێت هیچ نییە جگە لە درۆیەکی جوان، درۆیەک سەرچاوە سەرەکییەکەی واقعەو لەپێناوی جوانکردنی واقعیشدا دەکرێت، رۆمانی باش هێندەی شۆڕشێکی چەکداری رۆڵ و کاریگەری هەیە لەسەر خەڵک. ئەم درۆیە وەک دەڵێن درۆزانێک دەیکات نەک درۆزنێک، جیاوازی نێوان درۆزن و درۆزان زۆرە، ئەمیان درۆکانی وەک راست دەگەرێ و ئەویشیان یەکسەر بەسیمای کەسەکەوە دیارە کەدرۆ دەکات و کەس باوەڕی پێناکات. ئەمەشە وادەکات ئەو درۆیەی کەرۆمان نووسێکی باش دەیکات و هەڵیدەبەستێت درۆیەک بێت پڕپڕ لەژیان و راستی لێبچۆڕێت. (ماریۆ ڤارگاس یۆسا) لەنامەیەکیدا بۆ رۆماننووسێکی لاو دەڵێ: رۆمانی خراپ کە هێزی قەناعەتپێکردنی نییە، یاهێزێکی کەمی هەیە ناتوانێ قەناعەتمان پێبکات بەراستەقینەیی ئەو درۆیەی بۆمان دەگێڕێتەوە، بۆیە درۆکەمان وەکو خۆی بۆ ئاشکرا دەبێ، درۆیەکی رووت، فێڵێک، کە ژیانی تایبەتی خۆی نییەو بەقورسی و گێلانە دەجوڵێ (٣). ئەمەش مانای ئەوەیە کە رۆماننووسی باش دەزانێ چۆن درۆکەی ترش و خوێکات و وابکات خوێنەر بەراست بیبینێ و هەر وایشە. کاتێک (خۆشەویستی لەزەمەنی کولێرادا)ی مارکیز دەخوێنیتەوە پێت سەیرەو باوەڕناکەیت ئەو پیاوە واتا (فلۆرنتینۆ ئەریزا) کە پەنجا ساڵ پێشترو لەتەمەنی لاویدا عەشقی (فیرمینا داسا) دەبێت و ناهێڵن پێی

بگات و لەدوای پەنجا ساڵ ڕووداوەکان وادەکەن ئەم دووە بەیەک بگەن و پێکەوە گەشتی دەریایی بکەن. ئەمە درۆیەکی زۆر شاخدارە، بەڵام ئەوەندە جوانە لەکاتی خوێندنەوەدا هەستەکەیت دەبیتە فلۆرنتینۆ ئەریزا. گەر لەم ڕوانگەیەوە بگەڕێینەوە بۆلای(وەرزی کۆچ بەرەو باکوور)و(ئەلتەیب ساڵح) ئەوا دەتوانین بڵێین: درۆکەی ئەم ڕۆماننووسە درۆیەکی جوانەو بەسەر ڕاستییەکدا دەتخات کە درەنگ باوەڕی پێدەکەی. (مستەفا سەعید) پاڵەوانی ئەم ڕۆمانەیە، پیاوێکە لەدەمی گێڕانەوەدا نەماوەو کەسیش سەرو سۆراخی نازانێ، ئەم پیاوە لەمناڵیدا زۆر زیرەک بووەو بەهۆی خوێندنەوە دەگاتە بەریتانیاو لەوێ لەئۆکسفۆرد دەخوێنێ و مەیلی ناسیونالیزمی تێدا دروستدەبێت و دەیەوێت بەهەر جۆرێکە تۆڵەیەک لەئینگلیز بکاتەوە. ئەو گۆڕەپانی شەڕ لەگەڵ ئینگلیزدا بەرتەسک دەکاتەوە بۆ سوکایەتیکردن بەکچ و ژنی ئینگلیزو لەگەڵ پێنج کچ و ژنی ئینگلیزدا پەیوەندی سۆزداری و سێکسی دروستدەکات و بەڵێنی درۆش بەهەر پێنجیان دەدات و دواجار چواریان خۆیان دەکوژن و یەکیشیان بەناوی(جین مۆرس) بەدەستی خۆی و بەچەقۆ دەکوژێ. ئەم پیاوە زۆر ترسنۆکە، چونکە، یەکەم: تەنیا خۆی بەسەر ژناندا دەسەپێنێت و نایەوێ ڕووبەڕووی پیاوەکان بێتەوە، دووەم: زۆر ترسنۆکانە کۆتایی بەژیانی خۆی دێنێ و لەپڕ ژنێک و دوو مناڵ جێدەهێڵێ و ناگەڕێتەوە ماڵێ. لێرەدا دەکرێ لەوە وردبینەوە ئەم پیاوە زۆر بێدەربەست و بێخەمەو جگە لە ئارەزووە سێکسییەکانی گوێ بەهیچی تر نادات، کەچی لەخەمی تۆڵە کردنەوەدایەو دەیەوێ بەهەر جۆرێک بێت خۆی بەسەرکەوتوو بزانێت لەبەرامبەر

ئینگلیزدا. ئەمەش سروشتێکی ڕۆژهەڵاتییانەی پیاوانە بەوەی لەکردەی سێکسیدا خۆی بەسەرکەوتوو ژن بەژێرکەوتو دەزانێت، بەو حوکمەی کە ژن لەکردەی سێکسی ڕۆژهەڵاتییانەدا دەبێت هەمیشە لەژێرەوە بێت و بۆی نییە بچێتە سەرەوە. لێرەشدا نووسەر ناڕاستەوخۆ دەیەوێ بڵێت: پیاوێ ڕۆژهەڵاتی لەهەر کوێی دنیابن و چەندی لێبن سروشتیان ناگۆڕێت و دەست لەتڕادسیۆنەکەی خۆیان هەڵناگرن چەندەش قێزەون بێت. وەک پێشتر وتمان کەسێتییەکانی ئەم ڕۆمانە کەسێتی بێ دەربەستن و خۆیان بەخاوەنی هیچ نازانن، بەتایبەت کارەکتەرە سەرەکییەکانی کەیەکیان گێڕەرەوەیەو یەکیشیان پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لەم سەدەیەدا مرۆڤ بەرەو ناخی خۆی دەگەڕێتەوەو خەمی خەڵکی تر ناکاتە خەمی خۆی، خۆپەرستی دەگاتە ئاستێک کەس بۆ چارەنووس یاخود بۆ مەرگی ژنێک خەم نەخوات کە لەنێوان چەند پیاوێکدا گیری خواردووە. هاوکات دەردێکی کوشندەی کۆمەڵگە دواکەوتووەکانیشە بەوەی کە هەمیشە لە بۆ سەدان بۆیەکتری و بەتەنگ یەکترییەوە نین و لەکێشەو گرفتەکاندا نادەنە پاڵ یەکتری. مستەفا وەک پاڵەوانی سەرەکی گرێیەکی خۆبەکەم زانینی تێدا دروستبووەو لەهەوڵی ئەوەدایە ئەم گرێیە بکاتەوەو لیرەیشەوە دەکەوێتە جۆرێک شەڕو ململانێوە لەگەڵ مێملەکەی کە حکومەتی ئینگلیزە، بەڵام گرێکە وای لێکردووە هەموو خەڵکی ئینگلیز بکاتە ئامانجی خۆی و لەوێشدا ئەو شەڕە دەباتە گۆڕەپانێکی زۆر تەسکترەوەو تەنیا ژن و کچی ئینگلیز دەکاتە ئامانجی تۆڵەکردنەوەی خۆی. ڕۆماننووس وەسفی مستەفا ناکات، تەنیا باس



لەڕەفتارەکانی دەکات و بەوەش فیگەری مرۆڤێکی سەیرو سەمەرە دەداتە خوێنەر، مرۆڤێک لەئەوپەڕی کردەی سێکسیدا بیر لەتۆڵەکردنەوە بکاتەوە، لەبری لەززەت وەرگرتن لەسێکس لەززەت لەتۆڵەکردنەوە وەردەگرێت. ژنێک و دوو مناڵ جێدەهێڵێ و دەیانداتە دەست چارەنووسێکی ڕەش. هەمـوو ئەم ڕووداوانە چەند ساڵێک بەسەریاندا تێپەڕیوەو وەک فلاشباک دەکەونە بەرچاوی ئێمە. لەم ڕۆمانەدا چەند نەوەیەک بەسەر کراونەتەوە، نەوەیەک کەدەرەوەی وڵاتی بینیوەو جۆرێک ڕەشبنی تێدادروستبووە بەرامبەر کۆمەڵگەکەی بەوەی کەهەرگیز ناگاتە ئاستی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان. نەوەیەکیتر کە هەر لەوڵات ماوەتەوەو بۆ ئارەزووەکانی دەژی و نەوەیەکیش کە دەیەوێ یاخی بێت، بەتایبەت کە ئەم نەوەیە لەڕێگەی ژنەوە بەرجەستە دەکرێت بەوەی(حوسنە)ی ژنی مستەفا دوای دیارنەمانی هاوسەرەکەی نایەوێ ببێتە نێچیری پیاوە برسییەکانی گوندەکەیان و بەمەرگی خۆی کۆتایی بەو یاریە قێزەونە دەهێنێت. ئەم ڕۆمانە کۆتاییەکی زۆر تراژیکی هەیە بەوەی پاڵەوانەکانی لەبەرامبەر کۆمەڵگەو دواکەوتووییەکانیدا شکست دەهێنن و هەر یەکەو بەجۆرێک کۆتاییان دێت.

گرێچن یاخود(پلۆت) لەم ڕۆمانەدا زۆر کاری لەسەر کراوەو ڕۆمانووس هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدایە کەم کەم شتەکان بداتە خوێنەر، وەک چۆن ماسیگرێک هەمیشە چەشەی کەم دەکات بەقولاپەکەیەوە، ڕۆمانووسیش وایە، گەر بەیەکجار هەموو ڕوداوەکانت بداتێ ئەوسا شتێک نامێنێ تۆ چاوەڕێی بکەیت لەکۆتاییدا دەستت کەوێت، ڕۆمانیش بۆخۆی دەبێت وابێت،(هەمنگوای) لە(پیرەمێردو زەریا)دا بەیەک ڕستەی(سەرەتان)ی کۆتایی بەگێڕانەوە دێنێت کاتێک پیرەمپێرد دەڵێت: جارێکیتر دەچمەوە دەریا. ئاخر پیرەمێردەکە یەک قرشی گەورەی ڕاوکردووە لەقوڵایی دەریادا کاتێک دەگاتەوە تەنکاو ماسییەکان هەموویان خواردووەو تەنیا پەیکەرە ئێسکەکەی ماوەتەوە. لێرەدا مانای کۆڵنەدان دەگەیەنێت لەبەرامبەر سروشتدا. مرۆڤ بۆیە بووە سەرداری گیانلەبەرەکانی تر، چونکە توانیوێتی بەسەر سروشتدا زاڵ بێت و سروشت ببەزێنێت. هەر بۆیە وەک چۆن دەستپێکردنی دێڕی یەکەم و دوا دێڕیش لەڕۆماندا زۆر گرنگە، ئاوهاش پلۆت گرنگییەکی زۆرتری هەیە، دەبێت ڕۆمانووس هەمیشە وا بکات کە خوێنەرەکانی لەهەوڵی کردنەوەی گرێکانداین و ئەم هەوڵەش بەبەردەوامیدان دەبێت بەخوێندنەوە، بەردەوامی دانیش بەخوێندنەوە پەیوەستە بەوەی لەسەرەتاوە وتمان واتا دەبێت ڕۆمانووس بزانێت چۆن پەلکێشی ناو ڕووداوەکانت دەکات و لەکوێوە دەتهێنێتەوە دەرێ. چۆن ڕۆمانەکەی دەچنێت و ناچارمان دەکات دەستبەرداری خوێندنەوە نەبین.

١ ــ هنر رمان، ملان کوندرا
٢ ــ شوخی، ملان کوندرا
٣ ــ دوازده نامه بۆ ڕۆمانووسێکی لاو- ماریۆ ڤارگاس یۆسا

و: لەعەرەبییەوە: شیرین. ک – لەبلاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر

# راڤانێک بۆ رۆمانی «وەرزی کۆچ بەرەو باکوور»ی تەیب سالح

ن: مارینا هاریس
و: لە ئینگلیزییەوە : عەبدوڵلا سلێمان (مەشخەڵ)



یەکەمین خوێندنەوەی رۆمانی "وەرزی کۆچ بەرەو باکوور"ی تەیب ساڵح ئەزمونێکی سەرسامە. رەفتارە ئەلقییەکان کە لە چیرۆکەکەدا وەدیار دەکەوێ، مانای گرینگترین زانیاری دەربارەی کاراکتەرەکان و رابردوویان بەجێ دەهێڵێ. بەو شێوەیە هەستی ونبوون لە وڵاتێکی غەریب بەخوێنەر دەدا، شوێنێک کەخۆی تونای بەرگریکردنی تێدا نەماوە. لەڕاستیدا رۆمانەکە وا پێویست بوو لە رۆژێکی روناکی پڕ لە گۆرانی سادەیی و سروشتی کلتووری کۆمەلگای سوودان کە لە ساڵی ١٨٩٩وە دەستیپێکردووە بخوێنرێتەوە، ئەوساڵەی کە بەریتانیا داگیری کرد. نەخشەی کتێبەکانی تەیب ساڵح لە میانی خودی ئەزموونەکانی دوو کاراکتەری سەرەکی حیکایەتخوانی بێ ناو و نەناسراو و مستەفا سەعید دوو نەوەی سوودانی، بەڵام بەرۆشنبیری ئەوروپییەوە هەلبژاردووە کە لە ماوەی سەردەمی زاڵبووی بەریتانیاوە تاکو ساڵانی سەرەتای حوکمی خۆجێیی سوودان، ئەوکاتەی کتێبەکەی تێدا نووسرا " کە یەکەمین جار بەزمانی عەرەبی لە ساڵی ١٩٦٦دا بڵاوبووەوە". وڵاتی سوودان گۆڕانێکی مەزنی لەناکاوی تاقیکردبۆوە، لەسەرکار لابردنی حکومەتی سەربازی جەنەراڵ ئیبراهیم عەبود و سەرەتای سیستەمی پەرلەمانی



بوو. تەیب سالح لە پێشەکی چاپی ٢٠٠٣ی ڕۆمانەکە دەنووسێت "ڕەوشی گشتی خەرتووم لەو ڕۆژگارانەدا شادومانی بوو.... لەبەر چەند هۆیەک کاری من ببووە هاوبەش لە پرۆسەی پرسی ڕۆشنبیری" بەدڵنیاییەوە ئەمە کۆتایی چیرۆکەکە نییە، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٩وە سوودان لە لایەن شورای رابەرایەتی شۆرشگێری رزگاری نیشتیمانییەوە حوکم دەکرێت. حکومەتی سەرکوتی ئیسلامی وێڕای شتەکانی دی، بلاوکردنەوەی ئەم ڕۆمانەنەشی یاساغ کرد.

چیرۆکەکەی تەیب سالح بە لێلییەکی زۆر گێردراوەتەوە و تێگەیشتن لێی زۆر لەم باکگراوندە سیاسییە جێدەهێلێ، ئەو ڕاستییەی کە لە هەرکاتێکدا خوێنەر بێ ئومێدتر دەکات لە تێگەیشتن لە نهێنی کاراکتەرەکان کە لە سەرەخۆ بەهەندێ وردەکاری کۆنکریتی کۆمەکیان دەکات. هێور هێور یەکێک دێت تا بزانێت کە مستەفا سەعید و حیکایەتخوان دوو دیوی هەمان کاراکتەرن و هەروەها زۆر لە ئەزموونی خودی تەیب سالحەوە نزیکن، ئەو ڕۆشنبیرە سوودانییەی کە لە باکگراوندی گوندنشینێکی سادە و بێ فیزەوە دەچێتە بەریتانیا بۆ خوێندن و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ سوودان وەکو بەشێک لە چینی فەرمانڕەوا. کاتێک دەست دەکات بە فێربوون دەربارەی مستەفا سەعید، ئەوکات وەکو نمایندەیەکی نێگەتیف و ئەدائێکی تارێک لەو ئەزموونە و شکستی گەشیی و حیکایەخوانێکی پیاوچاک دەردەکەوێ.

مستەفا سەعید لە ناکاو وەکو کەسێک کە سیستەمی کۆلۆنیالی ریسوا بکات دەردەکەوێ تەنها بۆ رسواکردن و تێکدانی ئەو سیستەمە و هەروەها ئەو کەسەی کە دەگەرێتەوە بۆ سوودان بەرگەی بۆگەنی و هەڵوەشانەوە ناگرێ کە ئەم بۆی بەرجەستەبۆتەوە. حیکایەتخوانەکە بەجیاواز لەوەی وەکو مۆدێلی هاوولاتییەکی سوودانی دەردەکەوێ کە لەوانەیە لە "سوودانییەکی نوێ"دا بەرجەستە بێتەوە، لە کۆمارێکی سەربەخۆ کە لە ساڵی ١٩٦٥ دا ڕاگەیاندرا کە ئەویش وەکو کاربەدەستێکی وەزارەتی ڕۆشنبیری خزمەتی تێداکرد.

بەلام وەکو کتێبەکە لە گۆڕاندایە و دەبێتە زیادبوونی ڕۆشنییەک کە مۆدێلەکە بەهۆی حیکایەتخوانێکەوە نوێنەرایەتی دەکرێت بەتاڵ، سەرابی بێسوود کە ناتوانێ یان نایەوێت کۆششی بکات بۆ کاریگەری جیهێشتن لەسەر هەر پێشکەوتنێکی بەمانای خەڵکی سوودان و هەروەها دەشێ زۆر گرنگ بێ کە لە ئاستی هۆگریدا نایەوێت کاریگەری بەسەر ژیانی کەسانی نزیکییەوە هەبێت، ئەو کەسانەی مۆراڵ و ئەرکی هەستییان هەیە.



کارەکانی تەیب سالح لە وەزارەتدا بەتەواوەتی جودابوو لە پێویستییە حەقیقییەکانی سیستەمی رۆشنبیری سوودانی، وەکو هاورێیەک ئەمەی بۆ دەستنیشان کرد "لێیان گەڕێ بایەکەم جار قوتابخانە بنیاد بنێن و پاشان موناقەشەی یەکتاکردنی رۆشنبیری بکەن......لە کۆنفرانس و بێ مانایییدا کات بەفیرۆ دەدەن، ئەوەش منداڵەکانمانن کە دەبێت چەند میلێک ببڕن تا دەگەنە قوتابخانە ....چ سوودێکی هەیە یەکێک لە ئێمە لە حکوومەتدا بێت و تۆ هیچ کارێک نەکەیت.

حیکایەتخوانەکە بەبێ کاردانەوە رەخنەکە قبول دەکات ئەو چاودێرێکی ناسراو و بەتاڵ و گەندەڵی سیستەمەکەیە کە خۆی بەشێکە تیایدا، کە خۆی بە((سەر یاسای نوێی ئەفریقا و روخساری نەرم و ناسک، دەمی گورگ ئاسا و دەستیان بە ئەلقەی و بەردی گران بەها دەدرەوشێتەوە و شیلەی بۆن و بەرامەی لاڕومەتیان و گرانبەهاترین سیلک کە بەسەرشانیاندا وەکو خوری پشیلەی سیامسیس هاتۆتەخوار)) بەڵام ئەم زانینە بیانوو نییە بۆ کاردانەوە و دەرئەنجام.

لە کۆتایدا ئەم کاردانەوەیە رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێ لە هێنانەدی چارەنووسێکی رەش بۆ مستەفا سەعید، کۆتایی توندوتیژی ئەم رۆمانە کە توندوتیژیی سکێشواڵییە لەوکاتەوە تۆقێنەرە و مەترسیدارە، میتافۆرێکی زۆر مەزنە بۆ بەریەککەوتنی کۆلۆنیالەکان و زاڵبوونی کلتوورەکان، شێوە و دارمانێکی مەزن چاودێری دەکرێ"وەک هەمیشە" پاشماوەی پاپۆر و فرۆکەی کارەساتەکان ئەو دەیتوانی لای ببات و حیکایەتخوانەکەش هەست دەکات کە "لە هەموو ژیانمدا هەڵبژاردنم نەبووە، خاوەن بڕیار نەبوومە. ئێستا من بڕیار دەدەم " روون نییە کە ئایا ئەم بڕیارەی دەدرێ زۆر درەنگە، یان بڕیارێکە لەوەختی خۆیدا دەدرێت؟"

**دەربارەی رۆماننووس تەیب ساڵح**

تەیب ساڵح نووسەری سوودانی لە هەرێمی باکووری سوودان لە ساڵی ١٩٢٩ لەدایکبووە. لە زانکۆی خەرتووم خوێندویەتی، پێش وازهێنانی لە زانکۆی لەندەنی بەریتانیا. لە باگراوندی جوتیارێکی بچووک و مامۆستایەکی ئایینییەوە هاتووە. کاری بنەرەتی تەیب ساڵح کاری کشتوکاڵی بووە. جگە لەوەش بۆ ماوەیەکی کورت بەڕێوبەری قوتابخانە بووە، پێش ئەوەی بێتە بەریتانیا، ژیانی کارکردنی بڵاوکرایەوە. کارەکانی تەیب ساڵح بەگشتی سیاسی و دەست و پەنجە لەگەڵ ناوەرۆکی وەکو کۆلۆنیالیزەکردن و رەگەز، نەرم دەکات. هەروەها تەیب ساڵح وەکو یەکێک لە کورتەچیرۆکنووسە چاکەکانی عەرەب لەمڕۆدا دەژمێردرێت. تەیب ساڵح ئەدەب و فەلسەفە و کۆمەڵناسی رۆژئاوا و عەرەبی خوێند. تەیب ساڵح روخسارەکانی هەردوو کلتووری لە کارەکانیکدا بەرجەستەکردۆتەوە.

کاتێک رۆمانی وەرزی کۆچ بەرەو باکوور کە یەکەمجار بەزمانی عەرەبی لە بەیروت لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوودا بڵاوکرایەوە، ساڵح وەکو بلیمەتێکی رۆمانی عەرەب ستایش کرا. لە ساڵی ٢٠٠١دا لە لایەن ئەکادیمیای ئەدەبی عەرەبی کە بارەگاکەیان لە دیمەشقە لە سوریا ئەوە راگەیاندرا کە "رۆمانی وەرزی کۆچ بەرەو باکوور گرنگترین رۆمانی عەرەبییە لە سەدەی بیستەم". کارەکانی تەیب ساڵح لە عەرەبییەوە بۆ زیاتر لە ٢٠ زمان وەرگێڕدراون. تەیب ساڵح سێ رۆمانی تر و

چەندین کۆمەڵە چیرۆکی بڵاوکردوەتەوە. رۆمانی" زەماوەندی زینە" لە لیبیا خراوەتە سەر شانۆ و هەروەها لە ڤیستڤاڵی کانێس بۆ فیلم خەڵات کراوە کە لە لایەن دەرهێنەری سینەمایی کوەیتییەوە "خالید سدیق" لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی رابردوو کاری سینەمایی بۆ ئەنجام درابوو.

بۆ زیاتر لە ١٠ساڵ، تەیب ساڵح گۆشەیەکی هەفتانەی بۆ رۆژنامەی "ئەلمەجەلە" کە بارەگاکەی لە لەندەنە بەزمانی عەرەبی دەنوسێ کە زۆرێک لە مەغزا و Theme ئەدەبییەکانی راڤە و کەشف دەکرد. تەیب ساڵح بۆ BBC بەشی عەرەبی کاری کردووە، دواتر بووە بە بەڕێوبەری گشتی لە وەزارەتی راگەیاندن لە دۆحە لە قەتەر. تەیب ئاخریین ١٠ ساڵی کارکردنی لەگەل UNESCOلە پاریس گوزەراند کە چەندین پۆستی جیا جیای وەرگرت و دواجار بوو بوو بەنمایندەی UNESCO لە دەوڵەتانی کەنداو.

**چەند دێرێک سەبارەت بەمارینا هارس:**

نووسەری هونەری سەما و وەرگێڕ "مارینا هارس" لە نیویۆرک لە ئەمریکا دەژێت. خاوەنی چەندین وتار و کتێبە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

- بۆ سۆلۆی کەمانچە-مندالێتی جولەکە لە نێو فاشیزمی ئیتالیادا. نووسینی/ ئالدۆ زارگانی و مارینا هارس کتێب ٢٠٠٢
- سێکسی خۆشەویستی لەگەڵ ئەلبێرتۆ مۆرافیا- کتێب ٢٠٠٧
- با سەما بکەین- وتار ٢٠٠٦
- کارەکانی پووانت- وتار ٢٠٠٧
- چیرۆکەکانی شاری خوا- نووسینی : پیار پاولۆ پاسۆلینی و وۆلتەر سیتی"- وەرگێرانی: مارینا هارس- کتێب ٢٠٠٣
- هەفتەیەک لە ئۆکتۆبەر لەگەڵ ئەلیزابێس سەبەر کەیسیۆکس- کتێب ٢٠٠٨
- چیرۆکە قەدەغەکراوەکانی مارتا ڤێنەرەنتا- کۆمەڵێ نووسەر- کتێب ٢٠٠٠
- مارینا هارس- کۆمەڵێ وتار و نووسینی تری هەیە کە ئەم رانانە یەکێکە لەوانە.

**تێبینی:**

رۆمانی "وەرزی کۆچ بەرەو باکوور" لە ساڵی ٢٠٠٣ لە لایەن "دەنیس جۆنسۆن دیڤس" کراوەتە ئیگلیزی و دەزگای Penguin Classic بۆ بڵاوکردنەوە چاپی کردووە. مازیا هارس نووسەری هونەری سەماو وەرگێر لە نیویۆرک دەژی.

**ئینگلیزی**

**سەرچاوەکان :**


1- http://www.wordswithoutborders.org/?lab= SeasonReview

2- http://www. sudantribune. com/ spip.php?article8999

3- http://www.sudanvisiondaily.com/modules.php?name= News&file= article&sid

4- http://www.booksnation.com/u/Conjugal%20Love//Alberto%20 Moravia%20 Marina %20 Harss/ 1590512219



# گفتوگۆی(وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) لەگەڵ(لەناو جەرگەی تاریکی) جۆزیف کۆنرادا


**فەخری ساڵح**
**و: کاوەیس حەمەدەمین**


پاش ئەوەی رۆماننووسی میسری(سەنعەڵڵا ئیبراهیم) لە وەرزی دووەمیدا خەڵاتی قاهیرەی بۆ داهێنان لەبواری نووسینی رۆماندا رەتکردەوە، بۆ وەرزی سێیەم درا بەخاوەنی(رۆمانی وەرزی گۆچ بەرەو باکوور) ١٩٦٦، تەیب ساڵح رۆماننووسی سودانی کە دەمێکە وازی لە نووسینی رۆمان هێناوە. (نووسەری میسری ئەدوارد خەرات سەرپەرشتی لیژنەی بەخشینی خەڵاتەکەی دەکرد). بەمەش دەنگوگۆیەکی بەرفراوان لەناوەندی رۆشنبیری عەرەبی لەنێو لایەنگران و ئەوانەی دژی بوون بەرپا بوو.

ئەم وتارەش هەوڵێکە بۆ تیشک خستنە سەر قەرزارباری تەیب ساڵح بۆ رۆماننووسی پۆڵەندی جۆزێف کۆنراد، ئاساییە گەلێ رۆمان لەناو یەک زماندا ولە ناوخۆیاندا، یا لە زمانەکانی دی زاوزێ بکەن، پاشان رۆمانی دیکە دێتە بەرهەم کە وەک دووبارە خوێندنەوەی هەمان رۆمان بێتە بەرچاو، یا هاوشێوەی ئەوان بچنرێن، یا سەرلەنوێ گەوهەر یا مەبەستیان دابرێژرێتەوە. بۆمان هەیە بڵێین«رۆمانی کۆچ بەرەو باکوور» سەرلەنوێ نووسینەوەی داهێنەرانەی رۆمانی(لەناو جەرگەی تاریکی) رۆماننووسی بەریتانی بەڕەچەڵەک پۆلەندییە، کە تێیدا تەیب ساڵح ئاراستەی گەشتەکە لە باشوورەوە بۆ باکوور دەگۆڕێ و جارێکی دیکە پەیامی کۆنراد لە رۆمانە مەزنەکەی تەئویل دەکاتەوە کە گێڕەوە تێیدا لەگەڵ کەسی لەبارە شت باسکراو لەدوا لاپەڕەکانی(لەناو جەرگەی تاریکی)دا یەک دەگرێ.

ئەگەر لە(لەناو جەرگەی تاریکی) وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بەشێوازی دووانەیی بنیاتنراوە، بەشێوەیەک کە دەنگی گێڕەوەی بەشدار(مارلۆ) کە چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە تێکەڵ

بەچیرۆکی(کیرتز) کراوەو کۆنراد بەوە دەگات کە ئەم شێوە گێڕانەوەیە لەڕێی بەشبەشکردن و تەعلیقدانی لاوەکی و لەناوبردن و لابردنی رووداو و ماناکان سازدراوە، بەجۆرێ کە خوێنەر لە زۆر شوێنی رۆمانەکەدا بەزەحمەت جیاوازی لەنێوان گۆشەنیگای کیرتزو مارلۆ دەکات، کەسێکی دی هەیە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، بەڵام ناوی پشتگوێ خراوە(ئەو کەسە کەسی پێنجەمە لەنێوان ئەوانەی لەناو بەلەمی(نیللی) دانیشتوون. ئەو دەست بەگێڕانەوە دەکات و پاشان بەمارلۆی دەسپێرێ، ماناکە ئاراستە دەکات، بەمە سنووری جوولانەوەی حیکایەتی کیرتز دیاری دەکات، کە لەڕێی دەنگی مارلۆ پاک دەبێتەوەو رەهەندێکی تازە بەتێکەڵبوونی لەگەڵ حیکایەتی ئەوەی دوایی وەردەگرێ.

گێڕەوەی ناوپشتگوێخراو هەر لە لاپەڕەی یەکەمدا سنوورو گەشوهەواکان نەخشەدەکێشێ کە تەیب ساڵح لەناوێدا دەجووڵێ، لەناو رۆمانەکە پاش خۆرئاوابوون لەسەر رووباری تایمز بەرلەوەی مارلۆ حیکایەتە پەلهاویشتووەکەی بۆ حکایەتی کیرتز بگێڕێتەوە، تاریکی باڵ بەسەر کەشوهەواکەدا دەکێشێ، بەمجۆرە بەلەمی (نیللی) لە شوێنێکی لاپەڕگە بێ جووڵە دێتە بەرچاو، وەک ئەوەی دیسان حیکایەتی لە(لەناو جەرگەی تاریکی) بەرجەستە بکاتەوە، واتا بەرجەستەکردنی شوێن رۆیشتنی رووباری کۆنگۆ لەناو ئەفریقیای رەشدا.

جۆزیف کۆنراد کاتێ ساڵی ١٨٩٨ رۆمانەکەی دەنووسێ و وەسفی ئەو تاریکییەی باڵی بەسەر ئەفریقیای تالانکراودا کێشاوە دەکات، دەزانێ حیکایەتەکە تاریکی لە ولاتێ بەرهەم دێنێ کە بازرگانی و مردنی لە ناوەندی کیشوەری ئەفریقیا بەدەستەو ئاراستەی دەکات، کاریش دەکات بۆ بلاوکردنەوەی ئەم پەیامە بوو خۆ ئامادەکردن بۆ حیکایەتی مارلۆ بەوەسفکردنی کەشوهەوای ئەو شوێنەی حیکایەتەکەی تێدا دووبارە دەکرێتەوە. گێڕەوەی ناو پشتگوێخراو بەرلەوەی داوەدەزووی حیکایەتەکە بداتە دەست مارلۆ ئاگادارمان دەکاتەوە کە:

(خۆرەکە ئاوابوو و زەردپەڕو رووناکی بەدرێژایی سەر کەنارەکە باڵیان کێشا. گومبەتی تشابمانیش کە باڵەخانەیەکی سێ پایەیەو لەسەر دەشتاییەکی قوڕ دروستکراوە، تیشکێکی بەهێزی لێوە هات. رووناکی پاپۆڕەکانیش لە ناوەندی رووبارەکە وەک جوولانەوەی رووناکییەک دەرکەوت کە بەرزو نوی دەبێتەوە، وە لەسەرووی رووبارەکە بەلای رۆژئاوادا، شوێنی شارە زۆر گەورەکە، کە هێشتا سیمای نەگبەتی لە پانتایی ئاسمانەوە پێوە دیاربوو وەک تاریکییەکی پاڵکەوتوو بەسەر تیشکی رۆژو رووناکییەکی کزی تاریک لەژێر

ئەستێرەکانەوە دەردەکەوت). مارلۆ لە هیکرا دەست بەقسەکردن دەکات: (ئەمەش هەروەها یەکێک بوو لە شوێنە تاریکەکانی دنیا»، ئەمە رووبەرێک لە بەد تێگەیشتن لەو مەبەستەی بۆ مانای شوێنە تاریکەکان هەیەتی جێدێڵێ، بەڵام هاتنەپێشەوەی یەکەم دەستەواژە کە مارلۆ پاش ئەو وەسفەی گێرەوەی ناو پشتگوێخراو پێشکەش دەکات، واتا ئەو کەسەی لەپشت دەنگی نووسەرەوە خۆی حەشارداوە، وا دەکات شاری لەندەن کە رووناکییە دوورەکانی وەسف دەکرێ بێتە پێشەوەی دیمەنەکەو بۆ ناوەندی ئەو تاریکییەی بەرەو باکوور لە باشوورەوە بچێ، وەک ئاماژەیەکی دیار بۆ فرتوفێڵەکانی داگیرکەرو گەڕانەوەی کرداری سیحرکردن بۆ سەر ساحیرەکە خۆی. راستە کۆنراد جیاوازی لەنێوان داگیرکەری بەلجیکی توندو بریندارکەرو لەنێوان داگیرکەری بەریتانی دەکات، بەڵام یەکتربڕینی قسەی مارلۆ لەگەڵ گێڕانەوەی گێڕەوەی نادیار(پشتگوێ خراو)و ئامادەکردنی خوێنەر بەوەسفکردنی هاتنی تاریکی و باڵکێشانی بەسەر رووباری تایمز، وەک ئەوە وایە خوێنەر ئاراستەی ئەوە بکرێ کە سروشتی داگیرکەران وەک یەکن. سەمای مردن و بازرگانیکردن کە بەپرۆژەی داگیرکاریەوەیە بەندە بوارێ بۆ جیاوازیکردن لەنێوان ئەو داگیرکەرەی تاڵانکەرەو لەنێوان ئەو داگیرکەرەی خاوەنی پەیامێکی شارستانییە ناهێڵێ! بەڵام کۆنراد وەک ئەدوارد سەعید لە کتێبی(رۆشنبیری ئیمپریالی)دا ئاماژەی پێدەدا ناتوانێ لە کۆت و پەیوەندی سەردەم و کەشوهەوا داگیرکارییەکە خۆی رزگار بکات کە لەناویدا ژیاوەو لەناو سنوورەکەیدا پێگەییوە. بۆیە لە کۆتایی حیکایەتی کیرتز لە باوەشی دەگرێ، بەجۆرێ کە وەک حیکایەتی خۆی دێتە بەرچاو.

مارلۆ لەرووی تێکەڵبوونی بەپرۆژەی داگیرکاری وەک کیرتز وایە هەردووکیان بەرەو(لەناو جەرگەی تاریکی) مل دەنێن، ئەگەرچی جیاوازی لەنێوان حیکایەتەکانیان هەیە، بەڵام پەتای حکایەتی کیرتز بۆ مارلۆ دەگوازرێتەوە(گێڕەوەی حکایەتەکە)، وەک ئاماژەیەکی هێمادار بۆ سروشتی پەتائامێزی هەموو پرۆژەی داگیرکارییەکە، کە لە کرداری هێماداری کیرتز دەگاتە ترۆپک و خۆی دەکاتە خاوەندێکی سپیپێست لە خاکی رەشدا و دیوارێک لە کەللەسەری کوژراوە رەشپێستەکان بەدەوری خۆیدا بنیات دەنێ.

ئێستا تەیب ساڵح چۆن(لەناو جەرگەی تاریکی) دەنووسێتەوە؟ وادەردەکەوێ(وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) لەناو رۆمانە کۆنرادیەکە بژێ. کە وەک ئەوە وایە دەستنیشانی بارودۆخی داگیرکاری لە گۆشەنیگای داگیرکراوەوە بکات، بەڵام وەک چۆن حکایەتی(لەناو جەرگەی تاریکی) بەرەو قووڵاییە

ترازیدە توندڕەوە تەواو بەرجەستەکراوەکەی ئاراستەکراوە، ئەوهاش حکایەتی مستەفا سەعید کاردانەوەیەکی توندی توندڕەوانەیە دژی داگیرکردنی داگیرکەرانەی جەستەی کیشوەری ئەفریقیا.

خاڵی ویکچوون لەنێوان هەردوو رۆماندا زۆرن، یەکێ لەم ویکچوونانە ئەوەیە کە(وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) چیرۆکی مستەفا سەعید لەڕێی گێڕەوەیەکی(بەشدار) باس دەکات، کە چیرۆکی خۆی تێکەڵ بەچیرۆکی مستەفا سەعید دەکات. گێڕەوە رۆڵی وەرگری چیرۆکەکە دەگێڕێ، واتا نموونەی هەڵبژاردراوی یەکەمە کە نووسەر کاری بۆ دەکات، کاریگەری ماددەی رۆمانەکە لەژێر رۆشنایی کاردانەوەی کارەکانی هەڵسەنگێنێ، وە لەجیاتی ئەوەی گێڕەوە بوار بەمستەفا سەعید بدات بۆ ئەوەی چیرۆکەکەی بگێڕێتەوە، دەنگی گێڕەوە کار بۆ پالاوتنی چیرۆکەکە دەکات و وایلێدەکات ببێ بەبەشێک لە سیاقی چیرۆکی کەسی بۆ گێڕەوە. ئەم شێوازە لە گێڕانەوەدا، لەڕێی لکاندنی گێڕەوە بەو کەسەی شت لەبارەیەوە دەگێڕێتەوە، پەیوەندی مارلۆمان بەکیرتز بیر دێنێتەوە، بەچەشنێ حیکایەتی کیرتز لەڕێی دەنگی مارلۆو ئاگاداربوونی بەو حیکایەتە پێمان دەگات. ئەم تەکنیکە لە شێوازدا کە لە هەریەکێ لە(لەناو جەرگەی تاریکی)و(وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) بەکارهاتووەو حیکایەتەکە لەڕێی گێڕەوەیەکی بەشدار دەگەیەنێ، رەنگدانەوەی حیکایەتی تاکەکەسی کە تەوەرە، بەسەر ئەو وەبەسەر حیکایەتەکەی بۆ خوێنەر دیاری دەکات و جۆرێک لە تەشویق و فزوڵ لای خوێنەر دەخوڵقێنێ. وە لە(وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) تەیب ساڵح لەڕێی بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە دوو دنیابینی دەخاتەڕوو. دنیابینی مستەفا سەعید بۆ سروشتی ململانێ لەگەڵ رۆژئاواو دنیابینی گێڕەوە بۆ ئەم ململانێیە لەڕێی حیکایەتی مستەفا سەعیدەوە نەک لەڕێی ئەزموونی تاکەکەسی ئەو لە کاتی خوێندنی لە بەریتانیا. پەیوەندی گێڕەوەش بەمستەفا سەعید رەنگدانەوەی پەیوەندی مارلۆ بەکیرتز دێنێتەوە یاد، کاتێ پەیوەندی گێڕەوە بەوەی شتی لەبارە دەگێڕێتەوە چۆنییەتی دروستبوونی کاری رۆمانووسییەکە رادەی کارتێکردنی لە خوێنەرو سروشتی ئەو پەیامەی بەرهەمەکە هەڵیگرتووە دیاری دەکات. وە ئەگەر مارلۆ حیکایەتەکەی بۆ ئەو چوارکەسەی تر کە لەسەر پشتی بەلەمی (نیللی) دانیشتوون بگێڕێتەوەو بەحیکایەتی خۆی دەستپێبکات ئەوا گێڕەوە لە(وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) باس لە گەڕانەوەی لە بەریتانیا دەکات، کاتێ لە خوێندن تەواودەبێ، ئەو باس لە ئەزموونی رۆیشتن و گەڕانەوەو شەیدابوون بۆ تێکەڵبوونی بەژیانی گوند دەکات، کە(رێک حەوت ساڵ) لیی دووربوو، بەڵام پەیوەندی گێڕەوە بەخوێنەر تا دوا لاپەڕەکانی رۆمانەکە بەد تێگەیشتنی تێ دەکەوێ و وا دەمێنێتەوە، چونکە هیچ ئاماژەیەک بۆ رۆژانی خوێندن و چوون بۆ رۆژئاواو سروشتی گوزەرانی کردن تێیدا لە روایەتی گێڕەوە بەدی ناکەین، وەک ئەوەی بەوە بیەوێ حیکایەتی مستەفا سەعید بگێڕێتەوە کە توانیویەتی بیگۆڕێ، پتر لەوەی کەشتەکەی بۆ خوێندن گۆڕیبێتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گێڕەوە لە لاپەڕەی یەکەمی رۆمانەکەدا ئاماژە بەبێزاربوونی لە رۆژئاواو ئاگری سۆزێکی بەردەوام دەکات کە بۆ گەڕانەوە پاڵی دەنێ.

«بەڕێزان پاش دوورکەوتنەوەیەکی درێژ گەڕامەوە ناو خزمەکانم، رێک حەوت ساڵ، کە لە ئەورووپا دەمخوێندوو شت فێربووم، زۆر شت فێربووم و زۆریشم لەکیس چوو، بەڵام ئەمە چیرۆکێکی

دیکەیە.» گەوهەری وشیاری ڕۆماننووس لە(وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) لەوەدا خۆ دەنوێنێ کە گێڕەوە خۆی لە گێڕانەوەی حیکایەتەکەی بەدوور دەگرێ، چونکە تەنیا بەدیلێکە لەڕێی ئەوەوە حیکایەتی مستەفا سەعید پاکدەبێتەوە، وە لەجیاتی ئەوەی حیکایەتی تاکەکەسی ئەو تێکەڵ بەحیکایەتی مستەفا سەعید ببێ، حیکایەتی ئەوەی دوایی کار بۆ گۆڕینی تیروانینی گێڕەوە دەکات بەرامبەر جیهان و سۆزێکی ئاگراوی و شەیدابوونێکی راپێچ دەر بۆ تێکەڵبوونی بەژیانی هاولاتیانی گوندەکەی و چارەکردنی ئەو برینانەی داگیرکەر بەسەر جەستەی کیشوەری ئەفریقیا جێی هێشتووە لا دەتەقێنێتەوە. لەم هەوڵدانەشدا پەیامی(وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) لە نووسینەوەی لە(لەناو جەرگەی تاریکی) دەردەکەوێ، دیدێکی ناوخۆی ئەفریقی و تەجاوزکردنی حیکایەتی داگیرکەر لەڕێی دروستکردنەوەی سنووری نێوان چاکی و خراپەکانی داگیرکەر. وە ئەگەر مستەفا سەعید بەهۆی هێرشێکی پێچەوانە وەلامی داگیرکەرو لەڕێی دەستدرێژی کردنەسەر جەستەی ئافرەتە ئینگلیزەکان و نووسینی لەسەر ئابووری داگیرکەر بداتەوە، ئەوا چارەکردنی ئیشکالییەتی داگیرکاری لە یاری پاکبوونەوەکەدا خۆ دەنوێنێ کە گێڕەوە دووبارە گەشتەکە بۆ باکوور بەهێماداری لە بەشی کۆتایی ڕۆمانەکە دەستپێدەکاتەوە. قسەی گێڕەوە لەبارەی مەلەکردن(بەرەو کەناری باکوور)، (بۆ گەیشتن بەکەناری باکوور)و ئاوڕدانەوەی بۆ«چەپ و ڕاست»، سەیردەکات گەیشتۆتە نیوەی ڕێگای نێوان باکوورو باشوور)و«ناتوانێ بگەڕێتەوەو بگەڕێتەوە»، ئەمە هەمووی تەعبیر لە هەوڵدانێک دەکات بۆ وەلامدانەوەی ئەو پرسیارانەی پەیوەندییان بەرۆژئاواو شوناسەوە هەیە.

کە هەمان ئەو پرسیارانەن مستەفا سەعید لە ڕۆیشتنی بۆ باکوورو گەڕانەوە تراژیدییەکەی بۆ باشوور نەیتوانیوە وەلامیان بداتەوەو پێشم وانییە گێڕەوەی بەشی کۆتایی بەد گومان توانیبێتی وەلامیان بداتەوە، بەلکو ئیکتیفای بەچارەیەکی خێرایی هەنووکەیی کردوە.

«دەژیم چونکە لەمەودوا کەم کەس هەن کە بمەوێ لەگەڵیان بۆ درێژترین ماوە بمێنمەوە، وە لەبەرئەوەی ئەرکی زۆرم لەسەرەو دەبێ ئەنجامیان بدەم، لام کرنگ نییە ژیان مانای هەیە یانا. ئەگەر نەتوانم بیبورم ئەوا هەوڵدەدەم لەبیری بکەمەوە. لەمەوپاش بەتواناو مەکەرەوە دەژیم». ئەمە وەلامدانەوەی کیرتزو کردەوەکانیەتی لە(لەناو جەرگەی تاریکی)دا، هەوڵدان بۆ خۆرزگارکردن لە پەڵەی داگیرکەر بە مەکەرو لەبیرکردنەوە. مستەفا سەعیدیش پێشتر هەوڵی دا لەڕێی خۆکردنە خواوەندێکی رەشپێستی ئەفریقی بەپێشێلکردنی جەستەی ئافرەتە ئینگلیزەکان وەلام بداتەوە، بەلام لە کۆتایی گەیشتە ئەوەی ژمارەیەک لەو ئافرەتانە خۆیان بکوژن و بکوژرێن، ئەوانەی خۆشیانویست و لەپێناوی ئەوەدا خۆیان کردە قوربانی کارەکەی لە باکوور. ئەم کارە لەم ئاستەدا هاوتەریبە لەگەڵ کاری کیرتز لەسەر کەناری ڕووباری کۆنگۆ لە باشووردا، کە هەردووکیان مەرگیان لە دوو جەنگی پێچەوانەدا چاند، ئەمەش وادەکات گێڕەوە مەکرو بیرچوونەوە وەک چارەیەک بۆ گرفتی رزگاربوون لە یادەوەری داگیرکەر بەکاربهێنێ.

**سەرچاوە:**

الحياة/ ٢٠٠٥/٩/٣٠



# «وەرزی کۆچ بەرەو باکوور"
# لە تەرازووی رەسەنێتیدا

ن: نزار محەمەد عوسمان
و . فاتیمە فواد

گومانی تێدا نییە کە هیچ رۆمانێکی سوودانی لە زۆر بڵاوبوونەوەدا بەقەدەر رۆمانی "وەرزی کۆچ بەرەو باکوور"ی "تەیب ساڵح" بەخت یاوەری نەبوو، ئەم رۆمانە بۆ گەلێ زمانی بیانی وەرگێڕدرا و لەسەر قوتابیانی هەندێ زانکۆی عەرەبی سەپێنرا کە بیخوێننەوە، یەکێکیش لە توێژەرەکانی بواری دەروونناسی، تێزێکی دکتۆرای لەسەر ئەم رۆمانە پێشکەشکرد بەناونیشانی "ململانێیەکی زۆردارانە لەگەڵ دەسەڵات"، هەروەها ئەم رۆمانە بەهۆی ئەوەی کە هەندێ ئاماژەی سێکسی و رووتی تێدایە، رێگای پێ نەدرا کە بچێتە هەندێ وڵات و قەدەغە کرا، زۆرێک لە رەخنەگرانیش لەسەر ئەم رۆمانەیان نووسی، نووسینەکان بریتیبوون لە زۆرینەیەک کە ستایشی رۆمانەکەیان دەکرد و کەمینەیەکیش کە بەخراپە باسیان لێوە دەکرد.

ئێمە لەم نووسینەدا باسی ئەو لاپەڕانە دەکەین کە هەڵگری هەندێ زاراوەی ئەوتۆن کە شەرم دەڕوشێنن و ئارەزوو بە ئاگا دەهێننەوە، چونکە ئەم بابەتە زۆرمان بۆ دێنێ قسەی لەسەر بکەین، هەروەها لە گۆشەنیگای رەسەنایەتیدا قسە لەسەر ئەم رۆمانە دەکەین، بۆ ئەوەی بزانین ئایا بەڕاستی ئەم رۆمانە توانیویەتی نوێنەرایەتی کۆمەڵگای سوودانی بکات یان نا؟

رووداوەکانی رۆمانەکە لە دەوروخولی "مستەفا سەعید" دەسوڕێنەوە، "مستەفا سەعید" لە قۆناغی خوێندنیدا، کەسێکی زیرەکی بێهاوتا دەردەکەوێت، بەتایبەتیش لە فێربوونی زمانی ئینگلیزی، لەگەڵ ئەوەشدا لە رووی سۆزدارییەوە ماددەیەکی زەینی رووتە. مستەفا سەعید بۆ درێژەدان بەخوێندن چووە میسر و پاشان بەهاوکاری "مسز رۆبنسۆن" دەچێتە ئینگلتەرا، "مستەفا سەعید" بەتەواوەتی شارستانییەتی رۆژئاوای وەرگرت، بەڵام نەیتوانی بەشێوەیەکی داهێنەرانە هەنگاوی بۆ بنێت و بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانە رووبەڕووی بێتەوە، لەم



شارستانییەتەدا توایەوە، وانەی ئابووری دەگوتەوە و بازاڕی درۆی بۆخۆی گەرم دەکرد، ناوی ساختەی لە خۆی دەنا بۆ ئەوەی ئافرەتە ئەورووپییەکانی پێ هەڵ بخەڵەتێنێ، وای لێهات لە نێچیرێکەوە دەچوو بۆسەر نێچیرێکی تر، بەم هۆیەشەوە سێ کچ خۆیان کوشت "ئان، شیلا، ئیزابێلا". دواتر بەهۆی کوشتنی کچێکی تر بەناوی "جین مۆریس" کە نەیتوانی پێی بگات، لە بەریتانیا حەوت ساڵ دەسگیر کرا. پاش ئەم هەموو رووداوە "مستەفا سەعید" گەڕایەوە گوندێکی دوورەدەستی باکووری سوودان، دواتر لەکۆتاییدا بەهۆی نقوومبوونی لە رووباری نیل کۆتایی بە ژیانی هات کە زۆربەیان لەو باوەڕەدابوون خۆی خۆی نقومکردووە و خۆی کوشتووە.

**رەسەنێتی لە داڕشتندا:**

ستایلی "تەیب ساڵح" ستایلێکی تاک و تایبەتمەندە، خوێنەری ئاگادار بەم ستایلە، دەتوانێ لە نێوان زۆر ستایلی دیکەدا جیای بکاتەوە، ئەو شتەی کە دەتوانێ جەخت لەسەر رەسەنێتی داڕشتنی "تەیب ساڵح" بکاتەوە ئەوەیە کە بە وردی وەسفی گوندەکانی باکووری سوودانی کردوە، ئەمەش رەنگدانەوەی پەروەردە و گەشەکردنە سەرەتاییەکانی "تەیب ساڵح" خۆیەتی لە باکووری سوودان.

**رەسەنێتی فیکری:**

لە لایەنی رەسەنێتی فیکریدا، رووداوەکانی رۆمانەکە لە چوارچێوەیەکی سێکسیدا دەسوڕێتەوە، ئەم جۆرە ئەدەبە لە "نەجیب مەحفوز"ەوە هەوڵی بۆ دراو بڵاوبووەوە، پاشان هەریەک لە "ئیحسان عەبدولقەدوس" و "ئەمین یوسف غەراس" و هەندێکی دی ئیشیان لەسەر کرد، لەم بارەشەوە زۆر قسەی لەسەر کراوە، تەنانەت موتەنەبیش قسەی لەسەر کردووە، وەکو دەڵێت "قسە و گوفتارەکان ئەوەندە گومرا و گەندەڵ بوونە، مرۆڤ ئاواتەخوازە کە کەڕ بووایە و نەیبیستبان".

فیکرەکانی رۆمانەکە رەسەن نین، بۆ ئەمەش ئەوە وەک بەڵگە دەهێنینەوە کە مامۆستا "عەبدولقەدوس خاتەم" لە نووسینێکیدا بەناونیشانی "تەیب ساڵح لە نێوان سیمبول و وەرگرتندا" باسی کردووە و دەڵێت "ژووری نووستنی مستەفا سەعید، بەو پەردە پەمەیی و رووناکییە سەوز و ئەرخەوانی و وەنەوشەییەی کە بە رێکوپێکی پەرشوبڵاوبوونەتەوە و بەو بەرماڵ و سەرینە ئاوریشمییەوە، هەمان ئەو ژووری نووستنەیە کە لە شانۆگەری(گالیسکەیەک کە ناوی ئارەزووە)ی "ولیامز". هەروەها دەڵێت "دوا دیمەنی ñکوشتنی جین مۆرس لە لایەن مستەفا سەعید- وەرگرتنێکی زیرەکانەیە لە شانۆگەری(وانە)ی نووسەری رۆمانی ئۆجین ئۆنیسکۆ"، مامۆستا عەبدولقەدوس بەردەوام دەبێت لە هێنانەوەی دەق و بەراوردکردن لە نێوان رۆمانی "وەرزی کۆچ بەرەو باکوور" و ئەو رۆمانانەی کە لێی وەرگیراون، بۆئەمەش نموونەی زۆر دەهێنێتەوە لە دەقەکانی "ج. ئەلفرید برۆفۆرک" و "ت. س. ئەلیوت" و هەندێکی تر.

لە لایەکی دیکە دەبینین کە پەیوەندی "مستەفا

سەعید" بەدایکییەوە پەیوەندییەکی ساردوسڕ و وشکە، گوێی لێ بگرە کاتێ باسی ساتی لێکجیابوونەوەی نێوان خۆی و دایکی دەکات چی دەڵێ "نە فرمێسک، نە ماچ، نە هاتوهاوار، دوو بوونەوەر بەیەکەوە بەشێکی ڕێگاکەیان بڕی و دواتر لەیەک جیابوونەوە و هەریەکە و ڕێگای خۆی گرتەبەر". ئەمە لەوپەڕی سادەییدا، بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە ناو سوودانییەکاندا باوە، بەتایبەتیش لە ناو خەڵکانی لادێ، بە پێچەوانەشەوە دەبینین کە پەیوەندی "مسز ڕۆبنسۆن" لەگەڵ "مستەفا سەعید" پەیوەندییەکی گەرموگوڕە، ئەو لە ئامێزی دەگرێت و دەینێرێتە دەرەوە و هەواڵی دەپرسێت و وای دادنێ کە کوڕی ئەوە، ئەوکاتەی دەسگیر دەکرێت بۆی دەگری..

ئەگەر وای دابنێین کە ئەم ڕۆمانە پڕە لە سیمبول و هەریەک لە دایکی مستەفا سەعید و مسز ڕۆبنسۆن، نوێنەرایەتی شارستانییەتی خۆیان دەکەن، واتا نوێنەرایەتی شارستانییەتی سوودانی و ئینگلیزی دەکەن، ئەوا ئەمە ڕاست نییە، چونکە ئەمە بیرۆکەی داگیرکارییە کە بەزمانی خۆی دەئاخڤێ و بەهەستەکانی خۆی ڕاستییەکان دەشێوێنێ، ئەمە بیرۆکەیەکی ڕەسەن نییە.

خاڵێکی تر کە جێگای گرنگی پێدانە، ئەو گیانی تراژیدیایەیە کە چواردەوری ڕۆمانەکەی گرتووە، ئەگەر پاساومان بۆ خۆکوشتنەکانی "ئان هێلمند" و "ئیزابێلا سیمۆر" و "شیلا گرینوّد" ئەوەبێ کە ئەمە لە ئەوروپا زۆر ڕوودەدات و شتێکی باوە، ئەی پاساومان بۆ خۆکوشتنی مستەفا سەعید و گێڕەرەوەی چیرۆکەکە چی دەبێت؟! پاشان کوشتنی "جین مۆریس" لە لایەن "مستەفا سەعید" و کوشتنی "ودلرەیس" لە لایەن "حوسنە" و دواتریش خۆکوشتنی "حوسنە" خۆی، پاساومان بۆ ئەمانە چی دەبێت؟! گومانی تێدا نییە کە ئەم تەنگەژە تراژیدییە، بەهیچ شێوەیەک وێنای ژینگەی سوودانی ناکات، ئەمەش هیچ نییە جگە لە کاریگەری خوێندنەوەی زۆری ئەدەبی ئینگلیزی لە لایەن تەیب ساڵح کە پڕە لە کارەسات، ئەوەی بەڵگەشی دەوێ با بگەڕێتەوە بۆ کتێبخانەکەی مستەفا سەعید کە ڕەنگدانەوەی کتێبخانەی "تەیب ساڵح"ە، بۆئەوەی ببینێ کە ئەو ئەدیبانەی ناویان هاتووە زیاد لە پێویست تراژیدین، لەسەرووی هەمووشیانەوە "تۆماس هاردی".

دوا خاڵ کە باسی بکەین ئەو ئیباحیەتەیە کە کچی مەجزوب باسی لێ دەکات و مەی دەخواتەوە و جگەرە دەکێشێت، هەروەها ئیباحییەتی ولدڕەیس و باپیری گێڕەرەوەکە کە بە قسە ئابڕووبەرەکان پێ دەکەنێت و بەشداریان لەگەڵ دەکات، لەهەمانکاتیشدا پابەندە بە دوعا خوێندنەکانی، ئایا ئەمە ئەخلاقی گوندەکانمانە لە باکوور؟! گومانی تێدا نییە کە وەڵامەکەی نەخێر و هەزار جار نەخێرە، ئەگەر ئەمە هەشبێت حاڵەتێکی ناباوی هەندێ کەسە کە بەدەست دەژمێردرێن، بەڵام بەو ڕادەیە و بەو شێوازەی کە خەڵکی لادێ هیچ خەمێکیان نەبێ جگە لە سێکس، ئەمە شتێکی قبوڵ نەکراوە.

ئەمەی گوتمان مشتێکە لە خەرواریک، بەڵام ئەوەندە بەسە کە بڵێین ئەم ڕۆمانە وێنای کۆمەڵگای سوودانی ناکات، بەڵکو سەددەرسەد بە چاویلکەی ڕۆژئاوا سەیری کۆمەڵگای سوودانی دەکات. بەکورتی دەتوانین بڵێین ڕۆمانی "وەرزی کۆچ بەرەو باکوور" هیچ نییە جگە لە بە "سوودانیکردن"ێکی جوانی بیروبۆچوونەکانی ڕۆژئاوا.

**سەرچاوە:**

http/ meshkat net.



# خۆکوشتنی کەسەکان لە (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور)دا

سوڵتان زیادنە
و: نەجات خۆشناو

لێرەدا هەوڵدەدەم سەرنج بدەمە سەر بەشێک لە رۆمانی(وەرزی کۆچ بەرەو باکوور)ی تەیب ساڵح کە پێم وایە گرنگە، ئەویش خۆکوشتنی کەسایەتی ناو رۆمانەکەیە... ئایا ئەم کوشتنانە رێکەوتن؟ یان پەیوەندییەکی سایکۆلۆژی پێکهاتەیی بەکۆتایی رووداوەکانی چیرۆکەکە هەیە؟

لێرەدا هەوڵدەدەم کەمێک لەڕاستییەکان نزیک ببمەوە.

* **شیلا غرینود**: کەسایەتییەکی ئازادەو باوەڕی بەیەکسانی نێوان هەردوو رەگەز هەیە.. خۆی وەکو کەنیزەیەک دەبینێ، کە پیاوێکی خۆشدەویست، بەڵام ئەم پیاوە وەکو ئەو خۆشی ناویست. پێی وایە کە ئافرەتێکی بەهێزە لە ژیانیداو باوەڕی بەڕکابەری هەبووە، بەشێوەیەکی(مەجازی) دەمرێ... ململانێیەک لە ناخیدا هەبوو، کە لە لایەک خۆی لەنێوان دەربازبوون و رزگاری دەدۆزییەوە، لە لایەکی دیکەش ئەو دڵەی کە کۆیلەتی بەسەریدا دەسەپێنێ.. خۆشی دەوێ و رێز لە ئازادییەکەی دەگرێ، نازانێ چی بکات؟ بەدوای خۆشەویستییەکەی کەوت، تا گەیشتە ئەوەی کەشتییەکەی نقووم بوو و لەگەڵیدا خنکا.. شانۆی ئەو ململانێیە(شیلا) بوو، بەڵام شانۆیەکە گواسترایەوە بۆ وادەی خۆی، کاتێک(جین موریس) لێی چووە ناو ژوورەکەی خۆی.. دەستی بەلێدان و جوێندانی(شیلا) کرد، بەڵام ئەو لە جێگای خۆی نەجووڵایەوە بێدەنگ بوو. لێرەشەوە گەیشتە ئەو باوەڕەی کە خۆشی ناوێت.. هەروەها گەیشتە ئەو راستییەی کە بەچاوی خۆی بینی



ئەویش ئەوەبوو کە نەیتوانی رێ لە خۆشەویستەکەی خۆی بگرێ.. بۆیەش وەکو رێگای سێیەم و دوا رێگا خۆی دەکوژێت.

* **ئیزابێلا**: کەسایەتییەکی دیندار و دوورەپەرێزە، بەڵام لە ژیانێکی هاوسەری بەختەوەر و خۆشگوزەرانی دەژێت، دایکی چەند کورو کچێکە، بەرێکەوت خۆی لە بەرامبەر خۆشەویستی مرۆڤێکی زۆر جیاواز دۆزییەوە، مرۆڤێکی دەگمەنەو لە هیچ کەسێک ناچێت، بەڵام لە رێڕەوی خۆیدا کەوتە ناو ململانێ لەنێوان ئەوەی خۆی دەیەوێ و ئەو ژیانە راستەقینەی کە ئێستا تێیدایە.. لەبەرئەوەش خۆی کوشت.

* **ئان هیلمەند**: وەکو خەونێک، یان وەکو کەسایەتییەکی ئەفسانەیی خۆشی دەویست، هەر وەکو لەناو یەکێک لە چیرۆکەکانی(هەزار و یەک شەوە)دا دەرچووبێت، زۆر تامەزرۆی رۆحانییەکان و سیحرەکانی رۆژهەڵات بوو، خۆی بەبیرو بۆچوونە وەهمییەکان خەریک کردبوو، بەڵام ئەو بەهیچ شێوەیەک تەنانەت بۆ یەک رۆژیش خۆشی نەدەویست!! بۆیە خەونەکەی بەئاگری ئەو راستییە سووتا، وەکو ئەو کەسەی لێهات کە لووتکەی شاخێکی بەرزەوە کەوتبێتە ناو دۆڵێکی قووڵ، هەر لەبەر ئەوەش خەونەکەی نەماو خۆی کوشت!!

* **جین موریس**: ئافرەتێکی پۆلایین و کەسایەتییەکی بەهێزی هەبوو، بەتواناو دەسەڵاتدار بوو، ویستی ببێتە خاوەن هەڵوێست، کەسایەتییەکی مەزن یاری لەگەڵدا کردو بێزاری خۆی بۆ بەدیار خست، بەڵام بەپێچەوانەوە نەکەوتە تۆڕی خۆشەویستی.. بۆیە شەڕەکەی دۆڕاندو گەورەیی کەسایەتی خۆی لەدەستدا، کە ئەو مەسەلەیە لە لای ئەو زۆر گرنگ بوو. لەبەرئەوەش خۆی کوشت!

* **کچی مەحموود**: هاوسەری مستەفا بوو بەهێمنی لەگەڵی دەژیا، بەڵام خۆشەویستی پێ نەبەخشی، چۆنی دەویست وای لەگەڵ دەژیا، هاوسەرێکی دڵسۆزی مستەفا بوو(چ ئەوکاتەی مستەفا لەژیاندا مابوو، چ ئەوکاتەش کە کۆچی دوایی کرد) دوای مەرگی مستەفا هەموو پرۆژەیەکی هاوسەری رەتکردەوە، کاتێکیش شووکردنیان بەسەردا سەپاند خۆی کوشت.

* **پاڵەوان(مستەفا سەعید)**: کەسایەتییەکە لەوانەیە(شیزۆفیرنیای) هەبێ، لەبەرئەوەش سەرکەوتوو نەبوو لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی، من خۆکوشتنی ئەو بۆ ئەم هۆیانە دەگەڕێنمەوە:

١- مردنی (جین): دەڵێ:(پێش ئەوەی چاوم پێی بکەوێ، هەموو شتێک روویداو نزیک بوو لە خەیاڵ، ئەو شتەی کە کردم دوای ئەوەی کوشتم، پێشکەشکردنی لێبوردن و پاکانەیەک بوو، ئەوە لەبەر کوشتنی نەبوو، بەڵکو لەبەر ئەو درۆیە بوو، کە ناوی ژیانە!

٢- پێداگرتنی حیکایەت خوان لەسەر بەدواداچوون بۆ چیرۆکی(مستەفا)، کە ژان و ئازارەکانی رابردووی نوێ دەکاتەوەو وایکرد بەرەو باشوور رابکات، بۆ ئەوەی بحەسێتەوە.



٣- ئەو هەستە خراپ و نالەبارە وازی لێ نەهێنا کە ئەو ژیانەی بەسەردا سەپاندبوو، ئەو بارودۆخە خراپە ناچاری کردبوو لەسەری بەردەوام بێت، ئەو بە بەردەوامی دەیگوت: (من ڕۆژی لەدایکبوونم و ژیانم هەڵنەبژاردووە، لەبەرئەوەش با بەلای کەمی ڕۆژی مردنم هەڵبژێرم) کە ئەوەش هەستکردنە بەگەورەیی کەسایەتی خۆی.

٤- خۆی وەکو درۆزن دەهاتە بەرچاو بەو دێڕە کۆتایی پێ بێت(من- عطیل -نیم) من درۆ دەکەم!

٥- هەستکردن بەنەمانی ئامانجی و حاڵەتی سەرسام بوون و هۆیەکانی بەدی نەهاتنیانە بە(جین)ی دەگوت: (پێم نەگوتی وەرە لەگەڵم، ئەویش لە وەڵامدانەوە دەیگوت: (ژیانم تەواوبوو، هیچ هۆیەک نەماوە بۆ مانەوەم لە ژیاندا!)

*** حیکایەت خوان هەوڵ دەدا بکوژرێ:**

١- نزیکبوونەوەی لە ژان و نەهامەتییەکانی(مستەفا)و لێکۆڵینەوەو گەڕانی بەردەوام خستییە ناو جیهانی(مستەفا)و بووە بەشێک لەو جیهانە کە گیان و ڕۆحی مستەفای تێدا دۆزرایەوە، ئازاری زۆری چێشت، چیرۆکی مستەفای پەرتوبڵاو کردەوە، وای لێکرد لەنێو پرسیارەکانی گیرۆدەبێت وەکو: لەبەرچی؟ بۆ هەتاکەی؟

٢- هەستکردن بەگوناهەکانی: دەرفەتێک هاتە پێشیان بۆ ئەوەی کچەکەی(مەحموود) ڕزگار بکات، بەڵام ئەوەی نەکرد. ڕۆڵی حیکایەت خوان وایکرد سەرنج بداتە چۆنییەتی مردنی.. هەر بەو سەرنجدانانە خەریک بوو گلەیی لەخۆی دەکردو خۆی بەبێ دەسەڵات زانی.

٣- هەستی دەکرد کچی مەحموودی خۆشدەوێ، دوای ئەوەی خۆی دەکوژێ، هەستیکرد کە ئەو کوشتویەتی، لەبەرئەوە ویستی تۆڵەی کچی مەحموود لەخۆی بکاتەوە.

٤- کاریگەرییەکانی دەروونی هەردوولا وایکرد ببنە مرۆڤی کلۆڵ و نائومێد. بە بەردەوامی هەست دەکەن هەڵەیەک هەیەو بێ دەسەڵاتن و ناتوانن گرفتەکانیان چارەسەر بکەن. هەست بەژانێکی گەورە دەکەن، کە زۆرترە لەوەی لە لای کەسانی دیکە هەیە. لەبەرئەوە حەزدەکەن پێشبینییەکانیان بێتە دی و خۆیان ڕزگار بکەن لەڕێگای خۆکوشتن!!

**سەرچاوە:**
لە ئینتەرنێتەوە سایتی- ازاهیر.

# ئیخوان ئەلسەفا

## لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و فەلسەفی و ئەدەبییە

## ١ - ٢

ئەبوبەکر شوان



**لەبەراییدا:**

تێڕوانین لەسەر فەلسەفە، وانەبێت هێندە سووک و ئاسان بێت و خەڵکی سڤیلک و سادە هەرسی چەمکی گشتیی بکەن، بەڵکو قورسایی خۆی لەسەر بیرمەندو بیر راست و هزرمەندەکانیشدا هەیە، هەندێ لە ژانرەکانی ناوەرۆکەکەیدا، لەوانەیە لەگەڵ عەقڵیەتی مرۆڤ نەگونجێن، یاخود باشترە بڵێین مانا گشتییەکەی روون نییە، چازانەکانیش دێنێتە ئاستێک لەبەرامبەریدا دۆش دا بمێنن، فەلسەفە بەگشتی بابەتێکە بۆ کەسی ناڕۆشنبیر ناشێت، تەنها بۆ ئەو فێرخوازانەیە کە خولیایێکی ئەوتۆیان لەلا چەکەرە بووە بۆ خۆ خزاندنە نێو ئەم بازنەیە، ئەم بازنەیەش بەبازنەیەکی داخراو لە قەڵەم دەدرێت، دەربازبوونیش لێی سووک نییە، هەر بۆیەش فەلسەفە عەقڵیەتێکی مەزنی دەوێ بۆ ئەوەی ئیستیعابی چەمکەکان بکرێت.

بیرمەندی ئینگلیزی (ریچارد هنز) لە

دەستپێکی کتێبەکەیدا (فەلسەفەو ئەدەب) پەیوەندی نێوان ئەدەب و فەلسەفە دەخاتەڕوو کە دەڵێ:

فەلسەفە پتر بیر لە ئەزموونەکان دەکاتەوە و ڕاڤەیان دەکات، بەڵام ئەدەب ئەزموونەکان پراکتیزەو پێشکەش دەکات، واتە: ئەوەی فەلسەفە بیری لێدەکاتەوەو، شرۆڤەی دەکات، ئەدەب دایدەهێنێ، یاخود بنیادی دەکات.

بۆیە فەلسەفە خۆی پرسیار دەکاو دەپرسێت:

چی وا دەکات ئەزموونەکانی مرۆڤ بێنەدی؟

کەچی ئەدەب بەبێ پرسیارکردن، ڕاستییەکان دەخاتەڕوو بۆ ئەوەی فەلسەفە شرۆڤەیان بکات، وێڕای ئەوەی فەلسەفە و ئەدەب هەمیشە هاوکار بوونە لە پرۆسەی گوزارشتکردن لە ئەزموونی مرۆڤدا، بەڵام لێکنەگەیشتن و بەدحاڵیبوون، وای کرد لە یەکتری دابڕێن. ئەو هزرمەندە هۆی لێکنەگەیشتنەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوە، کە فەلسەفە زێتر خۆی بۆ دیالیکتیک و گەڕان بەدوای ڕاستییەکان تەرخان دەکات، بەڵام ئەدەب پتر بەدوای داهێنان و دەستەواژەی ئیدیۆم و فۆرمەکان دەگەڕێ.

هەموو کتێبێکی فەلسەفەیی ئامانجەکەیان داهێنانی ئەدەبێکی فەلسەفییە، واتە بەشێوەیەکی ئەدەبی نووسراون و لە هەمانکاتدا، ماناو کرۆکیان بریتین لە گەڕان بەدوای ڕاستیدا.

هەڵبەتە، ئەدەب و فەلسەفە وەک دوو شێوازی دەربڕین لە هەست و نەست و بیرو ئەزموونی مرۆڤ هەمیشە کاریان لە یەکتری کردووە، چونکە پرس و دۆزی هزری و ئیستێتیکی هاوبەشیان هەیە، هەر بۆیەش لەم ڕوانگەدا (ئیخوان ئەلسەفا) بەهۆی ئەدەبەکەوە خۆیان لە قەدو باڵای فەلسەفە سوواندووە.

**ئاڕاستەکردن:**

پێش ئەوەی بچینە ناواخن و کرۆکی مەبەستمان، با لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەسەر چۆنیەتی سەرهەڵدان و درووستبوونی ئەم بزووتنەوە بە (کۆمەڵە) بکەین بە هەندێ لە بیروبۆچوونانەی سەبارەت راو هزری (الاخوان الصفاء) لەڕووی رامیاری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و مێژوویی و ئەدەبی و.. هتد، بخەینەڕو،و ورژێنەرەکانی ئەوکات و ساتەی کە ئەم کۆمەڵەیەی لێ هاتە کایەوە، گەر بەدووروودرێژیش باسی لێوە نەکەین، با بەچاوخشانێک چەندین زانیاری و بەڵگە ئاڕاستە بکەین، بۆ ئەوەی خوێنەری کورد زانیارییەکی تەواوی بەسەر ئەم کۆمەڵەوە هەبێت.

**١- ژیانی رامیاری:**

پێش ئەوەی تورکەکان دەسەڵاتی رەهایان لە سەردەمی عەباسیەکاندا هەبێت شانزە جێنشین (خەلیفە) حوکمڕانی دەوڵەتی عەباسییان کردبوو، دەنگ و رەنگ و سامی خۆیان هەبوو، پاش کوژرانی خەلیفە (متەوکیل) لە ساڵی ٢٤٥ کۆچی بەرامبەر ٨٦٩ زایینی زەنگێکی ترسناک بوو، بۆ هاتنە پێشەوەی سەرکردەکانی سوپای تورک، تا ئەو کاتەی (بویهییەکان جلەوی دەسەڵاتیان گرتەدەست.

ئەو شانزە(١) خەلیفەیەی عەباسی تەنها چواریان بەمردنی خۆیان کۆچی دواییان کرد، ئەوانی تریان لابران یان کوژران، هەندێکیش لە خەلیفەکان تەنها بۆ ماوەی یەک ڕۆژ حوکمڕانییان کردو کوژران لەوانەش (ئیبن ئەلموعتەز)ە.

دەوڵەتی عەباسی تا دەهات بێهێزو لاواز دەبوو، دەسەڵات بەزۆری لە دەست سەرکردەکانی تورک بوو(٢)، هەڵسان بەکوشتن و بڕین و وەرگرتنی بەرتیل و خواردنی سامان و دابەشکردنی زەویوزارو بیناکردن و کڕینی کۆشک و تەلارو دەست بەسەراگرتنی خەزێنەی دەوڵەت و خەلیفەکانیش بەخواردن و خواردنەوەی مەی و سەفاو بەزم و شەوانی سوور خۆیان خەریک کردبوو(٣)، بەهیچ شێوەیەک ئاگاداری کاروباری دەوڵەت نەبوون، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی بارودۆخەکە زیاتر نائارام بێت، کەشێکی گونجاویش بوو بۆ سەرهەڵدانەوەی

بزووتنەوەی (ئیخوان ئەلسەفا).

**پارچەپارچەبوونی دەوڵەت ئیسلامی(٤)**

گرژو ئاڵۆزی و نائارامی دەوڵەتی عەباسی بووە هۆیەک بۆ دامەزراندنی چەندین دەوڵەتی تر لەوانە:

١- دەوڵەتی (ئەمەوی) لە ئەندەلووس لەلایەن عەبدولڕەحمان داخیل لە ساڵی ١٣٨ کۆچی و دەوڵەتەکەیان ٣٠٠ ساڵی خەیاند، واتە لە ساڵی ١٣٨ تا ساڵی ٣٩٧ی کۆچی بەرامبەر ٧٠٥ تا ١٠٠٧ زایینی.

٢- دەوڵەتی (فاتیمی) لە مەغریب لەلایەن عەبدوللا ئەلمەهدی لە ساڵی ٣٥٨ کۆچی دامەزرا.

٣- دەوڵەت (ئەلئەخشیدییە) لە میسر لە ساڵی ٣٢٣ کۆچی.

٤- دەوڵەتی (ئەلحەمدانیە) لە حەلەبی شام لە سوریا.

٥- قرامیتەکان (عومان و بەحرێن و یەمامە و بەسرایان)داگیرکرد.

٦- ئالبویە (حوکمی فارس و ئەهواز و چیاکانیان) دەکرد.

٧- ئالسبەکیتکن (هندستان و ئەفغانستان) یان کەوتە دەست.

٨- ئیمارەتی (حەسنەوی کوردی) لە کوردستان دروست بوو.

جێی ئاماژەپێکردنە دەوڵەتی عەباسی ٥٢٤ ساڵی خایاند، واتە تا ساڵی ٦٥٦ی کۆچی بەرامبەر ١٢٥٨ زاینی دوایین خەلیفەی عەباسییەکانیش (ئەلموستەعسەم) بوو.

**٢- ژیانی کۆمەڵایەتی:**

لەم رووەوە باس لە هەندێ لایەن و دیاردەی نوێ دەکەین کە هەندێکیان لەناو ئیسلامدا نامۆ بوون، لەوانە: رکابەری رێباوڕ یان ئایینزا (مەزهەب)، نەتەوایەتی و ئاکارو رەفتاری تازە.

دەتوانین بڵێین رکابەری مەزهەبی هەر لە سەردەمی حوکمی ئیمامی عەلی (ر.خ) سەری هەڵدا بەوەی خەوارجەکان رازی نەبوون بە ناوبژیوانی ئەو شەڕوشۆڕانەی کە لە نێوان ئیمامی (عەلی) و ئیمامی (معاویە) (رەزای خوایان لەسەر بێت) رووی دا، لایەنگرانی ئیمامی عەلی (د.خ) پێیان گوترا (شیعە). هەر لەم سەردەمەدا، دەوڵەتی ئیسلامی تا دەهات فراوان دەبوو گەشەی دەسەندو ئەو گەل و نەتەوانەی کە دەهاتنە ژێر چەترو سێبەری ئیسلام، بێگومان خاوەن بیرو هۆش و ژینگە و رۆشنبیری خۆیان بوون و تێکەڵ بەتیم و مەزهەبەکان ئەو سەردەمە بوون. وەنەبێ تەنها عەرەبی و فارس بەڵکو رەگەزی تورکیش هاتە ژێر ئەم چەترە، تێکەڵبوونی هێندە نەتەوە بەکوردو فارس و تورک و عەرەب لە یەک ئاییندا، بۆوە هۆی شلەژانی دەوڵەتی عەباسیەکان.

رکابەری مەزهەبی نێوان شیعەو سونە زۆرجار شەڕوشۆڕو ئاژاوەی لێ دەکەوتەوە کە دەبووە هۆی کوژران و سووتانی خەڵک و سامانێکی لە رادەبەدەر، هەرچەندە نەتەوایەتی و نەتەوەپەرستی زۆر باو نەبوو وەلێ لەگەڵ هەندێشدا لەملاو ئەولادا شەڕوپێکدادان بەرپا دەبوو لەسەر کورد بوون، فارسە، یان تورکە و شتی تریش.

ئەمەیان بووە هۆکارێک بۆ تێکچوون و سەقامگیر نەبوونی ئاسایش و رەفتارو ئاکاری نابەجێ لەلایەن موسڵمانەکانەوە، بەدزی لە یەکتری کردن و خواردنی سامان و هەڵکوتانە سەر موڵکی یەکتری.

تورکەکان، هێندە رۆشنبیر نەبوون، هیچ زانستییەکیان نەدەزانی، شارستانییەت لە فەرهەنگی ئەواندا بەدی نەدەکرا، هەربۆیەش (ئەلجاحز) ناوینان: ئەعراب ئەلعەجەم.

عەرەبەکان شانازییان بە زمان و مێژووی خۆیان دەکرد بەوەی (محەمەد) (د.خ) لەوانە و ئیسلامیش لەلای ئەوان دروستبووە و کتێبی پیرۆز (قورئان) بە زمانی ئەوانەوە بە(عەرەبی) هاتۆتە خوارەوە.

تورکان، شانازیان بەدڵڕەقی و پتەوی جەستەی

خۆیان دەکرد، خۆیان بە پاسەوانی (سونەکان) لەرووی هەر پیلانێکی شیعەو فورس دادەنا. (٦) ئاژاوەیەکی بەرچاو و روون بەرپابوو لە پەیمان شکاندنی یەکتری و بەرتیلیان وەردەگرت، راوەروت و دزی و دزیکاری بە رۆژی رووناک دەکران، دادگا هیچ رۆڵێکی نەبوو، تەنهاو تەنها پارە وەرگرتن و مشەخۆری نەبێت(٧).

یانی لەم میانەدا دەسەڵات تەنها بەدەست تورکەوە بوو، هیچ رێساو یاساو پێوەرێک نەبوون، دامەزراندن و لادانی کارمەندانی حکوومەت هەر تەنیا خۆیان بوون و بەپارە وەرگرتن رەشوەت خواردن دەتوانرا باشترین وەزیفە وەدەستبهێنن، پیاوی شیاو لە شوێنی شیاو لە فەرهەنگدا جێگای نەبوو.

**٣- ژیانی رۆشنبیری:**

هەرچەندە باری رامیاری و کۆمەلایەتی لەم سەردەمەدا بەرەو خراپی و ناهەمواری هەنگاوی دەنا، بەلام لەگەڵ هەندێشدا زانستەکان بەهەموو جۆرێکیانەوە پێشکەوتنیان بەخۆوە دەبینی، دەتوانین بڵێین هەروەکو مێژووناسان باسی لێوەدەکەن بە (چەرخی زێرین) ناوبانگی دەرکردبوو، تێکەلاوبوونی رۆشنبیری یۆنانی و فارسی و هیندی و سریانی بەرۆشنبیریی ئیسلامی بۆوە هۆی داگیرسان و بەرپابوونی مەشخەڵی رۆشنفکری گشتی بەهزرو بیرورایەکی سەردەمیانەوە گەلێ زاناو روناکبیری بەناوبانگی لێ هاتەکایەوە وەک، بۆ نموونە:

زانستی زمانی عەرەبی: زجاج، ئیبن جنی، ئەلثەعالیبی، ئەلخوارزمی، ئەبو عەلی ئەلفارسی، ئەلجەوهەری، ئیبن ئەلهلال ئەلصابی، ئەلهەمەدانی.

شیعرو هۆنراوە: ئەلموتەنەبی، ئەلمەعەری، ئەلوەزی، ئەلسنوبەری.

مێژووی ئەدەب: ئەبو فەرەج ئەلئەسفەهان.

رەخنەی ئەدەبی: قودامە، ئیبن تەباتەبا

لە رەوانبێژیدا: ئیمام ئەلئەشعەری.

سۆفیگەری: ئەلحەلاج.

لە فەلسەفەدا: ئەلفارابی، کە بەباوکی راستەقینەی فەلسەفەی ئیسلامی لە قەڵەم دەدرێت و کۆمەڵەی (ئیخوان ئەلسەفا)ش خۆی خزاندە نێو ئەو بازنەیە. (٨)

هەر لەم سەردەمەدا بەرچەڤەکردن گەشەی سەندو بووە هۆی گۆڕینی زۆر لە زانستەکان بۆ سەر زمانی عەرەبی، بەوەش بزووتنەوەیەکی بەرچاو سەری هەڵدا، زانستەکان بەشێوەیەکی عیلمی پۆلینکران و کەوتنە سەر رێچکەیەکی نوێ.

پاش ئەوەی چەند زانیارییەکمان لەم سەردەمەدا خستە بەرچاوی خوێنەری بەرێز، بالێرەدا بێینە سەر باسی خۆمان کە کرۆکی مەبەستمانە:

**ئیخوان ئەلسەفا چییەو چۆن سەری هەڵدا**

بۆ بەرسڤی ئەم پرسیارە دوو ئامانجمان لە پێشە.

یەکەم: زانینی و ناسینی ئەندامانی ئەم بزووتنەوەیە.

دووەم: زانینی دانانی نامە (پەیام)ەکان لەناو ئەم بزووتنەوەیەدا.

دەربارەی خاڵی یەکەم خۆمان لەپێش دەروازەیەکی داخراودا دەبینین، چونکە ئەم کۆمەڵەیە (بزووتنەوە) کۆمەڵەیەکی نهێنییە و نهێنی پارێزن، بەتایبەتیش چەند چەرخ لە ئێمەوە دوورن.

وادیارە ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە هەروەکو لە نامەو پەیامەکاندا بەرچاو دەکەون زۆرن و کەسانێکن لە هەموو چین و توێژێکدا هەن، شازادە، فەرمانبەری حکوومی پایەبەرز، نووسەر، بازرگان، سوپاسالار، شالیار، سوختەو فەقێیەکان، پالە، جوتیار... هتد، بۆیە ژمارەی ئەندامانی دیار نییە، بەلام مێژوونووسی هیندی (خودابەخش) دەڵێ: کۆمەڵەکە لە چل ئەندام پێکهاتووە، ئەو رایە هاوشانە لەگەڵ رای ئەکادیمیای فەرەنسی کە ژمارەیان چل بێت.

روونکراوەتەوە ئایا ئەم ئەندامانە ژمارەی

دەستەی دامەزرێنەرن یان دەستەی لیژنەی باڵان.

**نووسەرانی نامە (پەیامەکان)(٩)**

بەم دواییەدا لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕکراوە، لەلایەن مێژوونووس و نووسەرو ئەدیبانەوە، لەوانە رۆناکبیری کورد کاک دکتۆر فوئاد مەعسوم لە کتێبی: ئیخوان و ئەلسەفا کە ئەم ساڵ بەچاپی گەیاندووە دەڵێ: هەندێک بە پێشبینینی خۆیان وای بۆ دەچن کە لە ئیمامەکانی ئەوانەوە کە بەرەچەڵەک دەگەنە ئیمامی عەلی (ر.خ) نووسرابنەوە، هەندێکیش دەڵێن ئەو پەیامانە لە سەردەمی (موعتەزیلەکان)ە، ئیسماعیلیەکان دەڵێن:(١٠) نووسراوەکان لەلایەن ئیمامەکانی ئەوانەوە نووسراونەتەوە.

هەربۆیەش عارف تامر کە نووسەرێکی ئیسماعیلیەو لە میسر کۆمەڵە پەیامێکی کۆکردۆتەوە لە کتێبێکدا بەنێوی (حقیقە اخوان الصفا): بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە نووسراوەکان نووسراوەی ئیسماعیلییەکانە.

نووسەرێکی تر بە نێوی دکتۆر مستەفا غالب، کە ئەمەشیان هەر ئیسماعیلیە ئاماژەی بەوە داوە کە پەیامەکان لەلایەن ئیمامەکانی ئەوانەوە نووسرابێتەوە(١١)

هەندێکیش دەڵێن: لەوانەیە ئەم پەیامانە لەلایەن (زەیدبن رفاعە) نووسرابنەوە.

عارف تامر لە کتێبی (راستیی ئیخوان ئەلسەفا)دا دەڵێ: چوار (٤) ئیمام ئەم نامەیانەیان نووسیون کە ئەمانەن:

١- عەبدوڵلا بن حەمدان. ٢- عەبدوڵلا بن سەعید.

٣- عەبدوڵلا بن مەیموون ٤- عەبدوڵلا بن ئەلمبارەک.

**ئامانج لە نووسینەوەی پەیامەکان**

١- لادانی خەلیفەکانی عەباسی لە رێچکەی ئایینی ئیسلامی، بەتایبەتیش خەلیفە (مەئموون).

٢- دەستنیشانکردنی گرفت و کێشەکان و دۆزینەوەی چارەسەری و چاککسازی لە فەرمانگەو بیر و هزری خەڵکدا.

٣- وەڵامدانەوەی ئەو کەسانە بوو کە بانگەشەی فەلسەفەی یۆنانیان دەکرد لەبری (فەلسەفەی ئیسلامی) تا ببێتە میتۆدو پرۆگرامی ئەوسا.

٤- جێگرتنەوەی دەسەڵات لە کەسانی گەندەڵ.

(١٢)پەیامەکان بانگەوازێک بوون بۆ یەکسانی و هاوشانی نێوان فەلسەفەی ئیسلامی و یۆنانی، لە یەکێک لە پەیامەکاندا هاتووە کە پێغەمبەر (د.خ) بەشانازییەوە دەفەرموێ: (من ئەرستۆتالیسی ئەم میللەتەم).

لە پەیامەکانی ئیخواندا زۆر دەق هەن باسی لە رووداوەکانی چەرخی چوارەمی کۆچی دەکەن، بەتایبەتی ئەو گۆرانکارییانەی، کە لەرووی زانستییەوە بەخۆوەی بینیوە وەک: ئەستێرەناسی، بیرکاری، هەسارەکان، فەلەک و گەردوون کە لەگەڵ عەقڵیەتی عەرەب و ئەوکات هەروەها تەرجەمەکردنی (بەرچەڤە) چەندین کتێبی (فارسی و هیندی) بەتایبەتی نووسراوەکان (تاغورو بەیدەبا)و کتێبە کۆنەکان و ئەوانەی کە بە زمانی ئاژەڵان دەدوان، زۆربەیان بەسەرهات و سەربوردەو چیرۆک و حیکایەتی بەپێز بەزمانێکی ئەدەبی رەوان دەنووسرانەوە و، عەقڵیان، مەبەست لێرەدا (ئامانجە) ئاراستەی عەقڵی تاکی ئیسلامیان دەکرد.

ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیدا، ئەبی ئەلحەیان ئەلتەوحیدی لە کتێبی (ئەلمئەمتاع و ئەلموانەسە)دا دەڵێ: دەستەی باڵای ئەم کۆمەڵە هەرچەندە نهێنی بوون، بەڵام لە چەند ئەندامێک پێکهاتبوون وەک: زەید بن رفاعە، ئەلزەنجانی، عەوەقی، ئەبو ئەحمەد ئەلمهرەجانی، ئەبوسولیمان ئەلبەستی (ئەلمەقدەسی).(١٣) ئیبن ئەلمقەفەع لە کتێبی (کلیلە و دمنە)دا کە (باس لە چیرۆکی کۆترێک دەکا) دەڵێ: کۆترەکە، داوای لە مشکەکە کرد تۆری (تەڵەی) هاورێیەکانی پێش داوی تەڵەی ئەو

بقــرتێنێ، بۆ ئەوەی ئەوان زوتر رزگــاریان بێت، رزگـــــاربوونی ئەوان رزگـــــاربوونی ئەوە، یانی خۆبەختکردن لە پێناو بەرژەوەندی گشتی لە هەرە سیـفـەتە بەرزەکانی مرۆڤـە، هەروەها کـە بزانرێت تواناو هێز بەگەورەو بچووک نییە.

(١٤) لیـرەدا، زۆربەی لێکۆڵەوەران ئەوانەی لەمەڕ ئەم بابەتە نووسیویانە دەڵێن: رۆژگاری ئەم کــۆمــەڵەیە، یان ئەو بزووتنەوەیە ئەدەبیــــە دەگەڕێتەوە چەرخی چوارەمی کۆچی هەروەکو پێشتر ئاماژەم پێدا.

(١٥) لە پەیامی (مرۆڤ و ئاژەڵ)دا توتی رەخنە ئامێزێکی بەپێز ئاراستەی مرۆڤ دەکا، کە دەڵێ: خەلیفەکانتان ئەگەر دەسەڵاتی دا بەیەکێ، ئەوا ئەو(دەسەڵاتدارە) دەستدەکات بە (بگرەو بکوژە) لە براکانی، مامەکانی، خزمەکانی، ئەوانەی لێی نزیکن، لەوانەشە چاویان دەربێنێ و کوێریان بکات (یەکەم خەلیفە لە خەلیفەکانی عەباسی کە هەردوو چاویان دەرهێناو کوێریان کرد خەلیفە ئەلقاهر بوو) ژێری وەنەبێ تەنها بەروخسارو پۆشاک بێت، بەڵکو بە توانایی و کارامەیی و هۆشمەندییەوە دەبێت، هەر بۆ نموونە لە پەیامی (٢٢)دا هاتووە دەڵێ: (١٦)

رۆژێکیان فەرمانبەرێکی پایەبەرزی حکوومەت چەند کەسێک داوەت دەکات لە نێوانیاندا، کابرایەکی رەشوڕوت و نابوت و هەژاری تیابوو، دەسەڵاتدارەکە رێزو حورمەتێکی زۆری لێنا، ئامادەبووان بەم هەڵوێستەی نیگەران و قەرس بوون، ئەویش وتی: (دەسەڵاتدارەکە): دەزانم ئێستا هەمووتان دڵتان تەنگە، بەڵام باوەڕ بکەن ئەو پیـــــاوە بەهرەدارە، داهێنانێکی ئەوتۆی داهێناوە، نەبیستوومە نەشم بینیوە، هەرلەوکاتەدا کابرای بەهرەدار دەهۆڵێک دەردێنێ و بەنەزمێ دەیکوتێ، ئامادەبووان هەر هەموویان دەکەنە پێکەنین، بە نزمێکی تر هەرهەموویان دەگریێن، ئەوجارە بەنەزمێکی تر دەهۆڵەکە دەکوتێ هەر هەموویان دەکەونە خەو، کە رابوون کابرای دەهۆڵ ژەن لەوێ نەمابوو.

لەم چەرخەدا خەڵکانی رۆشنبیر، هەمیشە خەریکی ئەفراندن و داهێنان بوون، بەهەر جۆرێک خۆیان دەخزاندە ناو ئەو لێشاوەیە، جا چ بۆ ناو دەرهێنان و وەرگرتن، یان وەرگرتنی پارەو سامان، یان بۆ مەدح و ستایش پیاهەڵدان بایە.

**سیستەمی کۆمەڵە**

پلەوپایە: لەناو ئەو کۆمەڵەدا تەمەن رۆڵێکی باڵای دەگێرا، هەر بارێک لە ژیانی تەمەنی مرۆڤ تواناو خاسیەتەکانی خۆی هەبوون، بۆیە دەبوایە هەر برایەک (ئیخوان) هەنگاوەکان (کلاس) ببڕێت.

پایەی یەکەم: تایبەت بوو بەو ئەندامانەی کە تازە دێنە ناو کۆمەڵەکە، کە تەمەنیان لە نێوان ١٦-٣٠ ساڵیدا بوون، پێیان دەوترا (برایانی میهرەبان) فێری زانیارییە بەراییەکان دەکران، چونکە لەو تەمەنەدا، دەروونپاکتر، زیت، بیرتیژ، سادەو ساکاری زۆربەی پەیامەکان ئاراستەی ئەم ئەندامانە دەکران.

پایەی دووەم: تایبەت بوو بەو ئەندامانەی کە تەمەنیان لە نێوان ٣٠-٤٠ ساڵیدا بوون پێیان دەوترا (برایانی هەڵبژاردەو خێرمەند)، ئەو ئەندامانەی دەگرتەوە خۆ کە لە سیاسەتدا نزیک بوون، فێری فەلسەفەش بکرێ ئەو پایەیە، سەرپەرشتی پایەی یەکەمی (برایانی میهرەبانی) دەکرد، یان ئەو کەسانەی کە خۆیان بە لایەنگرانی ئەم کۆمەڵەیە دەزانی.

پایەی سێیەم: ئەو ئەندامانەی دەگرتەخۆ کە تەمەنیان لە نێوان ٤٠-٥٠ ساڵیدا بوون، پێیان دەوترا (برایانی بەرێزو پیاوماقوڵ) ئەم ئەندامانە خاوەنی دەنگ و رەنگی خۆیان بوون، گیروگرفت و کێشەکانیان چارەسەردەکرد، بەتایبەتی لەو کێشە و گرفتانەی لەمیانەی (برایانی کۆمەڵ) بهاتایەدی، چارەسەرەکەش تەنها بەگوفتاری خۆش و بەقسەی نەرم و نیان و لەسەرخۆ و مەشرەبخۆشانە دەکرا،

دوور لە هەموو توندوتیژییەک.

هەر ئەم پایەش دەسەڵاتی دانان و لابردنی لێپرسراوانی ئۆستان و لق و دەڤەرەکانی هەبوون.

پایەی چوارەم: تایبەت بوو بەو ئەندامانەی کە تەمەنیان لە ٥٠ ساڵیدا تێپەراندبوو، پێیان دەوترا حوکەما (چاکزان) و راچاوی (حەق) یان دەکرد، بەرزترین پایەبوو لەناو ئیخواندا، هەرکەسێک بگەییایە ئەم پایەیە دەبووە گەیشتوو (ئەلواسلین) بەپێی سیستەمی (سۆفیگەرییانە)، بەترۆپکی کۆمەڵەکە دەناسران مێژوونووس (ماکدۆنالد)(١٧) ئەم (٤) چوار پایەیەی بەم جۆرە پۆلین کردووە:

١- مورید یان فێرخواز.

٢- مامۆستایان.

٣- سەرکردەو رابەر.

٤- گەیشتوان (ئەلواسلین): ئەوانەی لە خواوەندی گەورە نزیکن:

ئەم کۆمەڵەیە، زۆر گرینگ و بایەخیان بەلاو و گەنجەکان دەدا، هەربۆیەش بەزۆری بانگەواز و بانگهێشتی جحێلانیان دەکرد بۆ ئەوەی بێنە ناو کۆمەڵەو سوود لە تواناو کارامەییان وەربگرن، پێیان وابوو ئەم توێژە لاپەرەیەکی سپی و بێگەردە و هیچی لەسەر تۆمارنەکراوە، پیرەکانیان پەراوێزکردبوون، لەیەکێک لە پەیامەکاندا هاتووە:

**«ئەی برا، خۆت بەپیرانەوە خەریک مەکە، چونکە ئەمانە هەر لە منداڵییەوە، بیری خراپ و رەفتاری بۆگەنیویان وەرگرتووە، بەدواتا دەکەون، رێک نابن، گەر رێکش بن ئەوا هەرگیز سەرناکەون، گەنجەکان بانگێشت بکە، ئەوانەی تەندروستن و دەروونیان پاکە، ئەوانەی ئارەزووی ئاداب و نەریتی بەجێ دەکەن، ئەوانەی بەرایین لە زانستدا».**

ئەو کۆمەڵەیە (داتا)یەکیان هەبوو پەیرەویان دەکرد ئەویش(١٨) «خوای گەورە هیچ پەیامبەرێکی نەناردوو گەر گەنج نەبێت، ستایشی گەنجانی کردووەی بەوەی کە دەفەرمووێ (إنهم فتیة آمنوا بربهم وزدناهم هدی). یان دەفەرمووێ: (إنا سمعنا فتی یذکرهم یقال له ابراهیم)، یان کە باس لە حەزرەتی عیسا (د.خ) دەکا دەفەرمووێ: (وقال موسی لفتاه)».

ئەم کۆمەڵەیە دەیانگوت: ئێمە گرووپێکین هەمیشە لەهەموو چین و توێژێک ئەندامانمان هەیە لە هیچ شتێ باکمان نییە.

(١٩) (شانەی) تایبەتیان هەبوو، لە سات و کاتی دیاریکراودا کۆڕو کۆبەندییان دەبەست، باسی زانستەکانی خۆیان دەکردو لە نهێنییەکانی خۆیان دەدوان، هەر (شانەیەک):

١- (١٢) دوانزە رۆژ جارێک کۆبوونەوەی خۆیان سازدەدا.

٢- لە شوێنێکی هێمن و ئارام دادەنیشتن.

٣- دانیشتەکان دوور لە چاوی چاودێرو سیخور دەبەستران.

٤- ئامادەبوون پێویستە، نابێ لە کۆبوونەوەکاندا دوابکەون، تەنها ئەگەر بارودۆخ نالەباربوو.

سەرۆکی شانە لە کۆبوونەوەکاندا دەقی پەیامەکانی بۆ ئەندامان دەخوێندنەوە و پابەندبوون بەناوەرۆکی مەرجی سەرەکییە، لە ئەنجامی ئەزموون و چالاکی و تاقیکردنەوەکان ئەندامێک هەڵدەبژێرا بۆ ئەوەی مەسئولیەت وەرگرێ و کاروباری کۆمەڵە هەڵسوڕێنێ، دەبوایە ئەو بەرپرسە ماڵی لە دووری چاوی حکوومەت بێت، هاوڕێیەتی خەڵکی بەدەگمەن بێت، خواردن و خواردنەوەی سادەو ساکارین، رەفتاری باش، کردەوەی باش، نەرم و نیان و مەشرەبخۆش بێت.

**پەیامەکان (نامە)**

پەیامەکان فەرهەنگێکی یەکجار گەورە بەرفراوانە هەموو زانستێک لە خۆی دەگرێت، لە هەموو هونەرێکدا دەدوێ پڕە لە شتی سەیرو سەمەرە (لەشی مرۆڤ، ئاژەڵان، سرووشت، فەلسەفە، بیرکاری، خواپەرستی، عەقڵی،

دەروونی، سۆفیگەری... هتد).
پەیامەکان یان نامەکان لەسەر ٤ چوار کۆمەڵەدا دابەشکراون، کە ئەمانەن:
کۆمەڵەی یەکەم:
١- ژمێرە (چەندییەتی، چییەتی).
٢- ئەندازە (چەندییەتی جۆرەکانی، چییەتی بابەتەکان).
٣- ئەستێرە و هەسارەکان.
٤- ڕێژەی ژمێرەو ئەندازە.
٥- کارەکانی زانستی و پیشەیی.
٦- مۆسیک (ئاوازو ریتم و ئیقاع).
٧- کارەکانی زانستی نەزەری.
٨- جوگرافیا (وێنەی زەوی، نەخشەی هەرێمەکان).
٩- جیاوازی لە ئاکامەکاندا.
١٠- فەلسەفەو لۆژیک. (ئیساگۆجی).
١١- ڕەگەزی بێژەر (کاتی گۆریاسی).
١٢- قسەو دەستەواژە و دەرخستنیان (یاریا نیاس)
١٣-پێوەر(ئەنالۆتیکا).
١٤- بەڵگەو سەلماندن (ئەنالۆتیکا)ی دووەم(٢٠).

**کۆمەڵەی دووەم: سرووشتییەکان، کە ژمارەیان ١٧ حەڤدە پەیامە.**
١- کات و شوێن وجوود لە(بەستنی قەوارە).
٢- ئاسمان و جیهان و بۆشایی ئاسمان (جووڵەی گەردوون و هەسارەکان).
٣- گەردوون (ئاگر، ئاو، هەوا، خاک).
٤- پاشماوەی بەرزایی و پێکهاتەکانی باو هەوا، گەرم و سارد، رووبار، دەریا، ڕووناک و تاریک، هەور، ئاورینگ، باران... هتد.
٥- چۆنیەتی دروستبوونی کانزاکان.
٦- سرووشت و ڕەفتارەکان و چۆنیەتی کارەکانیان.
٧- ڕەگەزی دارودرەخت (شێوە، تام، بۆن، ڕەنگ)
٨- جۆرەکانی ئاژەڵ (بەرهەم و زۆربوون و پەروەردەکردن).
٩- بەشەکانی جەستەی مرۆڤ (لەش بەگشتی).
١٠- هەستیارەکان (هەست، هەستپێکراو، هێزە هەست).
١١- ئاو (نطفە) و بەستنەوەی بەدەروون.
١٢- مانای وتەی چازانان (حکماء): مرۆڤ جیهانێکی بچووکە.
١٣- جەستەی مرۆڤ و جەستەی سرووشتی.
١٤- تواناو هێزی مرۆڤ لە زانستدا.
١٥- ژیان و مردن.
١٦- خۆشی و ئازارەکانی جەستە (گەشبینی و ڕەشبینی).
١٧- جیاوازی لە زمانەکاندا.

**کۆمەڵەی سێیەم: ئەم کۆمەڵە دەروونی و عەقڵیە ژمارەیان ١٠ پەیامە.**
١- عەقڵ لەسەر رای ڤیساگۆرس.
٢- عەقڵ لەسەر رای ئیخوان ئەلسەفا.
٣- مانای وتەی چازانان: جیهان مرۆڤ مەزنە.
٤- عەقڵ و مەعقوڵ.
٥- جیاوازی لە چەرخ و سەدەو ساڵ و کات و زریانەکاندا.
٦- ئەڤینداری (مەیل و ئارەزوو).
٧- ژیانەوە قیامەت و حیساب لەگەڵ کردن.
٨- چەندییەتی ڕەگەزی جووڵە.
٩- زانست و زانیاری لەسەر زانستەکاندا.
١٠- سنوور دانان (سادەو ئاوێنە).

**کۆمەڵەی چوارەم: خوداناسی و شەریعەتی ئایینی ئەم لە ١١ نامە پێکهاتووە کە ئەمانەن:**
١- بیروڕاو مەزهەبەکان (ڕێباوەڕ) شەریعەت و فەلسەفەکان).
٢- ڕێبازی خودایی لە (چۆنیەتی نزیکبوونەوە لە یەزدانی مەزن).
٣- براوایەکانی ئیخوان ئەلسەفاو خەلان ئەلوەفا.
٤- هەڵسوکەوت دەگەڵ برایانی (سەفا): ڕێزو خۆشەویستی و هاوکاری.

٥- بڕواو خەسڵەتەکانی باوەڕدار (سیفاتی خوداناسی).
٦- خوداناسی و شەرع (مەرجەکانی خوداناسی).
٧- کردارو رەفتاری رۆحییەت.
٨- چەندییەتی جۆری سیاسەت.
٩- بانگەواز بۆ خودا (خوداناسی).
١٠- چەندییەتی لەسەر سیستەمی جیهان(سیستەمی بوونەوەرەکان)
١١- جادووگەری و نوشتە دوعا و نزاکردن.

**ژمارەی پەیامەکان (٢١)**

ئەو پەیامانەی کە لە وڵاتی میسرو وڵاتی هیندستان لە چاپدراون. ژمارەیان ٥٢ پەنجاودوو پەیامە لەگەڵ نوێژی فەرزو سونەتەکان یەکسانە، هەندێکش وای بۆ دەچن کە ژمارەی پەیامەکان تەنها ٥٠ پەیام بێت لەوانە ئەبو حەیان ئەلتەوحیدی، هەندێکیش دەڵێن: ٥١ پەیامە، پەیامی دواین کۆکراوەی پەیامەکانە و کە باس لە هەموو شتێ دەکات.

ئۆلبری(٢٢) دەڵێ: زمانی پەیامەکان، زمانێکی ئاڵۆزو نادیارە، بەڵام تەها حوسەین دەڵێ: پەیامەکان بەهایەکی هونەری بێگەردیان هەیە، هەندێک و لەو زمانە ناگەن، چونکە بەشێوازێکی ئەوتۆ دارێژراون کە تەژییە لە حیکایەت و بەسەرهات و چیرۆک، زۆربەشیان ئەوانەی بەزمانێکی ئەدەبی نووسراون، نووسەرەکان لەسەر زارو هێمای ئاژەڵەکان نووسیویانە.

هەندێ(٢٣) لە پەیامەکان کە ئاماژەم پێیدا، چیرۆکی پڕ لە ماناو مفا لە خۆوە دەگرن، رەخنەی بەپێزو بەهێز ئاراستەی عەقڵی تاکی مرۆڤی عەرەب و موسڵمانان دەکەن، بۆ نموونە:

حەفتا مرۆڤی (پیاو) لە جیاوازی ئایین و نەتەوە و نیشتمان و پیشە بەکەشتییەک بۆ شوێنێک دەڕۆن، بەڵام شەپۆلی دەریایەکە، بەرەو دوورگەیەکی پڕ لە درەخت و مێوەو ئاوی سازگارو خاکێکی بەپیتی بردن، سەیریان کرد، دوورگەکە، پڕە لە ئاژەڵی هۆگروی متووی مرۆڤ بەم دیمەنە دڵیان خۆش بوو، بۆیە بڕیاری مانەوەیان لەم دوورگەیە دا، رۆژانە بەئیش و کارەکانی خۆیان هەڵدەستان، ئاژەڵەکانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەڵدەسووڕاند، لەژێر رکێفی مرۆڤەکان بە ئازار بوون، بۆیە ئاژەڵەکان لەناو خۆیاندا کۆبوونەوەیەکیان ساز دا بۆ باس کردن لە رەوشی خراپی و باری نالەباری خۆیان، بڕیاریان دا، دوورگەکە جێبهێڵن و رابکەن، رایان کردو مرۆڤەکانیش بەدوایان کەوتن، ئاژەڵەکان پەنایان بردە بەرشای جنۆکان کە نێوی (بیر راست) بوو بە (شاە مەردان) ناوبانگی دەرکردبوو سکاڵایان دژی ستەمکاری مرۆڤەکان پێشکەش بەمەقامی پاشا کرد، ئەو ئاژەڵانەی کە سکاڵانامەکەیان ئاراستە کردبوون پێکهاتبوون لە: هێستر، کەر، گا، بەران، حوشتر، فیل، ئەسپ، بەراز، کەروێشک. پاشا وتووێژو گفتوگۆی لەگەڵ راوێژکارەکانی کرد، وا بەچاکزانرا دادگاییەکی بە ئاشکرا ئەنجام بدرێت خودی پاشاش لەم دادگاییکردنە ئاگاداربێت و ئامادەبێت، بۆ ئەوەی گوێبیستی وتەکانی هەردوولا بێت، هەر بۆ ئەم مەبەستە پاشا نێردراوی تایبەتی خۆی بۆ گشت ئاژەڵان بەرێکرد، بۆ ئەوەی نوێنەری خۆیان بنێرن و لە کێشەکە ئاگاداربن:

١- شێر پاشای دڕندەکان: تورگی کردە نوێنەری خۆی.
٢- پاشای باڵندەکان: بولبولی کردە نوێنەری خۆی.
٣- مێشهەنگین پاشای زیندوەرەکان: بەخۆی ئامادەبوو.
٤- پاشای دەنووکتیژەکان: توتی کردە نوێنەری خۆی.
٥- ئەژدیها پاشای دەریا: نوێنەرەکەی بۆق بوو.
٦- مار پاشای خشخشۆکەکان: سیسرکەی کردە نوێنەری خۆی.

ئەو حەفتا (پیاوانەش) حەوت کەسیان لە نێو

خۆیان هەڵبژارد تا بەنێوی ئەوانەوە قسە بکەن کە ئەمانە بوون:

١- عێراقی/ لە بەنی عەباس، سەرۆکی دەستە.
٢- هیندی/ لە دوورگەی سەرەندیب.
٣- سریانی/ فەلە (مەسیحی).
٤- قورەیشی/ لە وڵاتی حیجاز.
٥- رۆمی/ لە وڵاتی یۆنان.
٦- خۆرەسانی/ لە وڵاتی شاهجان.

دادگـایـیکردنە کـە، بەپێی دابونەریتی یاسـا دەستی پێکرد، دادوەر پرسیـار ئاراستەی تاوانبار دەکـا: ناوت، پیـشـەت داواکـار سکاڵای خـۆیان دەخـەنەڕوو، پاشـان لایەنی دی (پیـاوەکـان) سکاڵانامەکە بەدرۆو دوور لە راستیدا وەسف کرد، هۆڵی دادگا زۆر هێمن و ئارامە، هیچ پێبڕینێک لە قسەکانی هەردوولادا نییە.

ئەگـەر (پیـاو)ەکـان بەڵگەیان بەقـورئانی پیـرۆز بهـێناباوە بۆ دەسـتـڕۆیی (مـرۆڤ) لەسـەر ئاژەڵان، ئەوا نوێنەری ئاژەڵان، ئایەتێکی قـورئانی دەهێناوە کـە داکـۆکی لە پاراسـتنی و پاسـەوانی ئاژەڵاندا دەکـرد و ئاژەڵان بەلۆژیکێکی جـوان و رێکتـر بەرسڤی (مرۆڤ)ەکانیان دەدایەوە.

ئەو کـێـشـەیە لە سـەرووی بنیـدا، کـێـشـەی (چەوسانەوە و سەربەستییە) مرۆڤ هەمیشە حەزی لە چەوسـانەوەی ئەوی ترەو، ئاژەڵیش هەمـیـشـە حەزی لە بەڕەڵاییە، واتە: (سەربەستییە).

هەردوولا (مـرۆڤ) و (ئاژەڵان) مـتـمـانەیان بە دادگایی دادگایەکە کرد لەبەرئەوەی دادوەرەکە نە لە رەگەزی (مرۆڤە و نەئاژەڵ)، دەستەی دادگا، پاش هێنان و بردن و گفتـوگۆو وتوێژکردن دادوەر بڕیاری دا، بەئامادەبوونی شاه بیر راست: دادوەر وتی:

«هەمـوو ئاژەڵێـک بەهەمـوو جـۆرو بەشـیـانەوە لە ژێر رکێف و فەرمانی مرۆڤدا دەبن، تا گۆڕانکاری لە سیـسـتـەمی ئێـسـتـا دەکـرێت و خـولێکی تر دەستپێدەکاتەوە».

(٢٤) هـەندێـک دەڵـێـن هـەر پەیـام و وتارێـک لەلایەن پسـپـۆڕێک نووسـراوەتەوە، پاشـان کـۆیان کردۆتەوە و ئەم پەیامانەیان لێ بەرهەم هێناوە.

(خوارزمی و شەهرەزووری) دەڵێن: ئەم پەیامانە لەلایەن مەقدەسییەوە بەزمانێکی ئەدەبی و پاراوە داڕێژراونەتەوە.

پەیامـەکان یەکەمین جار لە شـاری (کـەلکەتا)ی هینسـتـان لە سـاڵی ١٨١٢ی زاینی چاپکراون، پێداچوونەوە و سەرپەرشتیکردنەکەش لەلایەن شێخ ئەحمەدی کوڕی محەمەد شێروان ئەلیەمەنی کراوە. جارێکی دی لە هیندسـتـان لە شـاری (بۆمـبی) لە سـاڵی ١٣٠٥ی کـۆچی لە چاپخـانەی (نخـبـة الاخبـار) چاپکراون، دانان و نووسراوی پەیامەکان دراوەتە پاڵ ئیمام مەولانا ئەحمەد کوڕی عەبدوڵڵا، ئەو ئیـمـامـەیە کـە ئیـسـمـاعـیلیـەکـان بە ئیـمـامی راسـتـەقینەی خۆیان دەزانن، دووجاریش لە وڵاتی میسر ساڵانی ١٣٠٦ی کۆچی بەرامبەر ١٩٢٨ی زایینی لە چاپخانەی (الآداب)و (المكتبة التجارية الكبـرى) لە چاپ دراون، هەروەها لە وڵاتی لوبنان لە پێتەختەکەیدا کە (لوبنان)ە لە چاپخانەی (دار بیـروت و دار صـادر) بەسـەرپەرشـتی (پتـرس ئەلبوستانی) لە چاپدراون.

کۆکراوەی پەیامەکان، لە پەیامێکی دوورودرێژ بە زمـانێکی وێژەیی و، بەرەچاوکردنی زانسـتـەکـانی زمـان نووسـراوەتەوە کـە بەتێـروتەسـەلی باس لە هەمـوو بابەتەکـان بە شـێـوەیەکی فـەلسـەفی و رەوانبێژی روون دەکا، کە ئاراستەی عەقڵی خوێنەر دەکـا، بە بەڵـگەو رێـسـاو یاسـایەکی ئەوتـۆ کـە بتـوانرێ چێژی لێـوەربگریت، ئەو دەقـانە بێگومـان یان بەزمانی فارسی یان بە زمانی هیندی (ئۆردی) نووسراونەتەوە، ئەوجا بەرچەڤەکرابێتەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی، هەروەکو پێشتر ئاماژەم پێیدا، کە دەڵێن: (ئەلمقەدەسی).

**پەیوەندی نێوان ئاین و فەلسەفە**

(٢٥)ناکـۆکی نێـوان ئاین و فـەلسـەفـە، کێشەیەکی کۆنە، زۆرجار ئەو کێشەیە بەهێزدەبوو،

توونـدوتیــژی بەخـۆوە دەبینی، جـارجـاریش نەرم دەبوو، هێـور دەبۆوە، ئاییـنیش هەمـیـشـە گـرەوی سەرکەوتنی وەدەست دەهێناو دەیبردەوە.

لێرەدا چەند پرسیـار سەرهەڵدەدا، ئایا بەڕاستی ناکۆکی لە نێوان ئاین و فەلسەفەدا هەیە؟ یان ئایا ئامانجی ئاین لەگەڵ ئامانجی فەلسـەفە جیاوازە؟ جــیــاوازیان لە رێبــازدا هەیە؟ یان هەریەکــەو سەرچاوەیەکی تری هەیە؟ ناکۆکیان لەسەرچییە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ئەمانەی خوارەوە دەخەینەڕوو، بۆ ئەوەی خوێنەری کورد ئاشنا بکەین بە ئاییـنەکـان لەڕووی (رێبـاوەر) و بیـرمـەندانی فەلسەفە، بۆیە دەڵێین: هیچ ناکۆکییەک نییە تەنها ئەو نـاکـۆکـیــیــانە لە نێــوان زانایانی ئاییـنی و بیرمەندانی فەلسەفەدا هەیە:

**لە ئایینی جوولەکەدا**

رۆژهەڵاتی نـاوەڕاست سـەنتـەرو مـەڵبـەندی ئاییـنەکـانە، یۆنانیـش وڵاتی فـەلسـەفـەیە، ئەو هەڵـمـەتە، کـە (ئەسکەندەر) کـردیە سـەر وڵاتـانی رۆژهەڵات لە ســاڵی ٣٣٤ی پـێش زاییـنی و لەدایکبـوونی حـەزرەتی عـیـسـا (د.خ) وای لە یۆنانییەکان کرد کە ئاشنابن بە کەلتوورو رۆشنبیری و زۆر شـتی نوێ وەرگـرن و تێکەڵ بەکلتـووری خـۆیان بکەن، یۆنانـیـیـەکـان بەفـەلسـەفـە و رۆژهەڵاتییەکانیش ئاین، یۆنانییەکان (ئەغریقی) یەکەم شت کە کردیان بەرچەڤەکردنی کتێبی پیرۆز (تەورات) بوو لە عـبرییـەوە گـۆڕدرایە سـەر زمـانی ئەغریقی ئەو تەرجوومەیەش ناسرا بە تەرجوومەی (حەفتـایەمین)، هەمدیس (فیلون ئەسکەندەر) کە بیرمەندێکی جوولەکە بوو، کاریگەری فەلسـەفەی یۆنانی کــاری تێـکردبوو، زۆر پارێزگــاری لە فـەلسـەفـەی یۆنانی دەکـرد، وای بۆ دەچوو کـە (تەورات و فـەلسـەفـەی یۆنانی) هەردووکـیـان دەربڕینی راستەقینەن، بەڵام واتاو دەستەواژەکانی ئاین تەواوترو راستگۆترن.

**لە ئایینی فەلەدا (مەسیحییەت)**

کە ئایینی مەسیحییەت هات و بڵاوبۆوە، چەند کـەسـانێک بڕوایان بەو ئایینە هێنا، کـە بڕوایان بەفـەلسـەفـەوە هەبوو، مـەسیـحـیـیـەکان بوون بە دوو تیپ یان دوو تیم.

تیـمی یەکـەم: هەڵـیـان کـوتایە سـەر رێبـاوەڕی یۆنانی، بەبەڵگەی ئەوەی کە سەرچاوەی (بدعە)یە لەناو کەلیسـەدا، دەیان وت: هیچ پەیوەندییەک لە نێوان (ئورشیلیم و ئەسینا)دا نییە، یان لە میانەی (کـڵێـسـە و ئەکـادیمـیـا)دا خـۆیان بەری دەکـرد لەو (بدعە)یە، دەیان وت: ئێمە پاش حەزرەتی مەسیح (د.خ) و کـتـێبی پیـرۆزی (ئینجیل) پێویسـتیـمان بەهیچ شتێک نییە.

تیمی دووەم: شانازیان بە فەلسـەفەی یۆنانییەوە دەکرد، چونکە فەلسەفە لێکۆڵینەوەی راستییەکانە، دەیان وت: مـەسـیـحـیـیـەت جـەختـی لەسـەر ئەم لایەنەدا کـردووە، هیـچ رێگرییـەک بەدیی ناکرێ لە مـیـانەی ئاییـنی مـەسـیـحـیـیـەت و فـەلسـەفـەدا، پێگەیەک بۆ هەردووڵا هەیە، هەروەها دەیان گـوت: فەلسەفە رێگە خۆشکەرێکە بۆ چوونە ناو ئاین.

بەناوبانگـترین کـەسی ئەم تیـمە: قـەشە جـوستین Justin بـوو، جـوسـتین لای وابوو: عــەقـڵی راســتگۆ لە بازنەی ســرووشــتی دایە، پاشــان (کیلمان) هات فەلسەفەی خۆشەویست کردو داوای لە دیانەکـان کرد خۆ بە فەلسـەفـەوە ببەسـتنەوە، بۆ ئەوەی بگـەنە راسـتـیـیـەکـان، چونکە (خــودا) سەرچاوەی راستییەکان.

پاش ئەوانە قـەشە (ئۆغسـتین) هات، کـە جـێی پەنجەی لە فەلسەفەی مەسیحیدا دیارەو هەر بۆیەش دەڵێـن: لەسـەر دەسـتی ئەو شـوورای فـەلسـەفـەی مەسیحی بە ئاکام گەیشت.

**لە ئایینی ئیسلامدا.**

پاش ئەوەی دەستکرا بەگواستنەوەی فـەلسـەفـەی یۆنان بۆ سـەر زمـانی عـەرەبی و پەرەی سـەندو بڵاوبۆوە، رووبەڕووی نارەزایی و رەخنە بۆوە، بەڵام نەبووە هۆی رێلێگرتنی چونکە دەوڵەت هاندەرێک

بوو، بۆ ئەو بزووتنەوە رۆشنبیری و فەلسەفەییەدا، لێرەشدا خەڵک بوونە دوو کۆمەڵ:

کۆمەڵی یەکەم: دەیان وت: راستیەکان سرووش (وەحی) کە بۆ پێغەمبەر (د.خ) هاتووە، ئەمەمان بەسە بۆ ئەوەی بڕوای تەواومان هەبێت چ لەڕووی روخسار چ لەڕووی ناوەڕۆک، تێڕوانین و رامان لە ئایەتە پیرۆزەکان قورئان بەسە کە بۆ حەق و کردەوەی باش و بەجێ هاتووە، دەیان وت: ئەوا ئێمە وا لە فەلسەفە دەڕوانین کە (بدعە) بێت بۆ ئەوەی لە شەوکەت و کەمالی ئیسلام کەمبکاتەوە (ئەو رێبازە، رێڕەوی پیاوە مەزنەکان و زانایانی ئایین بوون کە پێیان دەوترا: سۆفیگەریی).

(٢٦) کۆمەڵەی دووەم: وای بۆ دەچوون کە فەلسەفە لە توانای مرۆڤە، بۆیە هەوڵیان دەدا ئایین و فەلسەفە لێک نزیک بکەنەوە چ لەڕووی شەرع یان چ لەڕووی حیکمەتەوە بێت، تەنها لە جیاوازی دەربڕیندا نەبێت، لەوانە دوو بیرمەندی مەزنی ئیسلامی (ئەلکەندی) و ئەوی تریان (فارابی) بوو. ئەلکەندی پێناسەی فەلسەفەی دەکرد بەوەی: فەلسەفە زانینی شتەکانە، بەڕاستییەکانییەوە بەقەد توانای مرۆڤە.

کەندی: فەلسەفە و ئایینی لە یەک پایەو پلە دادەنا، لەگەڵ ئەوەش دەیوت: ئایین گەورەترین پلەو پایەی هەیە و زانستەکان زۆرترو گشتگرترە.

(فارابی)ش: پێیوایە، کە فەلسەفە و ئایین بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ هاتوون و یەک سەرچاوەیان هەیە.

فارابی، چەند مەرجێکی بۆ ئەو کەسانە دانابوو، کە فێرخوازی فەلسەفەن: دەبێ قورئان و زمان و زانستە شەرعییەکان بزانن، هەروەها داوێن پاک و راستگۆبن.

**ئایین و فەلسەفە لەلای ئیخوان ئەلسەفادا**

ئیخوان و لسەفا پێناسەی ئایین دەکەن و دەڵێن: ملکەچی کۆمەڵ بۆ یەک سەرۆک(٢٧).

پێناسەی فەلسەفەش بەوەی: لێکچوونە بەپێی توانای مرۆڤ. پێناسەی باوەڕیش دەکەن بەوەی: رەگەزی یەکەمە، کە لەلایەن ئەو کەسەیەوە پێگەیشتووە و دان بەڕاستییەکان بنێت. بەزاراوەش: بڕوا بەخودا، بە فریشتە، بەکتێبەکان، پەیامبەرەکان، رۆژی یەکەم و دوایی (ئاخیرەت).

کە بەراوردکاری لە میانەی ئایین و فەلسەفەدا دێتەڕوو: مەبەستیان پتر لایەنی بڕوایە، زۆر گەواهی بەم ئایەتە پیرۆزە دەدەن، کە دەفەرمووێ: الذين اوتوا العلم والايمان (الروم ٥٦)، لێرەدا بڕوا دەستپێشخەری عەقڵە، هەروەها هیچ جیاوازییەک نابینن لە نێوان ئایین و فەلسەفەدا، واتە ئایین و فەلسەفە دوو مەبەستیان هەیە، یەکیان سەرەتاییە و ئەوی دیان کۆتاییە، یانی پێغەمبەرەکان (د.خ) لە دانانی شەرع و ئاکارو رەفتار نزیکبوونەوەی لە خودای گەورەو بیرمەندەکانیش دانانی سیاسەتێک بۆ چاکسازی و رزگاربوونی دەروون لە تەنگ و چەڵەمەکانی جیهانی و گۆڕینیان بۆ خۆشی و شادی و کامەرانیش لە دونیای ئاخیرەت.

پێغەمبەرەکان (د.خ) = شەرع + ئاکارو رەفتار + نزیکبوونەوە لە خودای گەورە

بیرمەندەکان = چاکسازی + رزگاربوونی دەروون + کامەرانی

ئیخوان ئەلسەفا لە یەکێک لە پەیامەکانیاندا هاتووە دەڵێن:

ئێمە بەهیچ شێوەیەک دوژمنکاری هیچ زانستێک ناکەین، مەزهەبێک لە مەزهەبەکانی تر بالآبەرزتر ناکەین، پشت لە هیچ کتێبێک لە کێتبەکانی فەلسەفەدا ناکەین، بەڵام ئێمە پشت ئەستوورین بەکتێبە پیرۆزەکانی خوا کە بۆ پێغەمبەرانی (د.خ) رەوانە کردوون.

هەربۆیەش ئیخوان ئەلسەفا دەڵێن: ئەو کەسانەی کە، هێرش دەکەنە سەر فەلسەفە، ئەو کەسانە دژی ئایین رادەوەستن و ئەوانە خەڵکانێکی کاڵفام و نەزانن.

# پرسیارەکانی راستی و بارمتەکانی هزر

## بەشی دووەم

عەلی حەرب
و: عومەر میراودەلی



دریدا

### سۆکراٍت هەمیشە ئامادەیە

ئایا قسەکردن دەربارەی سوکرات تەواو نەبووە؟ بەڵێ دەربارەی فکر و بۆچوونی سوکرات زۆر گوتراوە، چی دیکەی نوێ هەیە دەربارەی بگوترێ؟بێ گومان سوکرات مامۆستایەکی گەورەی فکر بوو، مامۆستای یەکەم بوو. یەکەم کەس بوو بۆ وەدەستهێنانی مەعریفە پشتی بەڕادە و پێوانە بەست(بالحد والقیاس). هەروەک ئەرەستۆ وای باسکردووە. (الحد والقیاس)دوو بوارن، کە گرنگی بەلۆژیک و زانست دەدەن. ئەگەر ئەمانە نەبانایە، ئەفلاتون ئەو داهێنەرە نەدەبوو. مامۆستای گەورە ئەوکەسە نییە، کە بۆ جارێک فێرمان دەکا و کۆتایی پێدێنێ، بەڵکو ئەو کەسەیە، کە بەردەوام فێرمان دەکا. لەکێشەکان دەکۆڵێتەوە و ئاسۆکانی

روانین وعەقڵ دەکاتەوە. مامۆستای گەورە ئەو کەسە نییە هەموو شتێک بڵێ، بەڵکو بۆشاییەک بەجێدێڵێ بۆ نەگوتن، بۆ ئەوەی لەپاشدا دەگوترێ. بەهۆی ئەو خەسڵەتەوە، ئەو خەسڵەتەی، کە هەموو شتێک نالێ بەردەوام هانمان دەدا بۆ بیرکردنەوە و رامان. بەکورتی مامۆستای گەورە لەگەڵ خوێندنەوەدا پرسیاری لە لا دروست دەبێ، بەروانین و بۆچوونەکانیدا دەچێتەوە، تاکو روانینی نوێ بەرهەم بێنێ. ئەمەیە کاری سوکرات. سوکرات هەروەک ئەوانەی لەبارەیەوە دواون نهێنییەکی ئاشکرانەکراوە. (کیسیدیس) لەبارەی ژیان و فکری سوکرات شارەزایە، واسەیری سوکراتی کردووە، کە پەی پێنەبراوە. سوکرات گوتوویەتی(خۆت بناسە)بنچینەی مەعریفە و کۆی زانست و ناوەرۆکی دانایی، ئەوەیە مرۆڤ خۆی بناسێ. لەبەرئەوە سوکرات بەدرێژایی ژیانی فێردەبوو، لەهەمان کاتدا خەڵکیشی فێر دەکرد. هەروەها گوتوویەتی(من دەزانم کەنازانم)ئەمە بۆچوونێکی سەیر نییە، کە بیرمەندێکی گەورە بەردەوام وردبێتەوە و رامێنێ و کردەی فکریی



هایدگەر

ئەنجام بدا بەم شێوەیە بیربکاتەوە. ئەفلاتون بەم شێوەیە بەدۆگمایی دەستی پێکردو و لە کۆتاییدا بڕوای بەلێدوان و مشتومڕی فکری هێنا، بڕیاری کۆتایی نەدەدا، هەوڵی دەدا لایەنە دژبەیەکەکان لەنێو یەکدا کۆبکاتەوە، یان بەواتایەکی دیکە دژبەیەکەکانی قبوڵدەکرد. ئەگەر دەق گوتاری بوون و ناسنامە و نەگۆڕی بێ، ئەوا ئەفلاتون بەدەسەڵاتتر و بەتواناترە لەو کەسانەی بەڵگە دێننەوە بۆ سەلماندنی نەبوون و جیاوازی و فرەیی و گۆڕان و هەستەکی. فکر بەرووی راستیدا کراوەتەوە دژ راستێتی تێدایە و بەشێکی لە بوون پێبەخشراوە. بیرمەندی راستەقینە، ئەوەیە لەبەرامبەر پرسیارەکاندا هەست بەنائارامی بکا و شتەکان دووچاری رامان و سەرسوڕمانی بکەن و بەردەوام بەدوای لایەنە شاراوە و نادیارەکاندا بگەڕێ. ئەگەر بیرمەند ئەو کەسەبێ، کەنادیارێک دەدۆزێتەوە و کێشەیەک چارەسەر دەکا، ئەوا بیرمەندی راستەقینە ئەوکەسەیە، کە کاتێک نهێنییەک ئاشکرا دەکا بەدوای نهێنییەکی دیکەدا دەگەڕێ، ئەگەر شتێکی زانی بۆی دەردەکەوێ نەزانینێکی دیکە لە گۆڕێیە. لێرەدا نهێنی ئەو قسەیەی

سوکرات ئاشکرا دەبێ، کە دانی بەنەزانیندا ناوە. ئەمە بەڵگە نییە لەسەر خاکیێتی(تواضع)ی ئەو فەیلەسووفە، بەڵکو سروشت و چییەتی فکر وا دەخوازێ. داننانی سوکرات بەنەزانیندا ئەو راستییە دەردەخا، کە هەموو قسەیەک شیاوە بکرێ. تراژیدیای مانا نهێنی سوکراتە. نهێنی سوکرات تەنها لەفکرەکەیدا نییە، بەڵکو لە ژیانیشیدایە. سوکرات تەنها فەیلەسووفێکی دانا نەبوو، بەڵکو نموونەی مرۆڤی دانا و پایە بەرز بوو. دانایی تەنها تیۆرێکی رووت نییە، بەڵکو کاروکردەوەیە بەیەکەوە. ئیشی ئەو کەسە تەواوە، کە زانستی راستەقینە لەرێگەی کاری راستەقینەوە دەناسێ. زانستی بێ کردەوە کە موکورتییە، کاری بێ زانستیش نەشیاوە. خەڵک لەفکرو هەڵوێست و رایەکانی سوکرات فێر دەبوو. سوکرات پێشەنگ و رابەری ئەو سەرەتا مەزنە بوو، کەیۆنانییەکان بەرهەمیان هێنا و بووە مایەی سەرسامی. قسەکردن لە سەرسامێتی (الاعجوبة) کۆتایی نایە. بێ گومان کتێبی کیسیدیس هەوڵێکی نوێیە بۆ کردنەوەی دەرگا لە نهێنییەکانی سوکرات. ئەگەر قسەکانی سوکرات هەروەک خوێندکارەکانی گێڕاویانەتەوە، ئێمەیان بەفکر ئاشنا کردبێ ئەوا ژیانیشی ماموستایەکی گەورەبوو، بۆ ئێمە.



هیگڵ

شەهیدکردنەکەشی ئەونهێنییەیە، کە دەمانەوێ ئاشکرای بکەین و لەهێماکانی بگەین. بۆچی کاتێک فەرمانی لەسێدارەدانیان بۆ سوکرات دەرکرد، بەو فەرمانە قایل بوو، هەرچەندە بەبڕیارێکی ستەمکارانەی دەزانی؟ بۆچی ئەو بڕیارەی رەتنەکردەوە، هەرچەندە خوێنکارەکانی رێگەی دەربازبوونیشیان بۆ خۆشکرد؟ راستی ئەم رووداوە ونهێنییەکەی چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە لای ئەوانەی لە سوکراتیان کۆڵیوەتەوە و بەدوای نهێنییەکانیدا گەڕاون لێک جیایە. شەهیدکردنی سوکرات، لە خۆیدا داهێنانێکە، کە ئەفسانەی دەستپێکردنی گەیاندە قۆناغی کۆتایی. دەشێ مردنەکی هەوڵدانێک بووبێ بۆ کوشتنی ئەو منە یاخییەی، کە لەهەر یەکێکماندا هەیە. هەروەها مردنەکەی راستییەکی دیکەشمان پێدەڵێ، ئەویش ئەو ململانێ بەردەوامەیە، کە لەنێوان مافی تاک و کۆمەڵدا، لەنێوان هێزو مانادا، لەنێوان مەعریفە و دەسەڵاتدا، لەنێوان راستی و راستێتیدا هەیە. کاتێک سوکرات ملکەچی یاسای رژێمێکی ستەمکار بوو ویستی بیسەلمێنێ، کە دەیەوێ ستەملێکراوبێ نەک ستەمکار، هەروەک ئەفلاتون لە یەکێک لە گفتوگۆکانیدا ئاماژەی بەمە کردووە. ئەگەر مرۆڤ ئازاد بێ لە هەڵبژاردنی ستەم لێکراوی و

ستەمکردندا وا چاکە ستەملێکراوبوون هەڵبژێرێ. بەهەرحاڵ شەهیدبوونی سوکرات، مایەی سەرسوڕمان و رامانە. شەهیدبوونەکەی ئەو راستییەی سەلماند، کە هەرکەسێک گەواهیدەری راستی بێ شەهیدە. ئەگەر گەواهیدان لەسەر راستی، ئەنجامەکەی شەهیدبوون بێ، چارە چییە؟ سوکرات ئەو راستییەی زانی، بۆیە رووبەڕووی مەرگ بۆوە. ئەگەر راستی لێرە نەبێ، هەروەک سۆفیگەراکان وادەڵێن، پێویست ناکا بەدوایدا بگەڕێین. بەواتایەکی دیکە، ئەگەر فەیلەسووف دەیەوێ بەهۆی گەیشتن بەرەهاییەوە راستی بدۆزێتەوە و راستیش لەهەموو شوێنێک بێ، کەواتە مرۆڤ رووبەڕووی چارەنووسێکی تاڵ دەبێتەوە، چونکە لەهەموو شوێنێک ستەم و بێدادی دەبینێ و دەبێ لەم دووانە یەکێک هەڵبژێرێ، یان ژیانی خۆی بپارێزێ یان راستی بڵێ .ئەمەش ئەو دووڕیانە بوو، کە سوکرات تووشی بوو، مردنی هەڵبژارد، چونکە مردنی پێ چاکتر بوو لەوەی راستییەکان بشارێتەوە. بەم شێوەیە سوکرات مردنی هەڵبژارد نەک ژیان، چونکە زانی مردن کۆتایی راستییەکان و گەواهیدەریانە. کەس وەک ئەو بەتوانا نەبوو، یان ئەوانەی وەک ئەو بەتوانان کە من. ئەمە روویەکی پەرەجو(المعجزة)کەیە شەهیدبوونەکەی دووبارە نابێتەوە. لەبەرئەوەی مێژووی فەلسەفە و راستی، سوکراتێکی دیکەی بەخۆیەوە نەدیوە، جگە لە حەلاج و گالیلۆ لەسەردەمی ئەرەستۆوە، کە ئەسینای بەجێهێشت بۆ ئەوەی رزگاری بێ، هەتا هایدگەر، کە تۆمەتبار کرا بەوەی دەستی لەگەڵ نازییەکان تێکەڵ کردووە، ئەوانە ناتوانن نموونەی سۆکات بن یان ناگەنە ئەوەی پێیان بگوترێ سوکراتی. شەهیدکردنی سوکرات نهێنییەکە لەنهێنییەکانی سەرەتا، کە بۆی دەگەڕێتەوە و جارێکی دیکە راڤەی دەکا. لەبەرئەوە سوکرات هەمیشە ئامادەیە و لەبیر ناکرێ. سەرەتا مەزنەکان بەم شێوەیەن.


**رۆلان بارت**

**هایدگەر لەگۆڕەکەیدا دادگایی دەکرێ**

مایەی سەرنجە، کە دەق و کارە فکرییەکان بەشێوەی جۆراوجۆر راڤە دەکرێن، خوێندنەوەی دژبەیەکیان بۆ ئەنجام دەدرێ. ئەمە سروشتی فەلسەفە گەورەکان و ئایینەکانە، کە بەشێوەی جیاجیا دەخوێندێنەوە. هەریەکێک لەم لێکدانەوە جیاوازانە، لە لایەن سیستەم و دەسەڵاتی سیاسی جیاجیاوە بەکاردەهێنرێن بۆ خزمەتکردنی ئەو سیستەم و لایەنە سیاسییانە، لە رێباز و قوتابخانەی جیاجیادا جێگە بۆ خۆیان دەکەنەوە، ئەم لێکدانەوە و راڤەکردنانە بەگۆڕانی کەس و حەز و حاڵەتە جیاوازەکان دەگۆڕێن. بەم شێوەیە فەلسەفە دیار و ناسراوەکانی جیهان بۆ مەبەستی سیاسی و ئایدۆلۆژی کەڵکیان لێوەرگیراوە. هەندێک فەلسەفەی ئەفلاتونیان والێکداوەتەوە، کە تەنها فکرەیەکی ئایدیالی رووتە، هەندێکی دیکە پێیان وایە لەخزمەتی چینی ئەستۆکراتیدا بووە، هەندێکی دیکە پێیان وایە لە خزمەتی سۆشیالیستی و دادگەری و یەکسانیدا بووە و هەندێکی دیکە پێیان وایە دژی دیموکراسی بووە و

هەندێکی دیکە پێیان وایە یەکەم هەوڵ بووە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی عەقڵگەرایی. بەم شێوەیە ئەفلاتون وەک راسترەو و چەپڕەو و ئایدیالی و کەتوار(واقع)ی خوێندراوەتەوە.

هەروەها لەفەلسەفەی ئەفلاتوندا، راستی دژبەیەک، یەکێتی و دژبەیەک، ناسنامە و ئەوی دیکە، بوون و نەبوون، جێگیر و نەگۆڕ، هەستپێکراو و ماقووڵ دەخوێنینەوە. فەلسەفەیەکە مانا و خوێندنەوەی لێک جیا هەڵدەگرێ. بیروبۆچوون و فکری جیاوازو دژبەیەکی لەنێو خۆیدا کۆکردۆتەوە، ناتوانین تاکرەهەندانە لێی بڕوانین، بەیەک جۆر خوێندنەوە راستییەکانی فکری ئەم فەیلەسووفە ئاشکرا نابێ یەکێکە لەو فەیلەسووفانەی، کە لێکدانەوە و راڤەی جۆراو جۆر هەڵدەگرێ. هەندێک پێیان وایە ئەو بنەڕەتەی، کە ڕێبازە فکرییەکانی لێ پێکدێ لە فکری ئەو فەلسەفەدا کۆبۆتەوە. ئینجا دێینە سەر ئەرەستۆ، ئەویش خوێندنەوەی جیاجیا هەڵدەگرێ. هەندێک پێیان وایە فکرو بۆچوونەکانی لە ئەفلاتون نزیکە، هەندێکی دیکە بەپێچەوانەوە پێیان وایە دژبەرێبازو فکری ئەفلاتونە. هەندێک لەعەرەبەکان بەزەندیقی دەزانن و هەندێک عەرەبی دیکە پێیان وایە فکرەکەی بۆ نوێکردنەوەی میتۆد و رێبازی لێکۆڵینەوە پێویستە. لەگەڵ دەرکەوتنی ئاسۆکانی رێنسانسی ئەورووپی، ئەورووپییەکان لەسەردەمی دیکارتەوە هەوڵیاندا خۆیان لەهەژموون و لۆژیکی ئەرەستۆ رزگار بکەن و ڕێگەیەکی دیکە بۆ عەقڵگەرایی بدۆزنەوە. ئەگەرچی دیکارت بەباوکی عەقڵگەرایی ئەورووپی ناسراوە، بەڵام دوای ئەوەی ئەو شێوازە عەقڵگەراییەی دیکارت راڤەکرا دەرکەوت، کە نوقمی ناماقوڵییەو ناماقوڵییەت لە لایەنە عەقڵییەکەیدا شاراوەتەوە. هیگڵیش لە دیدگەی جیاجیاوە سەیری کراوە، هەندێک پێیان وایە فەلسەفەکەی بەرووی لێکدانەوەی مێژوودا کراوەتەوە وهەندێکی دیکە بەپێچەوانەوە پێیان وایە، تەنها پاساوێکە بۆ مێژوویەکی دیاریکراو و هەوڵیداوە بەعەقڵانی بکا. مارکسیش لەوجۆرە پۆلێنکردنە رزگاری نەبوو. هەندێک بەسەرچاوەی چەپگەرێتی و ئایدۆلۆژییە رزگاریخوازەکانی دەزانن و هەندێکی دیکە پێیان وایە کۆنخواز بووە نەک پێشکەو تووخواز، دۆگماو داخراوبووە. نیتشە یەکێک بووە لەو فەیلەسووفانەی، کە بەچەندین جۆر لێیکۆڵراوەتەوە، بۆ مەرامی سیاسی و ئایدۆلۆژی کەڵکی لێوەرگیراوە. هەندێک دەڵێن سەرهەڵدانی نازێتی پەیوەندی بەفەلسەفەو بۆچوونەکانی نیتشەوە هەیە. هەندێکی دیکە پێیان وایە فەلسەفەی ئەم فەیلەسووفە سەرچاوەی هیچگەرایی و بێهودەیی و مردنی مرۆڤە. هەندێکی دیکە پێیان وایە بیرۆکەی تێپەڕاندنی مرۆڤ، جەختکردنەوەیە لەسەر بەهای مرۆڤ. بەم شێوەیە فەلسەفە خوێندنەوەی جیاجیا هەڵدەگرێ. لێرەوە ناکرێ یەک ناسنامە بەفەیلەسووف ببەخشرێ. بێ گومان ناسنامەکان، بەخوێندنەوە و راڤەی جیاواز دەگۆڕێن. هەموو خوێنەرێک ناسنامە بەو کەسە دەبەخشێ، کە فکرەکەی دەخوێنێتەوە. ئەم قسەیە بۆیە دەکەین، چونکە ئەمڕۆ دەربارەی یەکێک لە فەیلەسووفە گەورەکانی سەدەی بیستەم چەندین تۆمەت دەخوێنینەوە، ئەم فەیلەسووفەش مارتن هایدگەرە. ئەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵی ئەوە بووە، کە دەستی لەگەڵ نازییەکان تێکەڵ کردووە لەسەردەمی هیتلەر و ڕایخ دا تۆمەتێک، کە تاکو ئێستا بەتەواوەتی یەکلانەبۆتەوە، تۆمەتەکە وەک ئەوە وایە تۆمەتبار نەکرابێ، دانی بەهەڵەکەی دانا وەک ئەوە وایە دانی پێدا نەنابێ. هایدگەر لەنێو بیرمەندانی ئەورووپادا بووەتە بابەتی گفتوگۆ لەسەرکردن، بەتایبەتی لەنێو بیرمەندانی فەرەنسادا. ئەمەش

مایەی سەرسامی نییە، فەرەنسا هەمیشە سەکۆی دەربڕینی فکری ئازاد بووە. عەقڵی فەرەنسی وروژێنەرە و نهێنییەکان ئاشکرا دەکاو خۆی نوێ دەکاتەوە، ئینجا ئەم نوێگەرییە لەبوای فکردابێ یان پۆشاکدا. فکریش پۆشاکی خۆی هەیە. ئەو هەراو زەنایەی ئەمڕۆ لە فەرەنسادا دەربارەی هایدگەر لەئارادایە، بۆ فەیلەسووفانی پێشتریش بووە، بەڵام کاریگەری هایدگەر زۆرتر بوو. بەئەندازەی گەورەیی ئەو فەیلەسووفە ئەو هێرشانەی دەکرانە سەری گەورە بوون. هێرشەکان تەنها تایبەت نەبوون، بەهەڵوێستی ئەم فەیلەسووفە، لەبەرامبەر حزبی نازیدا، بەڵکو هێرش دەکرایە سەر بۆچوونە فەلسەفییەکانیشی. ئەو کەسە کێ بوو، کە بۆ بیرۆکەی نازیتی لەفەلسەفەی هایدگەردا دەگەڕا؟ ئەوەی ئەم کارەی کرد فەیلەسووفی فەرەنسی جاک دریدا بوو. جاک دریدا خوێندکارێکی وەفاداری هایدگەر بوو، هەتا هەندێجار بەوە تۆمەتبار دەکرا، کە لاساییەکی راستەوخۆی مامۆستاکەی دەکاتەوە. ئەگەرچی دریدا لەو کەسانە جیابوو، کە هێرشی توندیان دەکردە سەر ئەم فەیلەسووفە ئەڵمانییەو تۆمەتباریان دەکرد، ئەویش بیەوێ ونەیەوێ بەشێوەیەک تێوەگلا، کە گومانی لە مامۆستاکەی هەبوو، کاتێک لەفکری هایدگەردا بۆ نازیتی دەگەڕا. بەم شێوەیە فەلسەفەی هایدگەر وەک هەر فەلسەفەیەکی دیکە رووبەڕووی لێکدانەوەی دژبەیەک بۆتەوە. ئێستا والێکدەدرێتەوە، کە تیۆریستێکی نازیتی بووە، یان کاریگەری لەسەر هەبووە، یان لەبەرامبەریدا بێ دەنگ بووە. لەهەمان کاتدا ئەم فەلسەفەیە بەدرێژایی دوو دەیە یان سێ دەیە سەرچاوەی فەلسەفەی نوێگەری یان دوای نوێگەری بووە بەتایبەتی لە فەرەنسا، ئاسۆیەکی لەبەردەم ئەوانەدا کردەوە، کە بانگەشەی بیرۆکەی جیاوازییان دەکرد و لەپێناویدا

تێدەکۆشان. راستییەکەی ئەوەیە فەلسەفەی هایدگەر لەو فەلسەفانەیە، کە جیاوازی بەلایەوە شیاوە. هایدگەر وا لە ناسنامە گەیشتووە، کە لە وەک یەکبوون و دووبارەبوونەوە و چونیەکیدا بەرجەستە نابێ، بەڵکو لە جیاوازی و تێپەڕاندنی خود و ململانێدا بەرجەستە دەبێ. تێگەیشتنی یەکەم رەگەزپەرستێتی و فاشیبەتی لێدەکەوێتەوە. تێگەیشتنی دووەم واسەیری ناسنامە دەکا، کە بەرەنجامی جیاوازی شتە لەگەڵ خودی ئەو شتەدا ولەململانێدایە لەگەڵی، ئەمەیان کرانەوە و قبووڵکردن و داننان بەوی دیکەی لێدەکەوێتەوە. ئەگەر ئەمە وابێ چۆن لە فەلسەفەی هایدگەردا نازیتی خۆی حەشارداوە؟ ئەمە یەکێکە لەو گرفتانەی، کە فەلسەفە تووشی دەبێ، کاتێک ئەو فەلسەفەیە بۆ مەبەستی سیاسی و ئایدۆلۆژی بەکار دەهێنرێ. لەم حاڵەتەدا فەلسەفە ئەرکی خۆی لەدەست دەدا، چونکە کاری فەلسەفە دۆزینەوە و میتۆدە بۆ جێبەجێکردن. فەلسەفە هەڵوێستێکی سیاسی رووت و خەمێکی ئایدۆلۆژی و ئامێرێک نییە بۆ مەبەستی کاتی و هەنوکەیی. هایدگەر لە(المدخل الى الماورائيات)دا ئەمەی رونکردۆتەوە. جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە فەلسەفە کردەیەکی هەنوکەیی و راستەوخۆ و پروپاگەندە نییە، ئەگەر وابوو راستەقینەی خۆی لەدەست دەدا و بۆ مەبەستی خراپ کەڵکی لێوەردەگیرێ و لە پەیامی خۆی دووردەکەوێتەوە. هایدگەر لەم قسانەیدا و هەروەک بیەوێ ئاماژە بۆ ئەوانە بکا، کە فەلسەفەکەی بۆ مەبەستی سیاسی و حزبی بەکاردێنن. وەک ئەوانەی ئێستا دۆسییەی هایدگەریان کردۆتەوە و بەنازیتی تۆمەتباری دەکەن. بەم شێوەیە هایدگەر بەخراپ دەخوێندرێتەوە و دەشێ هەندێک لەوانەی بەم شێوەیە راڤەی فەلسەفەی هایدگەر دەکەن نیازپاک بن و هەندێکیشیان نیازیان خراپ بێ. بۆ ئەوەی

لە فەلسەفەی هەر فەیلەسووفێک بگەین، پێویستە لەو سەردەمە بکۆڵینەوە، کە ئەو فەیلەسووفەی تێدا ژیاوە، پێویستە بزانین ئەو فەیلەسووفە تا چ رادەیەک پەیوەندی بەو فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدارانەوە هەبووە، کە لەو سەردەمەدا ژیاوە؟ بۆ ئەوەی فەرمانی لەسێدارەدان بۆ ئەو فەیلەسووفانە دەربکەین، کە بەشداری ئەو ستەم و چەوساندنەوەیەیان کردووە، کە ئەو دەسەڵاتدارانە ئەنجامیان داوە، رۆڵەکانی گەلیان کوشتووە و چاوی خەڵکییان دەرهێناوە و فەیلەسووفەکانیش، یان بەشدار بوون، یان لەبەرامبەر ئەم ستەمەدا بێدەنگ بوون. ئەگەر ئێمە بۆمان هەبێ و لەفکری زانایەک یان فەیلەسووفێک یان فەلسەفەی فەیلەسووفێک لەڕوانگەی هەڵوێستی سیاسییەوە بکۆڵینەوە، ئەوا دەبێ لە (هولاکیەت) ئەو بیرمەندەی بوو بەوەزیری هۆلاکۆ بکۆڵینەوە، مەبەستمان لەو کەسە فەیلەسووف و زانای گەورە ئەو کەسەی، کە فەلسەفەی(ئیبن سینا)ی راڤەکرد(نصرالدين الطوسي)یە. ئەمەیە گرفتی فەلسەفە، کە بۆ مەبەستی ئایدۆلۆژی و حزبی و پڕوپاگەندە بەکاردەهێنرێ. ئەگەر بەم شێوەیە سەیری فەلسەفە بکرێ، ناوێکی بێ ناوەرۆکی لێدەمێنێتەوە. مەبەست لەمەش ئەوە نییە پاساو بۆ هایدگەر یان بیرمەند و فەیلەسووفێکی دیکە بێنینەوە، لەهەمان کاتدا مەبەست لەوەش نییە، کە بیروبۆچوونی فەیلەسووف پەیوەندی بەهەڵوێستی سیاسی و حزبی و کرداری رۆژانەوە نییە. بەپێچەوانەوە فەیلەسووف پێش خەڵکی دیکە داوای لێدەکرێ، کە لێکچوون لەنێوان بیروڕاو کردەوەکانیدا هەبێ راستییەکەی ئەوەیە، کە دەبێ فەیلەسووف نموونەی ئەو کەسانەبێ، کە بیرواکانیان لە کردارەکانیاندا بەجەستە دەبێ، هەروەک سوکرات وایکرد، چونکە فەیلەسووف گەواهی لەسەر راستییەکان دەدا، لەهەر شوێنێک بەئەندازەی ئەوەی بەدوای رەهاییدا دەگەڕێ گەواهی دەدا. جێگەی سەرسوڕمانە بۆ ئەوانەی هایدگەر بەنازێتی تۆمەتبار دەکەن، کەی ئەمانە گەواهیدەری راستییەکانن؟ بۆچی راستی لە شوێنێک دەبینن و لە شوێنێکی دیکە نایبینن؟ ئایا ئەوان لەو بڕوایەدان، کە راستی تەنها لە ئەورووپا هەیە؟ ئێمە ئەو پرسیارانە بۆیە دەوروژێنین، چونکە ئەوانەی هایدگەر تۆمەتبار دەکەن گوێنادەنە ئەو ستەم و چەوساندنەوەیەی لە دەرەوەی کولتوورو شارستانێتی خۆیان هەیە. ئەگەر لە فەیلەسووف داوابکرێ گەواهیدەری راستی بێ، بێ لەبەرچاوگرتنی رەگەز و رەنگ و ئایین و زمان و کولتووری لێک جیا، ئەوانەی ئاوا بیردەکەنەوە، باگەواهی بدەن و بچن گۆڕەکەی هایدگەر هەڵکەننەوە و لەگۆڕەکەیدا بەتۆمەتی دەست تێکەڵکردن لەگەڵ نازییەکان دادگایی بکەن، یان ئەگەر بەشێوەیەکی راستەوخۆ تۆمەتباری ناکەن، با ئەوانە گەواهیدەری راستی بن لەهەر شوێنێک بێ. نازێتی و دەمارگرژی تایبەت نین بەشوێنێکەوە، فەیلەسووفیش وەک خەڵکی دیکە سەر بەنەتەوە و گەل و نیشتیمانێکە، ئەگەر وابێ ئەوا پاساوی هایدگەریش لەبەرامبەر هەڵوێستەکەی یان بێ دەنگییەکەی قبووڵە. زیادەڕەوی کردن لە نیشتیمان پەروەریدا، کە بگاتە حاڵەتی دەمارگرژی و خۆبەزلزانی و بەکەم تەماشاکردنی ئەوی دیکە، مرۆڤ بەرەو فاشێتی دەبا. فەلسەفە بەلای هایدگەرەوە کردەیەکی هەنوکەیی و کاتی نییە، بەڵکو گەڕان و وردبوونەوەیە لە بنچینەکانی بوون، بیرکردنەوەیە لەوانەی بیریان لێنەکراوەتەوە، یان نابێ بیریان لێبکرێتەوە. پەیوەندی هایدگەر بەنازێتییەوە، دەچێتە پاڵ بیرکردنەوە لەوەی بیری لێنەکراوەتەوە. ئەگەر چاوێک بەفکری خۆرئاوادا بخشێنین، هەر لە یۆنانەوە تاکو سەردەمی هایدگەر و لەو نەخۆشی و کێشە فکرییانە وردبینەوە،

دەبینین نازێتی و فاشێتی بەشێکی بنەڕەتی ئەو فکرە نییە، تەنها وەک حاڵەتێکی کاتی دەرکەوتووە. تۆمەتبارکردنی هایدگەر بەنازێتی، لەدەرەوەی لێکۆڵینەوە و خەمی فەلسەفییەوەیەو ئەم شێوە باسکردنە بۆ نیاز و مەبەستی دیکەیە. با ئەوانەی تۆمەتباری دەکەن، لە ناوەرۆکی فەلسەفەکەی وردبنەوە تا بۆیان دەرکەوێ، کەنازێتی چاوەڕوننەکراو نییە. خۆزگە ئەمانە باشتر تێدەگەیشتن و بەدەنگ ئامۆژگاری سوکراتەوە دەچوون، کە گەواهیدەری گەورەی راستی بوو، هایدگەریش نەیشاردەوە، لە لای هایدگەر مانای گەواهیدان لە سەرەتاوە تاکۆتایی دەگۆڕێ. ئەگەر ئەوەی گرنگ بێ ئەوە بێ، فەیلەسووف گەواهی بدا، کە دژی نازێتییە، نەک لایەنگیری ئەوا لەمە گرنگتر ئەوەیە، کە گەواهیدەری چاخێک بێ، کە لەحاڵەتی روخاندایە، واتە گەڕانەوەی بەربەریییەت ودڕندایەتی بۆ نێو شارستانێتی خۆرئاوا مایەی رامان و بیرکردنەوەیە. ئەوەی بەلای ئەوەوە گرنگتر بوو، وەک لەوەی کەسێک دژی فاشێتی بێ و فاشێتیش لەناخیدا شاردرابێتەوە، یان دژی رەگەزپەرستێتی بێ و هیچی لەبارەوە نەزانێ. هایدگەر لەگۆڕەکەیدا، گاڵتە بەو کەسانە دەکا، کە تۆمەتباری دەکەن و خۆشیان لەو تۆمەتە دووردەخەنەوە. کێ فاشیست و رەگەزپەرست نییە؟ دەشێ ئەوکەسانەی سەرلەنوێ لە ئەورووپا کێشەی هایدگەر زیندوو دەکەنەوە، فاشێتی و رەگەزپەرستێتی خۆیان لەو پەنایە بشارنەوە. بەتۆمەتبارکردنی فاشێتی و بەقسە پێگوتنی، رەگەزپەرستێتی خۆیان دەشارنەوە، یان لایەنگیری رەگەزپەرستێتی دەکەن، لە شوێنی دیکەی جیهاندا. واچاکە واز لەو کەسانە بێنین، کە لەشوێنێک گەواهی لەسەر راستی دەدەن و لە شوێنێکە دیکە لێی بێ دەنگن، یان گەواهی پێچەوانە دەدەن.

**لێکترازانی مانا**

فکربەتایبەتی فکری فەلسەفی بەوە لە زانست جیادەکرێتەوە، کە لەراستییە زانستییەکان رادەمێنێ. کاتێک فکر زیندوێتی خۆی دەسەلمێنێ، کە گرنگی بەداهێنان و دەستکەوتە زانستییەکان بدا. گومانی تێدا نییە، کە زمانەوانی بەیەکێک لە دەستکەوتە گرنگەکانی ئەم سەدەیە دەژمێررێ، کە کاریگەری زۆری بۆ سەر فکر بەگشتی هەبوو. ئەم دەستکەوتە گرنگە بۆ زانای زمانناس فردینان دی سوسیر و دامەزراندنی زانستی سیمائیش بۆ فەیلەسووفی ئەمریکی شارل بیرس دەگەڕێتەوە. هەروەک( عادل فاخوری) لە کتێبە تازەکەیدا(تیارات فی السیماء) باسی دەکا. سیمیا لەسەر کێشی کیمیا نەک سیمائی وەک هەندێک کەس بەو شێوەیە دەریدەبڕن. مەبەست لە زانستی نیشانە یان ئاماژەیە: واتە سیمیۆتیکا، یان سیمۆلۆژیا، هەروەک لەزانستە ئەوروپییەکاندا بەو شێوەیە دەردەبڕرێ. من سیمیاء بەباشتر دەزانم لە سیمۆلۆژیا لەبەرئەوەی وشەیەکی عەرەبییە و بەمانای نیشانە دێ، هەروەک لە (لسان العرب)دا هاتووە. بەهەر حاڵ نزیکییەک لەنێوان هەدوو وشەکەدا هەیە. (السیمیاء، والسیمە، والسیما) هەموویان وشەی هاوواتان و لەچاوگی سوم وەرگیراون. هەروەها سیمۆلۆژیا وشەیەکی گریکییەو لەسیما، کە بەمانای نیشانە دێ وەرگیراوە. هەروەها لەدەنگ و دەلالەتدا وشەکە لەیەکدی نزیکن. ئەمەش وامان لێدەکا بیانگێڕینەوە بۆ یەک ریشە. چەندین وشەی دیکەی لەو بابەتە هەن وەک وشەی (لغە) کە لە(لۆغۆس)ی یۆنانی نزیکە، ئەمە دیاردەیەکی نامۆنییە. زمانەلێک جیاکان وشەی هاوشێوەیان لەنێواندا هەیە. دەسکەوتی سیمائی ئەوەبوو

پەیوەندییەکی دیکەی لەنێوان ئاماژە و ئاماژەبۆکراودا دروستکرد. واتە پەیوەندی نێوان وشە و شت و مانای گۆڕی. ئەوەی باوبوو ئەوە بوو کە نیشانە پەیوەندی بەو شتەوە هەیە، کە دەبینرێ و دەرەکییە و راستەوخۆ ئاماژەی بۆ دەکرێ. واتە پەیوەندییەکی دوالیزمی لەنێوان ئاماژەو ئاماژە بۆکراودا هەیەو مانا بەرەنجامە ئەم دووانەیە، بەڵام زانستی زمانی نوێ ئەو چەمکەی هەڵوەشاندو گوتی : نیشانە دەکرێ بەدووبەشەوە، ئاماژە واتە رەمز یان وشەی گوتراو یان نووسراو دووەمیان ئاماژە بۆکراو ئەویش دەکرێ بە دوو بەشەوە شتە دەرەکییەکەو بابەتەکە، یان چەمک و وێنە زەینییەکە. بەواتایەکی دیکە لێرەدا سێ رەگەز بەشداری کردەی مانابەخشین دەکەنە رەمز، ئەوەی دەچێتە شوێنی شتێک، چەمک واتە بەهۆیەوە شتەکە راڤەدەکرێ، سەرچاوە دەرەکییەکە، یان بابەتەکە ئاماژە لەو روانگەیەوە کاری تەنها ئەوە نییە لەو سێ رەگەزە تێپەڕێنێ یان هاوسەنگی بخاتە نێوانیانەوە، بەڵکو ئەمە سێ پێکهاتەیە، کە پەیوەندی نێوان شت و بابەت بەهۆی رەگەزی سێیەمەوە دێتەدی، ئەویش راڤەکردنە. بەمانای لێکدانەوەی بابەتێک و دوایی گۆڕینی بۆوێنەیەکی زەینی، ئەوەی بەمانا ناوزەدی دەکەین. لێرەوە ئاماژە پەیوەندی بەمانا دەرەکییەکەوە نییە، بەڵکو راڤە دەکرێ بەهۆی ئاماژەیەکی دیکەوە، کە ئەویش چەمک یان وێنەی زەینییە. لێرەدا وێنەی زەینی لەنێوان ئاماژە و سەرچاوەدا خۆی دەچەقێنێ و دەبێتە قەوارەیەکی سەربەخۆ. بۆ نموونە کاتێک ئێمە وشەی (مرۆڤ) دەبیستین یان دەخوێنینەوە، بیر لەبوونەوەرێک ناکەینەوە، کە مرۆڤە و لەدەرەوەی زمان و زەینەوەیە: بەڵکو بیر لەو بوونەوەرە دەکەینەوە، کە مرۆڤەو بەهۆی ئەو مانایەی لەزەینی پێی بەخشراوە دەیناسین. دەبێ لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە خۆرئاوا نوێیە، بەڵام لە فکری کلاسیکی عەرەبیدا، لە سەردەمێکدا، کە زانستی زمانەوانی لە لای عەرەب لە گەشانەوەدا بوو، ئەم باسە گرنگی پێدراوە(یحیی بن حمزە) کە زانایەکی عەرەبی بواری رەوانبێژی بوو، باسی پەیوەندی نێوان زمان و شتەکانی کردووە. دەریخستووە، کە شتەکان لەڕاستیدا ئاماژە بۆ وێنەی زەینی دەکەن، نەک جیهانی دەرەکی. هەروەک (عادل فاخوری) لەکتێبەکەیدا باسی دەکا. لێکۆڵەری لۆژیکی رێگە خۆش دەکا بۆ خوێندنەوەیەک، کە پەیوەندی دروست بکا لەنێوان نیشانەو چاوگدا واتە: لەنێوان ئاماژەو ئاماژە بۆکراودا بەم شێوەیە لەلای لۆژیکزانەکان بۆ ناسینی شتێک پێویستیمان بەچوار حاڵەت و شێوەی لێک جیا هەیە. . بوونی ئەو شتە کاتێک لەبەرچاوە، کاتێک لەزەیندایە، کاتێک گوزارشتی لێدەکرێ، کاتێک دەنووسرێ. کاتێک دەڵێین شتێک لەزەیندا هەیە، مانای وایە لەوێدا چوارچێوەی بۆ دەکێشرێ و مانای پێدەبەخشرێ. ناکرێ ئەو وێنەیەی پێی بەخشراوە لەسەر حیسابی چاوگی ئەوشتە یان نیشانەکەی، چ دەبڕین یان نووسین بێ ئەو وێنەیە بشێوێنرێ. وێنەی زەینیش بەهەمان شێوە ناکرێ سێ لایەنەکەی دیکە لەسەر حیسابی خۆی دووربخاتەوە. بینراو و چەمک و گوزارە و نووسین، چوار رەگەزی لێک جیای دوو لەوەک یەکبوونن، بەڵام لەنێوانیاندا کردەی راڤەکردن و ئاڵوگۆڕ هەیە. بەم شێوەیە وێنەی زەینی، کە وەرگێڕراوێکی چەمکیيانەی چاوگە لە هەمان کاتدا دەبێتە نیشانەیەکی دیکە واتە: ئاماژەیە بۆ ئاماژەپێکراوێکی دیکە، دەبێتە رەمزێک وێنەی جۆراو جۆر بەرهەمدێنێ، گوزارە دەگۆڕێت بۆ حاڵەتێک، کە بەردەوام لەڕاستی ئەو بابەتە بدوێ، کە مەبەستییەتی. ئەمە ئەگەر وێنەیەکی ئاشکرابێ، بەڵام بۆ ئەو وێنە زەینییانەی، کە

پەیوەندییان بە بەبنەڕەتی شتەکانەوە هەیە، نەک دەرەکی وەک بابەتی هەمەکی و بەشەکی و مانا و چەمک و هەموونەو بابەتانەی باس لەو وشانە دەکەن، کە میکانیزمی بەرهەمهێنانی مانان. لەوێدا وشە لە چوارچێوەی فکردا مانای جۆراو جۆری پێدەبەخشرێ. ئەمڕۆ وا سەیری نیشانە دەکرێ، کە هەڵگری مانایەکی سیمائییە، واتای پێچەوانەی خۆی دەبەخشێ. ئەمەش وادەکا ماناکان یەک بەدوای یەکدا بێن و مەبەستی جۆراوجۆر لەخۆبگرن. بەم شێوەیە وشە لەنێوان ئەگەری راڤە و لێکدانەوەی جیاجیادایە، لەخوازەیەکەوە دەمانگەیەنێتە خوازەیەکی دیکەو ئاسۆی جیاجیامان لەبەردەمدا دەکاتەوە، دەق دەبێتە(یارییەکی کراوە) بەسەر خوێندنەوەی جیاجیادا دەکرێتەوە. بەم شێوەیە هەموونامازە بۆکراوێک خوازەیەکە بۆ ئامازە بۆکراوێکی نادیار. ئەم حاڵەتە لە لای دریدا بە(التعویم) ناودەبرێ، هەروەک (عبدالله ابراهیم) لەکتێبی (معرفة الاخر)دا وتارێکی هەیە لەسەر میتۆدی دیالیکتیکی دریدا باسی ئەولایەنە دەکا. کۆی قسان ئەوەیە، کە دەستکەوتی سیمائی سێ رووی هەیە.

**یەکەم**: بۆشاییەک لەنێوان قسەو فکرە، یان قسەو روانیندا هەیە، بەشێوەیەک کە ئێمە بەردەوام قسە لەسەر شتێکی نائامادە دەکەین، یان نیشانە بۆ ئەوە بەکاردێنین، کە مانایەکی دیکەمان پێببەخشێ جیا لەخودی نیشانەکە، ئەم بۆشاییە کارێکی وادەکا، کە قسەکردن لەبارەی شتێکەوە کۆتایی نەیەت.

**دووەم**: ئێمە ناتوانین بیر بکەینەوە بەبێ بەکارهێنانی زمان و سیستەمی نیشانەکان. بەم شێوەیە وشەکان بەشێوەیەک لە شێوەکان شتەکان دروست دەکەن.

**سێیەم**: هیچ بیرکردنەوەیەک بەبێ وێنەو خواستن نییە، واتە بیرکردنەوە بەبێ خەیاڵی رەمزی نییە. بەم شێوەیە ئێمە دەتوانین زۆر لەو کێشە فکرییانەمان بخەینە ژێر پرسیارەوە، کە ئەوەندە دوبارەمان کردونەتەوە و لێیان دواوین سواون. کاتێک ئێمە دان بەوەدا دەنێین، کە ناتوانین فکر بکەینەوە بەبێ زمان و زمانیش بۆشگە(فەزا)یەکی کراوەیە بەسەر سیستەمی رەمزو خوازەدا، ئەگەر نیشانە ئامازە بێ بۆ وێنەیەکی زەینی، کە لەئاوێنەی خەیاڵدا خۆی نیشان دەدا، پێش ئەوەی ئامازەبێ بۆخودی شتەکە، کەواتە فکر هەر سەرچاوەیەکی هەبێ و هەر بابەت و پرۆژە یەک بخاتەروو، هەرئاراستەو بۆچوونێکی هەبێ، مامەڵە لەگەڵ جیهانێکی ئەبستراکتدا دەکا، کە خەیاڵ لە ئامێزی گرتووە. کێشەکە ئەوە نییە فکرێکی ئەستوبی (مادی) هەڵبژێرین یان ئایدیالی، لایەنگیری ئەو رێبازە بکەین، کە پێی وایە تەنها جیهانی بینراو هەیەو رێبازێکی دیکە پێی وایە ئەم جیهانەی دەیبینین رەنگدانەوەی جیهانێکی نەبینراوە. کێشەکە لەوەدایە، کە ئەوەی دەیڵێین جیایە لەوەی دەیبینین، ئەوەی قسەی لەبارەوە دەکەین وەک ئەوەنییە، کە بیری لێدەکەینەوە، ئەمە بیرکردنەوە لە ئەستو و گیان و خودا دەگرێتەوە، لێرەدا هیچ جیاوازییەک بەرگری لە مێژوو بکەین یان بیر لە سروشت بکەینەوە، بڕوامان بە بەها بالاکان هەبێ یان بیر لە میتافیزیک بکەینەوە، سەرچاوە و بابەتە دەرەکییەکان وەک یەکن. واتە لەنێوان ئێمەو شتەکاندا ناوەندێکی پڕ لەخوازە هەیە بۆیە رێبازی فینۆمۆلۆجی، کە هەرمانایەک بەمانایەکی دیکە دەسپێرێ بۆئەوەی بمانگەیەنێتەخودی شتەکان بەپەسەند دەزانم. دیارە گەیشتن بەخودی شت مانای وایە چی دیکە قسەی لەبارەوە ناکرێ. ئەوکاتە دەشێ هەمووشتێک ناوی هەموو شتێکی لێبنرێ، دیارە ئەمەش ستەمە. لەبەرئەوەی شتێک

لەنێو بووندا نییە، نەدرێتە پاڵ زۆر شت. دەتوانین بڵێین هەمووشتێک دەدرێتە پاڵ شتێک جگە لەخۆی، چونکە جیهان لە یەک بنەڕەت سەرچاوەی گرتووە و لە کۆیی و پەرتەوازەییدا (الجمع والتفرقة)دا بەرجەستە دەبێ. بۆیە دەکرێ بۆ شتێکی دیاریکراو چەندین خوازە بەکار بهێنرێ. ئەمە حاڵەتێکی ئەنتۆلۆژی کراوەیە، کە وادەکا مەعریفە لە زنجیرە راڤە و لێکدانەوەیەکی جیاجیادا گوزارشتی لێبکرێ. هەموو راڤەیەکی نوێ بەرهەمی کردەی لێکهەڵوەشاندنی نیشانە و رەمزە کۆنەکانە، کە مانای دیکەیان لە چوارچێوەی خوازەدا لە خۆگرتووە. لە کۆتاییدا شت بەبێ ناو نابێ، ناویش ئاماژەیەکە دەبێ تێیبگەین و راڤەی بکەین . لێکدانەوەش بەبێ کردەی خواستن نابێ، کە بەهۆیەوە خەسڵەتەکانی ئەو بابەتە باس دەکا، کە لێی دەدوێ. کورتەی قسان ئەوەیە، کە بۆزانینی هەر شتێک پێویستیمان بەجۆرێک لە خواستن هەیە، کە شتێک دەداتە پاڵ شتێکی جگە لەخۆی و بەخەسڵەتێکی جیا لەخۆی گوزارشتی لێدەکا. کەواتە هەموو بەستراوەتەوە بەهەموو. بەو شێوە راڤەکردنەی نیشانە دەتوانین نیتشە بەزمانی ئیبن عەرەبی بخوێنینەوە. لەبەرامبەریشدا دەتوانین لەئاماژەکانی ئیبن عەرەبیدا نیتشە بخوێنینەوە، بەتایبەتی ئەو ئاماژەیەی، کە دەڵێ:

«هەرکەسێک راستی ناوەکانی زانی، کلیلی زانیارییەکانی دۆزیوەتەوە»

**خوێندنەوەیەکی روناکبینانە**

بەرهەمە رۆشنبیرییەکان، شیعر، فەلسەفە، رۆمان، چیرۆک، تابلۆ، شانۆ، مۆسیقا، هەر یەکێک لەمانە پێویستی بەخوێنەر هەیە. خوێنەرێک خاوەنی هەستێکی جوانناسی بێ، بەرهەمهێن بێ لەنێو ئەو لایەنە جیاوازو وێکچوانەی نێو دەقدا، بەدوای مانای نوێدا بگەرێ. دەق مەبەستەکانی خۆی راستەوخۆ ئاشکرا ناکا. بەئەندازەی ئەوەی دەدوێ بێدەنگە. بەئەندازەی ئەوەی ئاشکرای دەکا ئالۆزی دەکا، ناتەواوی لەنێو خۆیدا شاردۆتەوە، بۆشگە(فەزا)یەکە بۆ لێکدانەوە و راڤەکردن. هەموخوێندنەوەیەک بەشێوەیەک لە شێوەکان بەرهەمهێنانێکی دیکەیە، کە لەوەی پێشو جیایە. ناشێ وەک ئەوەی پێشووبێ مەگەر خوێندنەوەیەکی پیشەکی(الحرفیة) بێ ئەو کاتە لەخوێندنەوە دەشۆرێ و دەبێتە بێدەنگی واتە نەخوێندنەوە. بەم شێوەیە کاری رۆشنبیریی کارێکی فرە رەهەندو تێکچرژاو و جۆراوجۆرە. پێویستی بەخوێنەری نالەبار نییە، کە تەنهاورگرێکەو هەڵدەچێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە خوێندنەوە پێویستی بەخوێنەرێکی چالاک هەیە، خوێندنەوەکەی بەرهەمداربێ، لێکدانەوە و راڤەکردن، هەڵکۆڵین و لێکهەڵوەشاندن، بنەڕەتخوازو دامەزرێنەربێ. لەهەرحاڵەتێکدا نابێ خوێنەر، خوێنەرێکی نالەبار بێ، چونکە رووبەڕووی کارێکی ئامادەکراو نابێتەوە، بەئەندازەی ئەوەی رووبەڕووی کارێک دەبێتەوە، کە بەهۆی خوێندنەوەوە بەئەنجام دەگا. بۆیە لەسەری پێویستەخەیاڵ و فکری خۆی بخاتەکار، راڤە بکاو رابمێنێ، بخەملێنێ وردبێتەوە. پێویستە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا، بەدوای ئەو مانایەدا بگەڕێ، کە خوێنەری پێشو نەیدۆزیوەتەوە. دەقی تاکڕەهەند پێویستی بەخوێنەری نالەبار هەیە، چونکە ئەوکارە تاکمانایە بۆچوونێکی ئیمپریالییانەی هەیە، بواری خوێندنەوە نادا، بەئەندازەی ئەو ئامادەییەی هەیەتی بۆ لێکدانەوە و راڤەکردن، وەک ئەوەوایە پێش ئەوەی کردەی خوێندنەوەی بەسەردا جێبەجێبکرێ خوێندراوەتەوە. دیارە خوێنەرەکە شی هەڵدەچێ پێش ئەوەی کردار بنوێنێ، هیچ ڕۆڵێکی نییە تەنها ئەو زانیاری و گوتراوە ئامادەکراوانە

دەڵێتەوە، کە پێشتربیستونی. ئەو بڕیارە کۆتاییی و یەکلایکە رەوانەی بەلاوە گرنگن، کە جێگیرن و گۆڕان قبوڵناکەن. لێرەدا هەندێک کارو بەرهەم هەن، کە خۆیان بەتۆکمەوپتەو نیشانی خوێنەر دەدەن، دەیانەوێ خوێنەر لە ئاستیاندا دەمکوت و بێدەنگ بێ. ئەم جۆرە بەرهەمانە دەیانەوێ فێڵ لە خوێنەر بکەن، دەیانەوێ واخۆیان پێشکەش بکەن، کە راستییەکانییان لە خۆیاندا حەشارداوە وئەوەی لەوێدا گوتراوە ئاشکراو روونە، بەڵام ئەوەی لەو کارەدا دەبینرێ، تاکڕەهەندییە و ئەوئامانج و مەبەستەی لەپشت ئەم کارەوەیە لەخوێنەر دەشارێتەوە. لەزیادەڕەویکردن لە خۆ جوانکردنیدا، بێ دەنگی و کە موکوڕییەکانی دەشارێتەوە. لە زیادەڕەوی کردنیدا لەوەی ڕون و ئاشکرا خۆی نیشان دەدا، ئاڵۆزی و لاوازییەکەی دەشارێتەوە. لەم رێگەیەوە دەیەوێ، خۆی بەسەر خوێنەردا بسەپێنێ، بەبێ ئەوەی کە مترین ڕێز لەخوێنەر بگرێ. بەپێچەوانەوە کارو بەرهەمێکی سەرلێتێکدەر و بەمینرێژکراو، زۆر ڕێز لەخوێنەر دەگرێ، ڕوو لەخوێنەرێک ناکا، کە تەنها گوێدەگرێ، بەڵکو روو لە خوێنەرێکی شارەزاو رووناکبیر دەکا، خوێنەرەکەی لەو کەموکوڕی و خراپییە رزگاردەکا، کە گیرۆدەی بووە بۆ ئەوەی فێری خوێندنەوەیەکی کراوەی بەرهەمهێنەری بکا. دەیەوێ بەدوای ناسنامەی دەقدا بگەڕێ و لایەنە شاراوەکانی بدۆزێتەوە. لەهەمان کاتدا تواناو لێهاتویی خۆی بەرامبەر دەقەکە نیشان بداو گەمەی خۆی بکا. رۆشنگەری بریتییە لەوەی مرۆڤ بەئەندازەی هەڵچوون کاردانەوەی هەبێ، بەئەندازەی ئەوەی وەردەگرێ ببەخشێ، پرسیاربکا بەئەندازەی ئەوەی پرسیاری لێدەکرێ، کردەی ئاڵوگۆڕ و بەراوردی بیرورا ئەنجام بدا، بەڵام کارو بەرهەمێک، کە کەتوار(واقع) لەنێوان خوێنەر و خەونەکانی، لەنێوان مانا و سێبەرەکانیدا، لەنێوان دیار و نادیاردا، لەنێوان روانین و دەربڕینداو لەنێوان حەزو راستیدا، لەنێوان بەهەند وەرگرتن و یاریدا، دێنێ و دەبا، تەنها ئەم کارەیە خاوەنی هێزێکی رۆشنگەری، کە پێویستی بەخوێندنەوەیەکی رۆشنگەرانە هەیە، واتا خوێندنەوەیەک ئەوەی نەخوێندراوەتەوە دەخوێندرێتەوە، ئەوە گوزارشتی لێ دەکرێ، کە گوزارشتی لێ نەکراوە، یان نەویستراوە گوزارشتی لێبکرێ. ئاشکراکراوێکی کتوپڕ بەرجەستە دەکا، سەرنجێک راوەکاو دەیگەیەنێ، رەهەندە دوورەکان دەبینێ و بەسەر ئاسۆکاندا دەڕوانێ، نهێنی دەخوێنێتەوە. دەقیش وەک جەستە وایە، ناکرێ بەزۆر بخرێتە نێو چوارچێوەیەکەوەو تێکیبشکێنی. جیهانێکی مانابەخشە دەبێ بۆی بگەڕێینەوە، نەک بۆ ئەوەی لاسایی بکەینەوە یان لێی فێربین یان جێبەجێی بکەین، بەڵکو بۆ ئەوەی بەنێویدا بگەڕێین، ئەوەی نەخوێندراوەتەوە بیخوێنینەوە. ئەمەیە چالاکی رۆشنگەری، کە داهێنان و کارزانی بەرهەمدێنێ، بەشێوەیەک بوار بۆ هەرکەسێک دەدا، کە دەیخوێنێتەوە خاوەنی خودی خۆی بێ و ئازادانە کارامەیی و لێهاتویی خۆی بنوێنێ، لەرووی فکرو خەیاڵ و هونەرو حەزو ئارەزووەوە. بەم شێوەیە ناپاکی لەگەڵ شاکارە نەمرە جوانەکاندا ناکا، وەک ئەوانەی دەیانەوێ کردەی لاساییکردنەوە ئەنجام بدەن. لەجیاتی ئەوەی خۆی لەڕاستییەکان نزیک بکاتەوە، دەیەوێ ئازادانە بیروڕای دیکەیان دەربارە دەربڕێ.

**سەرچاوە:**

لەکتێبی( اسئله الحقیقه ورهانات الفکر)ی (علی حرب)ەوە کراوە بەکوردی

# بەختەوەریی...
# کانیلە زیوینەکەی ئادەمییان

بەهزاد حەوێزی



ئایا کرۆکی هەبوون و مانەوەی ئادەمیزاد، نەسرەوتن و کارکردن و بەرهەمهێنانی، خۆی لە چیدا دەبینێتەوە؟؟ ئایا ئامانجی چالاکییە بیری و جەستەییەکانی چین و لەپێناوی چیدا ئەو لە هەوڵ و کۆششدایە، ئایا ئەمانەو زۆری تریش ناچنەوە سەر رێچکەی گەڕان بەدوای بەختەوەریی؟؟ .

گەڕان بەدوای بەختەوەریی داینەمۆی روونی کاروکردەوەی مرۆییە، بۆیەش بەختەوەریی رۆڵێکی بنەڕەتی لە فەلسەفەی کارکردندا دەگێڕێت، بەڵام ئایا بەختەوەریی وەک دوائامانج و خودان بەهایەکی ئەخلاقی، واتە ئەو بەختەوەرییەی هەر ئادەمیزادێک بەدوایدا دەگەڕێت تاکەسەرچاوەی ئەخلاقییەتە؟ لێرەدا دووڕای جیاواز هەن :

* یەکەمیان دەڵێت: بەڵێ بەختەوەریی تاکە

سەرچاوەی ئەخلاقیەتە .

* دووەمیشیان دەڵێ: نەخێر، بەڵکە پێویستە لەسەرمان وێڕای ئامانجی بەختەوەریمان و ڕەنگدانەوەی، دەبێت بەدەنگ خواستە ئەخلاقییەکانیشەوە بچین .

بەختەوەریی لە فەلسەفەی ئادەمیزاددا پێگەی گرنگی خۆی هەبووەو هەیە، تەنانەت خەسڵەت یا ڕەگەزێکە تایبەت بەئەو، بەختەوەریی ئەو خێرو چاکەیەیە تایبەت بە مرۆڤ و تەنیاش ئاوها وێنادەکرێ و تەنیا لەسەر ئاستی ژیانی مرۆگەلدا واتای هەیە، بەڵام ئەو بەختەوەرییە هەقیقەتێکی درێژخایەن یا ڕەهایە یا کاتییەو دەمدەمییە، یا بەپێی کات و شوێن و هەلومەرجەکاندا دێتەکایەوە، ئەی «مرۆ بەختەوەر بێت» چ مانایەک دەگەیەنێ؟ هەر هێندە بەسە هەست بەو بەختەوەرییە بکات یا خۆی ئەو کەسە پێی وایە ئەو بەختەوەرەو ئایا ئەو بەختەوەرییەی ئەو کەسە تا کوێ بڕدەکات ؟؟ .

سیفەتی دیاری بەختەوەریی هەستکردنە بە ڕەزامەندێتی، کە لەئاست ژیان گشتی هەستی پێدەکەین، واتە بەدڵی خۆمان دەیگوزەرێنین و لامان پەسەندەو ئاواشمان دەستنیشان کردووەو ئومێدەواریشین ئاوهایی بەردەوام بێت، کەواتە بروامان بەو ستایلەی ژیانمان هەیە، کە پێمان وایە بەختەوەریی زێتر تێیدا ڕەنگدەداتەوە، بەڵام ئەو حەزو ئارەزووو پرۆژانەی مرۆڤ تاچەند لەگەڵ ئەو ئامانجەی یەکدەگرنەوەو ناکۆک نین لەگەڵیان، بێگومان هەرچی ئادەمیزاد خۆزگەو خواستیەتی بەرێکەوت نایەنە دی، لەهەمان کاتیشدا ژیانی ئادەمیزاد تژیە لە ململانێ و دژیەکەکان، جا لێرەدا زۆرجار بایەکە بەپێچەوانەی ئەو دێت و هەڵدەکات بەمەش دووچاری نائومێدی دەکات و لە بەختەوەریی دووردەکەوێتەوە، ئەو نائومێدیەی حەزو ئارەزووە چەپێنراوەکانی دادەپۆشێت بە لەدەستدانی ئەو هەستکردنە لەڕێی پێویستی دووچاری نامۆیی و خۆلەدەستدان دەبێت وەکو ونبوویەک جا لەو بارەدا بەختەوەریی نەک هەر مانای نامینێت، بگرە ئاسەواریشی وندەبێت، بۆیە ئەو هەستکردن و کارکردنە خۆی لە پێداویستییە بچووکەکانی ژیان و گوزەران دەبینێتەوە کاتێ ئادەمیزاد لەوانە بێبەش بوو ئەوە هەڵبەت ڕێگەی نابەختەوەری دێتەپێش .

ئایا ساتەوەختێکی بەختەوەریی بەشی هەرهەموو ژیانی ئادەمیزاد دەکات؟ خۆ خۆشەویستیش هاوشێوەی بەختەوەریی، پاشان هیچ کامێک لەو دوو ڕەگەزە جێگیرو نەگۆڕ نین واتە مەحکومن بەشێوەیەک لە شێوەکانی ناجێگیریی یا گۆڕان یا گەشە، کەواتە ناکرێ بەختەوەریی بەبێ توانای هەستکردن بەخۆشی و شادی یا ڕەزابوون یا لەززەت بەرجەستە بکرێ، ئەو کەسەی دووچاری داڕمان و نیگەرانی و خەمۆکی دەبێتەوەو هەستونەستی نەرێییانە وەک (ئیرەیی و نائومێدی و..تد) بەسەریدا زاڵە، ناکرێ بەکەسێکی بەختەوەری ناوببەین یا ئەو کەسەی هەست بەپەشیمانیەکی زۆر دەکات بەهۆی بڕیارگەلی یا ڕووداوگەلی ڕابردوو یا گەلەک هۆی دیکە، شتە گەوهەرییەکە ئەوتوانستەمانە لەڕووی هەستکردنەوە، جا پێوەری ئەو هەستکردن و توانستەش دەچێتەسەر چەندین ڕاو تیۆرو مەزهەبی فەلسەفیەوە .

تەنیا پەسەندکردن و ڕازیبوون و قبووڵکردن بەو حاڵەتە بەختەوەریی نادەنە دەستەوە، بەڵکە فاکتەری بیرکردنەوەی هۆشیارانەو بەبەهادارکردنی ژیانیش وەک یەکەیەکی یەکدیگیر وێنە هەرەدەوڵەمەندەکەی بەختەوەرییە بەپێچەوانەی وێنە هەژارەکەی خۆی لە تێرکردنی حەزو ئارەزووە

راستەخۆییەکان دەبینێتەوە .

دیارە بەتەنیا ئەوەندە بەس نییە مرۆڤ بەختەوەر بێت، بەڵکە ئەوەش گرنگە ئایا بەختەوەری ئەو کەسە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووەو ئەو شتانەی بەهۆیەوە بەختەوەرە چین، ئایا بنەڕەتین و سەرەکین یا نە؟ دەبێ ئەوەمان لاڕوون بێت بۆ ئەوەی لە هەقیقەتی ئەو بەختەوەرییە بگەین، هەروەها ناکرێ کەسانێک هەستیان بەوەکردو وایان نواند گوایە بەختەوەرن، ئیدی دەبێ دانی پێیدا بنێین، کە ئەوانە بەهەق بەختەوەرن، چونکە ئەمە وەک مەرجێکی زەرووری وایە، بەڵام بەپێی پێویست نییە بۆوەی بڵێین بەختەوەرن، چونکە بڕیارەکەیان رەنگە هەڵەو چەوت بێت، یا لە بیرورایەکی هەڵەوە یا زانیاری ناڕاست سەرچاوەی گرتبێت، چوون بەختەوەری پێوەری خۆی هەیەو دەوەستێتە سەر جۆری ئەو لەززەتەی هەستی پێدەکەین یا ئەو کۆمەڵە پرۆسەیەی تێربوون، کە تاقییان دەکەینەوە و ..هتد.

کەواتە پرسی رێژەیی دێتەئاراوە، ئەوەی شتێکی پێخۆشەو بەدڵییەتی پێی وایە لەو ئانوساتەدا تاڕادەیەک بەختەوەرە، کەچی یەکێکی تر بەپێچەوانەوە رقی لەو بابەتەیەو پێی وایە قێزەونە، لێرەدا دەبێت بەدوای پێوەری هەقیقی و یەکلاکەرەوە بگەڕێین وەک بیرمەندو فەیلەسووفەکان بەدرێژایی مێژوو شەنوکەویان کردووەو لە مەحەکیان داوە، دەشبێ جیاوازی بکەین لەنێوانی ساتەوەختی دڵخۆشی و شادی لەگەڵ ئەو بەختەوەرییەی وەک چەمکێکی فەلسەفی دەدرێتەقەڵەم، تۆ دیمەنێکی سروشتی یا تابلۆیەکی قەشەنگ یا درامایەک یا شانۆنامەیەک دەبینی پێت خۆشەو تام و چێژی تایبەتی لێوەردەگری، بەڵام ئەو ساتەوەختانە چیت لە ئەقڵ وهۆش و گۆش و هەست و نەستدا بەجێدێڵن بۆ

ئەوەی بەردەوام وەک بوونەوەرێک هەستبکات ئیدی بەوانەوە بەختەوەرە و ئەو گرنتیە چییە لەدەستی نادات .

هەستکردن بە بەختەوەریی کارێکە لەنێو ناخی ئادەمیزاددا چەکەرەدەکات، بەڵام دابڕاویش نییە لە دەوروبەر، جاری وا هەیە دەوروبەر ئەو کەسە بە بەختەوەر دادەنێت، بەڵام لەڕاستیدا خۆی لە ناخی خۆیدا پێی وایە وانییە (جیاوازی لەنێوان رواڵەت و ناوەڕۆکیدا) ئەمەشیان کارلێککردنی (خودیی - بابەتیی)ە، هەروەها پەیوەندی نێوان (تاک - کۆ) لەڕووی بەدیهاتنی بەختەوەرییەوە .

سەبارەت بە پەیوەندی بەختەوەریی بە ئەخلاقەوە فەیلەسووفە دێرینەکان بەشێوەیەکی بنەڕەتی گەڕان بەدوای بەختەوەرییان بە ئەخلاق گرێداوە، دیارە (ئیودامۆنیا eudaimonia -) بەختەوەریی یا گەشانەوە یا بووژانەوە وەک مەزەبێک لەوەوە هاتووە و ئەوان فەیلەسووفانیش داکۆکیان لە مەزەبی بەختەوەریی(eudemonisme) کردووە، کە دەڵێ ئادەمیزادی سەرڕاست و چاکەبەخش ئەوکەسەیە، کە دەگات بەتاکە کانیلەی راستەقینەی بەختەوەری مرۆیی، ئەمەش لەڕێی بەگژاچوونەوەی ئەوهەموو کۆسپ و تەگەرە سەخت و گشتییانەی بەردەمی .

هەر لەسەردەمی دێرینەوە بەختەوەریی پەیوەست بووە بەو ئەخلاقیاتەی دەچۆوە سەر گەڕان بەدوای خێرو چاکەی رەها، کە لەهەمانکاتدا خێرو چاکەی مرۆیی بووە، ئەویش بەختەوەریی و چاکەکاری ئەرکئامێزی ئەخلاقیانە، ئەو خێرو چاکە رەهایەش پێویستە گشت ژیانی مرۆیی بگرێتەوە نەک رووداوو بازنەو هەستونەستەکان، بەڵکە وەک دیاردەیەک لە دیاردەکانی چالاکی، کە خودی ژیان دەنوێنێ و پێکدێنێ، مەیلی سروشتی لای مرۆڤ ئەوەیە مرۆڤ بەلای ئەخلاق دەبات، ئەفلاتوون

ڕەنگە یەکەم و تاکەفەیلەسووفی گریک بێت لە هەندە نووسینیدا پێی داگرتووە لەسەر تایبەتمەندێتی هۆکارە ئەخلاقییەکان سەبارەت بە هۆکارە سروشتییەکان، ئینجا ئەقلانیەت و هاوکوفی بەو ئامادەباشیە سروشتییە « مەزهەبی دێرینی بەختەوەریی، کە ژیانی بەختەوەرانەو ژیانی ئەخلاقییانەی هاوجووت کردووە، پێی وایە : فەزیلەت وەزیفەی ئەقڵی مرۆیی بەدیدەهێنێت و ئەنجامدانی ئەو وەزیفەیەش بریتییە لە بەختەوەریی » .

بەختەوەریی وەک ڕەگەزو پێویستییێکی بنەڕەتی خود، لە هەمانکاتیشدا وەک هەقیقەتێکی خودایی وایە، بەڵام زۆربەی خەڵکیش دەتوانن پێی بگەن، زادەی ڕێکەوتیش نییە، ئەو خەیاڵپلاوییەش نییە لە فیکرو ئایدیۆلۆجیاو ئایینزایانەی لای ئەوانەی تەنیا لە غەیبدا دەژین و بەهیوای بەختەوەرییەکی وەهمین، بەڵکە کارو کۆششێکی مەزنیشی گەرەکە، جا بەوپێیە تەنیا ئەوانەی بەهایەکی ئەخلاقی دەنوێنن و پێڕۆی حیکمەتی ئەقڵ دەکەن، ئەوانەن بە بەختەوەر ناودەبرێن، هەروەها بەختەوەریی ئەو ماددە تاکوتەرایە نییە وەک هەندەک پێیان وایە کانگەی خۆشی و بەختەوەرییە یا ئەو کارو کۆششەی مەبەست و مەرامی ئەوەیە بەختەوەریی -ئیمتیلاک- بێ و جێی لەق نەبێ هەروەک (ڕواقییەکان) وای بۆچووبوون، بەختەوەریی چالاکییەکی سازاوە لەگەڵ - فەزیلەت- هەروەها ئامادەباشییەکی جێگیرانەو تەواوە، ئەوەش وزەو توانایەکی تایبەتی خۆی گەرەکە بەنەبوونی دەرفەتی پراکتیزەکردنی ئەو وزەو توانایەش ئەوە ئەو کەسە لە بەختەوەریی بێبەش دەبێت هەروەک کۆیلەو کۆیلایەتی .

بەختەوەریی لەدیدی ئەرستۆوە ڕەنگە تاڕادەیەک لە بابەتەکانی سوکرات و ئەفلاتوون سەرچاوەی گرتبێت، وێرای ڕەخنەو ڕێگۆڕینیان، سوکرات پێی وابوو گەران بەدوای بەختەوەریی دوا ئامانجە ڕێخۆش دەکا بۆ لێکدانەوەی کردەوەو حەزو ئارەزووەکانمان، ئاوهاش بەختەوەریی وێنادەکات وەک پراکتیزەکردنێکی باش وەک کارێکی تەکنیکی، کاتێکیش مەعریفە جڵەوگریەتی ئەوە هەمیشە سەرکەوتووە .

لە دیدی ئەفلاتوونەوە ئەو پێناسەیەی سوکرات لەمەڕ بەختەوەریی پەیوەست بەپاساواداریی کردەوەو چاکترین هۆیەکانی هەڵسوکەوتکردن وکارکردن، گرێدراوە بەبیرکردنەوەیەکی ئەپستمۆلۆجیایی و ئەنتۆلۆجیایی، فەزیلەت شێوەیەکە لە شێوەکانی مەعریفە، بەڵام تەنیا لە کۆتایی کارو کۆششێکی زۆری وەبیرخستنەوەیی، ئینجا پێی دەگەی، چوون نەفس درک بەهەقیقەتی ماقوولاتەکان دەکات و لەهەمانکاتدا درک بەخودی خۆیشی دەکات لەو سروشتە تایبەتە بەخۆی، ئیدی ئەفلاتوون لە کتێبی (کۆمار - Republique) ئاماژە دەدات چۆن ئەو کۆششە وا لە فەیلەسووف دەکات خودی خۆی بباتە لێواری ڕامانی وێنەی خێرو چاکە، کە هەوڵیش دەدات بۆ شاری بگوێزێتەوە، بەڵام بەتایبەت لەناخ و دەروونی خۆیدا بینەخشێنێ بۆوەی بۆی پاشان ببێتە ئەو تاکە سەرچاوە ڕاستەقینەیەی بەختەوەریی .

پەیوەستی بەختەوەریی بەگەلەک چەمکی دیکەی فەلسەفی زێتر دەمانباتە لێواری گفتوگۆ و بەدواداچوونی زێتر، هەروەها ئەو دیدوبۆچوون و تیۆرو مەزەبانەی هەر لە سەردەمی کۆنەوە تاکو ئێستا درێژەیان هەبووە، دیارە ئەو بیروبۆچوونانەش (مەبەست کۆنەکانە) بێ کەموکوڕی نەبوون و ڕەخنەی زۆریان لێگیراوە، بەختەوەریی و فەزیلەت دوو ماکی پێکهێنەری یەک هەقیقەتن و بەختەوەریش تەنیا ئەوکاتە دێت بچێتە پاڵ

فەزیلەتەوە، جگەلەوەش پەیوەندی هەیە لەنێوان بەختەوەریی و دەستنیشانکردنی ژیانێکی بەختەوەرانە، کام شت هەڵبژێرین هەق و راستی وخێر یا درۆوودەڵەسەی بەناو چاکەو خێر؟؟ ژیانی لەززەت و چەشە یا ژیانی فەلسەفی؟ .

لەبارەی ئەوەی ئایا بەختەوەریی تەنیا تایبەتە بەتاکەکەسێک و بەس، ئایا دەکرێ ئاوها وەک پێوەر دابنرێ و کاری پێبکرێ، بێگومان مەحاڵە ئاوها لەقەڵەم بدرێ و پێناسە بکرێ، کە تەنیا تاکەکەسێک بگرێتەوە، بگرە ئەو حاڵەتە هەروەک ئەرستۆ دەڵێ «باوک و دایک و هاوسەرو دۆست و برادەرو هاوولاتیان بەگشتی دەگرێتەوە، چونکە مرۆڤ بەسروشتی خۆی بوونەوەرێکی سیاسییە» لێرەدا خاڵێکی گرنگ دەوروژێت، ئەویش ئەوەیە بەختەوەریی بۆ هەمووان رەوایەو ئەوکاتەش ئەو بەختەوەرییە راستەقینەیە کاتێک بەختەوەری ئەم و ئەویش دەگرێتەوە، ئەرستۆ لە شیکردنەوەی دۆستایەتی وەک خۆشەویستییەک بۆ خێرو چاکەی ئەویدیکە شرۆڤەی دەکات، هەروەها ئەبیقۆر پێی وایە بەختەوەریی واتە بەختەوەریی نێو دۆست و برادەران، ئەفلاتونیش وەک ئەرستۆ پێی وایە ناکرێ بگەی بە چاکەو خێری ئەخلاقی بەبێ گرووپگەلی سیاسی .

ئایا ژیانێکی راست و دروست و لێوانلێو لە خێرو چاکەو جوامێری بەمانای ژیانێکی بەختەوەروشاد دێت، ئایا ناحەزو ستەمکارو هەقخۆران لە ژیانێکی بەختەوەرانە دەژین یا کەسانی هەقخوراو و یاخی و سەرراست وهەقبیانەت، ئەی ئەوەی دووەم دووچاری تەنگیی و هەڕەشەو کوشتوبڕ نابنەوە لەسۆنگەی ئەو هەڵوێست و بڕیارەیان، گەڕان بەدوای بەختەوەریی کرۆکی ئازادییە، ئەوەی ستەمکارو شاو دەسەڵاتداران پێوەی دەنازن و پێیان وایە ئەو پارەوپوول و سەروەتوسامان و کۆشک و تەلارانەیان تا سەر بەختەوەرییان پێدەبەخشن، ئەوە تا سەر ئەو بەختەوەرییە نییە پشتاوپشت لەززەتی لێبکەن، راستە ئەوان ئانوساتی ژیانی خۆیان لا کۆتایی هەموو شتێکەو ئیدی لەوەبەدەر بەختەوەریی و ژیانێکی بەختەوەرانە بۆ خەڵکی دیکە بوونی نییە، یا هەرئەوەیە کە ئەوان بەپشک و رەوای دەزانن، بەڵام ئەی فەزیلەت و دادپەروەری و هەق و ئەخلاق ؟ هەر راوبۆچوونێک پشت بەفەلسەفە یا مەزەبێک دەبەستێت، هەیە سەر بەمەزەبی (لەززەت وسوودمەندییە) هەیە بەرژەوەندیی، هەیە کاروکۆشش و بەرهەمهێنان، هەیشە ئەخلاق .

لەو دووریانەی بەختەوەریدا ئەوەی هەڵوەستەمان پێدەکات پرسیارێکە : کام پێوەر؟ کام فەلسەفەی بەختەوەریی و ژیانی بەختەوەر، بەختەوەریش وەک ئازادی ناکرێ هەر لە ناخ و دەروونەدا لە ئەندێشەو هزردا گینگڵ بدات، وەک خەون و رەمز لێکبدرێتەوە، بەختەوەریی ئەفسانەو چیرۆک نییە، هەقیقەتێکی هەرە چارەنووسسازی مرۆڤایەتییە، بەڵام ئەمرۆ لەژێر فشاری هەمەجۆری دەسەڵات و سیستەمەکاندا ئەوەی بەئیدیال لەقەڵەم دەدرێ (بەهاو ئەخلاق و ئەرک)ە، ئەوەیشی رۆڵگێرو بایەخداره رووە ماددیەکەی هەبوون و مایەیە، بۆیە ئەقڵ لە گەڕان بەدوای بەختەوەریی شەکەت بووە و تا چاو بڕبکات بەقەراغی ئەو رێگایە داماوەو چاو لە خاوەنەکەی دەگێڕێت، ئەو کەسەی شێتانە سەدەیەکە لەدەستی رایکردووە !.

٢٠٠٨/٦/٣

# نامەی زانست و هونەری رۆسۆ

و: سۆما رواندزی



رۆسۆ

بۆ ماوەی دوو سەدە شەپۆلی جەنگێکی ئایینی ئەوروپای وێران کرد، ئەو جەنگە بوو بەهۆی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سروشتی لە ئاکامی ئەوەدا کۆچکردنێکی زۆر بۆ خێزانە جیاجیاکان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکەی لێکەوتەوە، بەپێی کۆکبوونی ئەو دانیشتوانانەی کە لەسەر یەک رێبازن. لە ئەنجامی ئەوەدا(دیدیە روسۆ) کە دەکاتە باپیرەی(ژان ژاک)واتە باوکی دایکی لە شاری(مونلری)فەرەنسی بۆ شاری(ژنیف)ئاوارەبوو، بەپێی ئەوەی کە ئەو(پروتستنیا)، واتە....یەکێک لە نەوەکانی ناوی(ئیسحاق)بوو کە دەبێتە باوکی (ژان ژاک) لەشاری ژنێف بۆ ماوەیەکی زۆر کاری سەعاتچیەتی کردووە، لەپاڵ ئەویشدا بەفێرکردنی سەما خۆی خەریک کردووە، ژیانی هاوسەریەتی لەگەڵ خاتوو(سوزان برنار)پێکهێنا، کە یەکێکە لە دانیشتوانە بنەچەییەکانی ژنێف، کورێکی بوو ناوی نا(فرانسوا)، پاش ماوەیەک بەلەدایکبوونی ئەو کورڕ باوکی رۆسۆ ناچاربوو بۆ (قستەنتینیە)سەفەر بکات بۆ وەدەستهێنانی بژێوی ژیانێکی باشتر بۆ خۆی و خێزانەکەی، بۆ ماوەی شەش ساڵ لەوێ مایەوە، پاشان لەساڵی ١٧١١بۆ

ژنێف گەڕایەوە، لەپاش ساڵێک کوڕی دووەمیان بوو ناویان نا (ژان ژاک) کە لە ١٧١٢/٦/٢٨ لەدایکبووە، لەدوای لەدایکبوونی (ژان ژاک) بەچەند ڕۆژێک دایکی کۆچی دوایی کرد، لەبەرئەوەی خۆشەویستیەکی بەهێز لەنێوانیاندا هەبوو خەموخەفەتێکی زۆر لەنێو دڵی مێردەکەی کە زۆری خۆشدەویست و لە دڵی منداڵەکەی ژان ژاک جێهێشت کە هەردەم لەگەڵجێتی بەبیری دێتەوەو دەڵێ. «من لەسەرەتای لەدایکبوونم بێ هێزو نەخۆش بووم، بەلەدایکبوونیشم دایکم پاداشتەکەی دایەوە، ئەوەش یەکەم مەینەت بوو کە بەسەرم هاتووە. دوای مردنی خێزانەکەی باوکی نەیتوانی ژان ژاک پەروەردە بکات، لەلای پوورەکەی دانا تاکو لەماوەی ساڵەکانی یەکەمیدا چاودێری بکات، ئەو پوورەی زۆر بەکارزانی لە پەروەردەکردنی ئەو منداڵە کارەکانی خۆی بەجێهێنا، توانی ژیانی لە بێ هێزی و نەخۆشی و شتی دیکە بپارێزێت. ڕۆسۆ دەڵێ «تا تەمەنی پێنج ساڵی نەمدەزانی کە هەرچیم کردووە و ناشزانم چۆن فێری خوێندنەوەو نووسین بووم، تەنها ئەوەم لەبیرە ئەو کاتژمێرانەی لەگەڵ باوکمدا بەیەکەوە دەمانخوێندەوە، باوکی داوای لە ژان ژاک دەکرد کە ئەو چیرۆکانەی دایکی دەیخوێندەوە ئەویش بەدەنگێکی بەرز بیخوێنێتەوە، بەدرێژای شەو هەردووکیان ئەو چیرۆکانەیان دەخوێندەوە، وا هەستیان دەکرد لەنێوان لاپەڕەکانی ئەو کتێبە دایکێکی بەسۆزو خێزانێکی خۆشەویست دەبینن، چەندین جار خۆرهەڵدەهات بەرلەوەی چیرۆکەکە تەواو بکەن، باوکی داوای لە کوڕەکەی دەکرد بخەوێ. هەروەکو چۆن هەردووکیان لە خەونێک بن لە خەونەکانی منداڵێتی.

لە دەوروبەری ساڵی ١٧١٩ کاتێ لە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی لە کتێبخانەی دایکیدا هەبوو تەواوبوون، روویان لە کتێبخانەکەی (باوکی دایکی)، واتە باپیرەی ئەویش (قسیسی بڕۆتستانتی) خاوەن بیرو سەلیقە کرد. خوێندنەوەکەیان لایەنێکی پتەوی وەرگرتبوو، ئاخاوتن و بیرکردنەوەیەکی دروست لەنێو مشتومڕەکەدا پەیدا دەبوو لەگەڵ شیکردنەوەی چەمکی نووسەرەکان ئەوانەی کە دەیانخوێندەوە، لەوانەش وەکو نموونەی «بوسییە (خطاب فی التاریخ العام) وتار لە مێژووی گشتی) و «فونتیل (محاورات الموتی) گفتوگۆی مردووەکان» و «ئوفید (التحولات) گۆڕان» وهەندێ نووسراوەکانی (بلوتراک) و هەندێک لە چیرۆکەکانی (مولێر) و هی دیکەش...

ژان ژاک ڕۆسۆ دەڵێ: زۆر سەرسام بووم بەنووسین و بەکتێبەکانی (بلوتارک)، هەردەم دووبارەم دەکردنەوە، بەڵام (بروتس)م پێ باشتر بوو، یەکێک بوو لە شۆڕشگێڕەکان کە کۆماریان لە ڕۆما دامەزراند، (ئەریستید) کە لە ئەسینا بەدادپەروەر ناسرابوو، (ئورونذروت) و هی دیکەش.. ئەو هەموو خوێندنەوانە کاریگەرییەکی روونی لە پێکهاتەی ڕۆشنبیری ژان ژاک و پێزانینی بۆ زۆربەی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هەبوو، گوتی: پێش ئەوەی بیرکردنەوە بزانم هەستپێکردنم زانی؛ ئەوەش بەشی مرۆڤی هاوبەشە، بەڵام بەشی من لە کەسێکی دیکە زێتر بوو، سەبارەت بەتەمەنم بەو بابەتە ترسناکانەی پەیوەست بوون بەمەیل و رابواردن تێگەیشتنێکی چاکم دەستکەوت، بیرم لە هیچ شتێک نەدەکردەوە، بەڵام هەستم بەهەموو شتێک دەکرد، هەستم بەوەش دەکرد کە من کەسێکی ڕۆمانی، یان یۆنانیم، وەکو ژیانی ئەو پاڵەوانەی لە چیرۆکەکەدا دەمخوێندەوە دەژیام... (ئیسحاق ڕۆسۆ) ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێت چاودێری (ژان ژاک)ی کوڕەکەی کردووە، هەروەها پوورەکەشی چاودێری کردووە، بەڵام کوڕە گەورەکەی کە (فرانسوا)ی ناوبوو حەوت ساڵ لە (ڕۆسۆ) گەورەتر بوو. پشتگوێیان خستبوو ئەویش لە ساڵی ١٧٢١ بۆ دواجار

ماڵەکەی جێهێشت. ڕۆژێکیان (ئیسحاق ڕۆسۆ) دەکەوێتە شەڕێکی توند لەگەڵ یەکێ لە دانیشتوانی ژنێف، زۆر بەخـــراپی لێی دەدا، ناچار لە ترسی راوەدوونانی دادگا بۆ(نیون) رایکرد، کە دەکەوێتە سەر کەنارەکانی دەریاچەی(لیمان)و لەوێ نیشتەجی بوو، بەڵام (ژان ژاک)ی لە قوتابخانەیەکی ناوخۆیی لە لای(قەشە لامیرسیە) دانا لەناوچەی(بوسای) کە دەکەوێتە قەدپاڵ چیای(سالیف). لەوێ هاوڕێیەکی لە خـوێندن و یاریکردن بەناوی(برنار) کـە خـزمی خۆیان بوو پەیداکرد، ژیانی لە (بوسای) بەخۆشی و کـامـەرانی بوو بەتایبـەتی کـە لە باوەشی سـروشت دەژیا،(ژان ژاک) بۆ مـاوەی دووسـاڵ لە(بوسـای) ژیا، پاشان لەگەڵ(برنار)ی هاوڕێی گەڕایەوە ژنێف. دوایی سەردانی باوکی کرد لە(نیون)، بەڵام زۆر لە لای نەمایەوەو گەڕایەوە ژنێف، ئەو شوێنەی لەگەڵ خـانەوادەکـەی(برنار)ی هاوڕێی بۆ مـاوەیەک لێی نیشتەجێ بوون...

لە تەمـەنی پانزە سـاڵیـدا(ژان ژاک) بیـری لە هەڵبژاردنی کارێک کردەوە بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیانی، ویستی ببێت بەقەشەی پرۆتستانتی، بەڵام کەسوکاری وایان پێ باش بوو پیشەیەکی دەستی بکات، بۆیە لەلای نەخـشـەکـارێکیـان دانا بۆ فـێـربوونی پیـشـەکـە، لەسـەر قـسـەی خـۆی ئەو نەخشکارە ناوی(دوکومان) بوو، کەسێکی توندڕەو و خـۆویست و کـەمـتـەرخـەم بوو،(ڕۆسـۆ) لێی دوورکـــەوتەوە، بۆ ڕۆژە نـاخـــۆشـــەکـــانی گوتی:«ئامادەبووم بەهەر کارێک رازیبم بەشێوەیەکی تایبەتی ئەو پیشەیە، بەڵام ستەمی مامۆستاکەم وای لێکردم لە کۆتاییدا لە کارەکەم بێزاربیم»

ئەو کوڕە گەنجە بۆ ئەوەی تێربێت ناچارکرا خواردن بدزێ، پاشـان رووی کـردە دزینی شـتـومـەک و دەیفرۆشتن. سەرەڕای ئەو هەموو شتانە هەر خولیای خوێندنەوە بوو تەنانەت لە کاتی کارکردنیش کتێبی جێنەدەهێشت، زۆرجار لە لایەن وەستاکەی سزای وەرگرتووەو زێتر گۆشەگیری کرد، لە ڕۆژانی پشوو و جەژنەکان لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێکانی بۆ گەشت و گەڕان بەرەو باخچە دوورەکان دەچوون، کاتێ سەیری سروشتی دەکرد جڵەوی بۆ دەروونی شلدەکردو لەبیری دەچوو دەبێ لە کـاتی دیاریکراودا بگەڕێتـەوە. وا ڕێکەوت دووجـــار درەنگ هاتەوە بینی دەرگـــای باخچەکان داخراون، لە لای وەستاکەی سزاو قسەی ناخۆشی پێ گـوترا، بۆ جـاری سـێـیـەم کە دیسـان هاتەوە ناچاربوو لە رقی وەستاکەی و رزگاربوون لێی ژنێف جێبهێڵێ.

ژان ژاک ڕۆسـۆ لە قـۆناغی گـەنجێـتـیـدا وەکـو بیرمـەندو فەیلەسـوف... کاتێک نامـەی زانست و هونەر(خطاب العلوم والفنون)ی بەسـەرکـەوتن بەدەستیهێنا. ڕۆسۆ باوەڕی بەخۆی گەڕایەوە. دوای ئەوەی لە زۆربەی لایەنەکـانی ژیانیـدا سـەرکـەوتوو نەبـوو. دوای ئەو سەرکەوتنەش چەمکی پاڵەوانی و بەخشندەیی لە دەروونیدا هەستی پێکرد کە لە کاتی ئەو خوێندنەوانەی لەگەڵ باوکیدا کۆی کردنەوە لەسەر ئەوەش گوتی: «هیچ شتێک لەوە بەهێزترو جوانتر نابینم کـە مـرۆڤ ئازاد و بـاش بێت. سـەرکـەوتووبێ لەسەر رای گشتی و سەربەرزبێت»

لەوکاتەی شانۆگەری «عراف القرية» فاڵگرەوەی لادێیی نمایش کـــرا، شـــانۆی فـــەرەنسی شـانۆگـەری(نرسـیس)ی ڕۆسـۆی پێـشکەشکرد، مـاوەیەکی زۆر بـوو نووسیـبـووی، بەڵام بەدڵی نەبوو لەگـــەڵ ئـەوەشــدا بڵاوی کـــردەوەو لـە نـامـــە بەناوبانگەکـەی(العلوم والفنون) زانست و هونەر، باسی لێوە کردبوو.

لە ساڵی ۱۷۵۳ کۆمەڵەی(دیجون)ی زانستی بۆ ئەو سـاڵە بابەتێکیـان پێشنیـارکرد، ئەویش (ئایا بنچینەی جوودایی لەنێوان خەڵکدا چییە؟ ئایا ئەو جیاوازییە بەڕێگەی سروشتییەوە جێبەجێ دەکرێ؟..

ڕۆسـۆ بۆ ئـەم باسـە ڕێگـەیەکی لەنێـو نامـە بەناوبانگەکەیدا دۆزییەوە، بەڵام ویستی زێتر بچێتە

قوولایی لایەنەکە، بۆیە سەرلەنوێ بیری لێکردەوەو بەباشی زانی لەگەڵ هەردوو هاورێکەیدا پاریس جێبهێڵێ و بۆ (سان جرمان) بڕۆن، بۆ ئەوەی بۆ سروشت بگەڕێتەوەو لە پشێوی کۆمەڵگەو جەنجاڵی پایتەختی فەرەنسادا بحەسێتەوە، بەڵام زۆر لە(سان جرمان) نەمایەوە، بڕیاری گەڕانەوەی خۆی و هاوسەرەکەی و یەک لە هاورێکانی بۆ ژنێف دا، چونکە زۆر پێویستی بەخێزانەکەی هەبوو، بۆ ئەوەی چاودێری بکات لەبەرئەوەی بەنەخۆشی زەرداو دەیناڵاند و تاکو کۆتایی ژیانی لەگەڵیدا بوو.

ڕۆسۆ بەو دەسەڵاتەی کە ڕژێمی کۆماری لە ژنێف وەریگرتبوو سەرسام و بۆی بەپەرۆش بوو.

لە کاتی گەیشتنی هاوولاتییە بنەچەییەکان بەڕێزەوە پێشوازیان لێکردن، کەچی ئەو شەرمەزاربوو بەهۆی لە دەستدانی مافی وەکو هاوولاتییەک لە ژنێف و بەهۆی تێکەڵبوونی لەگەڵ ئایینی(کاثولیکی)و بەلاوەنانی ئایینی باوباپیرانی، بۆیە بڕیاری گەڕانەوەی بۆ ئایینەکەی خۆیان و کەسوکاری داو بوو بە(قەشە)و پاشان مافەکانی وەکو هاوولاتییەک لە ژنێف لەگەڵ(تریز)ی هاوسەریدا.

پاش بەسەربردنی کاتێکی خۆش لە ژنێف لە تشرینی دووەم گەڕایەوە پاریس بۆ بلاوکردنەوەی«نامەیەک لە بنچینەی جودایی لەنێوان خەڵکدا» پێشکەشی کۆماری ژنێفی کرد، ویستی هاوولاتییەکانی دڵخۆش بکات، بەڵام ئەو پێشکەشکردنە بووە هۆی دوژمنایەتی لە ئەنجوومەن و چاوتێبڕین لە بۆرژوازییەت و، لە لایەکی دیکەوە خاتوو(دیبنای) خانوویێکی تایبەتمەندی بەناوی(ئەرمیتاج) لە باخچەی(مونمورنسی) دروستکردبوو پێشکەشی بە ڕۆسۆ کرد بۆ ئەوەی لەوێ نیشتەجێ بێت و لە خۆیشی نزیک بێت.

ڕۆسۆ دانەیەکی لە دوانامەکەی بۆ ڤۆلتێر نارد، بەو هیوایە بوو ڕای لێ بێت و هەروەکو پێشتر کە پەیمانی پێدابوو هانی بدات... ئەو بیرمەندە گەورەیە بەو وشانە وەڵامی دایەوە:«... هیچ یەکێک هێندەی تۆ بەچەمکەکان راینەبواردوە، تاکو وەکو وڵاخ لە یەک بچین؛ مرۆڤ کاتێ نامەکەت دەخوێنێتەوە حەزدەکات لەسەر هەر چوارپێ بڕوات».

(رای) کەسێکی هۆڵەندی بوو هەڵسا بەچاپکردنی نامەکەی(جودایی لەنێوان خەڵک) لەگەڵ پێشەکییەکی درێژ پێشکەشی بەکۆماری ژنێف کرد، بەو هیوایە بوو کە بگەڕێتەوە نیشتمانەکەی، بەڵام نەیتوانی هەر لە(ئەرمیتاج) مایەوە.

ڕۆسۆ هەوڵی داوە کە ژیان و کارەکانی لە(ئەرمیتاج) ڕێکبخات لە بەیانیان وەکو پیشەکەی کە لەبەر گوتنەوەی نۆتەی مۆسیقا بوو بەردەوام دەبوو، کاتەکانی دیکەشی بەگەڕان بەسەردەبرد، دارستانی(مونمورنسی) بووە کتێبخانەیەکی فراوان بۆ هیواو بیرۆکەکانی، وازی لە هەندێ نووسینەکانی هێنا گرنگترینیان«دامەزراوە سیاسییەکان- المؤسسات السیاسیة»بوو، ئەو کتێبە چاپ نەکرا، بەڵام بەشێکی لە دوایدا بوو بە(گرێبەندە کۆمەڵایەتییەکان- العقد الإجتماعی) لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٧٥٧ ناچاربوو(ئەرمیتاج) جێبهێڵێ و بۆ(مون لویس) بچێ پاشان لەسەر داوای(ماریشال دولوکسمبورگ و هاوسەرەکەی) کە لە کۆشکی(مونمورنسی) دەژیان داوایان لە ڕۆسۆ کرد لەگەڵیان نیشتەجێ بێت، ئەویش لەبەر خۆشەویستی بۆ سروشت یەکسەر رازی بوو. ئەمجارە لەباوەشی سروشتدا نووسینەکانی«هیلوییزا الجدید»و بلاوکردنەوەی«العقد الإجتماعی» و «آمیل»ی تەواوکرد. بلاوکردنەوەی«العقد الإجتماعی» کاریگەری زۆری لەسەر کۆمەڵگە نەبوو بەتایبەتی لە فەرەنسا، بەڵام کتێبی«آمیل» نارەزایی لە لایەن باوەڕدارەکان و بێ باوەڕەکان پەیداکرد، بۆ لابردنی ئەو ناقایلییە بەهێزە لەسەر ڕۆسۆ مەسیحییەکان و فەیلەسوفەکان پێکهاتن. لە حوزەیرانی ساڵی

١٧٦٢ دوای یەک مانگ لە بڵاوبوونەوەی کتێبی«آمیل» پەرلەمانی پاریس بڕیاری سووتاندنی کتێبەکەو بەندکردنی نووسەرەکەی دا. بۆیە هاوڕێکانی بۆ پاراستنی ژیانی ئامۆژگاریان کرد بچێت بۆ ئینگلتەرا، بەڵام ئەو سویسرای وڵاتی ئازادی پێ باشتر بوو، چوو بۆ شاری(ئیگردون) هەرچەندە هاوڕێکانی پشتگیری چەمکەکانی رۆسۆیان دەکرد، بەڵام نەدەوێران بەئاشکرا رایبگەیەنن،

لەساڵی ١٧٧٠ بۆ ئەوەی دوژمنەکانی بێ دەنگ بکات گەرایەوە پاریس، وەزیری دەرەوەی ئەوکات«دوق دوشوازیل» رێگەی هاتنەوەی پایتەختی بەرۆسۆ دا.

رۆسۆ زۆرجار لەدوای تەواوکردنی کارەکەی لەگەڵ«برناردان دوسان»ی هاوڕێی بەنێو دارستانی«سان کلو»و یاخود بۆ سەر لێژییەکانی«فیل دافری»دا دەگەڕان، بەتایبەتی لەو بۆنانەدا رۆسۆ«تأملات متنزه منفرد»ی نووسییەوە شانازی بەجوانترین ئەو لاپەڕانەی نووسیبووی دەکرد.

لەماوەی نووسینی ئەو کتێبەیدا باری تەندروستی رۆسۆ بەرەو خراپی دەچوو،«مارکیز دی جیرار دان» لە کۆشکەکەی خۆی خانوێکی پێ دا، تەندروستی کەمێک باشتر بوو، بەیانییەکەی بانگی(تریز)ی هاوسەری کردو پێی گوتبوو.«تکایە هاوسەرە ئازیزەکەم ئەو پەنجەرەیەم بۆ بکەرەوە تاکو بەدیتنی جوانی ئەو سروشتە سەوزە دڵخۆش ببم!. لە ١٧٧٨/٧/٢ لەناکاو کۆچی دوایی کردووە... زۆربەیان دەڵێن مردنەکەی سروشتی نەبووە، هەندێک دەڵێن بە(قورقوشم- الرصاص) خۆی کوشتووە. هەندێکیشیان دەڵێن کە(تریز)ی هاوسەری لە کاتی تووڕەبوون زۆر بەتوندی لە سەری داوە، بەڵام پاشان بەئامادەبوونی دەستەی فەرمی رتەرمیان پشکنی، کە هیچ کونێک یان شکانێک لە میشکی بەدەرنەکەوتبوو. ئەوەی زۆربەیان پەسندیان کردبوو ئەوەبوو کە هۆی مردنەکەی لە ئەنجامی ژەهراویبوونی خوێن بوو کە لە نەخۆشی زەرداو(المراره)دا بەدرێژایی ژیانی هەیبوو.

لە دوورگەی(الحور) لەناوەڕاستی باخچەی(ارمینونفیل) نێژرا، لە ساڵی ١٧٩٤ لەسەر بڕیاری حکوومەت رتەرمەکەیان بۆ(البانتیون) گواستەوە بۆ ئەو شوێنەی کە رتەرمی ڤۆلتێری رکابەری لێبوو.

گواستنەوەی رتەرمی بەڵگەیەکی سیاسی لە دواوەبوو، نێردراوی رەسمی و میللی تێیدا بەشداریکردووەو کەژاوەکەی لە کۆشکی(تویلری) بۆ(البانتیون) بەرێکەوت، کە لەچەند کۆمەڵەیەک پێکهاتبوون هەریەکەو هێمای کتێبێک بوون لە کتێبەکانی، بەرامبەر بەئەندامانی حکوومەت رێدەرێک«العقد الإجتماعي»ی هەڵگرتبوو، نوێنەرێک لە منداڵان و دایکان کتێبی«آمیل»یان هەڵگرتبوو و میوزیکژەنەکانیش ئاوازەکانی ئۆپەرێتی«عرّاف القرية»یان دەژەنی و کۆمەڵێک دەفری گەورە کە چەندین گوڵ و بەرو گیای جوانی لەسەر بوو نیشانەی خۆشەویستی بۆ سروشت بوو. نوێنەری دیکەش لە دانیشتوانی شاری ژنێف لەدایکبوونی و سەرچاوەی پێکهاتەی بنەڕەتی کەسایەتییان دەنواند.

ئەوەبوو ژیانی«ژان ژاک رۆسۆ» هەر لە ئەورووپاوە بۆ ئەمەریکاو لە ئەفەریقیاوە بۆ ئاسیا، ئەو ناوە لە دڵی دەسەڵاتداران و لەنێوان لاپەڕەکانی رۆشنبیران دەزرنگایەوە، ئەوانەی بەخۆیان دەبینی کە ناتوانن بەهیچ شتێک و بەو زوڵمە مرۆڤانەیەی لە لای مرۆڤ و تێکدانی بەردەوامی ئەو سروشتە جوانە هەڵبستن.

**سەرچاوە:**
سلسلة أعلام الفكر العالمي
تأليف: موريس شربل - ميشال أبي فاضل

# هەڤپەیڤین

## ئیدوارد سەعید:
## پێمبڵێ پەیوەندی رژێمی سعودی، سووری یان میسری بەناسیۆنالیزمی عەرەبییەوە چییە؟ پێتدەڵێم... هیچ

و: لە عەرەبییەوە: دیار عەزیز شەریف

ئیدوارد سەعید (١٩٣٥-٢٠٠٣) رەخنەگرو نووسەری ناوداری فەلەستینی، سەرجەم ژیانی خۆی لەنێو ئەوروپاو ئەمریکا بەسەربرد. مامۆستای ئەدەب بوو لە زانکۆی کۆلۆمبیا، نیویۆرک، تا مردنی بەنەخۆشی لوکیمیا لە ٢٥ سێپتێمبەری ٢٠٠٣. لە کتێبەکانی: «رۆژهەڵاتناسی»و «رووپۆشکردنی ئیسلام»و «پرسیاری فەلەستین»و «جیهان، تێکست و، رەخنە»، «سەرەتاکان»و «رۆشنبیری و ئیمپریالیەت»و، «دەرەوەی شوێن»و هی دیکەش.



ئیدوارد سەعید

*** بەو پێیەی کەسێکی بێگانەی، یان پەناهەندەی، ئایا باوەڕت بەبوونی شتێک هەیە بەناوی ترادسیۆنی ئەوروپی جیاکار؟**

– باوەڕناکەم پرسیارەکە بەو شێوەیە بێت، چوون مرۆڤ لە توانایدایە قسە لەبارەی ترادسیۆنی ئەوروپی بکات بەو مانایەی کۆمەڵێک ئەزموون و شارەزایین بەدیاریکردنی شوناسەوە پەیوەستن، کۆمەڵێک دەوڵەت و، نەتەوەو، پاشماوە کە ڕێچەکەی ئەوروپا کاریگەری بەسەریەوە هەبووە. بەڵام ئەمە، لەهەمان کاتدا، دەبێ بوونەوەری پشت یان دەرەوەی ئەوروپا لەو جیهانە دانەبڕین. لێرەدا دەربڕینێکی جوان هەیە کە لە ژینگەی جەزائیری وەرگیراوەو لەگەڵ مەبەستەکەمان دەگونجێت، ئەویش «دوژمنەکان یەک ئەویتر تەواو دەکەن». لێرەدا تیکەڵاوییەکی تەواو لەنێوان ئەوروپاو دوژمنەکانیدا هەیە، ئەوە بەرەنگاربوونەوەیەکی وروژێنەرە کە ئەوروپا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بۆئەوەی لە کۆی پێوەندی و وابەستەبوونە دەرەکییەکانی ڕزگاری نەبێت، هەوڵدەدات بۆ نموونە بێگەردەکە بگەڕێتەوە.

*** ئەمڕۆ چی لە «بیریاری ئەوروپی» دەمێنێتەوە؟**

– بیرۆکەی بیرمەند یان ڕۆشنبیر کە کەسێکی پیشەگەرەو لە بەرامبەر خزمەتەکانی پاداشت دەکرێت، ڕاستییەکەی ئەمە لە وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا کێشکردنێکی نائاساییی بەرەو سەنتەرەکانی هێز بەدەستەوە دەدات، مانای ئەوەیە ڕۆشنبیر پێی وایە پاداشت یان ئامانجی بەدەستهێنراو لەبەرامبەر ئەو شتەی کە ئەنجامی داوە یان بەدەستی هێناوە دەچێتە نێو گەمەیەکی بەسیاسیکراو، لەچوارچێوەی ڕۆڵێکی دەوردراو بەسیاسەت، بەمەش دەبێتە دروستکەری ڕاوبۆچوون و، دروستکەری سیاسەت. کەچی تێڕوانینی من ئەوەیە ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە بنەڕەتدا لە برەوپێدانی هۆشیاری دایەو بەهۆی شلەژان و ئاڵۆزییەکان، وەک تاکەکەسێک کە بەرپرسیارێتی کۆمەڵگاکەی لەئەستۆدایە دووچاری دڵەڕاوکێ دەبێت. ئەو دەورەش پسپۆڕێتی نییە، بەڵکو پەیوەندی بەپرسگەلێکەوە هەیە کەوا لەگەڵ ڕێساکانی ئاکاری پیشەگەری یەکتر دەبڕن. ئەوە دەڵێم لەبەرئەوەی ئێمە درک بەو قسەیە دەکەین کە بەپیشە پەیوەستە. مەبەستم ئەوەیە قسەکردن بەو ئاراستەیەی کەسانێکی خاوەن زانیاری بەبێ کەسی تر ئەوە تەنها قسەیەکی تێکەڵوپێکەڵە، دواجار بەرزکردنەوەی یەکێک و مانەوەی ئەوانی دیکەیە بەملکەچی. ئەمە مەسەلەیەکە لە قووڵاییدا بێزاری دەوروژێنێت، لەبەرئەوەی وا دیارە کۆمەڵگا لە دوو جۆرە خەڵک پێکدێت. کۆنەزەرڤاتیستەکان کە لەسەر ئەو بارودۆخە ڕێدەکەن و دەمێننەوە کە لەئارادایە، هەروەها ڕۆشنبیرەکان کە جیاوازن و خەریکی گۆڕانکارین.

*** تۆ لێرەدا هەڵدەستی بەگومانکردنێکی مۆراڵی لەبارەی بەرپرسیارێتییەکی تایبەت بەهاوڵاتی وەک تاکێک.**

– بەڵێ، باوەڕدەکەم ئەمە پرسێکی جەوهەری بێت.

*** تەنانەت ئەمە مانای ئەوەیە کە ئاڵۆزبوون یان شێواندن و تێکچوونێکی سیماکان لەئارادایە، ئەمە وایە؟**

– ڕێک وایە. ئەوەی کە لای من زۆر جێی بایەخە ئەوەیە کە من خاوەنی هەستێکم، ڕەنگە بەهۆی ڕێککەوتی لەدایکبوون بێت، بەوەی سەر بەگروپێکی نەتەوەیی–فەلەستینم. فەلەستین تەنیا ململانێیەکی نەتەوەیی نییە، بەشێک لە پرسەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، بەڵام وابەستەبوونێکی توندی بەکێشەی کولتووری تایبەت بەناسامیزمەوە هەیە. ئێمە بووینەتە میراتگری ناسامیزمی ئەوروپی: ئێمە قوربانی قوربانییەکانین، ئەگەر دیقەت بدەیت. ئەمە

دەورێکی زۆر ئاڵۆزە. بەهەرحـاڵ، هەبوونی چەند وابەسـتـەبوونێک لەگـەڵ گـروپێکی نەتەوەیی یان کۆمەڵەیەک، گرنگ نییە تۆ نەتەوەیی بیت، ئەمەش بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی مرۆڤ ڕاستگۆ بێت.

*** بەڵام وای نابینی کـە ڕۆشنبـیـر لەم خـاڵەدا ڕۆڵێکی کـۆمـەڵایەتی و مـۆراڵیٚ هەیە، کـە توانای کەنارگیـرو ڕاڤەکـردنی ئەفسـانەو سیـمبـولەکانی دەبێت، ئەمەش لەڕێی سەرخستنی ترادسیۆنەکانمان یان سەرخستنەوەیان؟ ئێستا قسەیەکی زۆر لەبارەی دروســـتکردنی ئەوروپایەکی نوێ لەئارادایە، ئایا هەست بەبوونی مـــەترسی ســـەرهەڵدانی ئیمپریالەتێکی کولتووری نوێ ناکەیت؟**

– پێموایە ئەگەری سەرهەڵدانی ئیمپریالیەتێک کە دەکرێ مرۆڤ لەڕووی زیهنییەوە بەئیمپریالیەتی ئەوروپی سەدەی نۆزدە گرێیبداتەوە، پرسێکە زۆر بەو توندییە لەئاردانییە. هەروا پێموایە هێزی هەژمـــــونکاری وڵاتە یەکگرتووەکـــــان و کـاریگەرییـەکـانی جـۆرێک لە کـۆسپ و تەگـەرە لەبەردەم ئەمەدا چێدەکـات. جوانە مـرۆڤ بیـر لە ئەوروپا بکاتەوە –هەر هیچ نەبێت ئەوە ڕێگەی بیرکردنەوەی منە لە تێڕوانینی تایبەت بەجیهانی عـەرەبی– بەوەی نموونەیەکی بەرامـبـەری وڵاتە یەکگرتووەکـانە، بەشێکی بەهۆی دەریای سپی ناوەڕاست کـە هەندێک وڵاتی باشـووری ئەوروپاو باکووری ئەفریقیا بەیەک دەگەیەنێت، فۆرمێک بۆ ئاڵوگۆڕی کولتووری پەرەپێدەدات بۆ ئیمپریالییە (ئیمپریالی نییە) ئەمە دەرفەتێکە بۆ وەرگرتن و بەخشینی ئاڵوگۆڕئامێزی زیاتر لە پێشان.

*** بەڵام، ئایا ئەوروپا لە قـبـوڵکردنی ئەویـتـرو دانپێدانانی لەناوەڕاستدا سەرکەوتووە: ئایا ئەویتری ترادسیـۆنی، لەو قـۆناغـەدا، عـەرەب یان جـیـهـانی ئیسلامی پێکهێناوە؟**

– نەخێـر، من باوەڕناکـەم. بەڵکو کـێشـەیەک دەبینم. ئیتالیا بەنموونە وەرگرە. ئیتالیا وایدەبینێ کـە ئەو نزیکەی ملیـۆنێک مـوسـڵـمـانی کـەوتۆتە سـەرشـانی، هەمـوویان لە باکـووری ئەفـریقـیـاوە هاتوونە، زۆربەیان لە لیبیاو تونس و هەندێکیان لە میسر. ئەو مەسەلەیە دانی پێدانەنراوە، فەرەنساشی لەگەڵدا بێت کە دوو، یان سێ ملیۆن مـوسـڵـمـانی تێـدایەو، پرسـێکی سیـاسی لە خـۆیدا دروست کــردووە. کــەچی من پێــمـــوایە لێکۆڵینەوەو مـشـتـومـڕکردن، تەنانەت ئەو جۆرە ڕقوکینەش کە لەنێوان لی پێن LePen و هەندێک لە لیبراڵییە دژەکانیان هەیە، زۆر باشترە لەو بێدەنگییەی کە لە ئیتالیادا بەدی دەکرێت. لەگەڵ ئەوەش ئامادەییەک هەیە کـە ئیش بۆ وروژاندنی زۆر گـفـتـوگـۆو بایەخپێدان دەکات. هەروەها، ئەمەش مەسەلەیەکە پێویست بە بایەخپێدانێکی زۆر دەکات لەبەرئەوەی تیشک دەخاتە سەر لایەنێکی گرنگ، ئێستا لەنێو جیـهانی عـەرەبی زۆر نووسەرو بیرمەندو ڕۆشنبیر هەیە بەجـددی خـەریکی دروسـتکردنی دیالۆگی ئەوروپی–عـەرەبین، ئاڵوگۆڕکردنی نێوان هەردووڵا دەبێـتـە هۆی هەڵوەشـاندنەوەو دانانی سنوورێک لەبەردەم دوژمنایەتیـیـە کـۆنەکـە «عــەرەب وەک دژەکــەمــە بۆ خـۆرئاوا». مـەسـەلەکـە لە وڵاتە یەکگرتووەکـان زۆر جـیـاوازە، لەوێدا هیچ لەو ڕەگەزانە لەئاردانییە. وڵاتە یەکگرتووەکان ئێستاش خۆی وادادەنێت کە لە حاڵەتی جەنگ دایە لەگەڵ جیهانی عەرەبی، یان ئیسلام، یان فەندەمێنتالیزم، یان لەگـەڵ شـتـێک لەوانەی پێش ئەوە. لەبەرئەمە پرسی شارستانییەت لەبەرچاو نەگیراوە تەنانەت، یەکجاریش چاوی لێنەکراوە.

*** ئەو کـاتەی چرکـەسـاتی دەرکـردنی بڕیارێکی سیاسی بەرجەستەکراو دێتەپێشەوە، ئەوا ئەوروپای نێوەندی کە پێوەندی بەجیهانی عەرەبییەوە هەیە، بەهۆی پەناهەندەکـانی و ڕەهەندی کـولتـووری**

**شارستانی، لەتوانایدا نییە بەر لەو شەڕە بگرێت کە لەو بەشەی جیهاندا ڕوودەدات، ناوچەی کەنداو نموونەیە لەسەر ئەمە.**

– نەک تەنها ئەوە، بەڵکو بەشداریکردنێک هەبوو، ئەوەی پەیوەستە بە بەریتانیا، بەسەرگەرمییەکی گەورە وەسف دەکرێ زیاتر لەوەی مرۆڤ ئومێدی بۆ دەکرد. لە لایەکی تریشەوە، لە قۆناغی دوای شەڕ، ئیتالییەکان و فەرەنسییەکان هەوڵیاندا وەک نێوەندێک کار بکەن لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی لەبەرامبەر ڕێگەچارەی سەربازی. ئیتالییەکان لەسەرەتای جەنگەوە دەورێکی کارایان لەسەر ئاستی سازدانی گفتوگۆی سیاسی بۆ چارەسەرکردن گێڕا، ئەمەش تەنیا پەیوەست نەبوو بەبارودۆخی کەنداو، بەڵکو بەتەواوی لەسەر یەکلاکردنەوەی پرسی فەلەستینیش وەستان. ئێستاش، ئەوان ناتوانن بەرووی ئەمریکییەکان بوەستن بەهۆی ڕستێک فاکتەر، لەبەرئەوە لەنێو هەوڵەکانیاندا ئەوەی پێشکەشی دەکەن تەنیا پێشنیازەگەلێکی تاکییە. ئەمە بەناوی ئەوروپا فۆرمەڵە نەبووە. بەو مانایەی ئەنجومەنی ئەوروپی کۆمەڵێک هەڵوێستی جوانی پیشان دا، بەڵام دەوڵەتەکانی بەیەکەوە کاریان نەکرد. ئەوان لەنێو هاوبەندییەکدان بەسیفەتی تاک تاک. لە لایەکەوە لەژێر فشاری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادان و، لە لایەکی تریشەوە پێویستیان بەنەوت هەیە کەوا بەشتێکی بنەڕەتی دادەنرێت و ڕژێمە عەرەبییە کۆنزەرڤاتیزمەکانیش بەتوندی دژی هەر گۆڕانکارییەکن لە بارودۆخی هەنووکەیی. لەبەرئەمە لە دۆخێکی زۆر قورسدان. بەمەش زۆر کارو چالاکی لەسەر ئاستی کولتووری ڕوودەدات، کە باوەڕدەکەم ئەمە بزوتنەوەیەکی مەزنتر بێت.

*** تۆ زۆر قسەت لە دیاردەی «ڕۆژهەڵاتناسی» کردووە کە دیاردەیەکی کولتووری کە لەبنەڕەتدا هەڵوێستێکی لەقاڵبدراو لە ئەوروپا، لەخۆرئاوا بەگشتی، لەبەرامبەر جیهانی عەرەبی دەنوێنێت.**

– دیاردەیەکە لەوپەڕ بەهێزدا. تۆ پێویستت پێی نییە بیزانی لەبەرئەوەی ڕۆژنامەی زێدەڕۆیی ڕەگەزپەرستی دەخوێنیتەوە، هەربەک لەئێمە بیر لەو کۆمێنتانە دەکاتەوە کەوا لە گۆڤاری تایمز دەخوێنێتەوە کە لە لایەن نووسەرێکی وەکو کونور کرویز ئۆبرێین هەیە، ئەگەر ناوەکانمانیان ڕیزکرد، ئەوانەی تائێستا قسە لەسەر موسڵمانان دەکەن بەوەی کە خاوەنی خێزانی بێ ئەخلاق و لێوانلێو لە پێشێلکردنی تابۆکانن، هەروا لەبارەی عەرەب بەجۆرێک وەسفیان دەکرێ گوایە گەلێکی توندڕەوو دڵڕەقن، یان ئەگەر کتێبێکی وەکو «بازنەی داخراوی» دیڤید برایس جۆنس بخوێنینەوە، دەبینین لەسەر هیچ کۆمەڵەیەکی ئەتنی لە جیهانی ئەمڕۆدا ئاوا نانووسرێت.

*** ئەوە نموونەیەکە لە ڕەگەزپەرستی؟**

– ئەوە ڕەگەزپەرستییە، ئەوە نەخۆشی ترسە لە بێگانە: ئەوە نموونەیەکە لە خەیاڵکردنێکی تووشبوو بەشێتیی شڵەژاو بەئەوانی ترو لەسەر شێوەی هەڵخەڵەتاندن.

*** لەبەرچی ئەوروپا پێویستی بەمە هەیە؟**

– پێتدەڵێم لەبەرچی. ئەوەی پەیوەستە بە عەرەب، ئەوروپا هەمیشە ئیسلام وەک بارگرانییەک بەسەر خۆیەوە دەبینێت. ئیسلام، ئەمەت بیرنەچێت، تاکە کولتوورێکی نائەوروپییە کەوا نەدۆڕاوە یان هەرگیز نەچووتە ژێر بار. ئیسلام کولتوورێکی نزیک و بەشدارە لە میراتی یەکتایی لەگەڵ جولەکەو مەسیحی. لەبەرئەمە، هەمیشە بەریەککەوتنێک لەئارادا هەبووە. ئەمە جیاواز لە بوونی بەریتانی لە هیند، بەنموونە، ئەو کێشەیە تائێستا چارەسەر نەکراوە. بیرۆکەی خۆرئاوا، بەگوێرەی کۆششی خۆم، تاڕادەیەکی زۆر لە بارەی

دژایەتیکردن لەگەڵ جیهانی ئیسلامی و عەرەبییەوە هاتووە. واهەستدەکەم ئەمە لە ریشەوە بۆ تێزە لاهوتییەکان بگەرێتەوە. پێغەمبەر محەمەد(د.خ)، کە خۆی بەتەواوکەری هێڵی پێغەمبەرایەتی داناوە کە لە ئیبراهیم و، موساو، مەسیحەوە دەستپێدەکات، لەو مشتومڕەی کە لە دژی ئیسلام لە هەردوو سەدەی حەفتەم و هەشتەم بەرهەمهاتووە..وەک هەڵقوولاوێکی مەترسیدارییەوە سەیرکراوە کە بانگەشەکارە، لەهەمان ئەو جیهانەی کە مەسیحیەت و یەهودییەتی تێدا گەلاڵەکراوە. لەبەرئەمە من پێموایە ئەمە لە خۆیدا پرسێکی دەگمەنە، مانای ڕکابەرییە کولتوورییەکە بەهێزکردنی لایەنی سەربازی دەگەیەنێت، دەتوانی بڵێیت کە لایەنی ئابووری و سیاسی ڕکابەرییەکی ترن کە تێیدا دەرەنجامێکی زۆر نائاسایی و گەورە لە نەزانینی گشتی لێدەکەوێتەوە. هەروەها ئەو خەڵکانەی کە پێوەندداربن بەتێروانین لە ئەزموونی بەرجەستەکراوی نێوان موسڵمان و ئەوروپییەکان کەوا ئەزموونێکی زۆر ئاڵۆزترە لەوەی تەنیا دوژمنارییەکی ڕەها یان تەواو بێت. مەبەستم لەوەدا ئەوەیە کە لەنێو مێژووی ئەوروپی پشتبەستنێکی گەورە بەزانستە ئیسلامییەکان لەئارادایە، هەروا پشتبەستن بەپرۆسەی گوێزانەوەی فەلسەفە لە گریکەکان بۆ موسڵمانەکان لەوێشەوە دووبارە بۆ خۆرئاوا.

*** من وەک فەیلەسوفێک سەرسامم بەو رۆڵە مەزنەی کە بیرمەندە عەرەبەکانی نموونەی ئیبن سیناو، ئیبن روشدو، قوتابخانەی قەرتەبەو، قوتابخانەی ئەندەلوس و، ئەوانی تر لەو پرۆسەیەدا بۆ گواستنەوەی هزرەکان بینیویانە.**

- بەدڵنیاییەوە. بیرۆکەی زانکۆ لەنێو جیهانی عەرەبی سەریهەڵداو گەشەی کرد. تۆ دەزانی کۆلێژ لەڕاستیدا هیچ نییە جگە لە بیرۆکەیەکی ئیسلامی.

*** ئێمە هەندێک نموونەی کاریگەرترمان لەبەردەستدایە لەبارەی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ئەوروپییەکان و جیهانی عەرەبی لەڕابردوودا. من تەنیا بیر لە جەنگی کەنداو ناکەمەوە، بەڵکو لەگەڵیدا بیر لە مشتومڕو ڕکابەرییەکانی نێوخودی ئەوروپا دەکەمەوە. مەسەلەی سەلمان روشدیمان هەیە، کەوا هەموو تێزە جیاوازەکان لەبارەی مافە جیهانییەکان بەجیاوازییشەوە دەرکەوت، هەروەها لە فەرەنسا مشتومڕێکی زۆر لەبارەی سەرپۆشکردن (حیجاب) لەئارادایە، سەبارەت بەو کچە موسڵمانانەی کە لە قوتابخانە مەدەنییە نائایینییەکان دەخوێنن. مشتومڕێکی زۆر لەسەر ئەوە کراوە: مادام پەناهەندە عەرەبەکان ڕوویان لە ئەوروپا کردووەو، هەموو ئەو مافانەیان پێدراوە لەو کاتەی لەپێشدا سەدان ساڵ لە لایەن ئەوروپییەکانەوە ژێردەستەبوون، ئەوا لەو حاڵەتەدا لەسەریانە دەستبەرداری کولتوورو ئایین و جیاوازییەکانیان بن و، خۆیان لەگەڵ ئەو فەزا مەدەنییە جیهانییە بگونجێنن کە ئەوروپای مۆدێرن نوێنەرایەتی دەکات.**

- من باوەڕم بەبوونی پرنسیپێکی جیهانیی گوتاری ئازاد هەیە کە لەسەر موسڵمانانیش پێویستە خۆیان لەگەڵێدا بگونجێنن هەروەکو لەسەر هەموو لایەک پێویستە وابکەن، هەروەکو هەست بەگرنگی ئەو پێشهاتە دەکەم کە لەنێو جیهانی عەرەبیدا- من ناتوانم لەسەر گشت جیهانی ئیسلامی قسەبکەم، پاکستان، بەنگلادش...تاد- تێکۆشانێکی زۆر مەزن لەئارادایە کە ئەمڕۆ لەنێوان هێزێک کەوا ئێمە حەزی پێدەکەین هەڵگری ناوی عەلمانییەتە، کەوا من خۆم بەبەشێک لەو هێزە دادەنێم، لەگەڵ هێزێک کە دەکرێ بەهێزی ئایینگەرایی ناوی ببەین ڕوودەدات. ئێستا، فەندەمێنتالیزم بابەتێکی دووبارەو هەمیشەیی سەر

سکرینی تەلەفزیۆنەکانە، کەچی من باوەڕدەکەم هەڵەیە ئەگەر بێین فەندەمێنتالیزم بەهەموو ئەو شتانەوە بلکێنین کە لەنێو جیهانی عەرەبی و ئیسلامی ڕوودەدەن. نموونەو سیماگەلێکی جیاواز لەئارادایە.

مشتومڕو دیالۆگێکی زۆر لەوێدا لەئارادایە، من وای دەبینم ئێستا ئێمە لە جیهانی عەرەبی گەیشتووینەتە خاڵێک کە شکستی ئایین وەک ئەلتەرناتیڤێک سەلمێندراوە. دەتوانی موسڵمان بیت، بەڵام مانای چییە کە تۆ ئابوورییەکی ئیسلامییت هەبێت، یان کیمیایەکی ئیسلامی؟ بەمانایەکی تر پێوەرێکی جیهانی هەیە کە ساتەوەختی بەڕێوەبردنی دۆخێک دێت لە زانستە مۆدێرنەکان. کەچی ئەو پرسیارەی پەیوەستە بەو کەسانەی کە نمایندەی دیوێکی تری ئیسلام دەکەن، ئەویش بەرخودانی ئیسلامییە لەبەرامبەر خۆرئاوا؟ لە کەناری ڕۆژئاوا و غەزە، خەڵکانێک هەن خۆیان بەتێکۆشەری ئیسلامی دادەنێن دژی داگیرکاری ئیسرائیلی، لەبەرئەوەی ئەوێ دوا ناوچەیە سەبارەت بەژیانی ئەوان کەوا ئیسرائیلییەکان نەیانتوانیبێت بچنە ناویەوە، هەروەکو ئەو دۆخەی لە جەزائیردا لەساتەوەختی کۆلۆنیالی فەرەنسی لەئارادابوو. لەبەرئەمە، نموونەگەلێکی جیاواز سەبارەت بە ئیسلام لەئارادایە، هەروەکو نموونەگەلێکی جیاواز بەنیسبەت عەلمانییەکان لەئاردایە. دەگەڕێمەوە بۆ ئەو پرسیارەی سەبارەت بە سەلمان ڕوشدی کردت، نووسەرو ڕۆشنبیرێکی زۆری عەرەب، منیشی لەگەڵدا بێت، هەڵسان بەپشتگیریکردن لە ڕوشدی بەوەی کە مافی خۆیەتی بەپێی هەڵبژاردنەکانی خۆی کە چی نووسیوە..ئەو پشتیوانیکردنەش بەشێوەیەکی ئاشکرا بوو. چوون دەبووایە بەبایەخەوە لێی بڕوانرێت. کەچی ئەوەی جێی سەرنجی منە ئەوەیە کە ژمارەیەک نووسەری موسڵمان لە جیهانی عەرەبی، لە ناوچەکانی فەلەستینی داگیرکراو بەنموونە، لە لایەن ئیسرائیلییەکانەوە خرانە زیندانەوە لەبەرئەوەی ڕۆژنامەنووس و ڕۆماننووس بوون. بۆ نموونە، لەچوارچێوەی قسەکردن لەبارەی قەدەغەکردنەوە، تۆ ناتوانیت کتێبی کۆماری ئەفلاتون بکڕیت و بخوێنیتەوە بەهۆی یاسای ئیسرائیلی. هەروەها ناتوانیت هاملێتی شکسپیر بخوێنیتەوە! لیستێکی قەدەغەکراو هەیە کە سەدان کتێب دەگرێتەوە کە ئیسرائیلییەکان دەستاودەستکردنیان قەدەغەکردووە لەبەر هۆکارگەلێک کە کەسێک ناتوانێت لێی تێبگات. ئێستاش، لەئاست ئەو حەقیقەتانە، لە کوێن ئەو نووسەرە خۆرئاواییانەی کەوا داکۆکییان لە سەلمان ڕوشدی دەکرد (من بەو داکۆکیکردنەیان دڵخۆش بووم، هەروەکو منیش لە تەکیاندا بووم) ئەو کاتەی ساتی بەرگریکردن لە ئازادی فەلەستینییەکان بەدەربڕین لە کەناری ڕۆژئاواو غەزەی ئەمڕۆ دێت؟ من نازانم تۆ ئاگاداری ئەو واقیعییەت یان نا، کە هەر کەسێک وشەی فەلەستین بەکاربهێنێت، دووچاری سزادان دەبێتەوە. ئەگەر وشەی فەلەستینت بەکارهێنا چەند مانگێک دەکەویتە زیندانەوە. کەواتە، کوا ئەو تاکە پێوەرە بۆ پێوانەکردنی هەموو پرسەکان؟ لەبەرچی دووڕوویی لە بەکاربردنی دەکرێت؟ ئێمە لەیەک سەنگەر لەگەڵ ئێوە لە جەنگداین. هەروەکو ئێمە دەمانەوێت دژایەتی ئەو جۆرە ڕێچکانە بکەین، بەڵام با لێمان گەڕێن دژی هەموو بەرەکان بوەستین.

*** لە ڕابردوودا گفتوگۆیەکی زۆر لەبارەی دروستکردنی سیستمێکی نوێی ئەوروپا کرا، لەبارەی ئەوروپایەکی فیدرالیی پێکهاتوو لە ناوچە یان نەتەوەکان. هەروەکو گفتوگۆ لەبارەی دروستکردنی سیستمێکی زانیاری نوێی جیهانی کرا- من دروست بیر لەو ڕاپۆرتەی یونسکۆ دەکەمەوە کە لە لایەن**

**بەڕێوەبەرەکەی دوایی شین ماک براید پێشکەش کرا. ئایا وای دەبینی کە پێویستە لەسەرمان ئەوە تەئویل بکەین بەوەی کە خەباتێکە لەپێناو ئاواکردنی سیستمێکی عەلمانی جیهانی؟**

- دڵنیا نیم لە زانینی ئەمەدا. ئەو تێڕوانینە رووتەش لەبارەی جیهانیبوون بەدروست نابینم، لەبەرئەوەی مەسەلەکە زۆر ئاساییە کە کێ خاوەنی هێزێکی گەورە بێت، ئەو دەبێتە جیهانگەرا. ئەگەر سەیری دەوربەرت بکەیت لەمڕۆدا، دەبینیت کە زمانی جیهانی ئەوەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکان پێی دەدوێت، ئەو هێزێکی زۆر باڵایە- مرۆڤ تەمەنناى ئەوە دەکات هێزێکی مەزنتر هەبێت. بەبێ ئەوەی مەبەستم ئەوە بێت وەعز بەلای بەرژەوەندی لایەنێکی تر بدەم، کەچی پێموایە لەتوانای ئیرلەندادا هەیە رۆڵێکی گرنگ لە کۆی ئەو بابەتەدا ببینێت، بەهۆی ئەوەی خاوەنی ڕابردوویەکی کۆڵۆنیالیکراوە. سەرباری ئەوروپییەتەکەی، کەچی لە ئەوروپا جیاوازە، بەتایبەت ئەگەر سەرنج بدەیت دەبینی لە ئەوروپای کیشوەردا جیاوازە. هەروەکو پێموایە لەبری نغرۆبوونی وڵاتە فرە تایبەتمەندییەکان، نموونەی ئیرلەندا، لەنێو کەسایەتییەکی ئەوروپی گشتیدا، ئەوا تیشکخستنە سەر جیاوازییەکان زۆر گرنگە لەپێناو مامەڵەکردنێکی ورد لەگەڵ لایەنەکانی تری جیهانی کۆڵۆنیالی. بۆ نموونە پێموایە ئیرلەندا رۆڵێکی ئەوپەڕی تایبەتمەند دەبینێت لەبەرئەوەی، نەک تەنها لە فەلەستین، بەپشت بەستن بەدابەشکردنەکانی ئەو وڵاتە، بەڵکو باکووری ئەفریقیاشی لەگەڵدا بێت. تیشک خستنەسەر جیاوازییەکان و بواردانی ئەمە لەپێناو دانانی ئەوانی تری نائەوروپی لە فۆرمێکی وا لە فۆرمی ئاڵوگۆڕکردن، دەکرێ ئەمە بایەخێکی زۆر مەزنی لە شکاندنی جیهان بەئاراستەی کەمپە کولتوورییە مەزنەکانەوە بێت، کە لە کۆتاییدا بۆ سەر کەمپە چەکدارییەکان دەگۆڕێن. من زۆر بەگومانم لەبەرامبەر سروشتی جیهانگەرایی کەوا هەندێ جار قسەی لەبارەوە دەکرێت.

*** بەڵام ئایا دەستگرتن بەو برە ئومێدەی کە ئێمە لە خۆرئاواو، لە ئەوروپا بەتایبەت، هەمانە دەکرێ بیخەینەگەڕ بۆ تێپەڕاندنی دوژمنە تەقلیدییەکەی «نێوانتان»و «نێوانمان»؟ ئایا ئەگەری جۆرێک لە جۆرەکانی هاریکاری بەدی ناکەیت کە دەکرێ لەنێوان ئەو کەسانە بخوڵقێنرێت کە تێدەکۆشن لە خۆرئاوا لەپێناو ئازادی و مافە بنەڕەتییەکان و، ئەوانەو لەنێویشیاندا جیهانی عەرەبی کە بەهەمان کار هەڵدەستن؟**

- بەڵێ، باوەڕدەکەم ئەمە ئومێدێک بێت، بەتایبەت ئەوەی لەبارەیەوە دوایت. ئەوە تێکۆشانێکی هاوبەشە. کەچی مەسەلەیەک زۆر لەوە بایەخدارتر، کە دووچاری سەرسوڕمانم دەکات بەبێ ئاوارتەکردنی ئەوەی پەیوەستە بەجەنگی کەنداوو ڕێچەکەی عێراقییەکان و تەنانەت بەرپرسە فەلەستینییەکانیش، ئەوەیە جەنگێکی نەتەوەیی پەککەوتووە یان نەخۆشە. من باوەڕدەکەم کە کێشەی گەورە لە هەمەکێتی تەرحکردنێکی تایبەت بە شوناسی نەتەوەیی دا خۆی دەنوێنێت، یان باشترە ناوی بنێین (سیاسەتەکانی شوناس)- ئەو هەستەی کە پێویست بەوە دەکات کە هەر شتێک ئەنجامبدرێت دەبێ ڕەوایەتی بەدەستبێنێت..یان بەفلتەری شوناسە نەتەوەییەکەتدا تێبپەڕێت، کەوا لەوپەڕی دۆخەکەیدا خەیاڵێکی تەواو پەتییە، هەروەکو هەمووماں دەزانین. مەبەستم لەمەدا ئەو شوناسەیە کەوا دەڵێت هەموو عەرەب کۆکن لەسەر دژایەتیکردنی هەموو خۆرئاواییەکان کە ئەوانیش لەسەر هەمان شێوەن. خۆرئاواییەکان هەمەجۆرن و، هەروەها عەرەبەکانیش هەمەجۆرن. من وایدەبینم

رۆڵی بەرپرسیارێتی کە دەکەوێتە سەرشانی ڕۆشنبیر، لەو خاڵەدا، ئەوەیە کە سنوورێک بۆ شوناسە پانوپۆڕەکان دابنێت، نەتەوەیی و، کولتووری و، هەروا ئەوانەی ئەودیو کولتوورەوە.

*** ئەمە شوناسی عەرەب و ناسیونالە ئەوروپییەکان نییە؟**

- بەڵێ. لێرەدا گەلی عەرەب و نەتەوەی عەرەب هەیە، ئەمە پێویست بەهیچ جۆرە داکۆکیکردنێک نییە، ئێمە درک بەوە دەکەین. بەڵام ئەوەی پێویستمان پێی هەبێت گێڕانەوەی هەموو ئەو وتارە نەتەوەییەیە کەوا لە لایەن سیستمە فەرمانڕەواکان لە جیهانی عەرەبی قۆرخکراوە. پێمبڵێ پەیوەندی ڕژێمی سعودی بەناسیۆنالیزمی عەرەبییەوە چییە، یان حکوومەتی سووری یان میسری؟ من پێتدەڵێم، سفر، هیچ. ئەوانە لەچوارچێوەیەکی بازرگانیکردن بەناسیۆنالیزمی عەرەبی دانە. ئەوانە خیانەتیان لە ڕاپەڕین کرد، هیچ شتێکیان لە پێناودا نەکرد کە جێی ئاماژەپێدان بێت. هەروەکو هەڵسان بەئیستغلالکردنی بیروباوەڕەکە، نەک تەنیا بیروباوەڕی شوناسی نەتەوەیی، بەڵکو شوناسی نەتەوەیی دەوردراو کەوا دەوڵەتی ئاسایشی نەتەوەیی و، دامودەزگای سەرکوتکاری و، پۆلیسی نهێنی و، سوپاو، سەرجەم ڕەگەزەکانی سەرکوتکردن و ئیستیبدادی بەرهەمهێنا. هەمان شت لە ئیسرائیلیش ڕوویدا. هەروەها هەمان شت لە وڵاتە یەکگرتووەکانیش ڕوویدا. ئایا کەسێک دەتوانێت باوەڕم پێبهێنێت بەوەی کە ئەو جەنگەی ئەمریکا لە کەنداو کردی لەبەر هەڕەشەکردن لە بەرژەوەندی و دوژمنایەتیکردنی بوو؟ ئایا ئاسایش لە چوارچێوەی جەنگێکی ئاوا لەئارادایە؟ ئەوانە هەموو قسەی بەتاڵن. کەچی شوناسی ئەمریکی زیندووگەراو ئامادەباش بۆ چالاکی ئەوا پێویستی بەتێزی ناسیۆنالیزمیو گوتارەکەی دەبێت و بەبەکاربردنی ئیستغلالی دەکات. ئەی لەبارەی خەباتی ڕاستەقینە لەپێناو ئازادی؟ ئازادییە مرۆڤایەتییەکان و کەوا بەتۆخی ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی کۆڕوکۆبوونەوە، ئازادی ڕاوبۆچوون، تاد دەگەیەنێت، هەروەها ئەی لەبارەی ئازادییە سیاسییەکان؟ ئەوروپاو وڵاتە یەکگرتووەکان هەڵساون بەواژۆکردنی بەڵێننامەیەک کە تێیدا نکۆڵی لەوە دەکات میللەتێک بەتەواوەتی مومارەسەی ئازادییە دیموکراتییەکانی بکات.. ئەویش گەلی فەلەستینییە. ئەمە ئابڕوچوونە. بەڵام لەسەرتە لەودیو سیاسەتەکانی شوناسەوە بیت تاوەکو توانای ئاخاوتن لەسەر گۆڕینی ئەو بارودۆخانە بەدەست بێنیت.

*** کەواتە تۆ پاڵپشتی لە بزوتنەوەیەک دەکەیت کە لەودیو ڕکابەرێتی ناسیۆنالیزمی نیشتیمانی عەرەب لە لایەک و ئەوروپا لە لایەکی ترەوە دایە؟ ئایا مەترسی سەرهەڵدانەوە بەئاراستەی ناسیۆنالیزمی ئەوروپی لە جیهانی عەرەبیشدا بەدی ناکەیت؟**

- باوەڕدەکەم کە هاوبەشییەکی گەورە لەمەدا بەڕوونی بەدی دەکرێت. بۆ نموونە ئەوەی جێی بەرچاو ڕوون نییە ئەوەیە کە ئەوروپا درکێکی زۆر بەو مێژووە کۆلۆنیالییەی خۆی بکات. بەمانایەکی تر، بۆئەوەی مەسەلەکە بەقسەیەک لەسەر بەتاڵکردنەوەی ئەو مێژووە سادەنەکرێتەوە، ئێمە ئێستا زۆر جیاوازین. مێژووی ئێوە وەک ئەوروپییەک مێژوویەکی کۆلۆنیالییە، باکووری ئەفریقیا بەنموونە پێویستە وەک حەقیقەتێک لەگەڵیدا هەڵبکەیت بەشێوەیەک کە ئیش لەسەر پێداچوونەوەی ڕەفتاری ئێستات بکەیتو دروستی بکەیت هەروەکو پەیوەندیت لەگەڵ کولتوورە کۆلۆنیالیکراوەکانی پێشوو کردووە.

*** ئایا ئەمە مانای دانپێدانان بە پەناهەندەکان و قبوڵکردنیان نییە وەک ئەوەی بەشێک بن لە**

ئێمه؟

- دەبێ دواجار کەشێک بڕەخسێنرێت بۆ تێگەیشتن لەوەی شتێک بەناوی کۆبوونەوەو ئاپۆرای سیاسی یان نەتەوەیی بێگەرد نییە. هەموو ئەوەی کە قسەی لەبارەوە دەکەین تێکەڵاوییەکە، ئەوەی کە لەگەڵیشیدا مامەڵەدەکەین جیهانێکە لە کۆمەڵگاکان کە یەک پشت بەوی تر دەبەستێت، دووڕەگبوون. ئەوانە کۆمەڵگای نارەسەنن، کۆمەڵگای بێگەرد نین.

*** واته هێزو جیاکاریکردن؟**

- ئەوە جیاکاریکردنە لەتێڕوانینی من. تۆ ئێستا دەست بکە بە وەرگرتنی دۆسییەکانی پاکێتی و پاکسازی. من لێرەدا لەبارەی ڕاستڕەوی توندڕەو دەدوێمو نموونەکەشی ئەوەتا (لی پێن)LePen لە فەرەنسا. ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت ئەوروپا بۆ ئەوروپییەکانە ئەوە لەئێستادا بابەتێکی تەواو بیستراوە. لەسەر ئاستێکی دیاریکراودا بیرۆکەکە خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان و ژاپۆن دەنوێنێت. هەروا سەیری ئەو بەیاننامەیە بکە کە بانگەشەی تێکشکاندنی ژاپۆن دەکات. پرسیاری جەوهەری پرسیاری کولتوورییە. سەرجەمی دامودەزگاکانی فێرکردن لە مڕۆدا، هەروەکو دەبینی، ئەوە سیستمگەلێکی ناسیۆنالیستین، بەگوێرەی ناوەکانیان، ئیش بۆ برەودان بەدەسەڵاتی شوناسی نەتەوەیی دەکەن بەشێوەیەکی وا میسالی پێشنیازکراوە کە بەدەرە لە هەر ڕەخنەیەک، ئەمەش لەخۆیدا بەرجەستەکردنی جیاکاریکردنە. لێرەدا شتێک بۆ چاندنی ئاڵۆزکارییەکان لە داهاتوودا نییە بەقەد فێرکردنی منداڵەکانمانو خوێندکارەکانمان لە زانکۆکان بەوەی کە لەناخەوە باوەڕیان پێی هەبێت.

*** ئایا داوای گرتنەبەری پرۆسەی ڕۆشنبیربوونی هەمەجۆرو پلورالیزم دەکەیت؟ بۆ خوێندنەوەی تێکستی بیروباوەڕەکانی تر لەپاڵ تێکستە خۆرئاواییە مەزنەکان؟**

- هەستدەکەم وابێت. فەرموو ئەمریکا بەنموونە وەربگرە. لەم دواییە گفتوگۆو مشتومڕێکی زۆر کرا لەبارەی دەستنیشانکردنی کەسایەتی کۆلۆمبس. کەسایەتی کۆلۆمبس خۆی هەڵگری ئیشکالیەتێکی گەورەو وروژێنەری مشتومڕە، کەچی کەوتە ژێر باری کەمۆکردن و، وا ڕاستکرایەوە کە ئەو کەسایەتییە پاڵەوانە مەزنە بوو کە ئەمریکای دۆزییەوە، کەچی ڕاستییەکەی ئەو بازرگانی کۆیلە بوو...شێوەیەکی کراوەی داگیرکاری بوو، کۆلۆمبس تەواو لەگەڵ سەردەمەکەی خۆیدا دەگونجا لەو بڕوایە بوو

ئێستاش، باشترین شت چییە: وێنەیەکی جوان بدەینە کەسایەتییەکەی و چەکوشکاری بکەین، یان دان بەحەقیقەتەکەی بنێین؟ دواتر ئەگەر تۆ باوەڕت بەو بیرۆکە پڕوپووچە نەبێت کە کاراکتەرێکی پاڵەوانی لێدەکەوێتەوەو پێتوا بێت کە ئەو لە بنەڕەتدا کەسێکی داگیرکار بووە، ئەوە تۆ بەمە دژایەتی درۆهەڵچنراوەکانی کۆمەڵگا دەکەیت. لە لای منەوە پێچەوانەکەی ڕاستە-درۆچنراوەکانی کۆمەڵگاو، دروست کۆمەڵگای ئەمریکیش (بەڵام ئەمە هەروا لەسەر ئەوروپاش جێبەجێ دەبێت) ئەوەی چەند ڕەگەزێکی جیاواز دەگرێتەوە، لەسەر مڕۆڤە لەیەکتریان جیابکاتەوە، من باوەڕدەکەم منداڵانە توانایەکی زۆر باشییان هەیە بۆ تێگەیشتن لەمە، ئەوە گەورەکانن، ئەوانەی نایانەوێت لە هۆکارە بنەڕەتییەکان تێبگەن.

**سەرچاوە:**

جدل العقل . حوارات أخر قرن

ريتشارد كيرني ٢٠٠٥، دارالبيضاء - المغرب

# ڤەكولينەك ل سەر ناڤەرۆكا هەلبەستێن مەم و زینا ئەحمەدێ خانی
## ٢ -٢

سائیب محەمەد

**خانی و بەدەوتیا کەچێن کوردان:**

خانی دخوازه بەدەوتیا (جوانی) کەچێن کورد دەرخە هۆلێ چاوا ژ خوا خواشن چاوا روێ وان هەر گەشن و چاوا بدلەکی پاقژو سافی حەز دکن و فیداکاری خۆرتێن جوان دکن، تەڤی کو هەر تم پەردێن شەرم و فەدیێ هەبن ژی لێ ئەو دیارو د بەرێن خوە قەت نابۆرن.

هەروەها ئەو دچەو وان کەچێن بەدەو ب رۆو هێڤێ رە بەرامبەر دکە ب قاسی کو رۆگەش و ستێر وەشن. خانی وان ب بەدەوتیا زینێ وستیێ د پەسینە.

شەهزادە دوو بوون ل نک وی شاهی
خورشید دووبوون ل نک وی ماهی
یەک سەرۆبێ رییا دی راستی بوو
ناڤێ وێ ب راستی ستی بوو
یادی ژ دل و هوناڤێ میر بوو
ناڤ ژ نیڤی ناڤی میر بوو
راوی وەها گۆتە من ب رازی
ئەو حۆر ب ناڤێ زین دانی

یەک زێدە شیرین و زێدە مەهبوو
یەک حۆری و رۆحی دلا بوو
یەک ئەسمەرو یادی زەری بوو
یەک حۆری و یادی پەری بوو
زولفێن میسالی تایی سونبول
خەدێن ژ رەنگی رووی سورگول
سورگول ژ خوا ل سەر رهەستی
سونبول ب خوە پێکڤە دا هەر ستی
هەرچی بدیا رۆخ بناگۆش
فیلحال بدەر ددا ژ بەر هۆش
زاهر دکرن زەندو بازن
ئێدی نەدمان گلی و گازن
هەرچەند ستی وە نازەنین بوو
زین ژی میسالی حۆر چاڤ بوو
هەر چەند ستی ستێر وەش بوو
زین ب رۆخ هەیڤا گەش بوو
هەر چەند ستی وەکی قەمەر بوو
زین مەهر سیفەت زێدە تێر بوو

**خانی و نەورۆزا کورد ڤەژینکار:**

خانی نەورۆزا کوردان جەژنا سەر سالێ، بهارێ و جەژنا سەرفرازیێ بیر ناکە ئاگۆ. دیسان وەک پڕ جاران ژی ژ چیرۆکێ دەرتێ و مژارەکێ زەلال ئان دەرمان دکە. جارنا خوینەر شیار دکە، تێ خویاکرن ژ رامانێن دڤێ داستانێ دە، کو خانی ئەڤ پرتووک نڤیسییە نە تەنێ ژ چیرۆکا ئەڤینێ ژ مە رە بێژە نا ئەڤ پرتووک پیرۆزو گرانبهایە.

ئەو رۆژا نەورۆزێ دینە بەر چاڤان چاوا کو هەمی ژ مالان دەردکەڤن دەشت، چیاو نەوالان تەڤ کال، پیر، زارۆک، کەچ، ژن، خۆرت، خانم، مامۆستاو خاتوون تەڤ دچن سەیرانگەهان داوەت و دیلانان دگرن پەڤ درەقسن نەورۆزا پیرۆز دکن و تا ئێڤاران دمینن پێرا ڤەدگەرن مالان.

**گۆ عادەتا پێشی زەمانی**
**ئەڤ بوو ل هەمی جە و مەکانی**
**دەما کو شەهسیوارێ خوار**
**تەحویل دکر د مەهێ ئازار**
**بلجوملە دچوونە دەر ژ مالان**
**هەتا دگەهیشتە پیرو کالان**
**رۆژا کو دبوویە جەژنا نەورۆز**
**گەش دبوو ژ بوو مە دلڤەرۆز**
**سەحراو چیمەن دکرنە مەسکەن**
**بەیداو دیمەن دکرنە گولشەن**
**دەورا فەلەکێ ژ بەختێ نیرۆز**
**دیسان کو نما ژ نووڤا نەورۆز**
**موبانا ل عادەتی موبارەک**
**شەهری و سیپاهیان بجارەک**
**سەف ب سەف د مەشینە کوه و دەشتان**
**رەف ب رەف د خوشینە سەیری و کەشتان**
**رابوونە ئەڤ خانم و خاتوون**
**وان ژی تژ گول کرنە بیستان**

**زەواجا ستی و تاجدین:**

د ڤان مالکێن ژێرین دا خانی شەڤا زەواجا تاجدین و ستیێ ب هەلبەستان ژ مەرە شرۆڤە دکە ژ کێلەیا کو بەرڤە هەڤ هاتنە، چاوا گەودا وان بوویە یەک ووو.. لێ ڤان مالکێن ژێرین ناخوازین بێن شرۆڤەکرن ژ بەر تێدە پڕ دروشماهێن(گێنی تالی) هەنە.

**ژ ئەوەلڤە ل عادەتی موباحی**
**دەستێ درێژکر سوراحی**
**نۆشی ژ سوراحیا شەکر لێڤا**
**نۆشین پەیالەک ژ مەیا دەڤا**
**سەرخواش کو بوو ژ مەیا زەلال**
**بوهنکر گول و سونبولا لیلال**
**گەه نێرگزو لالە گەه سونبول**
**رەیحان بنەفش و گەه سونبول**
**تێک تێکڤە ددان و تێک د بیستن**
**هن بوس ددان و هن دگەستن**
**ئەو چەند هەڤدوو را د مووسان**
**نۆبە نە ددانە هەڤ ل بوسان**
**ئەلماس و جەوهەر جەبین و درانان**
**تەبدیل بوو ب لەعل و مەرجان**
**دەریا مەحەبەتێ کر جۆش**
**دەست گەردەن لێڤلێڤ هەما خۆش**
**سەرخوەشبوون ب وێ مودامی**
**بێ هەش د لکەتن ژ سەر قیامی**
**شەکر لێڤ ژ یەک رەڤاندن**
**سۆرگول ل رۆخ پێکڤە جڤاندن**
**تەرکیب کرن ژ بۆ خوە گول قەند**
**تەزویج کو بوون پێکڤە دلبەند**
**سێ رۆژ و شەڤان ب دل پەیابی**
**تەشنە لێڤان خواردن ئەو مەیی**
**سەرمەستی ب دەست تێک هەرستین**
**بوون کلد و کلج دا هەرستن**
**دەم ل یەک پێچان و دەم جودا بوون**
**گەه تێک هەژیان و گەه دلەرزابوون**
**دەم ئەو دوو بوون و گەه یەکبوون**

**گەھ جۆت پێكڤەو گەھ تەكبوون**
**تیرا كو ژ عاج بەر هەدەفبوو**
**ئامانج ب سەفوەتا سەدەفبوو**
**ئامانج كو بوو مەحلی پیكان**
**دوور دانە بەدەل ب مەرجان**
**نوبل هاتەڤە نەسل ما دوێ دە**
**نەسل خوە ژ جان و دل ب وێ دە**

**خانی و هەڤالتیا راستەقین:**

هەڤالتیا راستەقین یا دلسۆژی بێ ئارمانج و بەرژەوەندییێن كەسانە تەنێ ل جەم كوردان هەبوو. نیموونە ژی خانی نەتم تاجدین و مەمۆ ئانینە زمان تەڤی كو دوو براییێن تاجدین ژی هەبوون یەک عارف و یەک چەكۆ بوو، لێ ئەو ل سەر هەڤالتییێ راوەستبە نە ل سەر براتییێ دبێژە كو هەڤالتیا راست ژ براتییێ پشترە. جبران خەلیل جبران ژی وەها گۆتبوو(یا أخن لم تەلیدە ئومی) یانی: ئەی برایێ نە ژ دایكا من، هەروەها خانی هەڤالتی و دۆستانیا واها دنەرخینە

**یار ب تەرە بێنن موافق**
**سەد خزمێد خايين و منافق**
**قوربان بكە قەت مەبێژە كینە**
**بێ كینە برا ئاگر ب كینە**
**قوربان بكە قەت مەبێ مخابن**
**جبكی ب كەسان كو بێ وەفان**
**یارێ تە ژ بۆتە رە برایە**
**هم چاڤ ژ بۆ تە هم چرایە**

لێ سەد هەزار جار ببۆرینە خانییێ نەمر، ئەو دۆستانی و هەڤالتیا راستەقین ژی مە دایە دەر، ئیرۆ گەر ئەم كانێ تەمێ ژی گۆشتێ هەڤدوو بخۆن و بهێرن و نموونە هەنە لێ بلا ئەز وا رووپەل و بیر ئانینێن رەش نینم بەرچاڤان.

**خنزی خايينتی و خانی:**

خوێنەرێن هێژاو گرانبەها خنزی ئانگۆ خاینتی كاروبارێ كەسێن باڤ نەناسە یانێ لاوێن تۆلازان ئەوێن كو بافكی وان نەیەک دوو ئان سەدن، بەلكۆم ڤا كاری قرێژو گەمار بكن ئانگۆ: خنزی و نۆكەرییێ ل گەل و مللەتێ خوە بكن. دە كا ئەم گۆتنێن خانی پەڤرە بخوینن.

**ئەو كینەور خەبیسی مودەبەر**
**یانێ بەكری ب دل مزەوەر**
**ترسا وی هەبوو بدزی ژ تاجدین**
**دایم د دلی وی دە هەبوو كین**
**تەنها وەها گۆتە میر د خەف دە**
**میرم نە ستی قەوی تەلەف دە**
**ناڤێ وی موناففقی بەكر بوو**
**بەلكی ژ بلۆقیە بەدیتر بوو**
**بەد جەهرە ژ رەنگی دەیۆس كابۆس**
**بەدكاری ستی زەیكارو سالووس**
**میرم تە نەدی كوڕێ سكەندەر**
**دایێ تە نەزەر ژ حەد چوو دەر**
**رۆژا كو ستی تە دایە تاجدین**
**وی ژ ئالیێ خوە دایە مەم زین**

**یان دبێژە:**

**گەر ئیزن بدێت ژ بۆ من میر**
**ئەز دێ بكوژم مەم ب تەدبیر**
**عەمری كو دبێت تدارک ئاسان**
**ئاگاھ مەكە بێ تو خەلك و ناسان**

كوشتنا خیانەتێ و سەمبۆلێن وێ بەكرێ باڤ نەناس

**تاجدین و بەكر بێ ئتیفاقی**
**بوون هەردوو ل ئەردەكێ مولاقی**
**گۆ ئەی سەبەبێ فەسادێ عالەم**
**شەیتان سیفەتی لێ ژ شكلێ ئادەم**
**ئەی سەبەبێ فتنەو فەسادان**
**وەی مانیێ مەقەدو مرادان**
**ئەی پەردە درێ مەمێ و زینێ**
**وەی داخی كەشی ل سەر برینێ**
**ئبلیسێ خەبیسێ پڕ نەدامەت**

**بەس نینە ل من تەکر قیامەت**
**دەرهەقێ مەمێ سەخت خەبەردا**
**هەتا کۆ ل من تە مەم ب دەردا**
**ئەڤ چەند مونافق و نەیاری**
**هێژا تو ب چاڤێ من دیاری**
**مەم دێ بمریت تو دێ بمینی**
**هێژ خوەش بگەری ل رووییێ زەمینی**
**حازر وی بەکر د عەردێ راکر**
**حبسێ ب بەلا ژ جان جوداکر**

**ئاخافتنا زینێ ل سەر کوشتنا بەکری:**

**تاژدین ژ روویێ دنێ فەناکر**
**عالەم ب فەنابیا وی شاکر**
**لەورا کو خودانێ ئنس و جانان**
**رۆژا ئەوی حوب دا حەبیبان**
**هنگێ ئەوی بوغز دا رەقیبان**
**ئەم سۆرگولن ئەو ژ بۆ مە خارە**
**ئەم گەنجن ئەو ژ بۆ مە مارە**
**گول حفز دبن ب نۆک و خاران**
**خاشخاش خودان دبن ب ماران**
**خەلقێ کو ب ئەسل بەد سرەتن**
**ئەو ئەسل ژ وان قەتێتە شوشتن**
**چل سالی تو حەنزەلێ بچینی**
**سەد ئاڤی بدی ب هنگڤینی**
**پەروەردە بکی ب ئافتابێ**
**هەردەم برەشینی لێ گولاڤێ**
**هەر رۆژ رەحا وێ لێ ب کەرکی**
**وێ فاسلەیێ تژی شەکەرکی**
**خزمەت بکری تو هندی وانە**
**ئەو بۆتە دبیتە هندوانە**
**دا فکر نەکی دەما کۆ بەر بدێت**
**ئەو خیاری ژ تەلیێ سەمەر نادێت**

**تایبەتمەندییێن سەرکێشان:**

خانی خواستبوو کو ل سەر سەرداران ئانگۆ سەرۆک و رێبەران ژی بنڤیسە، بقیرەو وان ب خوینەران بدە ناسین، بەلکی خوازی و مێشکا سەرۆکێن پێشەرۆژا خانی ڤان گۆتنا بخواندناو هنەکی ژ خوە فەدی و شەرم بکارانا...

ئەو دبێژە کو سەردار د هوناڤێن خوە دە ئاگر ڤەشارتنە ئانگۆ، مرۆڤان د سۆتینن نە نەیاران.

ئەڤ رەنگێ هە ژ بەرێ دە هەیە ئان دڤێت میرو سەرۆکان گۆتە چ تو بێژی راستە یان ژی توێ مینا نە مرۆڤان بێ نەرخاندن و ئەو رەنگێن ژۆرین وێ ب بێتە کرن.

خانی دبێ ب وان قەت مەکن باوەر، خوازی ئەو سەرۆک براک ئان باڤکی تە بە ژی تو خوە ژ ژەهرا وان بپارێزە.

**ئەم قسمێ میر قسمێ ئاشن**
**پڕ فەتال، گەر، پێش و پاشن**

دیسان وەها دقیرە، دنالەو دبێژە:

**حاکم ب باتن و ب زاهر**
**بێ شوبهە موشابهن ب ئاگر**
**زاهر ب سیپاهی و ب نۆرن**
**باتن ژ مودارەیی دوورن**
**رەحمێ کۆ دکن ژ رەنگی رۆژن**
**قەهرێ کۆ دکن جیهان سۆژن**
**زنها ب وان نەکی باوەر**
**گەر باڤ و پسی و گەر برادەر**
**خاسما کو موقەرەبی بەدخواه**
**نێزیک بدن نەعوزوو بیلاه**
**حوکام ژ جنسێ شاه مارن**
**ئەسحاب سموومن و مهردارن**
**مهران کو ددن بزان کو ژەهرە**
**مەهرێ کو دکن بزان کو قەهرە**

خانی دبێ ب وان د خوازە خیانەت و نەدیتنا رێبەرو سەرۆکان ل سەر پەیمان و سۆزێن خوە ل سەر زمانی مەمێ ژار زار داخڤە دل یانێ چاوا کو مەم داخڤە دلێ خوە خانی ژی وەها داخڤە گەلی کوردو دخوازە ل سەر قەرارەکێ وەرن دیتن و ب یەک بن.

کانێ قەول، قەرار، سۆزو پەیوەند
پەیمان و قەسەم یەمین و سوند
تە دگۆ کۆ د گەل تە سادقم ئەز
تە دگۆ ب تەرە موافقم
تە دگۆ دگەل تە یەک دلم ئەز
تە دگۆ خودان تەحە مولم ئەز
حەیفا کۆ زێدە بێ وەفایی
وەڵاهـ کۆ نە قابلی جەفایی
قەلبی دەخلی بێ دل نیازی
پرچیل چەپ خەراب و خاری
هەرچەند خەلیلی ئەی بەلاکێش
گولزار ل تە دبێژن ئاتێش
تەشبیهـ تە هەزار بلبل
سەد جار بکن ڤغان و خەلیل
پەروان سیفەتی ل پێش وەردان
هەردەم د سۆژن ب داغ و دەردان
ئەی دل تە خوە دایە بەر هەوارێ
قەسدا تە ئەوە بکی سەفایێ

خانیێ مە بەرێ خوە دده ئاسۆوێ و ل سەر بێ دلۆڤانیا ژۆرین وەها ژ مەرە ب زمانێ زینێ لیڤ هونگوڤی دقیرە.

بلندیێ ژ خوە رە د خوازێت
سوفلیێ ژی ژ مەرە دخوازێت

مرۆڤان هلدده بانی پاشێ ژی وی تێوردکە سەر زەمینێ، هەرتم دخوازە کو ئەو تەلێ بلند بەو ئەم هەمی ژێرە کۆلەو بندەستبن، ئەڤ تایبەتمەندیێن هەموو کەسێن کو ئەزۆکیا قرێژ د پارێزینە. ئانگۆ ل سەر ئەزەپەرەستان دناله ئەو ئەزەپەرستێن کو تا رۆژا ئیرۆ ئەم ژ دەست وان دنالینەو ئەوێن کو بوونە سەدەما پەرچەبوونا گەلی! بنێرن د ڤان مالکێن ژێرین دە خانی چقاس ب نەرمی وان کەسان ژ مەرە زەلال دکە. دزانە کو دەردو نەخۆشیا وان ئەزۆکی و خوا حەزی یا خانی دبێ ئەو نەخوەشیێ کینا دلێ خوە نە د خوینا واندا ژەهرا عەزیزیێ دخوشە!

دەردێ خوە ژ مەرە بێژە
ژەهرا دلێ خوە برێژە

ڤان مالکێن ژێرین ژی یێن خانی دیاری خوینەرێن خوە دکەین..

مەهرا فەلەکێ ژ ئەزەل دە عەدیمە
کینا فەلەکێ ئەبەد قەدیمە
هەرچی وە گۆ ژ عەردێ راکەت
ئەلبەتە ئەوی د عەردێ داکەت
بلندیێ ژ خورە دخوازیت
سوفلیێ ژ مەرە نیهان د خوازێت
نابینی هەر کۆ ئاڤتابی
داڤێتە مغارەتا توربی
خاسما کۆ دگەل قەبیلی ئاشقان
هم خاین، خار و هم موناقیقان
ئەلبەتە دلێ مە عاشقی بازان
ئەوە ل دبێژن ب خەنج و نازان
ئاخر د کێشن مەلوول مەیئووس
وەکی مەمێ زەلیلی مەحبووس
داڤێتە مەحبەسێ بێ ناکام
داتینە مەرقەدێ بێ سەرنجام
هەر لەحزە د گۆ چەرخی دەوار
ئەی زالمێ بێ ئەمان و خوینخوار
من قەسدو غەرەز دگەل تە نینە
ئایا تە دگەل من ئەڤ چ کینە؟
دەورەک تە نەکر دەمەک ژ بۆ من
پڕ دبتە مەمەک ژ بۆ من
نۆرەک د روێ من کر تە پەیدا
سۆهنن ل مەمێ تە یێ سەودا
شەوقەک د رۆخێ مەمێ تە هلکر
قەلبێ من ب وێ تە سوهت و کولکر
ئەو تە وەها ل من عەیان کر
پاشێ تە ل من هنداکر
سۆهنن تە ئەم ب ئاگری فیراقی
کوشتن ئەم ب دەردێ ئیشتیاقی
خانیێ بێ هێڤی:

جارانا د شەڤێن رەش دە، زینێ شەمع(شەمە) ژ خوە رە دکر دەمساز لێ میزە دکر چاوا کو ئەو وەکە کەچێن کوردان ژ دەست ئەڤینا خوە د سۆتن و نکارن وێ دلێ خوە بدەرخینن ژ بەر سەدەمنە جورە جور وەها داخڤە شەمەیێ.

لێ زین من دزانە کو شەمە تەنێ فتیل دسۆژێن و تەن د پشڤەو ئەو ئانگۆ زین چاڤ بهوشتی تەڤداو شەڤ و رۆژان دە، هەرتم ب سەر هەڤدە د سۆتە، د قەلەو د پشڤە:

**دەم شەمع دکر ژ بۆ خوە دەمساز**
**ئەی هەمسەر هەمنۆشین و هەمراز**
**هەر چەند بسۆهتنێ وەکی من**
**لێ نە ب گۆتنێ وەکی من**
**دەردێ من و تە ژ یەک بفەرقە**
**ئەو فەرق ژ غەریب نا ب شەرقە**
**مەشرق تویی ئاگرێ تە زاهر**
**مەغرب ئەز و باتنێ من ئاگر**
**تم د سۆژێت من رشتەیی جان**
**تە ناسۆژێت غەیری ئەو زمان**
**ئاگر ل سەر سەری من و تە پێتە**
**جانێ من دگەل تە پێت و جەنگە**
**هەر چەند بشەڤ دمینی پێدار**
**سبحان د نڤی تا ب ئێڤار**

ب نێرینا من بە خانی هێڤی ژ خوە رە کری مۆم، ب زمانێ زینێ داخڤیە ژ بەر کو ئەم ژی دزانن خانی د بێ هێڤییێ دە دژی. دبێژە مۆمێ ژی دپشڤە ئاگۆ هێڤی ژی ئانیان دبن ژ لەورا دکە هاوارا هاوار.

شۆرشگەریتی د مەم و زینێ دە:

گاڤا مرۆڤ ناڤێ خانی دبهیسە ڤێرا ژی داستانا وی یا پیرۆزترین مەم و زین تێتە بەرچاڤ وەک چیرۆکەک ئەڤینی. چاوا وان ژ هەڤ حەزکرن، ل کو حەزکرنا وان پێکهات و چڤاس بناڤ و دەنگ و دەنگبوو.

لێ نا دەلالینۆ خانی نە تەنێ ل سەر ئەڤینێ نڤیسیبوو، هەروەها وی ل سەر هەموو ئێش و

کولێن کوردان د وان پرتووکا پیرۆز دە نڤیسیبوو.. ل سەر نەلهەڤکرنا کوردان، زولم ل سەر وان...

خانی دخوازە ل سەر نەمرێن کوردستانێ باخڤەو وان ب پەروانان ددە ناسین هەروەها چاوا کو پەروان ژ ئاگر حەز دکن ل دەردۆرێ وێ د فرن و گویانا خوە دیاری وێ دکن.

پێشمەرگێن کوردستانێ ژی خوە داڤێژن ناڤا جەنگ و شۆرەشان، تەن و جانێ خوە دیاری ئازادیا جوان دکن یانێ خانی ئاگر دکە ئازادی و شەرڤانان ژی دکە پەروان ئانگۆ: پنپنیکێن ئازادی خوازو ئاگر حەز.

مرۆڤ گاڤا چیچکەکێ دیاری دۆستەکی خوە دکە چڤاس کێفخوەشەکە خانی د پرتووکا خوە یا گرانبها دە داخفە فیداکاری لێ ب زمانەکی فەلسەفی و ل سەر زمانێ زینێ چاوا ئەو دخڤە پنپنیکان و ناخواز. کو ئەو زوو بسووتن.

میرێ هەلبەست و وێژەڤانان خانیێ نەمر نەتم دخوازە ل سەر ئەڤینا مەم و زینێ باخڤە، هەروەها د ناڤا چیرۆکێدە جارنا دەرباسی ئاخ و ئاخینێن کوردا ژی دبە، ئەو کەدا فیداکاری ژی قەت و قەت ژبیر ناکەو ل سەر کەد، خەبات و نەمرتیێ وان ژی داخڤەو هندەکی ژ وێ مژارێ دکە ناڤا چیرۆکا مەم و زینێ چاوا کو وان ژ هەڤ حەزکرن، نەمر، ئازادی و وەلات ژی ژ هەڤ حەزدکن و یارێ هەڤن.

وی ژ بەر سەدەمنە نەدیار راستە راست نەگۆتیە پێشمەرگان ئان شەرڤانان لێ بەلێ ب زمانێ زینێ وا زمانێ خواش، شێرین و هونگوڤی ئەڤ ئانیە زمان ئانگۆ ژ دێڤلا کو باخڤە ب زمانێ خوە یێ زێرین دهێلە کو زین باخڤە پەروانێت ئاگرو رۆناهی و واها دبێژە وان پنپنیکێن سەمبۆلێ بهارێن رەنگین ئێن کو نەورۆزێ دهناڤێن خوە ڤەدشێرێن تاکو سەرما زڤستانێ وە نەخوەش نەکە..

خانی وەها دبێژە..

**ئەی تارێ ئاشیان فرقەت**
**وەی بلبلێ بوغچەیی حورقەت**

**مێرانە د بوخشی جان ئەرزان**
**حەیفا کو ب مرن زانی لە ریزان**
**ناوەستی دەمەک ل بەر هەوایێ**
**ناپوختە تەلەب دکی فەنایێ**
**ئەو لەرز ژ تەرە گەلەک قسوورە**
**ئەو لەرز ژ تەرە فتوورە**
**بێ سەبری بێ سکۆن و بێ تاب**
**لەورا خوە دکی بزوویی پڕ تاب**
**نەپوختەیی عەیبەکە تەمامە**
**مەتبوخ د بێژن کو خامە**
**پوختە د سۆژن مەکر تو چاران**
**فانی قەت دبن ب نۆرو ناران**
**وی جسمی منەوەرە مەلەکی رۆح**
**پەیدا قەمەرا موقابەلەتی یۆح**

هەڤپەیڤین د ناڤبەرا مەم و زین دە، ناڤبەرا شەرڤانەکی و ئاگرێ ئازادیێ:

**گاڤا وە گۆ پەڕ ل وی سووتن**
**وان چەند گۆتن ب یەکڤە گۆتن**
**پەروانێ گۆ تو خوەش دەلیلی**
**شەمەیێ گۆ تو خوەش خەلیلی**
**پەروانێ گۆ تو رەحنامەیی**
**شەمێ گۆ تو جان فیدایی**
**پەروانێ گۆ تو دلفرزی**
**شەمەیێ گۆ تو سنەسۆزی**
**پەروانێ گۆ تو چارەسازی**
**شەمەیێ گۆ تو دل نەوازی**
**پەروانێ گۆ تو پادیشاهی**
**شەمەیێ گۆ تو قیبلەگاهی**
**پەروانێ گۆ تۆ حۆری زاتی**
**شەمەیێ گۆ تۆ نۆری زاتی**

* * * *

**فەرهەنگی بەشی دووەم**

شەهزاد: ئەمیر
پێری: فریشتە
خۆرشید: رۆژ
ماه: مانگ
ریاد: بەهەشت
داهەرستی: تێکەلاوبوو
موبانا: لەسەر
کۆ: گرد، چیا
خاوەر: رۆژهەلات
شەهری: باژار
دل ڤەرۆز: دڵ کراوە
سیپاهی: ئارتێش، لەشگەر
نوبول: تیر
نسل: ئاوی نێرینە
هاتیڤە: دەرکەوت
مرجان: مەبەست خوینە
گول قەند: شیراوە
جۆش: لەباوەش گرتن
نێرگز: چاو
دەخیل: خایین
هەمسەر: هەڤال
هەمنۆشین: برادەری قسەکردن
هەمراز: نێهێنی شاردنەوە
د بو خوشی: دیار دەکات
لەرزین: جولانەوە، هژین
ناپوختەیی: نەزانی
مەتبۆخ: زانا
پوختە: دوژمن
پرتاب: پەرگەر
خام: نەبوویی
یوه: ناوەکە لە ناوەکانی رۆژ
پەروان: شۆرە شڤان
شەمە: ئاگر

* * * *

**چاڤکانی:**

**١- ژ وەشانێن بەربانگ، رزگار کورداخی.**
**٢- دیوانا مەم و زینا ئەحمەدێ خانی.**

# هەڤپەیڤین

رۆماننووس ولیەم بۆید

## کەسایەتی رۆمانەکانم: جارێ سەردەکەون و جارێ ژێردەکەون دواجار هەموو شتێ لەدەست دەدەن

و: دڵشاد ئەنوەر عەلی


ولیەم بۆید

له یەکێ له ئوتێلەکانی پاریس کە دەکەوێتە گۆڕەپانی فاندۆمی بەناوبانگ چەند خانمێکی گەنج پێشتدەکەون و بەناو مەتاهەیەک له ڕاڕەو و پەیژەدا دەتبەن، کە گومانی تێدانییە له گەڕانەوەدا بزر دەبێ، بڵاوکەرەوەی بەرهەمەکانی ولیەم بۆید رۆماننووسی بەریتانی کە له (گانا) ساڵی ١٩٥٢ لەدایکبووە ساڵۆنێکی تایبەتی بۆ ئەم چاوپێکەوتنە حجز کردووە، لەوێ بۆ چرکەساتێ له خۆمم پرسی، ئەگەر نووسەر راینەکردبێ وەک چۆن کچە پاڵەوانی رۆمانە تازەکەی ئەمە دەکات. بەڵام هەر خێرا ئەو نیگەرانیەی تووشم هاتبوو نەما، کاتێ نووسەری کتێبی(ئینگلیزێ له هێڵی ئیستوا و کتێبی کراوە(١) گەیشتە لامان.

گەرموگوڕی له جووڵە و وشە فەرەنسییە جوان داڕێژراوەکانی بەرەو دنیایەکی دیکەمانی برد.

*** دوا کتێبت، ژیان لەژێر چاودێریدا شێوەی ڕۆمانە پۆلیسییەکانی وەرگرتووە، ئایا هۆکارێکی دیارکراو بۆ ئەمە هەیە؟**

– دوو هۆکار بۆ ئەمە هەن، یەکەمیان ئەوەیە کە نەفسییەتی سیخوڕ و نەفسییەتی خائین لە بەریتانیا زۆر رامدەکێشن، ئێمە خائینی زۆر بەناوبانگمان هەبوو، وەک ٥ کامبروج لە سالانی سی، یەکێکیان کە ناوی کیم فیلبییە عەمیلێکی دوولایەنەکە بوو، بۆ یەکێتی سۆڤیەت کاری دەکرد و ژیانێکی دوولایەنە ماوەی ٢٠ ساڵ ژیا. حەزم دەکرد بزانم ئەمە چۆن دەبێ وابێ... بەڵام ئەوەی لە قوولاییەوە لام گرنگ بوو بابەتی ناسنامەیە، بەتایبەتی، کە ئەم کێشەیە پتر پەیوەندیدارە بەبابەتەکە کاتێ کارەکە لەبارەی سیخوڕییەوە بێ چەندین ساڵە لە ڕۆمانەکانم پرسیاری ئەوە دەکەم ئاخۆ ژمارەی ئەو ناسنامانەی لە ژیاندا هەڵمان گرتوون چەندن؟ ئەم بابەتە لە ڕۆمانی«ئارمادیلۆ و عەسری شیندا» ئامادەیی هەیە، بەڵام لە (کتێبی کراوەدا) لۆغان و نستوارت دەپرسێ: چەند منمان هەیە؟

ڕۆمانی داهاتووشم باس لە هەمان بابەت دەکات، باس لە چیرۆکی گەنجێکی ئەم سەردەمە دەکات کە لە لەندەن دەژی، بەیەکجار هەموو شتێ دەدۆڕێنێ. ناسنامەی کۆمەڵایەتی و تەلەفۆنی مۆبایل و بلیتی بانق و جەوازی سەفەر و ماڵ و هەموو هاوڕێکانی. لەم بارودۆخەدا مرۆڤ لە شارێکی وەک لەندەن دەبێتە چی؟ چ جۆرە گیانلەبەرێ، یا ئاژەڵێکی شارستانی؟ ڕەنگە ئەم ڕۆمانە دوا ڕۆمان بێ لەسەر ئەم بابەتە..

*** بەڵام ئەگەر بەناسنامەی ڕاستەقینەی سیخوڕت زانی ئەوا دەبێتە سیخوڕێکی مردوو....**

– هەردوو سیخوڕ لە ڕۆمانەکە ئیفاو لۆکاس لە هەمان شت دەترسن، برۆستیش لەم بارەوە لە یەکێ لە ڕۆمانەکانی باسی ئەوەی کردووە. هەریەکێ ئەوان لەو چرکەساتە دەترسێ کە یەکێ دەست لەسەر شانی دابنێ و بڵێ: ئاه، ئەوە تۆی؟!! ئایا پیاو کاتێ سیخوڕیی دەکرێ خانەنشین بێ؟ یا ئەوکاتەی وەک ئیفا کەسێکی هەڵاتووبێ؟ مرۆڤ چۆن دەتوانی بژی؟ هەموو ئەو شتانە مێشکمیان خەریک کردووەو تووشی سەرسوڕمانیان کردووم، بەر لە دووساڵ لە ئێرلەندای باکوور ناسنامەی سیخوڕێکی بەریتانی ئاشکرابوو کە پازدە ساڵ بوو جێی خۆی لەناو ریزەکانی سوپای کۆماری ئێرلەندا کردبۆوە، چەشنی ئیفا لە خانوویێکی گونددا لە شوێنێکی گۆشەگیردا بۆت هەیە بیر لە ژیانێ بکەیەوە کە چۆن تووشی ترس دەبێ کاتێ کەسێکی بێگانە کاتێ دەگاتە ئەو گوندە، یا هەر گالیسکەیەک کە بە بەردەم ماڵەکەیدا تێپەڕێ.. پاشان لە کۆتایی سوپای کۆماری ئێرلەندی دەیدۆزنەوە و دەیکوژن. ئا لەم چرکەساتەدا دەستم بەنووسینی ڕۆمانەکەم کرد کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئیلهامبەخشم نەبوو، بەڵام پێم وایە ئەمە نموونەیەکی چاک و جوانە.

*** بیرۆکەی ئەم ڕۆمانەت چۆن بۆهات؟**

– لە کاتی نووسینی ڕۆمانی(کتێبی کراوە)دا، هەندێ توێژینەوەم لەبارەی یان فلیمنگ و سیخوڕی ماوەی جەنگی دووەمی جیهانی ئەنجامدا. لە ڕۆمانی(کتێبی کراوە)دا بە ٥٠٠ لاپەڕە ژیانی تەواوی مرۆڤایەتیم نووسی کە وەک دەفتەری ڕۆژژمێری وایە. حەزمدەکرد شتێ بنووسم لە قەبارەدا بچووکتربێ، بەڵام بەسەردێکی ئاڵۆزتر، هەروەها من خۆم حەزم لە ڕۆمانی سیخوڕییە وەک جۆرێکی ئەدەبی، بۆیە بیرم لەدایکی کچێکی گەنج کردەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەیدوێنێ و پێی دەڵێ: «سالی جلیمارتان نیم، بەڵکو ناوم ئیفا دیلیکتۆر سایامە.. هەریەکێ لە ڕۆمانەکانم بەپرسیارێ دەست پێدەکەن، هەروەها بی بی سی داوایان لێکردم سیناریۆیەک

لەبارەی دۆستایەتی تشرشەل و رۆزفلت لە کاتی جەنگدا ئامادە بکەم، بەم جۆرە ئەم کردارە نهێنیە بەریتانییەم لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کەشفکرد.

*** درۆ و راستی لەناو جەرگەی پەیوەندییەکانی نێوان کەسایەتی رۆمانەکە دایە کە هەر نووسەرێ دەیەوێ هەمیشە راستگۆیی بەو رۆمانە ببەخشێ کە دەینووسێ، بەڵام درۆکردن پیشەیە..**

– ئەمە راستە، کەسایەتییەکانم لە سروشتی خۆیان راناکەن و ئەگەرچی(رووس) باوەڕی بەقسەی ئیفای دایکی هەیە، بەڵام دواجار لەوە تێدەگات کە بەهەمان شێوە کەسێ هەیە یاری بەدایکی دەکات. ئەوەی مەبەستم بوو لەو چیرۆکە خۆشەویستییەی کە ئیفاو لۆکاس پێکەوە گرێدەدا، کە دوو سیخوڕی بەئەزموون و شارەزان پەیوەندیی نێوان تاکەکەسی و گەرموگوڕی نێوانیان کارەکەیە، ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییەی پێکەوەی گرێداون رێی لە ئیفا نەگرتووە کاری پشکنین بکات و هەر لەخۆوە لە جانتاکانی لۆکاس بکۆڵێتەوە، ئیفا نەزان نییەو دەزانێ ئەوکاتەی پەیوەندی لەگەڵ دروست دەکات هەموو رێسایەکی پێشێل کردووە. کەواتە پرسیاری کرد بۆ؟ بەڵام سەبارەت بەلۆکاس کارەکە رێگایەکی دی بوو بۆ گەیشتن بەمەبەستەکانی، ئایا ئەم مەبەستانە چین؟ ئەو چرکەساتەم زۆر لاخۆشەویست بوو کە ئیفا تێگەیشت کە لۆکاس پێشوەخت هەموو شتێکی ئامادە کردبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆشی دەویست، نەک هەر ئەمە، بەڵکو کاتێ بۆی دەردەکەوێ لۆکاس بێ ویژدان و هیچ و پووچە دەزانێ خیانەتەکەشی کارێکە. بۆیە لە هیکرا بۆ ئەوەی لە هەموو ئەمانە رزگاری بێ بڕیاردەدات وەک ئەوی لێ بێ..

*** ناکرێ رێ لەخۆمان بگرین بۆ بەراوردکردنی ئەم کرداری دەستخەرۆکردنە کە لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەم روویداوە، لەگەڵ بارودۆخی چوونی بەریتانیا بۆ ناو عێراق..**

– بەرلە جەنگی عێراق دەستم بەنووسینی رۆمانەکەم کردووە، بەڵام لەماوەی گەشتکردنم بۆ رێکلام کردن بۆ فرۆشتنی کتێبەکەم لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ساڵی(٢٠٠٣) خوێنەران هەمیشە پرسیاری ئەم بابەتەیان لێ دەکردم. گەمەمان پێکراو ئێمە سادەبووین لە پەیوەندییەکانی دەرەوە، هەمیشە دەبێ ئەوە بیرخۆمان بێنینەوە کە دەوڵەتان بەرژەوەندییان هەیەو کارەکەش هەر لەوکاتەی پەیوەندی بەویلایەتە یەکگرتووەکانەوە هەبێ بەریتانیا حەزدەکات ئەم راستییە لەبیر بباتەوە، سەبارەت بەئێمە ئەمریکییەکان ئامۆزای ئێمەن، بەڵام پێچەوانەکەی رات نییە، ئەوە بەسە بابەتی کەناڵی سوێس و داگیرکردنی گرینادا بیرخۆمان بێنینەوە کاتێ ئەمریکییەکان پێویستیان بەهاوپەیمانی لە عێراق هەبوو. ئەمە بەسە بڵێین: بەرێز بلێر لەگەڵمان وەرە ئێمە پەیوەندی چاکمان پێکەوە هەیە، ئەوکات بەخۆم گوت رۆمانەکەم دەبێ بەرێگایەک بۆ ئەوەی وا لە خوێنەران بکات بیر لەم پەیوەندییە بکەنەوە کە پێیان وایە جیاوازە.

*** ئایا دەبوایە بەریتانیا جانتاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بپشکنێ وەک چۆن ئیفا لەگەڵ لۆکاس کردی؟**

– بەریتانیا دەبوایە بپرسێ بەرژەوەندییەکانی لەکوێدان، ملیۆنێ کەس رۆژانە دەڕژانە جادەکان، بەڵام بلێر ئەمەی پشتگوێ خست.

**سەرچاوە:**

المدى الثقافي/ العدد ١٠٨٦، الثلاثاء(١٣) ت٢ ٢٠٠٧

و: بۆ عەرەبی د. سندس فوزی فرحان

لوموندیە لیفر الملحق الثقافي لجریدة اللوموند

# گەڕان بەدوای مەرگدا

سارا عومەر-دانیمارک



ئەمشەو
شەوی تلانەوەیە
بەناو پێدەشتە بەرینەکانی مردندا
بەناو رۆحی خەونە یاخیبووەکاندا
ئەمشەو
شەوی گەڕانە بەدوای مەرگە ئەبەدییەکاندا و
سنگ واڵاکردنە بۆ دورگەیەک
دوورتر
لە بەگژداچوونی خۆزگە زیندەبەچاڵ کراوەکانم

ئەمشەو
لە نیگەرانی خۆم دەڕوانم بەرامبەر بە ژیان
خۆم بە باڵی شەمشەمە کوێرەکاندا هەڵدەواسم

بەرەو تارمایی
من دەبمە فریشتەیەک و
باوەش بۆ خودا دەکەمەوە
باوەش بەو هەورانەدا دەکەم
کە هەمیشە چاویان تەڕە و
بە خوڕ فرمێسکیان لێ دەبارێت

ئەمشەو
خۆم دەکەم بەناو شەپۆلە زلەکانی تاریکیدا و
بە تەلبەندە دڕکاوییەکانی پەشیمانیدا هەڵدەزنێم
ڕۆحیانەتەکەم تێپەڕ دەبێت و
هەر وننابم... هەر وننابم !

ئەمشەو
بەنێوانی مردن و ژیاندا تێپەڕدەبم
لەبەینی ڕۆژگارە فریوخواردووەکان و
شەوە یەڵداکاندا
دەبمە گوڵێکی وشکی بێناز و
بە ئەسپایی هەڵدەوەرێم

ئەمشەو
بەسەر پردەکانی ژیان و قیامەتتدا
هەنگاوەکانم جارانی چوار و پێنج دەکەم و
هەر پێی ناگەم!
دەڕۆم بەناو دوکەڵ و تەپوتۆزی غوربەتی خۆمدا و
ئاساری ونبووی هەزاران مێژووی وشک دەمدۆزێتەوە
کەچی ئەوان هەر خۆیانم لێ لادەدەن
قیامەت لە پێشوازیمدا دەدرەوشێتەوە و
ژیانیش هەر لەکۆڵم نابێتەوە!

ئەمشەو
من هەر بەڕێوەم بۆ پێشوازیکردن لە مەرگ
لە بازنە خاڵی و ئەنگوستیلەئاساکەی خۆمدا دەسوڕێمەوە و
مەرگێک نایەت بەڵا مەوە
هێندە لەخۆباییە ئەو مەرگە
تەنانەت
ئاوڕیشم لێناداتەوە
ئا ی ی ی خودایە !
چەندە قێزن و شپرزەیە ئەم شەوی خۆکوشتنە!
تۆ تەماشا بکە
من لە دەریا بێ بن و قووڵەکاندا دەخنکێم و
کەچی ڕۆحم دەرناچێت
لە بیابانە لماوییەکاندا
لم و گەرمییە کوشندەکان دەمشارنەوە و
هەر نامرم
لە دوکەڵی دوای خەراباتەکانی
جەنگی نێوان مەرگ و ژیاندا
تێکەڵ بە خوێناوی عەشقی مەرگێک دەبم و
خودای ڕۆژگار هەر نامکوژێت!
بەناو ئەم نیوەشەوی مەرگەساتەدا
سەرەڕۆیانە و مەجنونئاسا
هەر ڕێدەکەم .. هەر دەگەڕێم
هەر پێی ناگەم

ئەمشەو
هەنگاوەکانم هەر دێن و ئەزەلیتر دەبن و
پاشقوڵ لە یەکتری دەگرن

موعجیزەئاسا دەکەونە وروژان و
پەلەکردن
ئەوان
هەر هەوڵی گۆڵکردنیانە لە ژیان و
ریسواکردنی دوژمنی مەرگ

ئەمشەو
قاچە بچووکە قلیشبردووەکانیشم
لەناو جووتێک نەعلی لاستیکی دڕاوی سپیدا
هەر پاڵ بەیەکترەوە دەنێن
بۆ دۆزینەوەی کووچەیەکی تاریکتر
تەماویتر
نادیارتر لە کوچەی هەبوون و ڕۆحە زیادەکان
چونکە ئێمە هەمووومان زیادەین لەم ژینەدا
هەمووومان بە مانایەکی هیچ هاتووین و
دواتر ملکەچی دەقەرێکی نادیارتر دەبینەوە
دەقەرێکی خواوەندی
خواوەندێکی نەبینراوی بێ ڕەنگ
دوورتر لە ڕاستەقینەی ئەندێشە و
ونتر لە هەمموو شتێکی ئەم سەر زەمینە
کێ دەڵێت ڕۆژێک دێت و خواوەند
دەمان گرێتە خۆی
کێ نالێت
خالق
ئێمەی لێ تەوقینییەو
تورمان ناداتە ئەودیو لێوارەکانی
قەبرەوە ؟؟
من هەر دەگەڕێم
هەر دەگەڕێم بەدوای مەرگدا!

ئەمشەو
هەنگاوەکانم زۆر سەرەڕۆن
ملی ڕێگا چۆڵ و هۆڵەکان دەگرن
بەرەو کووچەی هەناسەدانی ئەو
"جرەبەگزادانەی
کە لە سەرمادا ڕەقبوونەتەوە
بۆڵای ئەو سواڵکەرانەی
کە لە برسا لەتێک نانی ڕەق نەبووە
بیهاوێژنە دەمیان و
دەروونیانی پێ تێر بکەن
قاچەکانم لە "جرپوجۆپدان
بۆ سۆراخکردنی
بونەوەرە داماوەکانی تری ئەم کەوکەبە
قوڕبەسەرە
کەوتوونەتە پێشبڕکێ
بۆ دۆزینەوەی یەکەم نیگای مەرگ
یەکەم سڵاو
یەکەم پێشوازی لێکردنی
ئاییییی ئەمشەو
ئەوانەی لە ڕێگا دەیانبینم
هەر دەدوێن و
دەدوێن و
بۆڵە بۆڵیانە
ئاخ و ئۆف لەم عینادییەی من هەڵدەکێشن
(بەشوێن مەرگدا)
بەرقێکی توندەوە
لە ئەرزەکەی ژێر پێیان توند دەبن و
نایانەوێت دووربکەونەوە لێم
کەچی من
بەناو تاریکایی ئەوانیشدا
تێپەڕ دەبم
ئای خالقی بەهەشت و دۆزەخ

منی "کروشمەکردو
هەردەبێت بڕۆم
هەردەبێت بگەمە ئەو پەلکە زێڕینەیەی
کە پاش بارینی بارانی بەهارێکی سەوز
هەڵگەڕاو
بە مەکر و نازێکی زۆرەوە
عەیارانە خۆی دەردەخات و
وەک گەیەنەرێک
لەبەینی ئاسمان و زەویدا
خۆی پێشانی زۆرداریی دەدات
وەک جۆڵانێیەک
لە هەورەکانەوە بۆ وشکانی
لە هەورەکانەوە بۆ تەڕایی
لە هەورەکانەوە
وەک پرچی دایکم
شۆڕدەبێتەوە بۆ ناوجەرگەی تکاکانی تەمەن
بۆ ناوجەرگەی
نزاکانی بەرچایی بێوەژنێکی جەرگ سووتاو
دواتر
وەک بووکێک
لە بەینی ڕۆژی خۆئامادەکردن بۆ
ژیانێکی نوێی تر و
شەوی شووکردنیدا ئەدرەوشێتەوە
وەک زەردەخەنەیەکی خۆشدڵ
لەسەر نیگای کیژێکی وردیلە هەڵدەقوڵێت و
روو مەتەکانی چاڵ دەبێت پێوەی
لێوەکانی هەر دێن و
تەنک و تەنکتر و
ناسکتر و
پەمەیتر دەبن
من هەردەبێت بگەمە ئەو پەلکەزێڕینەیە

هەردەبێت دەستم بگاتە ئەو "ئەسانسیرە
دەبێت بگەمە ئەو پەلکەی
کە ڕەنگە وێڵەکانی لە خۆی بەستوە
ڕەنگی خۆزگە
ڕەنگی هیوا
ڕەنگی ئارامی
ڕەنگی بێدەنگی
ڕەنگی تۆ
دواتر
ڕەنگی من
ئەمانە هەموو ئەو ڕەنگانەن، کە
لەئامێزی مەرگدان
زۆرن ڕەنگەکان
زۆرتر لە ئەستێرە تۆراوەکان و
بڵندتر لەو ئاسمانەی پێوەی نووساون
ئاییی
هەردەبێت پەلکەزێڕینە بمگەیەنێتە مەرگ
لەوێوە ئەچم
بۆ لای نەنکم لە ئاسمان
باپیرم
کە لە سەرو هەورەکانەوە
دەستی میهرەبانی و
ڕزگارکردنم بۆ درێژ دەکات و
من پێی ناگەم!!!!!!
بۆ باوەشی خاڵم
کە دڵنیام
لە هەر کووچەیەک بێت
ئێستا بیرم دەکات
بۆ لای هاوڕێکەم
کە خۆی لە بەرگی سپی ناوە و
لەسەر پەڵەیەک لە هەورەکان دانیشتووە

بەناو نامۆیمدا تێپەڕدەبێت و
بەجووتێک چاوی بریسکەدارەوە
لێمدەڕوانێت
دڵنیام چاوەڕێی من دەکات
دڵنیام
چاوەڕێی مەرگ دەکات ... یان
لەچاوەڕوانیی
پەلکە زێڕینەدایە بمگەیەنێتە لای ئەو
ئای ی ی ی
هەر دەبێت بگەم
هەر دەبێت بگەم بە مەرگ
لەم شەوەدا
من کە دەستم لە خۆم شتووە و
بە تەنورەیەکی سپی و
کراسێکی سپی و
قردێلەیەکی سپی و
کۆڵۆنێکی سپیتر و
جووتێک گۆرەوی دڕاوی دیسان سپییەوە
بەناو ئەم بیابانە لماوییەدا هەر ڕادەکەم
هەر ڕادەکەم
کەچی من هەر بە مەرگ ناگەم
بەناو تاریکی و تەمومژ و
ترسناکی ئەم شەوانەدا غارغارێن دەکەم
هەر پێی ناگەم
بەناو رووخان و تێکچوونی خۆمدا
هەنگاو دەنێم
لەگەڵ مەلە نووستووەکانی شەودا دەدوێم
بێزاریان دەکەم بە پرسیار
وازیان لێناهێنم
تا ڕێگای مەرگم پیشان نەدەن
بەڵام ئەوان هەر پێم ناڵێن
هەر پێم ناڵێن
دڵنیام
ئەوان خۆیان لە تاڵیی مەرگ دەدزنەوە
ئەوان بەوێنەی من وێران نین
بەوێنەی من بێزار نین
ئەوان ژیانیان خۆشدەوێت
یان نازانم
پێدەچێت ژیان ئەوانی خۆشبوێت و
وەک لەزگە
وەک مووی لوت
خۆی بەوانەوە هەڵواسیبێت
من هەر ڕادەکەم و
بە مەرگ ناگەم... پێی ناگەم!
ڕێگام دەکەوێتە سەر گۆڕستانێک
لەوێ.. هەر لەوێ
زۆرترینی قاو قیژی ئەو ڕۆحیانەتانە دێنە بەر گوێم
کە سەرپێچیان لە ژیان کردووە
کە خۆیان کردووە بەساقەی گوریسێک و
لە ملی خۆیان ئاڵاندووە لە بێزاریدا
گوێم لە زیکەی ئەو کیژۆڵانەیە
کە خۆیان سووتاندووە لە ترسی ژیان
ئەو منداڵانەی
لە نەداریدا خۆیان فڕێداوەتە نێو دەریا قووڵەکان
لەبەر نەبوونی هاودەرد و
هاوسەفەرێک و
لەبەر زوڵمی ڕۆژگار
ئیتر لەوێ ماسی و جانەوەرەکان خواردوویانن و
ئێستا لە حەوت تەبەقەن

ئەوان ئێستا لە بەهەشتەوە بانگم دەکەن
ئەوان
لە دێر زەمانەوە منیان بە مەرگ لە قەڵەم
داوە و
مەرگیش بە من
بەڵام من تەنها دەیانبیستم
نایانبینم
دەیانبیستم !
من ناشترسم لە مردن
نامەوێت ترسنۆک بم
وەک پاڵەوانە فیززلەکان
خۆم نادەمە بن دارێک و
چرپەیەکم نەیەت
هاوار نەکەم!
یان لە ترسی مەرگ
بێدەنگ ببم
نا ..
هەرگیز نا
ئەی نابینیت ؟؟
من خۆم بانگی ڕوخساری مەرگ دەکەم
دەگریم
سێڕیزە فرمێسک دەڕێژم
نایەڵم کەس دەستی یارمەتی بە سەرمدا
بهێنێت و
ماچێکی خۆشەویستیشم لێ بکات
من هەر دەکروزێمەوە
وەک منداڵێکی کـــۆڵان، کـــە چۆن بۆ
لەفەیەک قاورمە دەگری
یان دایکی لەگەڵ خۆی نایبات بۆ بازاڕ و
نایەڵێت چمکێکی عەباکەی سەری بگرێت
هەر دەگریم

من ناگریم بۆ ژیان
منی ماندوو لە ژیان
تەنها و تەنها بۆ مەرگ چاوم تەڕ دەکەم
بۆ مەرگ لە خۆم دەدەم
بەرگی سپی بۆ مەرگ دەپۆشم
نینۆکە ڕەشهەڵگەڕاوەکانم بۆیە ناکەم
تا نەمرم
بەتەمام
لەگەڵ خۆمدا شووشە بۆیە پەمەییەکەم
ببەم بۆ ناو گڵ
با لەوێ سپێدەکان
پەریە ڕاستگۆکان
کەسانێکی تر
لە ئاسمانێکی تر پەنجەم بۆیاخ بکەن
سووراویش ناکەم
نەکا کەسێک بێتە سەر ڕێگام و
بەم نیوەشەوە وەک خێو
لێوم بەماچێکی شەکەت تەڕبکات و
بیرم نەچێتەوە تا ئەبەد
نەکا پەڕەکانی لێوم هەڵوەرن و
دوایی بۆنی گوڵاوم لێببڕێت
نا... سووراو ناکەم
هەڵی دەگرم
تا پەپوولەکان ئەو لێوانەم بۆ سوور بکەن
ئەوان یەکەم ماچ و
دووهەم ماچ و
سێهەم ماچ و
دواهەمین ماچی لێبکەن
بۆ مردن
بۆ دوورکەوتنەوە
بۆ ژیانی دوای مردنیش

هااااا ...بیرت نەچێت
ناشمەوێت بۆ ساتێکی بچووکیش بخەوم
حەزدەکەم
تەنها چاوم لە ئامێزی قەبردا بچێتە خەو
ئاییی ئەمشەو
من هەر لەوێ هاوار دەکەم
دەناڵێنم بەدەست ژیانەوە
دەڵێم توخوا وەرن
ئەوە سەری من و ئەوە پێلەقەی ئێوە
ئەوە ناوچەوانی من و ئەوە تفی بۆگەنی ئێوە
ئەوە دڵی من و ئەوە چنگ و نینۆکی چڵکنی ئێوە
بیگوشن و خوێنەکەی دڵم بۆخۆتان بەرن!
ئەوەش جەستەم و ئەوە فیشەکی ئێوە
ئەوە خاکی بەر پێتان و ئەوەش پاچی ئێوە
هەڵیکەنن گۆڕێک بۆم لە تەنهایی
گۆڕێک
نزیک لەو دەنگانەی، کە پێی ناگەم
لەو خۆشەویستییەی، کە نایبینم و نەمدیوە
نزیکتر لەو ڕۆحانەی
کە سنگیان بۆ مەرگ کردۆتەوە
لە هەمووشیان نزیکتر لەم دڵەی من
کە جارێک ڕۆشنایی نەدیوە

ئەمشەو
هەر دەڕۆم و ڕێدەکەم
بەناو تاریکیدا دەناڵێنم
جل و بەرگم شڕو پڕ دەبێت
دەنگم دەنوسێت و
وەک ئاوازی دەنگی ژنێکی بەساڵاچوو
ناخۆش دەبێت
چیتر ناتوانم بقیژێنم بەگوێچکەی کەڕی ژیاندا
دەستەکانم دەکەونە لەرزین و
پیاڵەیەک زوخاویتریشم پێ هەڵناگیرێت!!!
ئیتر گۆچانی پیریش خۆیم لێدەدزێتەوە
سەرم سپی دەبێت و
پرچم دەبێت
لە ڕشک و ئەسپێی چاوزەق و برسی
چاوەکانم لە بینین دەکەون و
تەنانەت تارمایی و
سێبەرەکانیشی پێنابینم
قاچەکانم لە پێ دەکەون و
ئیتر ناتوانم ئەو ڕێگایە ببڕم بۆ لای مردن
کەفتەکاری سەرجێ دەبم و
نوزەی دەنگم دەرنایەت
بەڵام هەر چاوەڕوانم
گوێم هەڵخستووە بۆ خشپەیەک
لە لای مەرگەوە بێت
لە دەرگای ژوورە ساردو سڕەکەم بدات و
دەست بنێت بەپەنجەرە کەڕوو خواردووەکەمدا و
لەوێوە ڕۆحم فێری فڕین بکات بەرەو کۆتایی

من
لە شوێنێکی قووڵتر لە ڕۆحمدا
قووڵتر لە هاوارکردن بە تاریکیدا
هەر دەگەڕێم
هەر سۆراخدەکەم

هەر ڕادەكەم
لە دامێنی چیاكان دەپاڕێمەوە
لەقەراغەكانی تاریكییەوە
هەڕەشەی فڕێدانی خۆم دەكەم بەناو
درۆكانی زەویدا
قەڵەمبازی گەورە گەورە دەنێم
بەناو زۆنگاو و بڵێسە شوومەكانی (با) دا
لەسەر سنوورەكانی شێتی گێرۆدەی بەزۆر
ژیان دەبم
تكا لە ئەندێشەو و ڕاستەقینەی بیابان
دەكەم
بەناو كێڵگە و ڕەزە كرمێیاوییەكاندا
ڕادەكەم
لەكەنار ڕووبارە بێئاگاكان
وەك گەڕۆكێكی نائاسوودە
هەڵوێستە دەكەم و
دەپاڕێمەوە لە ئاو !!!!!

ئەمشەو
بە شێتی خۆم پێدەكەنم و
كەچی خەندەكانم پڕ دەبن لە گریان
قاقاكانم لافاوی فرمێسك دروست دەكەن و
هەرچی خۆڵی ژێر پێم و بەردەمیشم هەیە
لە گۆڕستانێكی غەمگین و بێپاسەوان دەچن
ئاخخخخ .. ئاخخخ خوایە گیان
كە تامەزرۆی مەرگم

من
هەر لەدووی مەرگ وێڵم و دەگەڕێم
بەبەردەوامی
هەنگاو بەنێو وەنەوز و شەكەتیمدا دەنێم
بۆ دووبارە زیندووكردنەوەی خەونە
ئەرخەوانییەكانم
بۆ بینینی كڵپە بەتینەكانی ئێوارانی
مەرگ و
جادە قەرەباڵغەكانی زیزبوون لە ژیان دەڕۆم
لە خوێنی ئەم تەنهاییەدا مەلە دەكەم
دەفڕم
ڕادەكەم
هەر پێی ناگەم
هەر كۆڵنادەم
وازناهێنم
هەر بەدوای مەرگدا دەگەڕێم تا دەیدۆزمەوە!
دڵنیام
ڕۆژێك دێت و
مەرگ خۆی پێشوازیم لێ دەكات
بەڵام
بەرلەوەی مەرگ پێشوازیم لێ بكات
وازم لێ بهێنن
با خۆم دەرگاكەی بۆ بخەمە سەر پشت !!!
من هەر دەگەڕێم بەدوای مەرگدا
هەر دەگەڕێم .......

١٦ و ١٧ ی ئۆكتۆبەری ٢٠٠٦

تێبینی :
جرەبەگزادە : مەلێكی ڕەنگاوڕەنگی جوانە
جرپوجۆپ : هەڵبەز و دابەزی بێفایدە
كروشمەكردو : كز ، مات
ئەسانسیر : گەیەنەر

# ٩ شيعری هەڵبژاردە
## ٢ - ٢

و: لە ئینگلیزییەوە: جەلال زەنگابادی

٦

لە سەرزەمینێکی بیانیدا
جاک مویلجۆنۆ *
چمانە دڵ لە ئازارو نەهامەتیدا
بزربووە
ئەگەر لە مشتما بمگرتایە
بە کۆتێن دەمبەستەوە
یان بمگوشایە و پانمبکردایەتەوە:
دەبووە نێچیرێکی خوێناوی!
چ پتر دەمێنێتەوە؟
سروودی سروودەیل ئەچنەو ئێژن،
کەچی بریا ئیسە بوێر بایام:
تا بەرگەی ئەشکەنجەی خوێنم
بگرتایە:
بەشکەم وەل خۆیا تا مردن سەمای
بکردایە!
رۆژێکیان(ئەوروپا) هەر بەجێدێڵم:
خولیاو پەژارەو ئارەزووەکانی هی من
نین
وەڵێ هەرگیز رقم لێی نابێتەوە:
چونکە لە کەسەرو کۆڤانیا
ئازادیم وەرگرتووەو
لە دەرەوەی برینەکانیا
تاسەی بزرم بۆ زێدم
جارێکی دی دۆزییەتەوە!

---

* (-١٩٢٥) هۆزانڤانێکی ئیندۆنیسییە(٦)

## ٧
## گوناه
ج.ب.سینانایکا*



خودایا!
لە گوناه بمبوورە
گوناهی من نییە:
بەڵکو گوناهی ئاوەزە
نا،خودایا!
گوناهی ئاوەز نییە:
بەڵکو گوناهی هەستەکانە
ئاری...هەستەکان
ئاوەزیان پاشگوێخست و
هەموو شتێکیان لە ڕێگەدا ڕامالی
کەچی ئاوەزم جگە لە تۆ دیکەی
نەناسیوە،
دەسبەرداری باوەڕی پێت نەبووە.
خوایە بمبوورە
هەر کە هەڵسام
چوارپەلیم بەستەوەو گردمەکۆڵەوە،
بەنێو دڕکودالی چەمی(ڕۆکاتانا)
بردم و فڕێمدایە ناخی ڕووباری
خرۆشاوەوە
تاوێک لە ئاوی خرۆشاو تێڕامام
تاکو هێوربۆوە:
ئینجا گەڕامەوە پێخەفی خۆم و
خیپ نووستمەوە!

---

• هۆزانڤانێکی سریلانکییە(٧)



٨

ئەندازیاری لە ئەڤینداری

کومار*

رووداوێکە هەردەبێ بێتە روو مانەوە
کە یازی رۆڵێکی نییە
چرکەکان جیاوازن وەل رێگاکانی دی
لەم گەردوونە گۆڕاوەدا
بڕیارێکی مەبەست نییە.
ژیان پەڕەلێلە...
سەیرکە!
هێلێک لە خاڵی(ا)و(ب)وە دەڕیڤێ و
دیدار لە خاڵی(س)ـە،
کە گۆشەنیگایەک پێکدێ
دەرەنجامیش یاساوڕێسای پلەوپایە
نییە
تەنانەت لە بارستی گچکەو شێوەدا.
ڤێجا دەتوانین بە تێڕامان ببینین
ئەڤینی راستەقینەی گەنجان
لاپەڕەبێن ئەندازیاری هەڵدەداتەوە
لە گەمەی(سوننیا)دا

---

یازی:سەرنوشت/وەل: لەگەڵ/دەڕیڤێ: دەستپێدەکا/

Sunnya: لێرەدا واتای(براهما)و(سفر)یشە.

• هۆزانڤانێکی نیپالییە(٨)



## ٩

### رەش وسپییەکان

هاندون پاتیرانا کاروناتیلاکی*

گەڵا چایت چنی
جواناوو خوێنت رشت
تا هەژاریی مەردمت
قەلاچۆکەی
پەتاتەو بیبەرت چاند
ئەڕا خۆراکی مەردمت
کەچی خۆری بێبەزەیی
رەشتیکردەوە.
گەرچی روخسارت رەشتاڵەیە
دڵت سپییە
کەچی لەش سپییەکان
ئاوەز تاریکن!

---

• (١٩٥٢-    ) هۆزانڤانێکی سریلانکییە(٩)


ژێدەرێن:

1- Afro-Asian Poetry An Anthology 1971- Cairo P: 161

2- Lotus, 57- 1986, P: 138

3- Lotus, 30- 1976, P: 126

4- Afro - Asian Poetry... P:317

5- Lotus, (24-25) 1075, P: 161

6- Afro - Asian Poetry... P: 138

7- Lotus, 11- 1972

8- Afro - Asian Poetry... P: 224

9- Lotus, 57- 1986, p: 195

# چەند سکێچێک
# بۆ سڕینەوەی لەککەیەکی ئەبەدی

ئەدیب نادر



ئەم هەمــوو کلیــۆمــەترانەت تەنهــاو تەنهــا لەبەرئەوە بڕیووە، داخــۆ بەرەنگاربوونەوە لەگـەڵ «عەلی ئیمام»دا کە بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵانە شـەبەنگێک بووە و لە کـەلاوەکانی ئەندێشـەتدا تەڕاتێنی کردووە و بووەتە بەرجەستەکەری بوونت: هێند سـانا بێت و بوێری ئەوەت لەلادا دنە بدات کـە ببـێـتــە زەلێکی غــەددار، زەلێکی بەفیـشکەفیـشک، زەلێک کە تاقە رستـەیەکی ئازار سـڕەوەبێت بۆ تۆو بیـدەیتـە سـەر نەرمـەی گوێچکە تووکنەکانی؟ بەڵێ، لەوانەیە ئەوەی کە شەباقەیەکی لەنێو رۆحتدا هەڵدڕیوە، قەتاوقەت گۆشتەوزوون نەبێت. ئەگەر تۆ ئەو رستـەیەی کە حەڤدە سـاڵی رەبەقە رۆحت دەهێنێتـە گـۆو ئەو دووره، ئەو گـوێی لێ نیـیـە، کێ دەڵێ رەنگە لە هزری ئەودا وجــوودیشت نەبێت. هەر بەتەنهــا خۆت بەخەنجەری حەرفە ژەنگاوییەکان دووبارەو

چەند بارە بەردەبیتەوە ئازای گیانی نائاسوودەی خۆت و لە تالآوی ئەو خوێنە بەردەوام ڕەوت کردووە خۆت وەردەدەیتەوە.

ئەو چەند هەزار کیلۆمەترەی نێوان دەسڕیتەوەو..

کە لە هۆڵی ترانزێت پیادەبوویت و مۆری چوونە ژوورەوەیان بە پەساپۆرتەکەت بەخشی، جانتایەکی بچکۆلانەی بەڵەک بەڵەکت بەشانەوە بوو، ئەو کارگوزارەی کە پشکنی، یەکەم شت بوتڵە وسکییەکەی بەردیدە کەوت، بە بەخیلییەکی بێڕادە دزێوەوە وتی: «چەنێ پارەت پێیە؟» ئەو پرسیارە بێ جێیە هەناوتی ئەمدیوو ئەودیوو کرد، قەڵس هەڵگەڕایت و دەتویست لەبری وەڵام مستەکۆڵەیەک بە لووتە سوورە لێبووەکانەکەیدا بکێشیت، بەڵام.. دانت بەخۆتدا گرت و وتت: «بایی خۆمم پێیە!». لچ و لێوەکانی وەکو دوادەرچەی ئاژەڵێک پێکداهێناو پتر پەنجەکانی رایەڵی نێو جانتاکە کردو سووسەی ئەوە لەلاتدا بەرجەستە بوو کە دەیەوێت چەند وشەیەک لە بارەی بەرتیلەوە بهاوێتە گۆڕێ، ئەو هێشتا لە ئیشارەت کردندا بوو کە پێشت پێگرت و بەتۆنێکی وشک و ڕەقەوە وتت: «هەرگیز لێم زیاد نابێ تا شتێکی بۆ تۆ لێ بەجێ بهێلم..» روخساری تووڕەییەکی ناکاوی هەڵکردو ئاپۆرای خەڵکەکەی دەرەوە هەڵیان لوشی و ئەو ناوە چۆڵ و هۆڵ بوو، ئەو هێشتا لە جانتاکەدا دەیویست شتێک بدۆزێتەوە بیکات بەدەسکەلا بۆ گرفتێک و شتێکت لێ بقۆزێتەوە، بەرتیلێک بۆ خۆی حەلال بکات. تاق و تەنیا مابوویتەوە، غەمێکی کەونارا خرۆشاندیتی و بەجۆرئەتێکی خەجاڵەتبارەوە وتت: «تەواو، پێویست ناکات بچمە ژوورەوە، ببەرە لای ئەفسەرەکەت، دەمەوێ ببینم، دەمەوێ هەرلێرەوە بگەڕێمەوە ئەو شوێنەی کە لێیەوە هاتووم..» ئەویش سڵێکی کتوپڕ سەرو شەکڵی شۆڕکردەوە و ئەو کەین و بەینەش وەکو تابلۆیەکی هەژاو لەو فەزا بچۆکلانەیەدا هەڵواسرا. جانتاکەی دایەوە دەست و بەڕەنگ پەڕیوویەکەوە وتی: «فەرموو، ڕەتبە». کەچی ڕۆحی گێچەڵ بوو دەسکەلات، قەدەرێک سووربوویت لەسەر ئەو کەللە شەقییە، هەر دەتویست بەرپرسی فرۆکەخانەکە ببینیت، درکت بەوە نەکرد کە بەوە داشت سوار دەبێ، بەڵکە داخێکی دێرزەمانەی تینوو لە چاوگەی ڕەزامەندی دەگەڕا، دەمێکی دیکە پێداگریت سەرومڕی بەخۆوە گرت و ئەو کابرا تاینە، کە لاغەرێکی کوڵەبنە بوو کەوتە نێو بارێکی تەواو جوداو پەشێوەوە. لە دوورەوە، ستافێکی شیکی دیکە تەشریفی هێناو بەجووتە کەوتنە دامێن گیربوون کە پاشگەز ببیتەوە و بچیتە دەرەوە، ماوەیەکی چاک لەسەر ئەم بگرەو بەردەیە ڕۆیشتی، کە تینوێتی و کوڵی دەروونت خۆشنوودییەکی مامناوەنجی بەخۆوە بینی، ئەودەم قایشی جانتاکەت لە شانت ئاڵاندو نێو نیگایەکی نەفرەتاویت رایەڵی ئەو حاڵوبارەیان کرد و شەقاوە هێشتا تووڕەکانت بەرەو دەرەوە کەوتنە جووڵە جووڵ و لە دەرگا ئۆتۆماتیکییەکەوە پێت نایە ئەودیوو هەوایەکی خۆڵەمێشی لە ئامێزی نایت. ئەوێ مەردوومێکی فرەی لێ تێک قژقژا بوو، هەروەکو ئەوەی هەنگاوەکان بەسەر ترۆپکێک لە ترۆپکە سپییەکانی ئەلبدا بنێیت، لەناو قەرەباڵغییە پڕ هاتو هەڵلاکەدا رچەت شکاند هەتا بەپاس بەرەو شامی کۆن برۆیت. ئەو شارەی پتر دڵتی بەبێوەری

ئاواکردەوە و دووساڵ حەژمەتەکانتی لە باوەشی خۆیدا نەوازش دەکرد و لمی دنیایەک یادەوەری بە ئەندێشـەتدا پەرشوبڵاو کردبووەوە نەبا سارای ئایندەت رووت و رەجاڵ بێت لەو رەسـەنییـە بەمیهرەی لەناو هەموو گەردەلوولێکدا خۆی دەبینییەوە.

ئەو سەردەمە ئادرێسەکەت ببوو بەهەڵم، وەک شتەکانی تر لەویش بێبەری بوویت، هەموو نامەیەک لەرێی ناونیشانی «پەنجەرەی پۆستەوە» بە دەستت دەگەیشت، گەلێک جار حەشار دەدراو پاش چەندین حەفتەی بەرێی پۆستخانەوە بوون، ئینجا دەریافتت دەکرد. تۆ هەمیشە بەئاواتی ئەوەوە قوربانیت بۆ ئەو برە دۆست و ئاواڵەت دەدا بۆ ئەوەی بتوانن پاش گەیشتنیان بەوێستگەی دوایین! «ئا ئەمەبوو پێناسەی ئەو سەروبەندە بۆ ولاتەکانی ئەوروپا..» هێندە قوربانیت بۆ بدەن کە لەو وێستگەیەی پتر بەدۆزەخێک هاوچوون بوو، بەتایبەتی بۆ تۆ، وەک لەوەی شوێنێک بێت، پاداشتێک بێت بۆ ژیان، دەربازت بکەن، وەلێ نامەکان، کاتێ کە هیچ شتێکی جێ بایەخی ئەوتۆیان لە بۆتەی خۆیاندا هەڵنەدەگرت، هێندەی دیکە خەونەکانیان کاژوواژتر دەکرد و کاریگەری دۆزەخەکەیان زەقترو بەتینتر دەکرد. ئەو ئاوڵەمە خەیاڵییەی کە یادەوەریت گۆشی دەکردو دووبارە و چەندبارە بەرجەستەیی پێ دەبەخشییەوە، ئامادەییەکی بەردەوامی لە ئاوەزتدا تۆخ دەکردەوە. ئەو کەرەتەی کە «جەماڵ بەسراوی» رۆح سووک و رەشتاڵە لە توێی یەکێک لە نامە کورتیلە و تەلەگرافییەکانی خۆیدا رنووسی کردبوو، ئەو تاقە نامەیەی کە تیایدا پاش تاسە دەربرین و سلاو بیروبۆچوونەکانی خۆی بەچەند خاڵێک دەربریبووەوە، یەکسەر خۆکردو ئیرتیجالییانە دەستی پێکردبوو، نووسیبووی «گەر بارو رەوشی ئەوتۆت بۆ هاتە کایەوە گونجاوبێت بۆ سەفەرکردن، تازە هەر دواکەوتوویت و لەو دۆزەخی رۆژهەلاتی ناوەراستەدا، هەر شەتەک دراویت، چاکتر وایە بۆ شوێنێک سەفەرەکەت مسۆگەر بکەیت کە خێرێک لە زمانەکەیدا هەبێت وەکو ئینگلستان، ئەوانی تریش لە کەڵکەڵەی خۆتدا کاڵ بکەرەوە، نا هەر بەیەکجاری بیانسڕەوە، بۆ تۆ بەکەڵک نایەن»و تۆزێکیش پاینتری لاپەڕەکە بچکۆلەکە نووسیبووی: «ئەم دوورگە زەبەلاحەی باکووری رۆژئاوای ئەسکەندەنافیا، کە منی هەڵلوشیووەتە ناخی خۆیەوە، خەڵکێکی هێجگار کەم بەزوبانەکەی داخێون، کاتێکیش کە تخووبەکانی دەخەیتە پشتەسەرو دەرۆیتە ئۆلکەیەکی دیکە، ئەوا دەبێ زوبانەکەشی لەو دیوو سەرحەدەکانیدا وەکو ئەو کیژە بەجێ بهێڵی کە هەر تەنها خۆی گرەویدەی جەستەتەو..» ئەو نامەیەی لە ئامێزی جوامێرانەیدا بیست دۆلاری قەرسیلی جوانی لەخۆوە گرتبوو، ئەو رۆژە لەسەر دوندێکی بەرزتردا سەقامگیری کردیت و گەیشتن بە کیشوەرێکی دیکەی لە بێئومێدیتدا دنەداو چەشنی وەرزێکی نوێی ئەو رۆژگارەت وەرچەرخاو بووە نۆژەنێکی تری ئاواتەکان. ئەوەبوو زۆری نەبرد «دانا سپاگێتی» قەرزە لە بیرکراوەکەی بۆ ناردیتەوە، ئەوە پارەی بەتانییەکان و ریکۆردەرەکەت بوو، ئینجا «حەسەن هۆمۆ» ئەو زاتەی کە لەپاش سوباتی چەکە بەجەرگەکانی حەفتاو پێنجدا، بەتۆپزی لە قوناغی ناوەندیدا گەرەکی بوو بۆ پارتەکەی رژێم ناونووست پێ بکات و وەک

مـێـردمنداڵێکی شـێـتـۆکـەی دەمی هەرزەکـاری هەستایت و پۆلی بەوان قانگدراوت بەجێهێشت و دەرگـاکـەت بەڕوودا داخـستن. پاش عـەیامـێکی دوورودرێژ کـە پەیدۆزت کـردو چوویتـە نێـو ریزی چەکە رابووە پرەنسـیـپدارەکـان، کـە چەندین سـاڵ بوو کەوتبووە سەر پێیەکانی و لەوێدا چاوت پێی کـەوت، لەککەی گــومــانێک بەدڵتــەوە لکا، زینهـــاری تەنگی بەئاوەزت هەڵچنی، چەند جـارێک لەگـەڵ «مـامـۆسـتـا شـوانە»ی رابەردا کەوتیتە مشتومڕ، ئەو سەربردەیەت بۆ گێڕایەوە، حـەزت دەکـرد داوێنی ئەم ئەزمـوونە تازەیە بێ لەککە بهێنێـتـەوە، سـەرسـەخت و حـەددی بوویت، بەڵام ئەو گەرماوگەرم بە «هەمـوو کەسێک قابیلی گۆڕانە» دەمکوتی کـردیت و ئیدی تۆیش دەتزانی گەر زیادی لەسەر بڕۆیت ئەوا دەڵێت: «لەناو شار بۆ ئێــمــە ئیــشی کــردووە..» و بۆیە نەتویست کــۆمــێنتـــاری دیکـەی بەدوادا بهــێـنی. لە کیشوەرێکی دووری بەفرەوە هاتبوو، رێکەوتێکی عـاجـباتی بوو، ناسی کـردیتـەوە، بەخودسـەری و هاریکاری هەندی برادەری دیکە سـەرفـیـراز بوو لەوەی بڕوات پێ بهـێـنێت کـە یارمـەتـیـیـەکی سـیـمـبـۆڵی لێ وەربگریت و یەک پایە پلیکانە بەئومـێدی سەفەرکـرندا بەرزتر بیتـەوە. ئەو چەند حەوتووەی کە لەوێدا بوو، هەرکاتێ رێبکەوتایە لە دیدەنییەکاندا زوو زوو بەجەختەوە دەیگۆ: «پیـاو دەبێ لە رابردوو ببـوورێت.. ئێـمـە کـوڕی ئەم دەورانەی دەربەدەرین..» زۆرجـــاریش پەیـڤی «ئێستا»ی دووپات دەکردەوە، وەک ئەوەی بیەوێ بیکاتە بناخەیەک بۆ داهاتوو.. گەرچی ئارەزوووی ئەوەت نەدەکرد بەو کۆمەکەی ئەو قایل بیت، بەڵام ناچاریی و فشارهێنانی دۆستەکار، ئەو دۆستانەی بەو پێوەرانە ئیفلیج نەبوون کـە تۆ کـارت پێـیـان دەکـــــرد، تـەنـگـیـــــان پێ هـەڵـچـنـیـت و بەشەرتبەندییەک، شەرتبەندییەکی سازش هەڵنەگر قــبــووڵـت کــرد، کــە ئـەویش بەرامـــبـــەر بەوە بـارمـــتــەیەکت لەلای خـــۆیدا گل بداتەوە، ئەو تابلۆیەت بە ئامانەت لێ وەربگرێت کە دیارییەکی ناوازەی «حەسیب قامیشلی» هونەرمەند بوو، ئەو ئاواڵە هێژایەی کە هێندە بەخشندە بوو جاروبار لە ژووره فــشـــەردەکــەی خــۆیدا لە «گــۆڕەپانی عـەرنووس» پێشوازییـەکی بێڕادە مـیـهـرەبانی لێ دەکـردیت و بەگـفـتـولفـتـە بەتامـوچێـژەکـانی ئەندۆهەکـانی دەرەواندیتـەوە، لەو ژوورەدا، کـە نەتدەتوانی ناوی لێ بنێـیت، چونکە سـتـۆدیۆی وێنەکـێـشـان، ژوانگەی خـۆی، ژووری مـیـوان، خەوتن، ئاشپەزخانە... هەموو شتێک بوو... بەو ئارمـانەی لە بانە رۆژێکی نزیکدا قـەرزەکـەی بۆ بنێرێتـەوە و تابلۆی نایابی ئەو کـیـژەی نێـو گـوڵە گەنمەکان بێتەوە ژێر باڵی خۆت، بەڵام ئەفسـووس دواتر کـە قـەرزەکەی خـۆی خسـتـەوە گیـرفـان، تۆ قەتاوقەت چاوت بەو گوڵە گەنمانە نەکەوتەوە کە چەشنی کــەژاوەیەکی تەلایی کــەرویشکەدار ئەو جـوانییـە رەجاڵەیان لە دڵی خـۆیاندا ئابڵـووقـە دابوو.

* ئەو دەمەو عـەسرەی کە لە دەروازە عوسمانیی ئاساکەی پۆستخانەکەوە بەبێزاری و دەروونێکی داغـان و نوغـرۆوە دەرپەڕیت، «کـەریم باشـووری» بەڕوویەکی گـەشـیی پۆڵـوووییـەوە بەرەو رووت دەهات تا بچێتە ژوورەوە، بەجۆش و خـرۆشێکی نائاسـاییی لەگـەڵـتـدا کـەوتە دوان. ئەو ئانودەمـە شـتـێکی دانقـســە لە ئارادا قـوت نەببـووەوە تا سـەربزێوییـەک بەتۆ رەوا ببـینێت، هەروەکـو

مـاسـیـیـەکی وە قـوولاپ کـەوتوو تەقـەلای راپسکانت دەداو دەتویست لە چاوی سـەرجـەم ئەوانەدا بزر بیت کە دوورو نزیک دەیانناسیت.. وەلێ «کـەریم باشـووری» لە فـەزا ئابڕوبەرەکـەتدا شتێکی رەمۆکی راوشکارکرد، لاپڕەسەنییـەکی هیوومـانیانە دنەیان دا هەتا رۆبچێتە بنکلێشەت و شەففافییەت ئامێزانە شتەکان تاوتوێ بکات، کە لە وەرامی «ئەو تۆ نەدەبا حەفتەی پێشوو ئۆغر بکەیت؟»دا وتت: «رێکنەکەوت..»، لە پەیگیری خـۆی نەکـەوت، هەر دەیویست بزانێت لەبەرچی! دووبارە جەختت لەسەر قوولیی بێ ئارەزوویی وەلامـدانەوەت کـردو بەوەیش نەدەچوو کـە گوشارەکەی ئەوت لەسەر کەمبێتەوە، بەبێ زانینی راستیی، کەسێکی ئەوتۆ نەبوو کە دەستبەرداری وەلام بێت و شتەکان وەکو خۆیان بهێلێتەوە. کە گەوهەری کەموکورییەکەت لە قوڕاوی بێمەیلیتەوە بەرپێوارکردو داتە دەستـیـیـەوە، لە گـیـرفـانی پشتەوەی کیفەکەی دەرهێناو تەنها وەرەقەیەکی سـەدیی تێـدابوو، هێنایە دەرەوە و قـەدەرێک رایگرت، وەک بلـێـیت گومان کـۆسـپـێک بێ و بڕیاردانی دژوار کردبێت، نیگەرانییـەکی جوان چاوەکـانیـان بەترووکـە تررووک خـسـتبـوو، بەلام بەپەلە پرووزێ نیـگـاکـانـی تژی بوون لـە سـەرزەنشـتی و.. ناگـەهان، بێئـەوەی دووجـار تێـفـکرینی بۆ بکات، وەکـو ئەوەی بەسـەر تەگـەرەیەکدا زاڵ بووبێت، ئەوەی کـە لەو سـاتە دینامیکیە پڕ درامایەدا گۆی کرد پەندێک نەبوو هەتا ئەو هەمـوو وەختـە بەنەمری پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بکات، بەلکو ئەو چەند یەکانگیرە بوو کـە بۆ ئەو ئانوسـاتە بە ئایەتێکی دابەزیوو دەچوو کـە خـوایەک گـۆی پێکردبێ و پێغەمبەرێکیش بۆ مریدی رۆژگارە نادیارو پڕ لە بێدادییەکانی دوای خۆی بیهێلێتەوە و بەسەنگی مـەحـەکی کـارپێکردنەوە گرێی بدات. لە دواییـا وتی:

«ئەگـەر لای من بمێنێـتـەوە، ئەوا هەردووکـمـان شانسی دەرچوونمان کوێرماڵ دەبێتەوە، بەلام کە تۆ گـەیشـتی ببـە بەهەویایەک بۆ من، بۆ ئەم قـوربانیـیـەی دەمکاتە قـرخنێکی بۆهیـمی ئەم شـارە!..» بەم وشـانە دروست ئامـانجی دەپێکا، چونکە ئەگـەر یەکێک لە ئێـوە لەوێدا بمابایەتەوە چێـتـر بوو وەک ئەوەی هەردووکـتـان، حـەوجـەی بەوەیش نەدەکرد کە بەو جادە بەڵەکانەدا رەتبێت هەتاکـو جـارێکی دی شـتـە کـەسـیـرەبووەکـانی ئەندێشـەت بێنەوە ورووژان. پێداویستی بەرامان نەدەکـرد تا یادەوەرییـە پڕ گـیـانەکـان بکەونەوە گـەمـەبازی هەڵەتەبوون، بەلکو لەسـەر رووباری تێـفـکرینت دا قـەوزەوار دەبریقـانەوە، هەمـوو دەمـێکیش پەرەلێل لەگـەڵ زیندەگـیـیـە دەروێشانەکەتدا بەرەو ئایندە دەڕۆیشتن..

* وای بۆ دەچوویت هەر کە ئەو بازێڕەت بەجێ هێشت و پێت نایە وێستگای ناو ئایندەوە ئیدی لەو هەنووکە دلڕەقە دەربازت دەبێت، وات مەزەندە دەکرد کە دەبێـتە شاخی عاسی گوزەشتەیەک و شتی دیکەی بەسەردا هەڵدەشاخێت، ئەوەی کە حیسابت بۆ نەکردبوو ئەوەبوو کە بۆ هەمیشە لەو هەنووکـە دێرینەدا سـەقـامگـیـربیت و وەک گەوالایەکی مرچومۆنی ناوادە بەسەرسەرتدا سایە دەکـات. لەو چرکـە سـاتەوە، کـاتێ کـە ئەو کەوشەنەت بەدوادا مـایەوە، تۆ بەرۆحە رەهاکەت گەڕابوویتەوە و لەودیووی ئەو هێڵە تۆخە پێوارەدا سندم کرابووی. هەر کە پاسە شەق و شۆقـەکـە

گەیشتە مەیدانی «مەرجە» دڵەڕاوکێیەکی بێچوون و نایاب غایەلە ئاتەشینەکەتی تەنییەوە، بەخۆت وت: «بەمشەوە چۆن دەبێ لە دەرگاکەی «فاتیمەی میهر»ەوە بچمە ژوورەوە، داخۆ پاش ئەو هەموو ساڵە منی وەبیر دەکەوێتەوە؟ داخۆ دوای ئەو دابڕانە زەمەنییە ئۆجاخی دیدەکانی سۆمایی بینینی منیان تیادا هەیە؟..» دوای ئەو تێفکرینە بەدەنگ و زایەڵەیە، هەندێک سەرکۆنەی خۆتت کرد، پەییت بەوە برد کە هەر تەنها خەتابار تۆ نیت، بەڵکو زەمانە وای لێ هاتووە، چۆن دەیسەلمێنی کە ئەو هەگبە پڕ لە ساڵەی دابڕان ئەوت بۆ ساتێکیش لە یاددا ئاڵنەبووەتەوە؟ دەشێ شتێکی مەحاڵ بێت، دەشێ نامەکانت کە ژمارەیان لە چەند دانەیەک تێپەڕی نەدەکرد، نەگەیشتبن! گەر وابێت ئەوا مەسەلەکە مەحاڵ تر دەکات...

فاتیمەی میهر، ڕۆژی دواتر کە لەنێو ئاستانەی ئومەوییانەی ماڵەکەیدا دەرگای بەڕوتدا واڵاکردەوە، هەستێکی ئەوتۆ دایگرتیتەوە کە هەموو جووڵەکانی گیانتی سڕکرد، دەتگۆ هەمبەر بەشەبەنگێک یان خێوێک قیت بووەتەوە. بۆ لەحزەیەک کە دەتوت ڕۆحی بێکۆتای قووتداوە خستیتییەوە ژێر تێڕامانی خۆی و پاشان هەموو پەشێوی و نیگەرانییەکەی بەوە ڕەواندیتەوە کە وتی: «بۆ ساتێک دەتگۆ لەبەردەم سیحری تارماییەکی غەریبدام.. ئەوە عەیامێکە وێنەی داڵغە و هێدمێک لە خەیاڵم دا ئەبڵەق بوویتەوە و گەرچیش بەباڵای ساڵاندا هەڵزناو نەمتوانیوە چەشنی غوبارێک لە مەوداکانی ئەندێشەمدا بتتەکێنمەوە، بەڵام ئەم ماوەیە ئەوەم لەلادا عەیان بوو کەوا قەتاوقەت لە هزری خۆتدا منت پەردەوازە نەکردووە و هەستیشم بەو ئامادەییە موگناتیسییەت کردووە و ئەو باوەڕەیشم لەلادا پەیداببوو کە نزیک یان دوور، زوو یان درەنگ هەر بەدیار دەکەوێت. ئەو چەند ڕۆژە ڕمۆکەی ئەم دواییە درکم بەوە کرد کە یادەوەریت هەرگیز لێم ناگەڕێت. باژێڵەی نێو بیرچوونەوە بم. وەکو هەستێکی تەلەپاتیکی دانم بەوەدا نا کە تۆ بەخەستی و سەخت بیرم لێدەکەیتەوە، بەڵام لەو بڕوایەدا نەبووم هەر لەگەڵ هەڵقوڵانی ئەو بیرۆکە و داڵغە بێسەروبەرانەدا شەقڵ بگریت..» گاڤۆکەیەک بێدەنگ هەڵگەڕا، وەک بڵێی بۆ ڕیزبەندیی پەیڤەکانی زەجر دەکێشێت و دەیەوێت بیانخاتە کۆنتێکستێکەوە کە بەو دەرکەوتنە بێهاوتایەت شایستە بێت. ئەوساکە بە قوڵپەی خرۆش و ڕاستگۆییەکەوە بێدەنگییەکەی ڕاماڵی و داپچڕانە دروستبووەکەی بەم شێوەیە یەکانگیرکردەوە و وتی: «دەستم لە وشکاڕۆیی نەمری ڕۆحت گیردەکرد، دەمزانی هەر ئەو بوونەوەرە سەمەرە بێڕەنگەیت کە ئەو وەختانە ڕۆحی یەخسیری منت بەسەحرا دەبەخشی و هێندەی تر بەخۆم تینووت دەکردم، بەبارتەقای جەمسەرەکان مگێزی ئەوەم هەبوو کە یەکانگیرت بم، گەرچیش وەکو ڕاستییەک دەمزانی کە ڕۆژێک دەبیت ئەو نەورەسەی بۆ دەریایەک وشک و برینگییەکی وەکو من بەجێ دەهێڵێت، وەلێ وەکو هەموو مێنییەک تامەزرۆی ئەوە بووم کە تەنیا موڵکی خۆم بیت. ڕۆژانە هاتنم وەکو ژەمەکان لێکردبوو، دەهاتمە لات و سێ جار جووتبوون هەڵی دەلوشین، بریا بمتوانیبایە پێنج جار بێمە لات، چەشنی فەرزەکانی نوێژی لێبکەم.. دەمێک لەبەر کەوشکەنەکەدا دەمەتەقێمان گەڕدەدا،

خەیاڵی شتەکانی تر گوێیەکان دەئاوساندم، جۆگەلەی چلپاوە قیرئاسەکەی پشتەوەیشمان شۆرەشۆڕ ئاوێتەی گفتوگۆو هەڵچوونمان دەبوو... دەستت هێند درێژ دەکرد تا دەگەیشتە نێو وێڵگەکانی مگێزی من و وەکو تلپی قاوەی ئەو بەیانیانە وشک هەڵدەگەرام کە تۆ چۆڕ بڕت دەکرد. لەوە تێدەفکرم کە ئاخۆ نەهۆییش هەروەکو جاری جاران ئاهورامەزدایەکی لەخۆ بووردوویت و لە خۆشییەکان خەڵک حاڵی دەکەیت، پەنجە بەرکەوتنێک غەریزەت لە هەلەکەسەما دنیاییەکانەوە وەردەدات؟ ئاخۆ ئێستا کێش نکوولی لەو هاتنە بێلێبڕانەم ناکەیت، هەرچەند جار دەستەو یەخەت ببمەوە بەئامادەییەکی هاوتاوە ئاغوشی پڕ میهرو هەڵکشانەکانم بەگژدا دەکەیتەوە، یاخود ژاکان پەی پێ بردوویت؟.. و غەریبی ئەو دوا وێستگایەی کە هەر لەسەر زوبانتدا بوو دووچاری داهێزران و پرزەبڕاوی کردوویت؟ دەمزانی لە غوربەت و دەربەریدا ئاتاجت بەیەکێک هەبوو، دایک بیت، خوشک بێت، دۆست بێت.. لەو قەناعەتەیشدام کە من سەراپای ئەوانەم بۆ فەراهەم کردبوویت.. من ماسییەک بووم تۆ پشووی نێو ئاوت بۆ ریشووەکانی ژیانم پێناسەکرد، تۆ پاش ئەزموونی ناهەموارو دەعجاوی باوکی «زەفاف» مانایەکی تر بوویت بۆ ئەو ژیانەی وام دەزانی بەتەنیا یەک مانا بەهرەدارە، تۆ ژیانێکی تر بوویت و بە بەرگیانی بێ گیان و دەروونی خاڵی مندا کرایت! ئەو، لەوساوە چەندین جار داوای گەڕانەوەی لێ کردووم، بەڵام چاوی گەڕانەوەم بەرایی نادات... دەمزانی ئەو گۆڕانکارییە بەرهەستەی کە تۆ لە ناخی مندا بەرپات کردبوو ئەو دووبارە لە رەوتی دەخاتەوە، دەمزانی کە من ئیدی گیانێک بووم و جودا بووم لە بێ گیانی هەڵکردن لەگەڵ ئەودا، ئەگەرچیش تۆ رۆیشتی، تۆ بەجێت هێشتم، بەڵام من ئیدی کەوتبوومە زیندەگی کردن لەنێو ئەو ئەزموونەی کە تۆ شکڵت پێداو هەر بەو رەندییە نایابەی خۆت، بەو راستییە گرنگەی کە نمایندەی بوویت، بوویتە بەربەست لەبەردەم رووانی کینەو تاڵاوییەکانی لە دەست دان، هەروایش مایتەوە و هاوشان لەگەڵمدا ژیایت و دەژیت... تۆ دوور نیت، تۆوی نزیکی خۆت بۆ هەمیشە لە قەوارەمدا وەشاندووە، ئێستا هەر لە جێگاکەی جاری جارانی، هەر لەو ژوورە فشەردەو بچووکەی خوار ئێمەدایت، بەیانیان زوو، بەرلەوەی لەگەڵمدا بخەویت، جەزوەیەک قاوەی گەرمی من دەخۆیتەوە و ئینجا رامدەکێشێتە کونجی ژوورەوە، دەربیجەکە کلۆم دەدەیت... ئەوسا بە پێغەمبەرێک شەباهەت پەیدا دەکەیت و بەدیقەت و وردەکارانە رێنماییەکانی خواوەندێکی ناوازە دەهێنێت و.. زیادەرەویش دەکەیت.. دەزانی گەر بهاتباو زگورتی نەبوویتایە من هەرگیز بەرخورداری ئەو تەجروبەیە نەدەبووم کە بووە بەهەشتێک و منی لە ئەفسانە توورەهاتەکانی ئێرە دابڕی... من ئەو رەونەقەی کە دنیاکەی دوای تۆم لە خۆیەوەی گرتووە بەهیچ شێوەیەک بۆز ناکەم، شتێکی ئەوتۆ لەو وەختەوە لە دەوروبەرم رووینەداوە، شتەکان هەر هەموو خواساین، بێ شک منالەکان ئیتر منداڵ نین و ژنیان هێناوە و مێردیان کردووە و جیابوونەتەوە، من تەنیام ئێستاکانە، بێگومان بەجەستە! حاجی خاوەن ماڵەکە و ژنە دەنگ زیقنە پان و پۆرەکەی ساڵانێک بەر لە ئێستا بەدوای یەکدا سەفەری یەکجارییان کرد، ئێستا کوڕەکەی

و بووکە لە خۆڕازییەکەی خودانی خانووەکەن.. کتێبە بێنازەکانت «ماجید شەمدینی» دوای ڕۆیشتنت کەوتە پێچانەوەیان و سەرگوزشتەیان نازانم، نامە شلەژاوەکەی خۆتی نیشان دام، دیقەتی ناوی خۆمم دا بەخەتێکی کووفی نووسیبووت، قەستم دەکرد وشە شپرزەکان، حەرفە دێوانەکان، دێرە ئاراستە ونکردووەکان، لاپەڕە بێرەنگ و رووەکە، لەوحە ئاگرێکن و چاوەکانم بەسەریدا بەسەنگینییەکی شەو لەبانیانەوە رەتدەبوون و لە سۆمایی خۆیان دەستبەردار دەبوون، هەتا لە نەبینینی تۆ بەدواوە شتێکی تر نەبینێ.. خۆشحاڵانە هەر من بەختەوەرم کە ئا لەم تەمەنەدا بەدیت دەکەم، وەکو چۆن جحێڵتر بوونی خۆم لەگەڵدا بەش کردیت.. بەڵام ئەم عومرەت، ئەم قۆناغەی دیکەی تەمەنت، بەتەنیا بۆ من تارماییەکی جوان و نایابی و یادەوەریت گەشتر دەکاتەوە و ئەزموونەکانمان بەزیندوویێتی دەهێڵێتەوە..» بێدەنگی هەژموونی بەسەردا دەکات، نەک لەبەرئەوەی شتی دیکەت پێ نییە، بەڵکو لەبەرئەوەی دوودڵە لە درکاندنی ئەو شتانەی هەر دەبێ بوترێ، چونکە بەبێ ئەوانە دیدارەکەتان هیچ قورسییەکی نابێت. دەستێک بۆ نێو قژە بۆرە بریقەدارەکەت رەوانە دەکات و بەردەوام دەبێت: «با ئەوەش پەردەپۆش نەمێنێتەوە تازە مەودایەکی سەرئاسا کەوتۆتە نێوانمان، تۆ هەر لەوکاتەوەی کە جێتهێشتم و بەهیچ کلۆجێک ئاوورت لەو پەیوەندییە نەدایەوە کە خوێن و گۆشت و رۆحی هەردووکمانی تێکەڵ کردبوو، تەنانەت وشەیەکیشت کە پێم گەیشت هەر ئەوە بوو کە کتێبەکانت بدرێ بە.. ئیدی پاش ئەوە بووی بەم یادەوەرییەی کە ئێستاکە بەزیندوویی لێی دەڕوانم، ئێستاش بوویتە بەغەوارەیەکی دوور، ئەگەر نەڵێم نەناس، کە هەموو رۆژێک خەڵک بەتەنیشتیاندا تێدەپەڕێت و هیچ تێبینییەکیان ناکات، شاریش پراوپڕە لەو نەناسانە و کەس ئاوڕیان لێ ناداتەوە.. » ئیتر لەو باوەڕەدا نەبووی شتێکی تر بڵێت. لە مابەینی ئەو دنیا ئاخێوراوەدا پرسیارەکان بوونە مانا، ئاخۆ بواری ئەوە مابووەوە کە ئیدی ساتێکی کەنارای پڕ جۆش لە خەیاڵتدا دووپات بێتەوە؟ دوای ئەو هەموو شتە دەنگدارە، هەستت بەوە کرد کە بریتییت لە کیشوەرێکی دووری بەهەتاو مەحکوومکراوو بەژایی رۆحیشت خۆی بۆ جەستەت گواستەوە و ئەو ئێوارە دواکەوتووە وەکو گورزە تیشکێکی پێوار کەوتیتە نێو کۆڵانە تەنگەبەرەکانی بەشە زۆر بەمێژوواچووەکەی شار، تەنانەت خۆیشت پێ رووناک نەدەکرایەوە، درکت بەوە کرد کە لە مۆزەخانەی ژیانی ئەودا تابلۆیەک بوویت نەمریت بەرزەفت کردبوو وەکو ئەو تابلۆیەی لای «حەسەن هۆمۆ» هەمیشە ونبوویت و ببرای ببڕ ناگەڕێتەوە بۆ ئەو جێگایەی جاری جاران.

* لەو دەرگا بەتاکەوە دەرکەوتی و بەکووچە نووتەکەکانی «سەییدە روقییە»دا خلبوویتەوە خوارێ، هەر تێپەڕیت و بێ ویژدانییەکانی «ئەحمەد ئەبولعز» و حاجییە سەرچەرمووەکەی باوکیت پێشێل کردو توانیت بەلێبووردوویی تێپەڕێنیت. شتەکان لە ریزبەندییەکی پەشێودا رەوتیان کردەوە بە بەردیدەی ماندووی هزرتدا. دەتویست هەرسی ئەوە بکەیت کە داخۆ لەبەرچی بەو شێوەیە تۆیان دەرەتاندەوە؟ بێ سەرەنجام بوو. هەموو نەوشەفەقێک لە سەعات چوارەوە هەتا نۆی دوای شێوان، تەنها رۆژی هەینی لێ دەرچێت

کە لە دوانزەی نیوەڕۆوە هەتا چواری عەسر مەرەخەسیان دەکرێت، ئەگینا سەراپای مانگێکی رەبەق هەزار و دووسەد لیرە مەزد! تەنها کەلەبەری کرێ ژوورو نان و شەکرو چاکەی بەشەرە شەق پڕ دەکردەوە. ئەو رۆژی هەینییانەی کە بۆ دیداری هەندێ ئاواڵ بۆ چاخانەکەی «رەوزە» بەرەو «ساڵحییە» خلدەبوویتەوە، هەر زۆر زوو بێئومێدیی وەکو رەنگێکی کزو مات دایدەپۆشیت و «عەلی ئیمام»ی چایگێڕ گێچەڵی پێ دەگرتیت و دەیگوت: «بۆچی چای داوا ناکەیت؟» تۆیش بە «تۆزێکی تر،» دوات دەخست و دوای چەند کەرەتێک وەبیرهێنانەوە ئەوسا هەیدێی لێ دەکردیت و لۆژلۆژ رێگای خەمباری گەڕانەوەت دەگرتەبەرو بەنێو ئاپۆرای ئاودامان رەشپۆشی ئێرانییە گەشتیارەکاندا، بە میان عەلوەی سەوزە فرۆش و میوە فرۆشەکاندا رێگا دوورەکەت قەدبڕ دەکردو دەڕۆیشتیتەوە. ئەو دەمانە گەلێک دۆست و هاوشاریت دەیانویست چات بۆ بانگێشت بکەن، کەچی لاسارو پێداگرانە رەتت دەکردەوە، بیست و پێنج قروش لە گیرفانتا داسەکنابوو، جاروبار دەرت دەکردو ئاودیووی گیرفانەکەی دیکەت دەکرد، هەرچەندە هیچیشی پێ نەدەهات کەچی دڵی خۆتت بەوە دەدایەوە کە پارەت هەیە! دەرکردنی چەندەها جارەی «عەلی ئیمام» دواتر بوو بە لەککەیەکی قێزەوەن و لە رۆحەتەوە لەوتا، زۆر کەرەت ئارەزووت دەکرد، پڕاوپڕی دڵ ئارەزووت دەکرد هێندە پارەت پێ بووایە بەو چایگێڕەی کە لەنێو پانتایی سەرگوزەشتەکانتدا ببووە کاراکتەرێکی نەمر، بتگوتبایە: «یەک ریزە چا بێنە و لەبەردەممدا دایان بنێ و لەبەرچاوم ونبە!!» بەڵام، ئەو وەختانە ئەوە هەرگیز شیاو نەبوو! ئەوەی کە لەوکاتە دەوەشایەوە تەنها وەدەرنان بوو، ئەمە لێرەوە دەستی پێنەکردبوو، لەوێوە سەرچاوەی دەگرت، لەو شارەوە کە بەخەیاڵ لەنێو کەللەسەرتدا ئاوەدان بوو. تەنانەت لە دوادوای چوونەکانتدا وای لێهات کە ئیتر هەر کە دەیبینیت، دەستبەجێ هەڵدەچوو، دەبووە توورەییەکی گەمژە و بەدەنگێکی باڵادەستانەوە دەری دەکردیت و تۆیش ملکەچ و دڵکشاو دەردەپەڕیت و خۆت دەدایە دەست کۆڵانە باریک و درێژە سەرگیراوەکانی گەڕەکی «بەینەلسوورەین» و بەشەرمێکی ئابڕوومەندانەوە هەنگاوت هەڵدەناو بۆ دوکانەکەی «ئەحمەد ئەبولعز» دەگەڕایتەوە. لە فەزای ئەو دوکانە بچکۆلەیەدا چەندین ئیش و کارت بۆی رادەپەڕاند، لەڕاستیدا ئیشوکاری ئەوان بەزیارەتکەرو گەشتکەرە ئێرانییەکان پشت ئەستوور بوو. دۆلاریان دەگۆڕییەوە..« ئەتاری»یان دەفرۆشت، کەلوپەلی ژێرەوەی ئافرەتان و کەرەستەی ئارایشت و رازانەوەیان دەفرۆشت، لەبەردەم دوکانەکەیشدا لەیستۆک و یارییەکانی منداڵانیان بەکرێیارەکانیان دەفرۆشت.. بۆ ئەو دەست لە هەموو ئەم ئیشانەوە وەردەدا، هەموو رۆژێک زیاتر لە مانگانەکەت قازانجت پێدەگەیاندن بەبێ ئەوەی قروشێک چییە بەخشیشت بدەنێ، لە پاشاندا.. دایەگرامی فشار تا دەهات هەڵدەچوو، کە «بەشار بووبوو»ی هەڵگری جوانییەکەی «قامیشلی»ش قەمچەکانی بەیۆگرافیای دوای ساڵەکانی حەفتاوپێنجی «بەیرووتی» خۆی کردەوە و دزێویی خەونە سادەکەی تۆ بەنێو ئەو جەنجاڵی و ویرانییەدا رۆچووە خوارەوە کە تەنها هاوتای خۆی لە تەروادەدا دەدۆزییەوە و کۆتاییشی بەخۆوە

نەدەگرت. ئیدی کە نائومێدانە دەستت لەو کارە کێشایەوە، ترسێکی غەیبی ناوەوەتی داگیر نەدەکرد، بڕوایەک ئاوای دەکردیتەوە، دەتزانی کە تا پەیداکردنی سەروکارێکی تازە مەحاڵە پەسلان بەرپا ببێت و چنگ لە نەمانێک گیر بکەیت کە بەهیچ شێوەیەک نەتدەویست لێی بڕەخسی.

* بەرلەوەی بەرەو ئەوێ شۆڕببیتەوە، جێگا سازگارەکانی شام دووبارە و سێ بارە بەسەر دەکەیتەوە. لە کتێبخانەیەک لادەدەیت و دوا دیوانی «محەمەد عومران» دەکڕیت، کۆمەڵە شتێکی بۆ «بەدیعە» ناوێک نووسیبووە هەر دەق بەو شتانە دەچن کە دەبوایە بە «فاتیمە میهری» بڵێیت و نەتوت.. یان لەو چرکە ساتانەدا هەستت بە ناچیزییان کردو نەرسکان. بەڵام هێزو کێشێک بەرەو ئەوێ راپێچت دەکات، لەو توانایەدا نیت بەرەنگاری ببیتەوە، وەکو نەزرێکی شایستە خۆتی پێ دەبەخشێت. وەکو سەگێکی بەستراو بەپەلی مرۆیەکەوە چلۆن مرۆڤەکە لەگەڵ خۆیدا رادەکێشێت، ئە ئاوا دەتبات، سەرنجی زۆرێک لە شتە جوانەکانی ئەو دەوروبەرە دەدەیت، سەرنجی ئەوانەیش کە بەسەر شۆستە مەلوولەکاندا شەقاو دەهاون، دوکانە رێک و بەدیکۆرەکان، تەرزی جل و بەرگەکان. ئۆتۆمبیلە رەنگاورەنگە پاقژەکان، ماکیاجە پەیتە نەگونجاوەکانی روخساری قەرەجە راکردووەکان، تراشی بێ وێنەی تولازەکان، سمێڵی بادراوی پیاوە کامڵ و بەتەمەنەکانی نێو دنیای کۆنی پادشاکان، پێلاوی بۆیەکراوی سەربازە بەتالوکەکان کە دەڵێی لە دنیایەکی ترەوە دەرکەوتوون.. پەرداخی پرشنگداری شەربەت فرۆشە بە دەستووری زەمانی عوسمانلی خۆ پۆشتە کردووەکانی ناوچە «سالحییە» و زۆری

تریش.. بەڵام تۆ بە «رەوزە»دا دەچیتە ژووری و لە پرتاو هەست بەگۆڕانی هەندێک شتی نێو چاخانەکە دەکەیت، دەچیتە نێو حەوشە حەوزو قەڵبەزە دارەکەی و لەسەر کورسییەکی باشتر لەوەی جاران دادەنیشنیت و مێزێک داگیر دەکەیت، چایەک و پەرداخە ئاوێکی فێنک لەبەر دەمت دادەنێن و نێو نیگاکانیشت سەرومڕن لە سەنگ و سووژو گەڕان، لەو بڕوایەدایت کە ئێستا نا دەمێکی دی «عەلی ئیمام» پەیدا دەبێت. بەو ئومێدە تۆخەوە چایەک و دوان و دانەیەکی تریش فڕ دەکەیت و هەر سەروپۆتەلاکی دەرناکەوێت، کەسێک لەوانی دی نییە پاش ئەو دابڕانە بە مەودایە بیناسێت، خاوەنەکەی، تەنانەت ئەوش لە یادەوەری خۆیدا یەکێکی بەو ناوەوە بیرناکەوێتەوە، بە سەختییەکەوە تەماشایەکی گەپچارانەت بەبالادا هەڵدەگێڕێ و دەڵێت: «من دوێنێ خۆمیان پێ لەبیر بردوومەتەوە چ جای حەوده ساڵ بەر لە ئێستا.. لە ناخەوە دووعا دەکەیت کە دێت بپرسێت: «بۆ هەواڵی ئەو زاتە دەپرسیت؟» بەڵان حەیف و خەسار کە متەقێکی تر ناکات و جووتێک برۆی بێشەیی هەڵدەتەکێنێ و زاقدانی مێشکی بەپرسیارێک ئاوس نابێت تاکو کۆرپەلەی بەرسڤێکی رەسەن پەروەردە و هەراش بکات و دوابەدوای خۆی بەکێشی بکات.. رەنجەرۆییەکی مۆدێرن بینەقاقات خەفە دەکات و ماوەو ساتێک لەنێو کەوشکەنەکەدا شتێکی وەکو هەناسەسواری بەسەرتدا بالادەست و زاڵدەبێت. داخێکی قووڵ چوون قەهرێکی ئەفسوناوی تێفکرینت کەسیرەو مات دەکات، جووڵانەوەیەکی تێکەڵوپێکەڵ قاچەکانت کۆنترۆڵ دەکات و دەتخاتەوە سەر ئەو جادە نەگریسانەی کە

دەیانگەیاندیتە ئەو شوێنە حەسرەت ورووژێن و جێگایانەی زۆربەی جارەکان لەگەڵ هەندێک برادەردا ژەمە برسییەکانتان بەسەریەکدا بەش دەکردەوە. خۆت وەکو خەدەنگێک بینییەوە، لایدابوو، نا دەمێک بوو سەری کردبوو، لەو گەشتە چەند هەزار کیلۆمەترییەت نواڕی، لەو گەشتەی کە ئومێدەواری ئەوە بوویت «عەلی ئیمام» هێندە بێنی و بەریت هەتاکو گیری نێو کلافەی زینهاری دەبێت، ئەوجا بیخەیتەوە بیری ئەمڕۆ لە یەک حاڵوباردا سندمکوت نابێت و هەموو شتێک بۆ مرۆڤ هەمیشەیی نییە، ئەگەر ئەویش وەکو خاوەنەکەی «رەوزە» نەبێت و بەبیریدا ختووره بکاتەوە! گەر سڕینەوە و لەبەینبردنی لەککەیەک نەبێتە ئارمانی مرۆ، ژیان و بەرەوپێشچوون و ئایندەی پێکرا دەبنە تونێلێکی بێ ترووسکایی و بۆش و بەتاڵ.. بەبێ ئەوەی خاوەن کێش بێت پیایدا تێدەگوزەرێ، تۆیش بەگوشادایی ئەو مەودا زەمەنییە کێشمەکێشی ئەوەت بوو کە تونێلێک بۆ خۆت رۆنەنێیت، بەلام هەڵەی تۆ ئەوە بوو کە وێنای ئەوەت نەکردبوو کە رەنگە ئەو لە جێگای خۆیدا گیر نەبێت و سەقام لە دەست بدات، کە رەنگە مەحکوومی ئەویشی وەکو تۆ لێکردبێت، سیلەو پەرێزێکی دووری ئەم دنیا رمۆکە لەو چاخانەیەی دوورخستبێتەوە، لەوانەیە ... لەوانەیە.. بەهەرحاڵ گەرەک ئەوەیە کە لەو لەککانە بگەڕێیت بۆ ئەوەی لەسەر تابلۆی شلوێی رۆحتدا هاوسەنگ بوون و کۆنتراستێک بهێنێتەکایەوە و ئەو جوانکارییە بەجێ بهێڵێت کە چێژی مانایەک، چێژی تەقەلایەکی لە ژیانتدا وەبەرهێنا.. ئەم گەڕانوەیەش بەسەردانییەکی نۆستالژی لە قەڵەم بدە، نەک تەنها بۆ لۆمە و سەرکۆنەکردنەوەی چایگێڕێک، بەڵکە ئەو بیرۆکەیەی کە هانی دایت سەرلەبەر لە فیکری سەردانەوەیەکی دیکەدا قاڵ بیت، لە فیکری بەرەنگاربوونەوەیەکی توندوتیژ و ئەستەمدا بیت دژی ئەو تێپەڕیووەی بناخەیەک بوو جاروبار لە بوونیادی خۆت نیگەران و دڕدۆنگی دەکردیت. ئێستاکە ئیدی دەبێ ئەو رابردووە بریندارە کزربێتەوە، یاخود ئەگەر بشێت بڵێم ژێربێتەوە، ئەو دووڵییەیش ئێخەی رەوینەوە بگرێت و ئەو جێ روشانەیش کە لەناواختندا ماوەتەوە و درێژخایەن و ناکۆتایە، با هەر دەم چەشنی پشکۆ بەگەشیی خۆی کوچکاوەرێکی نادیارت تیادا وەدی بهێنێت.. هەتا تاپۆی قیبلە نوومایەک بەبەردەوامی لە جەستەی هاتوتدا رێپیشاندەر بێت و بەئاراستەیەکدا رابەریت بکات کە لە لەککە خۆت بەدوور بگریت و بەخۆت بڵێیت: «بابی خۆم لە وێڵگەی زیندەگیدا کۆششی ئەوەم کردووە بگەڕێمەوە و ون نەبم...»

**لەندەن ئەیلوولی ٢٠٠٦**

**پۆزش:**

**بەداخــــەوە ئەم بابەتە لە ژمــــارەی رابردوودا چەند هەڵەیەکی چاپی تێداکەوتبوو، لەبەر بەپێزی چیرۆکەکە بڕیارمان دا دووبارە بڵاوی بکەینەوە.**
**داوای لێبوردن لە کاکی چیرۆکنووس و خوێنەران دەکەین:**

# هەنسکی پەشیمانی

**لوتفی فەتاح**



(١)

شەهێن کچێکی جوان و شۆخ و شەنگ و ئاڵووالا بوو، لەو کچانە بوو کە بەدبەختی ڕێی پێ نەداون چاو لەم دنیایە هەڵبێنن، مەگەر لە بنەماڵەیەکی کەمدەرامەت و بژێوی مامناوەندی نەبێت. لەگەڵ ئەوەی کە لە پلەیەکی خۆبژێوی بەرچاو نەبوو، کەچی بەردەوام بیری لەسەر ئەوە بوو کە رۆژێک دادێ بەختی بەپیاوە دەوڵەمەندێک دەکرێتەوە، ئەو شتەی بۆی ئەنجام نەدراوە یان لە دڵی ماوە لە کچێتی، تۆڵەی بکاتەوەو کەسەرەکانی نەداری لە دڵی خۆی دەربێنێ، بەڵام هەستی خودانییەتی و بڕیاربەدەستی وای لە شەهێن کرد بەشووی فەرمانبەرێکی ئاسایی مووچە ئاست نزمی یەک لە فەرمانگە باڵاکانی دەوڵەت

رازی بێت، بەڵام کە دەهاتە سەر قسەو باس.. خەتاکەی دەهاوێشتە سەرشانی ئەو چارەنووسەی کە بەسەر کچانی وەک خۆی ئاسا سەپێنراون و پێی دەڵێن (بەخت)، ئەو بەختەی کە چەکووشی بڕیاردانی ئایندەی هەزاران پاکیزەی بەدەستی خۆیەوە گرتووەو ڕێ بەهیچ کەس نادات دەستکاری لە چارەنووسی نووسراودا بکات و بەئارەزووە خەفەکراوەکانی خۆی بگات. ئاخر بەلایەکیەوە هەقیەتی وەک هەر نەوجەوانێکی مێیینە خەون و خەیاڵ و ئارەزوو بۆ ئایندەی خۆی دابڕێژێ و هەوڵ بۆ ئەوە بدا ئەوەندەی لە توانایدایە بیانهێنێتە دیی، چونکە شەهێن بەردی ئاسنین نییە..؟! نەبینێ و گوێی لێ نەبێ.. قسە نەکات.. نەگەڕێ و.. هەست نەکات و.. نەجمێ و.. نە.. و.. نە.. و.. نە؟!! بەڵام چونکە ئەو شووە بەویستی ئەو نەبوو.. لە ئاست چاوتێبڕین و هێنانەدیی خوازیارییەکانی ئەو نییە.. بەردەوام زنەی لە چارەنووس و بەختی ڕەشی خۆی دەگرت، بەتایبەت ئەو دەمانە ئۆقرەی لێ دەبڕدرا کە ڕۆژانی بەرخوێندن و گفتی هاوەڵە قوتابییەکانی بیردەکەوتنەوە، کە چۆن لە قسەکانیدا پەیمانی ئەوەی پێداون و گوتوویەتی:"من کاتی کە شووم کرد.. شوو بەیەکێکی پێشچاوو پارەدار دەکەم، تاکو هەموو شتێکم بۆ بێنێتەدیی، هەرچییەکیشم بوێت بۆمی جێبەجێ بکات".

بەردەوامیش لە کەڵکەڵەی ئەوەدابوو کە بۆ ژیانێک لەدایکبووە ڕێک پێچەوانەی ئەم مەشەقەت و شەکەتییە بێت کە تێیدایە.. نەوەکا شوو بە یەکێکی لە خۆی پلە نزمتر بکات..! هەر ئەم خەیاڵانەشی بوو وای لێ دەکرد کە لەگەڵ هاوەڵە خوداپێداوەکەشی خۆی لە یەک ئاستی بژێوی ژیان دابنێت، ئەمیش لەبەر ڕۆح سووکی و ڕووگەشی ئەو زۆر ئارەزووی لەوە دەکرد جاروبار شەهێن سەردانی ماڵەوەیان بکات، بەڵام شەهێن لە تێکەڵی و هاموشۆی ماڵە دەوڵەمەندان خۆی دەدزییەوە..! هەرچەندجارێ بانگهێشتی بکردبا.. بەبیانوویەک خۆی پاس دەکرد، ئەمەیش لەبەر ئەو ئێش و ئازارو هەنسکەی کە دڵنیابوو لێی.. حەژمەتی جیاوازی بژێوی و خواستی چینایەتی نێوانیان دەبێتە هەوێنی گریانی پاش سەردانەکەی و ئۆقرەی لێ دەبڕێ.

یان ئەو کاتانەی کە یەکێک بەمیوانداری سەری بەماڵەکەی داگرتبا، پاش بەڕێکردن و بەتەنیا مانەوەی.. گەلێ گۆشەگیرو خەفەتبار دەبوو بەدیمەنی ماڵە هەژارەکەی.. بەدیوارە ڕەنگچووە سپیپاتەکەی... بەشڕوشیتاڵ و... کورسییە پا شکاوەکەی... بەکونوکەلەبەرە ترسناکەکانی ژووری نووستن، کە جۆرەها زیندەوەری تێدا دەحەوایەوە.

بەدەم هەڵکێشانی هەنسکێکی ساردەوە دەیگوت "ئای کە نەبوونیی کراسێکە لە ئاگر.. ئەو کەسە دەسووتێنێ کە لەبەری بکات!)».

شەهێن زۆر بەتەوسی ئەوەوە بوو لە کۆشکێکی هەزاربەهەزاری بریقەدارو بەرچاو بنیشێت..! کۆشکەکەش بەگرانبەهاترین پۆشاک ڕووپۆش کرابێت، بەجۆرێک کە هەموو کەس نەتوانێ هاموشۆی بکات، تەنها پیاوی ناودارو هەڵبژاردەی میللەت و.. ئەو کەسانەی کە خۆی ئارەزوو بەتێکەڵی و هاتوچۆیان بکات.

بەبەردەوامی هیوای ئەوەبوو کە خشڵ و گەوهەرو یاقووتی گرانبەهاو سەرسوڕهێنەر بەخۆی وەبکا.. چونکە لەسەر ئەو ڕاستییە بوو تەنها بۆ یاقووت و ئەڵماس و لوولی و پۆشاکی جوان نەبێت بۆ هیچ شتێکی دیکە نەخولقاوە. زیاتر لە هەموو کەس ئارەزووی شتە نایابەکانی دەکرد، تەنها بۆ ئەوەشی

بوو کە سەرسامی و سەرنجی پیاوان و ئەو مەیدانەی کە ئەوی جوان و حۆری ئاسای لێیە بۆ خۆی رابکێشێت.

ئێوارەیەک پیاوەکەی بەکەیف و دەموچاوێکی خۆشیی پرژێنەوە.. لە پەلەییان قاچی زەوی نەدەگرت.. گەرایەوە ماڵەوەو زەرفنامەیەکی بەدەستی راستییەوە بوو، جار نا جار جێگۆڕکێی پێدەکردو بۆ دەستی چەپەی دەیگۆری.. نەبادا ئارەقە لێیدا، یان قەدی بشکێ..! کە گەیشتە بەردەرگا بەنەزمێکی ریتم ئاسا لە دەرگای حەوشەی داو دەرگای بۆ کراوەو بەژووریدا کەوت، رێک رووی لە شەهێن کردو...

گوتی:

**- شەهێن گیان، ئەم زەرفنامەیەم بۆ هێناوی..!**

لەهەڵبەزێکدا زەرفنامەکەی لە دەست قەپاند، وای زانی کە بەدیاریی شتێکی بۆ هێناوەو بەزوویی هەڵیپچری..! کە سەیری کرد پەڕێکی سپی تێدایەو ئەم وشانەی لەسەر نووسراوە.. (بەبۆنەی هاتنی سەرەساڵی تازەو ئاهەنگگێڕانمان بەم بۆنەیەوە، پێخۆشحاڵدەبین بەئامادەبوونی کاک هاوڕێ و خێزانی بەرێزیان- لە ماڵەوەمان، سەرلەئێوارەی رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٣١ کانوونی یەکەم).

هاوڕێ لەم کاردانەوەیەی شەهێن وەک یەکێک مۆمی گرتبێت وابوو.. تاسا! سەری سوڕما کە بینی زۆر بێ باکانەو بێ ئەوەی خۆی بشێوێنێ بانگهێشتنامەکەی فرێدایە سەر مێزەکە.. هاوڕێ بەمێشکی دادەهات و دەیگوت"ئاخر شتێکی ئاسایییە.. مرۆڤ دەبێ لە خۆشی و ناخۆشییەکانی یەکتری بەشداری بکەن، چی تێدایە گەر ساڵێ شەوێک بەخۆشیی بەسەربەرین".

کە شەهێن سەری هەڵبڕی و دەمێک بەچاوی رەخنەو تیمساح ئاسایەوە سەیرێکی هاوڕێی کردو بەدەم پرتەوبۆڵەوە بەرسڤی دایەوەو...

گوتی:

*** شتێکە.. هیچ پەیوەندی و مەبەستێکی منی تێدانییە!**

**- وام دەزانی ئامادەبوونمان لەم ئاهەنگە جێگای خۆشحاڵیت دەبێت..! تۆ هاتوچۆی دەرەوە ناکەیت مەگەر چۆن! ئەوەش هەلێکی باشە بۆئەوەی لەو قالکە بێزارییەت دەربچیت..؟ باوەڕ بکە زۆر ماندوو بووم تاکو ئەو بانگهێشتەم بەدەست بکەوێت، چونکە هەموو برادەرەکانم خوازیاری ئەوەن کە لەم ئاهەنگە ئامادەبن، منیش یەکێکم لە ئەوان! ئاهەنگەکەش زۆر بەجۆش دەبێ، زۆربەی زۆری گەورەپیاوان و دەسەڵاتداران ئامادەی دەبن.**

ئەو هەمــــوو رازاندنانەوەی بۆ ئەوەبوو دڵی شەهێن رازی بکات..! چاوەڕێی ئەم جۆرە رەتدانەوەی لێ نەدەکرد، هاوڕێ لەجێی خۆی دۆش داما..! زۆر خەمبار بوو بەو چاوە پڕ لە رق و کینەیەی کە شەهێن بەگومانەوە هاویشتبوویە سەری. بەتێگەیینی ئەوەی نەوەکا نیازی هاوسەرەکەی وابێ کە لەنێو حەشاماتی پیاوان و لەپێش چاوی گەورە لێپرسراوان نمایشی خێزانەکەی بکات..! بەڵام نەیهێشت ئەو کەڵکەڵەیە تەفرەی کەللەی سەری بدا، هەر زوو بەسەرەزمانێک رێرەوی سێلی تۆفانەکەی بەئاقارێکی دیکەدا بردو گوتی:

*** پێت وابێ بۆ ئاهەنگێکی لەم جۆرە چ جۆرە جلوبەرگێکم هەیە و چیم پێ لەبەردەکرێ..؟**

لەراستیدا هاوڕێ لەم گۆشەنیگایەوە بەهیچ جۆرێ بیری لێ نەکردبۆوە. ئاخر بەو رۆحییەتەوە هەڵسوکەوتی دەکرد، کە دەبێ لەنێوبەندی دوو هاوسەردا سەرباری تەبایی و متوویی.. دەبێ

هاوخەم و هاوڕازیی یەکتریش بکەن. بۆیە هەندەی پێ نەچوو لەبەر ڕاگرتنی دڵی شەهێن دەرچوونێکی بۆ گرفتە ناوەختەکەی دۆزییەوە.. یان بەتەواوی وای زانی کە چارەسەرێکی پێ دۆزراوەتەوە..

گوتی:

– **دۆزیمەوە..؟ کراسە سپییەکە..! مەبەستم ئەو کراسە سپییە جوانەیە کە بەدیاریی ماڵبەندیمان بۆیان هێنای..!**

شەهێن دەستی چەپەی بۆ نێوچەوانی بەرزکردەوە وەک ئەوەی تووشی سەرئێشە هاتبێ، بەدوو پەنجە نێوان دوو ئەبرۆی توند کوشی و کەوتە کڵۆفتی گریانێک.. شتۆ گریان! وەک بڵێی بەر زەبرێکی قورس کەوتبێ و لەبەر ئێش و ئازاری خۆی ئاگای لە کەس نەمابێ، بەڵام پاش هێوربوونەوەو هاتنە سەرەخۆی بەهەناسەبڕکێ و بەدەم قوڵپدانەوەی گریانەوە..

گوتی:

* **بانگهێشتنامەکە بدە بە یەکێ لە برادەرەکانت..! بەڵکو خێزانەکەی پۆشاکێکی لەم شڕوشیتاڵەی من جوانترو بریقەدارتری هەبێ، لە ئاهەنگەکە بوەشێتەوەو لەبەری بکا.**

هاوڕێ زۆری پێ ئەستەم بوو کە بینی ژنەکەی بەم گفتە توند و بەم دڵڕەقییەوە قرمژنی هاواری لێ هەڵدەستێ و هەستی بریندار دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی ئەوەی دا هەڵنەچێ و دان بەخۆیدا بگرێت..

گوتی:

– **شەهێن.. تۆبڵێی نرخی جلێکی گونجاو بۆ ئەم ئاهەنگە دەبێ چەندبێت؟**

خەیاڵی بازاڕو قەیسەری و دوکانی جلفرۆشی و بۆن و بەرام کاریگەریی بەسەر زماننەرمی شەهێنەوە.. تەلیسمێکی ئەنگاوتە بوون! بەڵام لە هەمان کاتدا بیری لە بڕە پارەیەک دەکردەوە کە نەبێتە بارگرانی بەسەرشانی پیاوەکەی، نەوەکا گرانبەهاییەکەی بێزاری بکات و بۆی نەیەتە کڕین و پاشگەزبێتەوە لە قسەکەی.

* **ڕاستییەکەی.. بەنزیککردنەوە نەبێت ناتوانم نرخەکەی بخەمڵێنم! بەڵام وابزانم هەر حەفتاوپێنج هەزار دینارێکە..!**

کە گوێی لە بڕە پارەکە بوو ڕەنگ و ڕوخساری هاوڕێ تێکچەقی، چونکە ئەو بڕە پارەیەکی پاشەکەوت کردبوو بۆ ڕۆژانی پێویست، ئەوەندەش دەرنەدەچوو کە دڵی شەهێنی پێ ئاودێر بکات. ئەگەر ئەوەش نا، تیی کردبووەوە بۆ ئەوەی گەشتێکی حەوانەوەی هاوینەی پێ بکەن، بەڵام مخابن ئەوەندەی کە هەیبوو لە مستی شەهێنی داناو هیچی بۆ نەمایەوە. هەرچەندە پارەکەش تەواو نەبوو، بەڵام بەبێ ئەوەی حیساب بۆ ڕۆژی لەوە خراپتر بکات و بڵێ با دەست لەم پارەیە نەدەین، بەهەندی نەزانی و بەلالموزییەکەوە وای بەچاک زانی قەدەجلێک لای بەرگدروو بەڕادان بدا.

(٢)

کاتی ئاهەنگەکە نزیککەوتەوەو بەرگدرووەکە لە بەکۆتاهێنانی دروویینی پۆشاکی شەهێن لە تەنگەتاوییدابوو. هاوڕێش دەستی لەسەر دڵی بوو کە شەهێن لە نۆرەی دەمارگرژییەکەی دامرکێتەوە، کەچی شەهێن لەسەر یەک قاچ هەڵبەزو دابەزی بوو، ئۆقرەی لەشوێنێک نەدەگرت. هەرچەندیش هاوڕێ هەستی لێ رادەگرت بۆی ساغ نەدەبۆوە کە چ مەرامێکی شاراوە لە هەگبەیدایە..؟! چونکە پێی وابوو کە ئەم جوانکارییە بەپینەو پەڕۆیە سارای تینووی شەهێن تێر ئاو ناکات. ئا لەم

کاتەدا هاورێ لە سڵەمینەکەی راچڵەکی و بەرگەی دان بەخۆداگرتنی نەماو زرینگەی گەیشتە قەشقەڵانی ئاسمان...

گوتی:

**- ئەوە چیتە شەهێن..؟ هەستدەکەم رۆژ بەرۆژ سەرلێشێواوییت زیاددەکات!**

کە هەستی بەهەڵچوونی هاورێی کرد، دایە نەزمی مەکرو بەراوردکاری نێوان خۆی و ژنە هاوسێکانیان، کە چۆن پیاوەکانیان لە خەمی ئاڵووالّکردنی خێزانەکانیان بەجۆرەها قەدەجل و خشڵی گرانبەهاو لە خەرجیی ماڵەوەیان شەوو رۆژ راوەستانیان نییەو، بەدەم قسەیەکی «نەهیچی من و نەهیچی تو...»

گوتی:

*** وام پێ چاکە کە نەچم بۆ ئەم ئاهەنگە..! هیچ جۆرە خشڵێک و یاقووتێکم نییە بەخۆمی وەکەم..؟! لەنێو ئاپۆرای خەڵکی نێو ئاهەنگەکە هەژاریم پێوەدیاردەبێ..!**

هاورێ بەدەم دامانێکی قووڵەوە، کە بەهیچ جۆرێک بیری لەم کۆستە نوێیە نەکردبۆوە، هەوڵی ئەوەی دا کە رێوشوێنی دەرچوونێک بۆ ئەم گۆبەندە لەبن نەهاتووە بدۆزێتەوە..

گوتی:

**- بەوە باشە وەرزی گوڵ و گەلاڕێزانە..! بۆ.. سینگ و بەرۆکت بەگوڵە جوانەکانی سروشتیی نارازێنیتەوە؟ خۆرازاندنەوە بەگوڵی سروشتی لە ساخڵەمی تامۆبۆی مرۆڤە..! ئێستا دەتوانین دوو یان سێ گوڵی جوان بەپارەیەکی کەم پەیدابکەین.**

ئەم بیرکوڵییەی هاورێش دادی ئاخ و هەنسکی شەهێنی نەدا، چونکە شەهێن لەسەر ئەو رایەی خۆی مکوڕ بوو کە ئەوپەڕی کەنەفتییە بۆ ژنێک خۆی لەنێو ئافرەتان بەنەداری ببینێ..!

دنیا لەپێش چاوی هاورێ وەک چەرخ و فەلەک دەسووڕایەوە.. ئەم دەمودووەش لە کەللەی سەری چەکەرەی کردو لە تروسکەچاوێکدا بیرێکی بۆ هات، وەک بڵێی نغرۆبوویێک بۆ رزگاربوون.. ئەگەر پەلەقاشێکیش هەبێت خۆی پێوەدەگرێت..

گوتی:

**-بەراست شەهێن.. ؟! چۆن پێشتر بیرمان لێ نەکردۆتەوە؟ بچۆ بۆ لای زەینەبی هاوسێمان، چەند پارچە خشڵێکی لێ بخوازە بۆ یەک شەو..! دڵنیاشم هیچ داوایەکت رەت ناکاتەوە..! ئەوە نییە بەئازیزترین و نزیکترین هاوەڵەکانی بەرخوێندن ناوت دەبا..؟!**

*** خۆ راستدەکەی! منی داماو چۆن پێشتر بیری ئەوەم بۆ نەهاتووە..؟**

شەهێن هەرئەودەمە گینگڵی داو چووە لای هاوسێکەی.. بەدەنگێکی سۆزئامێزەوە چیرۆکی کەمدەرامەتی و نەهامەتییەکانی خۆی بەگوێی زەینەب چرپاند.. ئەمیش بەکەسەرەوە گوێی بۆ سەروبردەکەی هەڵخست، بە بەزەییبوونێکەوە تاوی داو سەندووقێکی قەبارە بچووکی هێنا کە جۆرەها زێرو خشڵ و ملوانکەی ئەڵماس و یاقووتی جوانی تێدابوو لەبەردەمی داناو، سەرپشکی کرد کە کامیانی بەدڵە لێی بگرێ. شەهێنیش دەستی کرد بەتاقیکردنەوەی یەکە بە یەکەی خشڵە بچووک و گەورەکان.. تاوێک ئەنگوستیلەی لە پەنجە دەکردو دایدەناوە، تاوێکی تر تاخمە بازنی لە قۆڵ هەڵدەکێشاو دڵی پێ نەدەگیرسایەوە.. بەدەست و مەچەکی زێرینەوە ملوانکەیەکی هەڵدەگرت و بەگەردنی بلوورینی وەدەنا... تا دواجار چاوی بەملوانکەیەکی ئەڵماسی لەرادەبەدەر جوان کەوت..!! سەرنجی راکێشاو دڵی کەوتە ترپەی

لێـدان، بەدەسـتی لەرزۆکـەوە پڕی دایەو بەرزی کردەوە بەسینگ و بەرۆکی خۆی وەکردو هەنگاوی نا بۆ بەرانبـەر ئاوێنە، تا بزانێ چەندێک بەسـەر جوانی ئەو کاریگەریی دەبێت..

گوتی:

* **پێت ناخـۆش نابێت ئەگـەر ئەم ملوانکەیە تەنها بۆ ئەمشەو لێتی بخوازم؟!**

داواکـاریـیـەکـەی بۆ بەجێ گـەیێنرا..! لە کەیفخۆشـیـان ئامـێزی لە خانەوادەی هاوەڵی بەرخـوێندن گـرت و هەردوولا روومـەتی مـاچکرد سـوپاسـێکی بێ پایانی کـردو، بەپەلەو بەشادمانییەوە گەڕایەوە کەلاوەکەی خۆی.

ئان و سـاتی ئاهەنگەکـە دەسـتی پێکرد، شەهێنیش وەک بڵـێی سەرکـەوتنێکی گـەورەی وەدەست هێنابێت و پێنج لە خـزمـەتکارانی ئارایشـتیـان بۆ کـردبێت، لەنێـو ئامـادەبوواندا لە هەمـوویان ناسکتـرو رۆح سـووکتـرو گـەشـتـرو لەوپەڕی نازخانی و جوانیدابوو. بەڕاستی چەندی بەخۆی جوان بوو، هێندەی دیکە ئارایشت جوانیی پێ بەخشـیـبـوو... بێ لە کـاریگەری هەمـوو ئەو خـەون و خـەیالانەی کـە بۆ رۆژێکی وەک ئەمـڕۆ ئامادەباشییان دەکرد، هەر لە یەکەمین هەنگاویەوە کە لەدیوی ژوورەوەی کۆشکەکە نا، ئەو ژنە بووە تەیرێکی رەنگاوڕەنگی نێـو گـوڵزارێکی هەزاربەهەزار، لە فـڕکـەی باڵی داو دوور دوورکـەوتەوە لە هاوڕێی هاوسـەرو هاوسـۆزی بەسـتـەزمـان، دەسـتی کـرد بەسـەرنواندن بەچاونووقاندن وەک رێزگرتن لەمەو.. زەردەخەنە بۆ ئەم و سەماکردن لەگەڵ ئەویترو.. ئەویترو... تا ئەو رادەیەی کـە سـەرنجی هەمـوو ئامـادەبووانی ئاهەنگەکەی بۆ خۆی راکێشا..!

زۆربەی زۆری پیـاوان لەگەڵ ئەو ئافرەتە پەریی ئاسایە مەبەستی خۆنزیککردنەوەو خۆپێناساندنیان هەبوو.. ئافرەتەکانیش بەبریسک و درەوشانەوەی ملوانکەی گـەردنە بلوورینەکـەی کـاس ببـوون..! تەنانەت خاوەنی ئاهەنگەکەش کە دەسەڵاتدارێکی گەورەو لێپرسراوی ئەو فەرمانگەیەیە کە پیاوەکەی کاردەکا لێی.. لە رۆح سووکی و ناوازەیی جوانیی هاوسەری فەرمانبەرەکەی غافڵگیر نەبوو..؟!

کە شـەهێن دەچووە سـەر شانۆی سـەمـا دەنگی مۆسیقا بەگوڕترو، گۆرانیبێژ بەجۆشتر بەندی بەسەر ئاکـاری بەژنوبالاو چاوی رەش و پرچی زەردو سـینگی سـپی و ..... هەڵدەگـوت، ئەویش بەتییلەی چاوێکەوە سێرەی لە گۆرانیبێژەکە دەگرت و زیاتر لە هەلەکـەسـەمـای دەدا، وەک بڵـێی لە دەریایەکی پڕ لە کـامـەرانی مـەلە بکات.. بەڵام چ کـامـەرانیـیـەک..؟! ئەو کـامـەرانیـیـەی کـە لە دەرەنجامی سەرنج و بایەخپێدانی پیاوان بەدەستی هێناوە..؟! یان بەهاتنەدیی ئەو سـەرکـەوتنە ئەندێشـەییـەی کە لەبین و خەیاڵی خۆشبەزییەوە چەکەرەی دەکرد..؟! چ سـەرکەوتنێکە..! ئەگـەر ئافـرەت لەنگەری خـۆی ون بکات و ئاکـاری لەشـولاری بکاتە چەکی کـوشندە لە کـاتێکی هەسـتـیـاری وەک ئەم ئاهەنگە کـە دەسـەڵاتیی لێپرسـراوانی پیـاوەکەی تێدا زاڵەو، لە پێکانی هەستی بەسۆی ئیرەیی و لە داڕووخانی هەیبەتی پیـاوەکەی بەکاری بهێنێ و وابزانێ بەجەربەزەیی خۆی دەگاتە ترۆپکی شادمانی..؟!

(٣)

کـاتژمـێـر دووی پاش نیـوەی شـەوەو سـرووتی خەوتن بەسـەر هاوڕێ زاڵ بوو، جمەی هۆڵەکەش بەرەو چۆڵبوون دەچوو، هەرچەندیش یەک دوو جار بەشەهێنی راگەیاندبوو کە شەو درەنگانەو ئەگەر

تاکسی لەسەر شەقام نەمێنێ چوونەوەیان ئەستەم دەبێت، بەڵام گوێی بۆ هەڵنەخست و هەر بەدەست و پەنجە هێمای دەمێکی دیکەی پێدەدا. بۆیە ناچار هاوڕێ لە گۆشەیەکی هۆڵەکەدا لەگەڵ دوو لە هەڤاڵانی دیکەیدا کە خێزانەکانیان لە هەرای بەزم و سەماکەدابوون خۆی کەنارگیرکردو، بەڵام تیی چاویشی لەسەر خێزانەکەی هەڵنەدەگرت..! نەوەکا کەس مەبەستی ئەوەی هەبێت میانڕەوی لەگەڵدا پەیدا بکات، بەڵام نەبادا کەس هەست بەو حرسە بکاو توانجی لێ بگرێ، بەسینگێکی پڕ هەنسک و قورگێکی هیشکیشەوە هەر خەریکی کردنەوەی باسێک و گەڕان بەدوای باسێکی تر بوو. کاتی شەو گەیشتە نزیکەی چواری بەرەبەیانی لەپڕ شەهێن دەستی چەپەی لەسەر مێزەکەی پێش هاوڕێ داناو بەدەستی ڕاستەی جارێک باوەشێنی لە سینگ و بەرۆکی خۆی دەکرد، جارێکیش ئارەقەی ڕەش و شینی لە دەموچاوی خۆی دەسڕیەوە.. بەهەناسەسواری و بەدەم پێکەنینێکی پچڕ پچڕەوە...

گوتی:

*** ئەوە تەواو.. دەهەستە بابچینەوە..!**

پاش دوعاخواستنێکی گەرمتر لە کاتی ئەو پێشوازییەی کە لێیان کرا، بەگفتولفتەکانی"دووبارە یەکتر بینینەوەو..! بەجێتان دەهێڵم بەڵام دڵم لای ئێوە دەمێنێتەوە..! بەپڕژاندنی زەردەخەنە.. یەک بەسەر سەرنشینانی هۆڵەکەوە، ڕوویان لە دەرگای دەرچوون کرد. هاوڕێ ئەو پاڵتۆیەی هەڵگرت کە شەهێن لای ئەو گلی دابووەوە تا ئاگاداری لێ بکات، بەسەر شانی خێزانەکەی دادا تاوەکو لە سەرماوسۆڵی دەرەوە بیپارێزێ. هێشتا هەر لەناو هۆڵەکە هەنگاویان نەنابووە دەرەوە.. شەهێن کە هەستی بەدیمەنی پاڵتۆ کۆنەکە کرد کە لەگەڵ پۆشاکە نوێیەکەی ناگونجێت.. هەنسکی بێزاری هەڵکێشاو پەلەپەلیی هەنگاوەکانی هەڵگرت بۆ بەزوویی دەرچوونی لە هۆڵەکە، پێش ئەوەی یەکێک لەو ئامادەبووانەی کە شالی هاوریشمینی بەهاداریان بەشان داداوە بەم شێوەیە نەیبینێ. بەبازەهەنگاوێک تەفرەی داو لە پێبلیکانەکەی دەرەوەی هۆڵ هاتە خوارێ و گوێی بۆ هاوڕێ هەڵنەخست کە پێی گوت لە هەیوانی هۆڵەکە چاوەڕوانی بکات تا لەسەر شەقام تاکسییەک ڕادەگرێ. هەرچەندە لەدەرەوە.. کپی و بێ هەستوخوستی شەوانە باڵی بەسەر دنیادا کێشابوو، کە بۆ دەمێک هەستی ڕاگرت، هیچ جۆرە جوولەیەک نەبوو، تا جۆرێک لە ماشێنەکانی گواستنەوەی بەرچاو بکەوێت. بەناچاری و بەخۆپێچانەوە لە زوخمی سەرماوسۆڵی شەوی زستان ملیان لە ڕێگا ناو بەپیادەڕۆیی بەرەو ماڵەوە کەوتنە ڕێ. چەند مەترێک ڕۆیشتن.. خوا یاریان بوو، چاویان بەتاکسییەک کەوت، بەڵام لەو تاکسییانەی کە بەڕۆژ لە شەرمی شڕوویییان خۆیان حەشاردەدەن و بەرچاو ناکەون... هەرچۆنێک بێت خۆیان هاویشتە ناو تاکسییەکەو تا گەیشتنە ماڵەوە هەترەشیان چووبوو لە ئێستا نا ئێستای ڕاوەستانی ماشێنەکە.

هاوڕێ حەجمینی نەمابوو لەبەر بینەوبەردەی دەستبەکارکردنی لە فەرمانگاکەی بۆ بەیانی، کە دوو کاتژمێرێکی ماوە.

شەهێن هەر بەسەلیقەی بەزمی ئاهەنگەوە، بەم نیوەشەوە چووە بەر ئاوێنە بۆ بەراوردیی جوانی و ڕێکپۆشی خۆی، بەڵام سەد خۆزگەی بەوە دەخواست کە کەس لەوانەی کە لە ئاهەنگەکە ئامادە بوون هەستیان بەکۆنیەتی پاڵتۆکەی نەکردبێ..! لەپڕ دەنگی هەڵکێشانی هەناسەی حەپەسانی تێکەڵ

بەدەنگی ئەو شەقەی کە بەدەستی لە سینگی داو، لە قیـرژنی دا..! لە تاوی ئەوەی کـە ملوانکەکـە بەملیەوە نەمابوو..؟!

هاورێ لەو دەمـەی کـە خـەریکی هەڵـپەساردنی جلی دەرەوەو لەبەرکـردنی جلی مـاڵەوە بوو، کـە گوێی لە زیپرەی هاوسەرەکەی بوو لە شوێنی خۆی حەپەسا..! ئاوڕی دایەوەو...

گوتی:

- **چی روویدا..؟**

*** ملوان..کـــە...من..نا!ملوانکەی زەینەب... دیارنەماوە..!**

بەپەلەو بەپەرتەوازەییـــەکـــەوە رووەو هاواری خێزانەکەی هات و...

گوتی:

- **چی دەڵێی..! هەرگیز نا.. وانەڵێی..!**

بەوردی و.. بەنـۆرەو.. بەپەشـــــــوودان و.. بەپچرپچری، هەرچەندی کونوکەلەبەرەکانی پاڵتۆکە هەیە بەهەردووکــــــیــــــان لێی گــــەڕان و، بەسەرلێشـێوانێکەوە شوێن نەما لە ژوورەکەدا نەگـەڕێن.. بێ سـوود بوو! چونکە ملوانکەکـە بەڕاستی ون ببوو..!هاورێ گەڕاوەو...

گوتی:

- **تۆ لەوە دڵنیای کە کۆشکەکەمان بەجێ هێشت ملوانکە بەملتەوە بوو..؟**

*** بێ گومان.. کە لەوێوە دەرچووین، بۆ دڵنیایی دەستێکم لە ملوانکەکە دا.**

- **باشە.. گەر لە ڕێگا لێت کەوتبا، گوێمان لە دەنگی دەبوو..؟! یان خۆت هەستت پێدەکرد.. کەواتە ئەوەی من بزانم لەوانەیە لە تاکسییەکە لێت کەوتبێ..؟!**

*** ژمارەی تاکسییەکەت بیردەکەوێتەوە؟**

- **نەخێر.. چونکە هەر خوازیاری گەیشتنەوەی ماڵەوە بووم، بۆیە باکم بەلێوردبوونەوەو گرینگیم بەژمارەی ئۆتۆمبیلەکە نەدا.**

پاش ئەوەی بۆیان نەدۆزرایەوە کـــەوتنە وێزەی یەکـتـرو هەریەکـەیان ئەوی دیکەی تۆمـەتبـاردەکـرد بەکەمتـەرخـەمی و بێ ئاگـایی لە ئەمـانەتێک کـە بۆیان ناکـرێ بیـمـەی بدەنەوە..! یان شـەهێن چ وەڵامێک بەهاوسێ خۆشەویستەکەی بداتەوە!

پەشیـمـانی داد نادات..! پەشیـمـانی لە چی..؟! لە کـردەوەیەک کـە بۆیان ڕاست نەکـرێتـەوە! یان لە هەڵەیەک کە بۆیان چاک نەبێـتەوە..! هاورێش لە حەژمەتان خۆی بەسەر پێیەکانی پێڕانەگیرا، لەسەر زەویی چیـمـەنتـۆکـراوی ژوورەکـە بەنائومـێـدی دانیـشـت، خـۆی لە پەسـاری خـەم و خـەفـەتی کەمبینیی خێزانەکەی نابوو، وەک بۆمبێکی کاتیی وابوو (تەق ـ ـ بلێی.. تەلاق دەکەوێ!).

شـەهێن کە هەستی بەباری دەروونی پیـاوەکـەی کــــــرد.. لە لایـەک دایە تراژیـدیای چاوزاری و چڵێسی هەندێک لەو خەڵکانەی کە لە ئاهەنگەکە بوون، بەتەشەرەلێدان و دوعـای خێرلەخۆ نەدیتنی ئەوانەی کــــە بوونە هۆی پەشـێـــوی و لە لووت دەرچوونی بەزمی ئاهەنگەکــــەیان، لە لایەکی دیکەش بەدوای دۆزینەوەی چارەســەرییــەک بوو بەڕێوشـوێنی جـۆراوجـۆری چاوبەستن و ناو لەپ خوێندنەوەو تێرامان لە تۆپی بلووربنی فاڵگرەکان و...! بەبێ دوودڵی ناوونیـــشـــانی یەک دوو لە فـاڵگرەکـانی هەڵدا کـە هاوسـێی کـۆنی خـۆیان بووینە.. گـوایە لەبەر ناسیـاوی لەوانەیە خـاتریان بگرێ. هەرچی هاوڕێیـە بەقـەرانقـۆپ و هێـمـای سەرلەقاندنیەوە ئاماژەی بەوە دەدا کە ببێ ئەو ژنە (عـــوزری لە قـــەباحـــەتی گـــەورەتر نەبێت؟!). بەناچاریی لێقـەومـانەکـەیانەوە، هێـشـتـا شـەفـەق کـازیوەی نەدابوو، بەشڵـەژاوییـەوە دووبارە جلی

دەرەوەی کـــردەبەرو رووەو دەرگـــای دەرەوە چوو، بەدەنگێکی وەک ئەوەی لە بیرێکی قوولەوە بێتە دەرەوەو بەقورگگیرانێکەوە..

گوتی:

– **بەهەمـان رێگادا بەپیادەیی دەگـەڕێمـەوە.. بەڵکو لە رێگادا چاوم بەتاکسییەکە بکەوێت، یان لەسەر رێمدا ملوانکەکە بدۆزمەوە.**

شەهێنیش بەجارێک خەمۆکی دایگرت و رەنگی هێناو رەنگی برد.. هەر بەپۆشـــاکی ئالـوواڵی ئاهەنگەکـەوە دەسـتـەکـانی لە روومـەتی گـرت و دانیشت، کـەوتە تێفکرین و وەرەوردی هەڵسان و دانیـشتن و سـواری نـاو تاکسی و مـاوەی رۆیینی هەتا ژوورەکەی خۆی.. بێ ئەنجام بوو! فرمێسکی چاوی تنۆک تنۆک دەکـــەوتنە ســـەر روومـــەتە ناسکەکـــانی و بـەلـەپی دەست دەیســـڕینەوە.. نەیدەزانی بۆ کـام تەنگژەی خـۆی بگریێ..! ئەو تەنگژانەی کـە لە یەکـەم رۆژی لەدایکبـوونیـەوە دەرگای بەختی بەڕوودا قەپات کرد..! یان ئەوانەی کـە بڕیاری برووسک ئاسـای پێ دەداو دواتریش وای لێ دەکرد لێی پەشیـمـان ببێـتـەوە. ئای کە چەند بەئازارو سـۆیە ناڵەی ویژدان، تاوێک تینت بۆ دێنێ کـە دان بەکـەمـبـینی خـۆت بنێی.. تاوێکیش وات لێ دەکــا خـــۆت بەخـــۆت بڵێی"ئاواتەخوازم زەوی بقڵێشاباو بۆ خۆی قووتی دابام!".

هەر لەم کەڵکەڵەیەیدا بوو هەندێ جار روخساری یەکە بە یەکەی جمی ئاهەنگی ئەو دەوڵەمەندانەی وەک فیلمێکی سینەمایی دەهاتە پێش چاو، وەک هەڵیی دەسـەنگاندن تیـایاندابوو بەسـاڵێک و دووان بوونەتە رووکـــارێکی پایەبەرزی نێـــو حەشاماتی گەندەڵی و گەرەلاوژەیی.. ئەو پایەیەی کـــە بەقـــۆســـتنەوەی هەل و دەست وەشـانـدن و ســـاخـتــەکـــاریی لەپێناو بەرژەوەندی خـۆیان بەمـــاوەیەکی کـەم وەدەســتـیـان کـەوتووە، بەڵام لەناخـەوە وەک دارێکی خـۆرک تێکەوتوو خـۆیان خۆیان دەخـۆنەوەو، لێ.. ئێش و ئازاری دەروون چ جۆرە وێرانکارییەک لەبیینیان دروست دەکات..!

ئەوان خـەریکی چ جـۆرە ژیان و رابواردنێکن بۆ خـۆلەبیـرکـردنەوەیان.. ئەمـیش لە چ جـۆرە بیـرو سەرلێشێوانێکە..! بەڵام وەک هەستی راگرتبوو لە هەڵسوکەوتی پارەپەرستی و چڵێسییان لەپێناو باقـــوبریقی شـــەوانەو راگـــرتنی دڵی لە خـــۆ پارەدارتریان، بێ ئەوەی دەســـتـەواژەی پیـــرۆزی ئیـرەییکردن .. وەفـایی.. خۆبەختکردن... کـە لە داسـتـانە هەرە بەناوبانگەکـانی خۆشـەویسـتـیـدا پێگـەی دەســـپـــێک لە یەکـــەم چاوپێکەوتنەوە سەرچاوەدەگرن.. نەمابوون، یان هەر نەبوون!

بۆیە بەمکوورییەکەوە دەیگوت"نەخێر..! من ئەو جۆرە چڵێسی و.. سەر قۆزی بن ئاڵۆزییەم ناوێ".

وا دیاربوو لە دەرئەنجـامی زۆر لێکدانەوەی ئەم رەهەندە گەیشتە ئەو راستییەی کە لەمەودوا دەبێ "بەقـەد پێی خـۆی بەرە رابکێـشێ و، جـارێکی تر زۆر بەرز نەڕوانێ، نەوەکـا وەکـو ئەم جـارە سـاتمە بکاو... بکەوێ!".

هەرچەندە شـــەهێن دڵی لە خـــورپەی دەدا لە دواکـەوتنی هاوڕێ.. لە تکاو نزای ئەوەش بوو کـە بەیانی زوو نەبێــتـەوە، نەوەکـــا لەگــەڵ وەخـــتی بەیانیـان بۆ سۆراخی ملوانکە زەینەب پەیدابێت، کـەچی کـات ئەسپی خـۆی تاو دابوو. کـاتژمێـر گـەیشـتــە نزیکەی حـــەوتی بەیانی، هاوڕێ بەدیارکەوت..! بەڵام پێدەچوو هیچ جۆرە شتێکی بۆ نەدۆزرابووبێتەوە. شەهێن کە بەمەی زانی زیاتر خەم دایگرتەوە، بەڵام کلاورۆژنەیەکیان بۆ خۆیان بەجێهێشتەوە، بەوەی کە هاوڕێ بچێ سەردانی

شوێنی وەستانی تاکسییەکان بکات و ئاگاداری پۆلیس بکاتەوەو لە ڕۆژنامەو بلاوکراوەکاندا جاڕی بەخەڵاتکردنی ئەو کەسە بدات کە دۆزیبێتیەوەو بۆیان بگەڕێنێتەوە.

لەم کەین و بەینەدا هاوڕێ بنقاوەتی بەیانییانی لەبیر نەماو بەپەلەپرووزێوە دەرچوو بگاتە دەوام، تا ڕوخسەت لە لێپرسراوی فەرمانگە وەربگرێ و دەست بەگەڕانێکی چەرخوفەلەکیی بکات، شەهێنیش لە لایەکی ترەوە دووبارە ماڵەکەی بەسەریەکدا هەڵگێڕو وەرگێڕ بکات.

بارقورسیی ئەم کارەساتە بەجۆرێک تەنگی پێهەڵچنیبوون، هەستیان بە بەسەرچوونی کات و سات و دەم و جەمی«ڕۆژگار» نەدەکرد، کەچی ئێوارە کەوتەوەو ڕۆژیش تەواو هاوڕێ بەلەشێکی داهێزراوەوە گەیشتە ماڵەوەو لەسەر بەڕەیەکی ناو ژوورەکە ڕاکشا.. هیچ ئەنجامێکی دڵخۆشیی پێ نەبوو..! دنیای گەورە لێیان ببووە کونەدەرزییەک و ڕۆژی ڕووناک بەلێڵی دەهاتە پێش چاویان. هاوڕێ خۆی خستە سەر لایەکیەوە وەک ئەوەی هۆشی لەسەر خۆی نەمابێت و...

گوتی:

**– واچاکە بچی بەزەینەب بڵێی کە قفڵی ملوانکەکە شکاوەو لای زێڕنگر جێت هێشتووە تا چاکی دەکاتەوە..! بەڵکو هەندێک ماوەی زیاترمان هەبێت بەدوایدا بگەڕێین.**

شەهێن ڕەزامەندی لەسەر ئەم بیرۆکەیە دەربڕی، بەڵام لەبەرئەوەی شەو تاریکی هەڵدابوو، بەئاخژنەوە چوونەکەی بۆ بەیانیی هێشتەوە.

شەو تەواو.. گزنگی بەیانیی بەدەرکەوت و، کاتی چێشتانێکی زوو بوو بەپەلەو بەدووڕییانێکەوە هەنگاوی دەنا بۆ ماڵی زەینەبی هاوڕێ و هاوەڵی چەند ساڵەی، کە وای هەست دەکرد داوە دەزووێکی باریک لەنێوانیان ماوەو هاکە دەپسێ.. چ وەڵامێکی بداتەوە لەبەرانبەر ئەو جوامێرییەی کە ئێستا کەوتۆتە واری.. ئەمڕۆ نا بەیانی...! یان ئەگەر چاکەیەک بۆمان نەکرا بیمەی بدەینەوە.. دەکرێ ئاواتەخوازی ئەوە بین «خاوەن چاکە لەپێش چاومان نەمێنێ یان هەر نەیبینین..؟!». دەستی بردو بەهەست ڕاگرتنێکەوە لە دەرگاکەی دا..؟! بەبێزانێکەوە چاوەڕێی کردنەوەی دەرگاکە بوو! بەڵام لەولاتر هاوسێیەکی دیکەی زەینەب بەدەم دەنگی دەرگاکەوە سەری هەڵکێشاو، وەک بڵێی لە دڵی شەهێندا بێ، هەر دووربەدوورییەوە.. پاش چاک و چۆنییەکەوە...

گوتی:

**//کەس لە ماڵەکە نییە..! سەفەرێکی بێ بەرنامەو بەپەلەیان کەوتەپێش، لەوانەیە زۆریشیان پێ بچێ.**

فەراهەمییەک شەهێنی داگرت.. پرژینی تریفەی ڕەنگ و ڕوخساری سەرتاپای کۆڵانەکەی درەوشاندەوەو، دنیا لەپێش چاوی ڕەنگی شەبەنگی هۆنیەوە، بەقاقای پێکەنینێکی قووتدراوەوە کە نەیدەویست ئەو هاوسێیەی کە بەدەنگییەوە هات، یان هیچ کەسێک لەوانەی لە کووچەو کۆڵان و سەرشەقامدا هەستی پێ نەکەن، بەڵام بۆی نەدەکرا زەردەخەنە لەسەر سینیی ڕوومەتی بشارێتەوە.. یان کوڵمی سووری.. ئاڵەیی.. واڵەیی.. قاوەیی.. مەرەزیی.. پەمەیی.. نارنجی، چۆن خۆردەگیرێ ئاوا لە خەڵکیی بگرێ..! یان چۆن بۆی دەکرێ بەدەست و پەنجەو مەچەکی سپی و سۆڵەوە.. کە ئەولای لەولای بەسۆترە.. بەری خۆر لە دەموچاوی خۆی پێ پاس بکا!

کۆنترۆڵی ئەندێشەکانی لەدەست دەرچوو،

بەگینگڵدانی کارمامز ئاسا خۆی گەیاندەماڵەوە. سەروبردەکەی بەتەواوەتی بۆ هاوڕێی کـڵـۆڵ گێڕایەوە. ئیتر ئەمە هەلێکەو بۆ دواجار بۆیان ڕەخساوەو دەبێ بڕیاری ئەوەی تێدا بدەن کە لەو ماوەیەدا زۆر بەوردی.. یان ملوانکە.. یان دەبێ چارەسەرییێک بدۆزنەوە.

(٤)

چەند ڕۆژێکی دواتر هەمدیس سەری بەماڵە هاوسێکەی داگرت، هەر سۆراخی زەینەب نەبوو، تا کەوتە واری ئەوەی کە زەینەب ملوانکەی لەبیربکات کە لای شەهێنە بەئەمانەت پێی بەخشیوە، بەڵام شەهێن و هاوسەرەکەی لەبن تەنگژەیەکی دەروونی بەگرمۆڵەکراوی مانەوە. ڕۆژ هات و ڕۆژ چوو.. هەریەکەیان پێنج ساڵ لە تەمەن بەپێش کەوتن و هێشتا شوونی ملوانکەیان پێ نەدۆزرایەوە، کە ئومێدبڕ بوون بەیەکجاری.. لەبەر جوامێری هەڵوێستی زەینەب کە لە تەنگانەدا بەکەڵکیان هات.. ڕێسای ئەرک و مافەکانی مرۆڤایەتیی وایان بەسەر دەسەپێنێ کە بچن بەهەمان شێوەی دەقاودەقی ملوانکە ونبووەکە.. ملوانکەیەکی دیکە لەبری بکڕنەوە. بۆیە بڕیاریان دا دەستپێک بەدوای ناوونیشانی ئەو زێڕنگرە بگەڕێن کە لە قەدی ئەو قوتووە نووسرابوو، کە زەینەب ملوانکەکەی تێئاخنی بوو بەشەهێنی دابوو. هەرچەندە زۆر ماندوو بوون بەدوای دۆزینەوەی ناوونیشانەکە، بەڵام هەر کە گەیشتن، وەک ئەوەی تۆزی چەندین ساڵی شەکەتی لە خۆیان هەڵتەکێنن وا بوون. پاش گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانیان کابرای زێڕنگر زۆر بەپەرۆشییەوە چاوی بەهەموو تۆمارگەکانی فرۆشیاری گێڕا، بەڵکو سەرەداوێکی پشکنین بەدوای ملوانکە دەدۆزێتەوە.. بەڵام ئەفسووس..! زێڕنگر گوتی:

**//هیچ جۆرە پارچە زێڕی بەم ئادگارە لەم شوێنە نەفرۆشراوە، بەڵام لەوانەیە قوتووەکەم بەبەتاڵی فرۆشتبێ..!**

بەنائومێدی زێڕنگرەکەیان جێهێشت و ڕوویان لە شوێنی زێڕنگرێکی تر کرد، تا وای لێ هات سەرگەردانی یەکە بە یەکەی دوکانی زێڕنگری ناو قەیسەرییەکە بن.. بێ ئەوەی بگەنە ئەنجام!

پاش هیلاکییەکی زۆر لە کاتی گەڕانەوەیاندا کە لە ترۆپکی بێ ورەیی و نامرادییدا بوون. بەدەم ڕۆیشتنەوە شەهێن ئاوڕێکی لە نمایشگەی زێڕنگرێک داو بەدەم قیژەیەک کە ئەوەی لەدەوروبەری بوون هەستیان پێ کرد...

گوتی:

*** ئەوەتا.. دۆزیمەوە.. خۆیەتی.. هەمان ملوانکەیە..!**

خۆیان بەدوکانی زێڕنگرەکە کردو، پاش دڵنیابوون لە ئەڵماسەکە کە لە جۆری هەرە باشەکەیەتی، کەوتنە دابی مامەڵەوە، چونکە داوای دووملیۆن و شەش سەد هەزار دیناری لێ دەکرد، ئەمانیش حیسابی ئەم جۆرە نرخانەیان نەکردبوو. هەرچییەک بێت پاش داشکاندن و خاترجەمی، نرخەکەی کەوتە دووملیۆن و چوارسەد هەزار دینار، بەڵام کەوتنە تکای ئەوەی بڕە پارەیەکی پێشینی بدەنێ و بۆ ماوەی هەفتەیەک نەیفرۆشێ تا سەرجەمی پارەی بۆ دابین دەکەن. بەمەرجێک ئەگەرهاتو لە ماوەی ئەم مانگەی کە تیایدانە تاکو سەری، ملوانکە ونبووەکە بدۆزنەوە، ئەوا ملوانکەی زێڕنگر بگەڕێننەوە بەنرخی ئەو ڕۆژەی کە تێیدانەو بەداشکاندنی دەستحەقی زێڕنگریی.

هاوڕێ پێنج سەد هەزار دیناری شک دەبرد، کە

باوکی وەک یارمەتی پێی دابوو، بەمەرجی ئەوەی کە بۆ رۆژی تەنگانە یان بۆ کرێی خانوو گلی بداتەوە، بەڵام داخەکەی لەوە بوو کە دەبێ رێگەچارەی چوار ئەوەندەی ئەم برە پارەیە بدۆزێتەوە بۆ تەواوکردنی بیمەی زێڕنگر.. ئینجا کەوتە قەرزوقۆڵکردن، لەم پەنجا هەزارو، لەو سەد هەزارو، لەوی دیکەیان حەفتاو پێنج هەزارو.. بۆ تەواوکردنی پارەکە کەوتە مۆرکردنی جۆرەها کۆمپیالەو، دەستپانکرنەوە بۆ جۆرەها مرۆڤی چاوچنۆک و لێنەوەشاوە. ئەو دۆزەشی زیاتر وای لێ کرد کە بکەوێتە وەرەوردی ئەوەی کە "ئایا ئەگەر ئەم بەڵێن و کۆمپیالانەی لە کاتی خۆی پێ چارەسەر نەکرێ دەبێ چی رووبدا؟!". هەمیش ببێتە هۆی ئەوەی کە تەنگژەی دەروونیی زۆری بۆ بێنێ و لەدەست شەونخوونی بناڵێنێ و وەک سەرلێشێواوێک هەڵسوکەوت بکات.

هەرچۆنێک بوو پارەی ملوانکە تەواو بوو، بەپەلەو بەوەختێکی درەنگی ئێوارە، پێش ئەوەی زێڕنگر دوکانەکەی دابخا، لێی بەژووری کەوتن و زووبەزوو پارەکەیان لە دەست زێڕنگر ناو ملوانکەیان هێنایەوە. لەبەرئەوەی داخی گەورەی ملوانکەیان لە دڵ بوو، حەوسەڵەی ئەوەیان نەمابوو بیهێڵنەوە بۆ بەیانیی، بەوەختی ئەنگوستەچاوی شەودا شەهێن ملوانکەی گەڕاندەوە بۆ زەینەب، کە وا پێدەچوو ماوەیەکی زۆر بووبێت لە سەفەر گەڕابووبێتەوە، بەڵام شەهێن بەبێ ئەوەی خۆی بشێوێنێ، بەرووێکی گەشەوە بەخێرهاتنەوەی لێ کردو بەسوپاس و نوازشی شەرمەزاریی لە دواکەوتنی گەڕاندنەوەی، قوتووە بچووکەکەی بەملوانکەی ناوی دایە دەست زەینەب، کەچی زەینەب لە دڵی خۆی نەیهێشتەوەو...

گوتی:

**//دەبا زۆر لەمە زووتر بۆمی بگەڕێنیتەوە.. نەبادا پێویستیم پێ با؟!**

کەچی شەهێن قەرانقۆپی بەرانبەر زەینەب کێشابوو، بەنوقاندنی چاوە تەماوییەکانی و سەرلەقاندنەوە وەڵامی دەدایەوە، نەوەکا زەینەب قوتووەکە بکاتەوە هەست بەئاڵوگۆڕی ملوانکەکە بکاو، وابزانێ کردەوەیەکی دزیکاری یا ساختەکاری کراوەو، ئیللاوبیللا بەملوانکەی خۆی نەبێ قایل نەبێ.

(٥)

لەگەڵ ئەو هەموو نەهامەتییەی کە بینییان، کەچی کەوتنە ژێر بارێکی قورسترەوە، کە دەبێ بۆ ماوەیەکی زۆر، بەبێ ئەوەی بزانن مانای ماندووبوون چییە، ئەرکی زیاترو کاری سەربارەیی قورستر دەکەوێتە سەر شانیان بۆ پاشەکەفتکردنی پارە بۆ بەجێگەیاندنی ئەو کۆمپیالەو بەڵێنانەی کە لەبری قەرزوقۆڵەکانیان وەریانگرتوون. ئا لەم ئانەدا شەهێن ژیانی ماندوویەتی و کەساسیی ناسیی، کە بەشەوو بەڕۆژ هەر خەریکی دروونی کۆنە جل و پینەوپەڕۆکردنی لێفەو دۆشەگ و، دەستگرتن لە خەرجیی، نەبادا لە ئەنجامی زێدەخەرجیی قەرزی مانگی داهاتوویان پێ نەدرێتەوە. لەگەڵ ئەوەش ئەم دۆزە وای لە شەهێن کرد ببێتە کابانێکی بەئەمەگی ناندین و، کارو ئەرکەکانی ماڵەوە بەرێکی بەرێوە ببات، بەڕادەیەک کە ئەگەر یەکێک لە ئاهەنگە بەدناوەکە دیتبێتی ئێستا نایناسێتەوە. هەر لە شووشتنی هیربارو لە چوواندنی رۆن و چەوری لە مەنجەڵ و کەوچک و، پاشقوڵەکانیشیان فڕێ بداتە دەرەوە.. جلوبەرگ بشوات و ئوتوویان بکات..! هەموو

ئەمانەش بەدەست و مەچەکە سفتوسۆڵەکەی، کە ڕۆژانێک بوو تینی هەتاوی لە دەموچاوی خۆی پێ پاس نەدەکرد، نەوەکا هەتاو بیسووتێنی! سەرەڕای ئەوانەش زۆربەی کـارو ئەرکـەکـانی دەرەوە وەک بازارکـردنی سـەوزەو نان و گـۆشـتکڕین بخـاتە ئەستـۆی خـۆی، نەوەکـا پیـاوەکەی تووش بێت و نەزانێ شت بەگرانی بکڕێ، یان لە کاتی ژماردنی پارە سەهووی زیادەی لێ بکات. ئەگینا خۆی زۆر بەوردی پارە دەژمێـرێ و ناهێڵێ یەک فلوس لێی نە بەکەم.. نە بەزیاد بکەوێ..!

لە لایەکی دیکەوە هاوڕێ ئەسپی خۆی تاو دابوو لە ئیـشـوکـارەکـانی، بەگـرێدانی شـەوو ڕۆژ بە یەکەوە، بەکارکردنی لە نووسینگەکانی بازرگانی و کۆمپانیا ئەهلییەکان وەک نووسەر یان تێبینەر بۆ وەدەسـتـهـێنانی بڕەپارەیەکی زیاترو، دانەوەی هەندێک کـۆمـپـیـالەو نوێکردنەوەو دواخـسـتنی هەندێکی تر.

بەم شێوەیە بژێوی ژیانیان بۆ ماوەی زێتر لە دە ساڵ گـوزەراند، هەرچەندیش قـەرزەکـانیـان هاتنە تەواوبوون، بەڵام بەداخەوە..! ڕەنگ و ڕوخساری شەهێن بەتەواوەتی کاریگەری شەکەتیی زەمانەی پێوە دیار بوو، لە پیرەژنێکی بەساڵاچووی دەکرد، وەک دارێکی وشک چەمـابێـتـەوە وابوو. لە پۆشـتـەیی و خـەیاڵی جـارانی نەمـابوو، بەجلوبەرگێکی کۆنەوە، ئەو پرچە سپی داگەڕاوەی کـە بەئاسـتـەم تاک تاک داوی ڕەشت تێدا بەدیی دەکـرد.. لەبەر سـروەی با واڵای کـردبوو. پشـتی دەستی قەڵشیـوو، ناو لەپی دەسـتیشی لەوانەی دەکـرد کـە لە کـۆڵکردن و گـەسگدان و کـاروباری ناندینی ماڵەوە بەولاوە هیچی تریان نەکردبێت..! جارجارەش بۆ حـەسانەوە لە مـاندوویەتی دەچووە بەر پەنجەرەی ژوورەکەی کە بەسەر باخچەکەیانەوە دەیڕوانی.. دادەنیـشـت و، بیـرو تێـڕامـانی دەیگەڕاندەوە بۆ ئەو کات و شەوانەی کە جێگای سەرنج و سەرسوڕمانی خەڵکانێک بوو کە تەنها بۆ مـەیانەیی و قـسـەکـردن لەگـەڵیـان قـیـزی لێـیـان دەکردەوە. لە هەمـان کـاتیـشـدا دەگەڕاوە سـەر ئەو ڕێـســەی کــە لـێی ببــووە خــوری و دەیگوت:"ئەفـسـووس.. دەبێ ژیانمان چەندێک دەگـۆڕا ئەگـەر ئەم ملوانکەیەم ون نەکـردبا! سـەدخـۆزگـە هەر نەمدەهێنا..! چەند سـەیرە ئەم دنیـایە! شتێکی بچووک.. گۆڕانکارییەکی گەورە لە ڕەوتی ژیان دروستدەکات".

واش پێدەچێ شەهێن ئەوەی لەبیرکردبێ، کە لەم دنیـایە مـرۆڤ هەرچەندە سـەرتیش بێ، ئەگـەر بنەگـەی شـوناسیی بەردی نەبێ.. وا دەزانێ هەر بەردێکی ڕەنگاوڕەنگ یاقـووت و ئەڵمـاس و پیرۆزەو عەقیقی یەمانییە.

(٦)

وەک کـردبوویە خـەسڵـەت، هەمـوو ڕۆژی هەینییانێک بۆ حەسانەوە لە ماندووبوونی هەفتەی پڕ ئیشـوکاری مـاڵەوەی، ڕووی دەکردە پارکی ناو شارو لەوێ هەموو خەم و خەفەتەکانی بەلاوەدەناو خۆی دەهاوێشتە نێو گێژەنەی بۆنی گوڵ و گوڵزار، وەک بڵێی ئاشنایەتییـان پەیداکردبێ، لە هەمـوو لایەکـیـیـەوە بەرەوڕووی دەهاتن، ئەمـیش وەک خووی پێـوەگرتبێ.. دەستی بۆ ناو پریاسکەی بن هەنگڵی دەبردوو بەپەنجە نەرمەکانی بۆنی میسک و عـەمـبـەری دەردەهێناو دەیپـرووشانده سـەریان. ئەوانیش ڕسکانی خـونچـەی تازە پشکووتووی قـەنەفلی پێ ببـەخـشن.. کە هەردەمـەو ڕەنگێک بەخـۆوە بگرێت، تەنانەت هەندێ جـار دەکـەوتە دەمـودوو لەگـەڵیـان و گـازاندەی ناسۆری تەمـەنی بابردەڵەی خۆی .. وەک چیـرۆکێکی ئامـۆژگـاریی

بەگوێی جمی گوڵزاران دەچرپاندو، دەستی بەسەر گوڵ و خونچان دادەهێناو وەک منداڵی ساوا ژێری دەکردنەوە. لەم دەمەدا خورپەیەک بەدڵیدا هات، ئاورێکی پشتەخۆی داوەو.. چاوی بەئافرەتێک کەوت دەستی منداڵێکی بچکۆلەی گرتووەو بەلەسەرخۆیی دەڕۆن..! «دەبێ ئەوە زەینەب بێ..؟! بەڵێ.. بەدڵنیاییەوە».

شەهێن بە یەکەم چاوهەڵبڕینەوە ناسییەوە، بەڵام هەرچەند تێی رادەما.. پێی سەیر بوو کە زەینەب هیچ جۆرە زەبرێکی زەمانەی پێوە دیار نییەو، لەشولاری وەک جاران پاراستووە. هەرچی شەهێنە سایلی ئەو هەڵنەکەوتووە، بەبەراوردکردنی خۆی لەگەڵ زەینەب کە بەچەند ساڵانێک لەو بچووکترە، کە لە جیاوازییەکان رادەما موچڕکی شەرم دایدەگرتەوەو، تووشی دوودڵی و دووڕێیانی چوونەپێش لێی و نەچوونەپێش لێی هاتبوو، نەوەکا زەینەب قێزی لێ بکاتەوە! هەرچۆنێک بێت بڕیاری دا کە لێی بچێتە پێش، چونکە کۆستی گەورەی ملوانکەی لە دڵەو دەبێ سەربردەکەی بۆ بگێڕێتەوە، تاکو ئەو گرێکوێرەیەی دڵی بۆ بکاتەوەو پێی بزانێ.. "ئەی بۆ نەء! نەخاسمە بەڵێنەکەم بەجێ گەیاندبێ و ملوانکەکەم بۆ گەڕاندبێتەوە.. نە قەرزارمەو، نە قەرزاریمە..! ئێستاش لە دارەتی دنیا هیچم بۆ نەماوە پێوەی بنازم".

بەزەردەخەنەیێکی پەرۆشیی و ئاشنایەتی.. بەتاوەوە رووەو زەینەب چوو...

گوتی:

*** بەیانیت باش ئازیزەکەم..!**

زەینەب دەمێک بەحەپەساوی لێی راماو نەیناسییەوە...

گوتی:

**//ببوورە! وادیارە بەهەڵەدا چوویت؟!**

*** نەخێر.. زەینەب، من شەهێنم..شەهێن! شەهێنی هاوەڵ و جیرانت.. بیرم ناکەیتەوە؟!**

لە کەیفخۆشییان زەینەب بەسەرسوڕمانێکەوە دایە قاقای پێکەنین و ئامێزیان لە یەکتری گرت و...

گوتی:

**//دەبا هەندێک دانیشین.. زۆر لەمێژە یەکترمان نەبینیوە.. چاوم ڕۆن بۆوە!**

پاش دانیشتن و گۆڕینەوەی باسوخواسیان، زەینەب بەتێڕامانەوە...

گوتی:

**//شەهێن، بۆ وا گۆڕاوی..؟ شەکەتیی ژیانت پێوەدیارە..!**

*** لێم دەپرسی..؟ بەڵێ..!! ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجەو شەکەتییەی هەمبوو، چەند ساڵ بەر لە ئێستا تووشی هاتم، هەمووشی لە سایەی تۆوە بوو..؟!**

**//لە سایەی من..؟! بۆ.. هاوسێیەکی ئەوەندە خراپ نەبووم!لە چاکە زیاتر بەملاوە هیچی ترم بۆ تۆو هاوسێیەکانی دیکەش نەکردووە..! ئاخر هەقتە وابڵێی.. چونکە هاوسێی خراپت نەبینیوە؟!**

*** مەبەستم لە خراپی تۆ نییە! بەڵکو لە بەدبەختییەکەی خۆمە! کە لە هیچ بارێک بۆم راستەڕێ نایێت.. بیرت دێتەوە ئەو شەوەی کە ئاهەنگی سەرەساڵ بوو من و هاوڕێ بانگهێشت کرابووین و ملوانکەیەکت بەئەمانەت بەمن بەخشی..؟!**

**//بەڵێ، بەڵێ.. ئێستا بەم قسانەی تۆ بیرم کەوتەوە..**

*** ونم کردبوو...؟! ئێستاو ئێستاشی لەگەڵدا بێ نەدۆزرایەوە..!**

**//چی..؟! وا نەڵێی.. چونکە دڵنیامە تۆ بۆمت گەڕاندەوە..!**

*** بەڵێ ملوانکەتم بۆ گەڕاندەوە..! بەڵام لەبری ئەو..! ملوانکەیەکی دەقاودەقی وەک هی خۆتم بۆ کڕییەوە، دڵنیاشم لەوەی ئەوەی کڕیمان لە ملوانکەکەی تۆ ساغڵەمتر بێت..! چونکە پارەیەکی قەبەمان پێ دا.. لەبەرئەوەی نەداریش بووین، زیاتر لە سێ بەشی پارەکەمان لەولاو لەملا بەقەرز گردمان کردەوەو لەسەر ئەو پارەیەی هەمانبوو دامانناو دامان بەزێڕنگر لە پای ملوانکەوە.. لەو ڕۆژەوە کەوتینە بن باری قەرزو بەهەزارحاڵ هەتا لێی دەرچووین.. شوکر بۆ خوا ئێستا لە یەخەمان بووەوەو هەموو شتێک براوەو تەواو..؟!**

زەینەبیش لەو ئانەدا کە گوێی لە وردەکاری ئەم باسە ڕاگرتبوو، ئەقڵی پێی نەدەشکاو دۆش دامابوو. لە تاوی ئەم گێژەنەیەی کە هاوسێیەکەی تێیکەوتبوو ڕەنگ و ڕوخساری سپی هەڵگەڕابوو..! بەسەرسامییەوە...

گوتی:

**//مەبەستت ئەوە نەبێ کە ملوانکەی منت بە یەکێکی تری ئەڵماست گۆڕیبێ..؟!!**

*** بەڵێ مەبەستم ئەوەیەو.. دڵنیاشم کردییەوە کە ئەوەی کڕیمان ساغڵەمترو.. پێدەچوو لە هی ئەوەی تۆ گرانتریش بێت...!**

شەهێن بەسینگێکی فراوان و زۆر بەورەوە، وەک ئەوەی هیچ قەرزێک و هیچ ئەمانەتێکی پشتگوێ نەخستبێ و بەڵێنەکانی بەجێ گەیاندبێ، بەزەردەخەنەیەکی بن لێوان و بەفیزێکەوە بەردەوام بوو...

گوتیەوە:

*** بەڵام لەبەرئەوەی ئاڵوگۆڕەکە زۆر بەوردی و بەوەستایی ئەنجامدرابوو، هەستت بەجیاوازی هەردوو ملوانکەکە نەدەکرد..؟!**

زەینەب کە گوێی لە تەواوی بەسەرهاتەکە بوو، لە دانیشتنەکەی ڕاست بووەوە، بەتەوسەوە توند دەستەکانی شەهێنی گرت، وەک ئەوەی لێشاوی قسە لە گەرووی قەتیس مابێ و.. بەزۆری بتوانێ چەند دەستەواژەیەک بدرکێنێ ...

گوتی:

**//هەی شەهێنی کۆڵەوار..؟! چما ئەوەشت کرد..! ملوانکەکەی من ئەڵماسی قەڵپ بوو، زنجیرێکی پاقری ئاسایی لاساییکەرەوەی زێڕ بوو! لە بازاڕی قەیسەری کڕیبووم .. نرخی هەر دووهەزار دینارێک دەبوو...؟!**

**-تەواو-**

**تێبینی**

*** بیرۆکەی ئەم چیرۆکەم لە زووێکەوە لە گۆڤارێکی کۆنی عەرەبی خوێندۆتەوە، بەداخەوە ناوی گۆڤارو ساڵەکەیم لەبیر نەماوە....(لوتفی)**

نەریمان بابان:

# نابێت سوود لە هونەری وڵاتە دواکەوتووەکان وەربگرین

هەڤپەیڤین: پەسار ئایەق



**نەریمان بابان هونەرمەندی گۆرانیبێژ کە بە ستایلی "پۆپ میوزیک" گۆرانی دەچڕێت، زۆرجار لە کلیپەکانیدا دیمەنی ترسێنەر بەرچاو دەکەوێت، ئەم جۆرە دیمەنانە لە کلیپێکی گۆرانیدا بۆ بینەر کورد شتێکی نوێیە، ئەم ستایلە و چەند باسێکی دیکەی هونەری لەم دیمانەیەدا لەگەڵ هونەرمەند باسی لێوەکراوە، بەتایبەتیش هونەری موزیک و گۆرانی لەلای هونەرمەندانی هەندەرانە.**




کوردیش دەبێت گوێی خۆی لەگەڵ
هەموو جۆرە موزیکەکان رابێنێت

*** ئەو ستایلەی تۆ لە هونەری گۆرانیدا کاری لەسەر دەکەیت، چ پێناسەیێکی بۆ دەکەیت، پێت وانییە ستایلێکی نوێیە بۆ گوێگر و بینەری کورد و هێشتا وەکو پێویست قبولی نەکردووە؟**

– ئەو ستایلەی من کاری لەسەر دەکەم ناوی "پۆپ میوزیک"ە، ئێستا هەوڵ بۆ ئەوەی دەدەم کە لەسەر ستایلی "رۆک"یش کار بکەم، هەرچەند دەزانم ئەو ستایلە کەمێک بۆ گوێگری کورد ئاسان نابێت و کاتی دەوێت تا پێی ئاشنا دەبێت.

کوردیش وەک هەموو میللەتی ئەم دنیایە دەبێت وردە وردە گوێی خۆی لەگەڵ هەموو جۆرە موزیکەکان رابێنێت، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە گوێگری کورد کەمێک واز لە موزیکی دهۆڵ و شایی بهێنێت.

*** دوای ئەوەی چویتە هەندەران، چی وای لێکردی ستایلی گۆرانی گوتنت بگۆڕیت، بەتایبەتیش لەرووی کلیپەکانتەوە کە زیاتر دیمەنی ترسێنەری تێدا بەدی دەکرێت؟**

– لە دەرەوەی وڵات بوارەکان فراوانترە، بۆیە هونەرمەندی کوردیش بەمافی خۆی دەزانێت ئەویش بەشێک لەو بوارانە بهێنێتە ناو گۆرانی کوردی، چونکە ئێمە ژێردەست بووینە و نەمان توانیووە لەگەڵ ستایلەکانی دیکە هونەری ئاشنا بین، بەڵام ئێستا کە لە دەرەوەی وڵاتین زۆربەی دەرگاکان کراوەیە بۆ ئەوەی بتوانین بەئاسانی تێیدا بچینە ژورەوە، ئیتر ئەوەش کەوتۆتە سەر زەوقی هونەرمەندەکە خۆی، چونکە هونەرمەندی وا هەیە بەداخەوە کە هاتە دەرەوەی وڵات، لە جیاتی ئەوەی بچێتە پێشەوە زۆر گەڕاوەتە دواوە، تەنانەت هەندێکیان لەناو قورسایی ژیانی ئەورووپادا ون بوون.

کلیپەکانم کەمێک ترسی تێدایە، ئەوەش وەک بەشێک لە هونەرە، چۆن دیمەنی خۆشی هەیە، دیمەنی ناخۆش و دیمەنی ترسێنەریش لە بەشێکی ژیانماندا هەیە، بەڵام دەزانم ئەمە کەمێک بۆ هونەری کوردی تازەیە، هیواداریشم بینەری کورد وردە وردە چاوی لەسەر رابێت.

*** پێشتر لەگەڵ گروپی "بابان" کارت کردووە و چەند بەرهەمێکی جوانتان لە کوردستان بەرهەم**

**هێنا، بیر لەوە ناکەیتەوە گرووپێکی لەو جۆرە دابمەزرێنییەوە؟**

– گرووپی بابان لە سەردەمی خۆی هونەرێکی جوانی پێشکەش کرد، بەڵام ئەم گرووپە وەک هەموو شتەکانی دیکە کۆتایی هات، بەڵام ئێستا لە ئەوروپا لەگەڵ گرووپی موزیکی خۆم کاردەکەم کە زۆربەیان موزیکژەنی سویدین و خۆشحاڵم بەکارکردن لەگەڵیان.


گرووپی بابان

*** ئەمڕۆی هونەری موزیک و گۆرانی کوردی کە بە چەندین ستایلی جیا جیای بیانی تێکەڵ بووە، ئایندەی ئەو هونەرە چۆن دەبینی، پێت وایە ئایندەیەکی گەشی دەبێت؟**

– ئەمڕۆی هونەری کوردی لە ناوەوەی وڵات زۆر بە خراپی دەبینم، لەبەرئەوەی هەمووی بە چەند ستایلێک تێکەڵ بووە، هیچ هەڵسەنگاندنێک نەماوە، ئەوەش زەرەری تەواو بە گۆرانی کوردی گەیاندووە، هۆکارەکەشی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەگەڕێنمەوە، ئەوان تاوانباری سەرەکین لەمە.

*** تۆ وەک هونەرمەندێک تا چەند بڕوات بەوە هەیە ستایلی دیکەی بیانی بێنیتە ناو موزیک و گۆرانی کوردی؟**

– هەمیشە لەگەڵ ئەوەدا بوومە کە پێویستە سوود لە هونەری وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگرین، نەک سوود لە هونەری وڵاتە دواکەوتووەکانی وەک تورک و عەرەب وەربگرین، ئەوان هێشتا خۆیان خەو بەوە دەبینن بگەنە هونەری ئەوروپا، بەڵام لە نەگبەتی کورد دەچێت لاسایی ئەوان دەکاتەوە، ئەمەش داخێکی گەورەیە.

*** بۆ گشت ئاواز و هۆنراوەی گۆرانییەکانت هی خۆتە، تەنانەت کلیپەکانیشت خۆت سیناریۆی بۆ دەنووسیت؟**

– راستە زۆربەی ئاواز و تێکستەکانم هی خۆمن و کلیپەکانیشیم بەشێکی زۆری خۆم سیناریۆی بۆ دەنووسم، ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تا ئێستا دەرفەتێکی باشم بۆ نەرەخساوە لە نزیکەوە کەسانی بەتوانا بناسم و کاریان لەگەڵدا بکەم، هیوادارم بتوانم لە داهاتوودا لەگەڵ هونەرمەندانی بەتوانا کاربکەم.

*** هیچ جار بیرت لەوە نەکردۆتەوە کارێکی هاوبەش لەگەڵ هونەرمەندێکی بیانی بکەیت وەک هەوڵێک بۆ ناساندنی موزیک و گۆرانی کوردی بە گوێگری بیانی؟**

– کارکردن لەگەڵ هونەرمەندێکی بیانی ئاسان نییە، بەڵام من وەک گوتم زۆربەی موزیکژەنانی

گروپەکەم سویدین و بەنیازم گۆرانییەکی هاوبەش (دیۆت) لەگەڵ هونەرمەندێکی بەناوبانگی ئەڵمانی بکەم ئەگەر خوا پشتیوان بێت، من لە رێگەی گۆڤارە بیانییەکان و تیڤییەکانیانەوە هەوڵی تەواوم داوە کە بزانن کورد کێیە و خاوەنی هونەری خۆیەتی.

*** تا چەند ئەوروپا رەخساوە بۆ هونەرمەندێکی کورد کار بۆ هونەرکەی بکات، بەتایبەتیش هونەری موزیک و گۆرانی؟**

- لە ئەوروپا کارکردن بۆ هونەرمەند ئاسان نییە، چونکە بە شێوەیەکی گشتی ژیان لە ئەوروپا سەختە، هەر بۆیەش دەبینین زۆربەی هونەرمەندە

**کاتی ئەوە هاتووە گوێگری کورد کەمێک واز لە موزیکی دهۆڵ و شایی بهێنێت**




کوردەکان کە لە ئەوروپان، لە کاری هونەری دورکەوتوونەتەوە و کاری دیکە دەکەن، بۆیە دەمەوێت بڵێم کە کاری هونەری لە ئەوروپا چ بە تەنها چ بە یارمەتی بێت زۆر زۆر قورسە.

*** خۆت بناسێنە..؟**

- ناوم نەریمان بابانە، لە گەرەکی رزگاریی شاری سلێمانی لەدایکبوومە، خوێندنی دواناوەندیم لە سلێمانی تەواو کردووە و بۆ زانکۆ چومەتە شاری موسڵ و لە بەشی مێژووی کۆلێژی ئاداب خوێندنم تەواو کرد، لە ساڵی ١٩٩٦ـەوە وڵاتم بەجێهێشتووە، تا ئێستاش نەگەڕامەوەتەوە.

ئێستا لە هەردوو وڵاتی سوید و ئەڵمانیا ژیان بەسەر دەبەم و ماوەی دوو ساڵە خەریکی پرۆژەیەکم بەناوی (SIB)، ئەم پرۆژە هەوڵ بۆ ئەوە دەدات کە ئەو پەنابەرانەی روو لە دەرەوەی وڵات دەکەن لەگەڵ بارودۆخی ئەم وڵاتە خۆیان بگونجێنن.

تەنها هیوام ئەوەیە گەنجایەتی گەنجی وڵاتەکەم، وەک گەنجایەتی ئێمە نەبێت و خۆشحاڵ بن، ئەمە تاکە خۆزگەی منە.

# کاریکاتێر

## بوونی ئازادی بەکۆڵەگەی پێشکەوتنی هونەری کاریکاتێر دادەنرێت
## ١ - ٢

هەندرێن خۆشناو:



**هەڤپەیڤین: فەرەیدون سامان**

هەندرێن ئەسعەد ئەحمەد ناسراو بە "هەندرێن خۆشناو"، هونەرمەندو کاریکاتێریست و نووسەر و وەرگێڕ و فۆتۆگرافەر... هەموو ئەو بەهرانە لەخودی ئەو کۆبوونەتەوە. لە ٢ی ئاداری ١٩٦٩ لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لەدایکبووە و نەوەی هونەرمەند رەسوڵ بێزار گەردییە، لەم دیمانەیەدا چەند باسێک دەربارەی هونەری کایکاتێر و ژیانی خۆی گفتۆگۆی لەگەڵ کراوە.



*** هەندرێنی هونەرمەند چۆن زانستی ماتماتیک و هونەر لەناخیدا پێکەوە جێگەیان بۆوە؟**

– هەروەک دەڵێن ماتماتیک شاژنی هەموو زانستەکانە، هیچ بوارێکی ژیان نییە بەبێ ماتماتیک و حسابکردن بەڕێوەبچێ و پێشبکەوێ و یان پەیوەندی پێوەنەبێ، ئەو بوارانەش ڕۆشنبیری و نووسین و هونەریش دەگرێتەوە، بەهەرش جا لە چ بوارێک بێ ئەوە بەخششی خوایە و دەیبەخشێ بە مرۆڤەکان. لەیادمە کە مامۆستایان لە زانکۆ زۆرجار پێیان دەگووتم من جێگەم لەو کۆلیژە نییە، بەڵکو دەبوایە لە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان بام، بەڵام ئەوە واقیعی عێراقە و سیستەمێکی دواکەوتووی نا زانستی حوکمی دەکات، بۆیە زۆبەی خەڵکی بە ئارەزوو و ئاواتی خۆیان ناگەن، بەڵکو بەردەوام باهۆزەکان بەو ئاراستەیەوە دێن کە کەشتییەکان حەزی لێناکەن و زۆربەی ئارەزووەکان لە بری ئەوەی گەشەیان پێبدرێ و پێشبخرێن و هانبدرێن، بە پێچەوانەوە خەفە و کپ دەکرێنەوە.

*** دەستپێکی ئاشنابوونت لەگەڵ هونەر و نووسین و سەرهەڵدانی بەهرەکانتمان بۆ باس بکە.**

– ئاشکرایە کە بەهرە جا لە هەر بوارێک بێ، خۆڕسکانەیە و خواوەند دەیبەخشێ، بۆیە ئەو بەهرەیە هەر لەمنداڵییەوە بەدەردەکەوێ، منداڵی بەهرەدار بە ئاسانی جیادەکرێتەوە لە منداڵی ئاسایی، بەڵام یەکێکی دڵسۆزی دەوێ کە هەست بەو بەهرەیە بکات و دەستی ئەو منداڵە بگرێ و بیخاتە سەر ڕێی ڕاست و گونجاو بۆ برەودان و پێشخستنی ئەو بەهرەیە، ئەوەی ڕاستی بێ لەبەر بچوکی تەمەنم بۆخۆم هەستم بەو بەهرانە نەدەکرد، بۆ نموونە هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە کە لە قوتابخانەی ئیبن مستەوفی دەمخوێند، مامۆستای نیگار هەر کە پەڕاوی نیگاری دەدیتم، زۆر پرسیاری ئەوەی لێدەکردم کە ئایا بۆخۆم ئەو وێنەیە کێشاوە یان یەکێکی تر بۆی کێشاوم؟ و دەبووایە

سوێندیشی بۆ بخوّم کە بۆخوّم وێنەکەم کێشاوە، منیش ئەوەم زۆر پێناخۆش دەبوو، کە دەهاتمە ماڵەوە دەگریام، بۆ دایکم دەگێڕایەوە، من لەبەر ئەوە دەگریام چونکە مامۆستا وایدەزانی کە من درۆزنم و باوەڕی پێنەدەکردم، نەک لەبەر وێنەکێشانەکە. بەڵام دایکم دڵی دەدامەوە و پێی دەگووتم کورەکەم لەبەرئەوەی وێنەکەت زۆر جوان کردووە، بۆیە مامۆستاکە وادەزانێ کە بۆخۆت نەتکردووە، تۆ حەقت لەو نەبێ هەر وێنەی خۆت بکەو خەم لەو مامۆستایە مەخۆ. بەڕاستی دایکم زۆر هاندەرم بوو

قسەیەم قەت لەیاد ناچێتەوە، بەشداریم لە زۆربەی پێشانگاکانی چالاکی قوتابخانەکان دەکرد، لە قۆناغی ناوەندیش مامۆستای بەڕێز سلێمان شاکر مامۆستای نیگارمان بوو، ئەو زۆر هاندەرم بوو بۆ وێنەکێشان، لەیادمە جارێکیان گوێی راکێشام، چونکە وێنەم بۆ برادەرەکانی خۆم دەکرد، چونکە نەیاندەزانی وێنە بکێشن و مامۆستاش بە ئاسانی دەیزانی کە ئەو وێنانە یەک کەس کێشاونیەتی و زانی کە منم، و پێی گووتم"قەت وێنە بۆ خەڵکی دیکە نەکەی، ئەوان بکەیتە خاوەن وێنەکانی خۆت، با بۆخۆیان بیکەن بە ئاسانی ماندووبوون و رەنجی خۆت مەدەرە خەڵکی تر کە قیمەتی ئەو کارەت نازانن"، ئەوەش وانیەکی دیکە بوو لەو مامۆستایە بەڕێزەم وەرگرت و لەیادم ناچێتەوە، لێرەوە رێز و سوپاسی خۆمی بۆ دەردەبرم.




لە قۆناغی ئامادەییش مامۆستا مستەفا لە (ستۆدیۆ جان) لەویش زۆرشت فێربووم، وەک چۆنیەتی کێشانی پۆردیکەیت و وەرگرتنی پێوانەکان و دووریی و نزیکیی و قوڵایی و شتی دیکەش، زۆر بایەخی بە وانەکەی خۆی دەدا، ئەوە لە هونەری شێوەکاریی.

لەو بوارەوە، جارێکیان مامۆستایەکی دیکەی نیگار هەر لە قۆناغی سەرەتایی( بەداخەوە ناویانم لەبیرنەماوە) سەیری پەڕاوەکەی کردم، و ۹ لەسەر ۱۰ی دامێ، و نەیگووت بۆخۆت ئەو وێنەت کردووە یان نە؟ منیش سەیرم پێهات، ئەویش گووتی: دەزانی بۆ ۹ م بۆدانای و ۱۰م بۆ دانەنای؟. منیش نەمزانی بۆ. گووتی: لەبەرئەوەی وێنەی دارخورمات کێشاوە لەناو دیمەنێکی سروشتی کوردستان و دارخورماش لە کوردستان ناڕوێ! و پێکەنی و ئەو

لە هونەری موزیکیش لە قۆناغی سەرەتایی مامۆستا سەید ئەحمەد بەرزنجی یادی بەخێر، مامۆستای گۆرانی و موزیکمان بوو، لە پۆلی چوار بووین، پێی گووتین کە هاوین خولێکی فێربوونی موزیک لە چالاکی قوتابخانەکان دەکرێتەوە، زۆر بە

پەرۆشــەوە لەگـەڵ ژمـارەیەکی زۆر لە قـوتابیـانی قوتابخانەکانی دیکەش ناوی خۆم تۆمارکرد، بەڵام ئەوانی دیکە زۆربەیان لە تاقیکردنەوە هونەرییەکان دەرنەچوون، بۆیە ژمارەیەکمان ماینەوە، بەشداریمان کـرد لە یەکـەمین خـولی مـوزیک لە چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر، و دواییش بووین بە یەکەمین تیپی مـوزیکی منداڵانی شـاری هەولێـر، ئەوە لە ساڵی ١٩٧٧ بوو، لەسەر دەستی مامۆستا جەوەدەت فـێـری ژەنینی ئامـێـری ئۆکـۆردیۆن بووم، دواییش تیپەکە بە سەرپەرشتی مامۆستای بەڕێز وریا ئەحمەد




بوو و بەشداریمان لە چەندین فیستیڤاڵی هونەری لەسەر ئاستی هەموو شارەکانی عێراق کرد و چەندین جار پلەی یەکەم و دووەمان بەدەستهێناوە، لەبەرئەوەی زۆربەی ئەندامانی تیپی موزیکی هەولێر بوون بە سەرباز و فیرار، ئێمە هاتینە شوێنی ئەوان و چەندین بەرهەممان بەناوی تیپی مـوزیکی هەولێـر

بەسەرپەرشتی مامۆستا وریا تۆمارکرد، ئەوە لە هونەری موزیک.

لەبواری نووسینیش، بەڕاستی لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی هەستم بەوەکرد کە لە نووسینیش بەهرەیەکم هەیە، چونکە زۆر حەزم لە وانەی کوردی دەکرد، بە پێچەوانەی قوتابییەکانی دیکە، بەردەوام لە داڕشتنی زمانی کوردی بەرزترین نمرەم وەردەگرت، جاروباریش شیعریشم دەنووسی و مامۆستای کوردی ئەو کاتمان مامۆستا محەمەد چاوشین، زۆر هانیدەدام، نەک هەر ئەوە بەڵکو بە زمانی عەرەبیش نووسینم دەکرد، بەبیرم دێ یەکەم پەخشانی عەرەبیم، لە ڕۆژنامەی (الراصد)ی عەرەبی کە ڕۆژنامەیەکی گەنجانە بوو لە ساڵی ١٩٨٢ بڵاوکرایەوە، بەمە زۆر دڵشاد بووم، ئەو ڕۆژنامەیەم پیشانی هەموو برادەر و هاوڕیانم دەدا تاوەکو بیبینن، بەڕاستی وەسف ناکرێ کاتێ کە بۆ یەکەمجار ناوی خۆم دیت لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەیەک دێت، ئەوەش لەبواری نووسین.

*** ئەی لە بواری هونەری کاریکاتێردا؟**
- لەبواری کاریکاتێر، لێتان ناشارمەوە هەردوو گۆڤاری منداڵانی عێراقی "مجلتي" و "مزمار" کە بەعەرەبی دەردەچوون، وێنەکانی ئەو شێوەکارانەی وەکو تاڵب مەکی، زیا ئەلحەجار، عەلی مەندەلاوی، موئەیەد نعمە و چەندانی دیکە، زۆر کاریان لێکردم و حەزم بە بینینی وێنەکانیان دەکرد، جاروباریش لاساییم دەکردنەوە لەلایەکی دیکەوە بە شتێکی زۆر کەسایەتییەکان و زێدەڕۆیی کردن لە وێنەکێشانیان هونەری کاریکاتێرە، بەڵام برای ئازیزم کاکە سەلام هەمزە، کە بەتەمەن لە من گەورەتربوو و هاورێش بووین لە قوتابخانە و تا ئێستاش ئەو برایەتی و هاورێیەتیەمان بەردەوامە، ئامۆژگاری کردم و نەختێکی ترساندم، کە گوایە لەسەر ئەو شتانە دەگیرێم ئەگەر کەسێکی بەعسی بیانبینێ، بەتایبەتی ئەو وێنانەی سەدام، کە لەسەر بەرگی




سەیر دەستم بە هونەری کاریکاتێری کرد، ئەویش لە ڕۆژنامە عێراقییەکانی وەکو (الثورة، الجمهورية، العراق، ألف باء، ...) بە قەڵەم جاف وێنەکانی سەر ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەم دەشێواند بە شێوەیەکی جوان، بەتایبەتی وێنەکانی سەدام و بەرپرسان و جاشەکان ... و ئەوەی بیدیبایە پێیان پێدەکەنی، ئەو خولیایەم لە قۆناغی ناوەندی سەریهەڵدا، من ئەوکات نەمدەزانی شێواندنی سیمای پەراوەکان چاپدەکران و بەخۆڕایی بەسەر قوتابیان دابەشدەکران، منیش بە کەیفی خۆم وێنەکانیم دەشێواند، بۆیە وازم لەم کارە هێنا.

**• یەکەم پێشانگای شێوەکاری و کاریکاتێریت و یەکەم کاریکاتێری بڵاوکراوەت؟**
- دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٦، چوومە زانکۆ یەکەم پێشانگای کاریکاتێری خۆم کردەوە، بە هاوکاری و یارمەتی برای بەرێز موحسین ئیسماعیل

(شێوەکار و خۆشنووس) و لە هەمان ساڵ بەشداریم لە یەکەم پێشانگای شێوەکاریم کرد لەگەڵ چەندین هونەرمەندی دیکە، پێشانگاکانیشمان لە ئاستێکی زۆر چاک بوون تا ئەو رادەیەی کە پەیامنێرانی رۆژنامەکانی عێراق دەهاتن چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سازدەداین و هەواڵی پێشانگاکانیان بڵاودەکردینەوە. بیرم دێت ئەوکاتی کاک ئازا حەسیب قەرەداغی (١٠٠ دینار)ی دامێ بۆ کرینی تابلۆیەکی (بۆیەی رۆنی) بەناوی (هاوار)، بەلام من رازی نەبووم بیفرۆشم و بەڵکو وەک دیاری پێشکەشم کرد، ئەویش گوتی تۆ قوتابی و بە خۆڕایی لێتی وەرناگرم ئەگەر پارەکەم لێوەرنەگری. زۆربەی تابلۆکانی پێشانگاکانی ئەو کاتیم وەکو دیاری پێشکەش بە برادەران و هاورێیان و هونەردۆستان کردووە. بەشداریم لە شەش پێشانگای هاوبەشی شێوەکاری کردووە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٦ تا ١٩٩٢ بەشداریم لە پێنج پێشانگا هاوبەشی کاریکاتێری لە نێوان ساڵانی ١٩٨٦ تا ١٩٩٢ لە هەولێر کردووە.

*** دوای راپەڕین بەردەوام بووی لە بواری هونەری کاریکاتێر؟**

– هەڵبەتە دوای راپەڕین بوار زیاتر رەخسا بۆ ناساندنی ئەو هونەرە کاریگەر و زیندووە بە خەڵکی کوردستان، بەهۆی هاتنەکایەی ئەو ئازادییە رێژەییە و بەهۆی زۆریی رۆژنامە و بڵاوکراوەی کوردی و حەتمیەتی بوونی کاریکاتێر لە رووپەری رۆژنامەکان وایکرد ئەو هونەرە زیاتر بڵاوبێتەوە و پەرەبسێنێ، سەرەڕای بوونی کەموکوڕی زۆر لەو بارەیەوە، یەکەم کاریکاتێرم لە هەفتەنامەی (ئاڵای ئازادی) لە ساڵی ١٩٩٤ بڵاوکردەوە، دوای ئەویش بەردەوام لە رۆژنامەکانی دیکەش کوردستانی نوێ و خەبات و ئەوانی دیکە و کردنەوەی چەندین پێشانگا و ئەمەش هەنگاوێکی دیکە و پێنانە قۆناغێکی دیکە بوو لەکارکردنم لە بواری هونەری کاریکاتێر و رۆژنامەگەریی.

*** ئەی کارکردنت لە گۆڤاری "مەلامەشهور"، یەکەمین گۆڤاری کاریکاتێری لە هەولێر؟**

– گۆڤاری "مەلامەشهور" پێنج مانگ دوای دەرچوونی گۆڤاری "سیخورمە" ژمارە (١) ی لە مانگی تەموزی ١٩٩٧ لە هەولێر دەرچوو. تا ساڵی ٢٠٠٣ (٤٥) ژمارەی لێدەرچوو، ماوەیەک دوای دەرچوونی ئەو گۆڤارە کە ژمارەیەکیم بەرچاوکەوت، یەکسەر نامەیەکی دوور و درێژم بۆ ناردن، بریتی بوو لە چەندین تێبینی و بیروڕا لەسەر ئەو کەموکورتییانەی کە تێیدا هەبوون، لەگەڵ ناردنی چەندین کاریکاتێر، دیاربوو کە برادەران لەوێ کۆک بوون لەگەڵ بیروڕاکانم و کاریکاتێرەکانیشیان بۆ بڵاوکردمەوە، ئەوە سەرەتای بەشداریکردنم بوو لەو گۆڤارە، تا دوایین ژمارەی کە نزیکەی حەوت ساڵی خایاند بەردەوام بووم، لەو گۆڤارە وەک کاریکاتێریست و نووسەر و هەڵەچنیش، بە خۆڕایی و بەبێ وەرگرتنی هیچ پاداشتێک ئەو برایانەی کە تا دوایین ژمارەی ئەو گۆڤارە بەردەوامبوون بریتی بوون لە (عەبدولڕەحمان پاشا، کامەران خۆشناو، لوئەی کۆیی و من و کاکی دیزاینەر جەوهەر فەتاح، برادەری دیکەشمان زۆر لەگەڵ بوون لە سەرەتاوە، بەلام بەردەوام نەبوون (جا لەبەر هەر هۆیەک بووبێ) وەک گرفتار کاکەیی، عەلی دەرویش، سەردار کێستەیی، جەمیل محەمەد، سەلاح محەمەد عەلی، حەیدەر قادر، جەلال زەنگابادی، مقداد شاسواری، بەرهەم عەلی و چەندینی دیکەش. بەدرێژایی تەمەنی ئەو گۆڤارە دوو پێشانگای کاریکاتێری لە هەولێر کردەوە، یەکەمیان لە ساڵی ٢٠٠٠ و دووەمیان کە لە رۆژی رۆژنامەگەریی کوردی کرایەوە و هاوکات بوو لەگەڵ کۆنگرەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٣، من تەنها لە پێشانگای دووەم بەشداریم کرد.

*** گۆڤاری "مەلامەشهور" لەبەر نەبوونی دارایی وەستا؟**

– لەوانەیە وابێ و لەزۆر جێگا وام بیستووە،

بەڵام لە کاک عەبدولڕەحمان پاشام نەپرسیوە هۆی وەستانەکەی چییە، ئەویش پێی نەگوتوم، بەڵام من پێمـوانیـیـە کە لەبەر نەبوونی دارایی بێ، راستە گـۆڤـارێکی سـەربەخـۆ بوو و پارەی لە حـزب و حکومـەت وەرنەدەگرت، بەڵام کـۆمـەک و یارمـەتی دەکـرا و کـاک عـەبدولڕەحـمـان بە حـوکـمی زۆریی پەیوەندییـەکـانی لەگەڵ بەرپرسان، لەتوانایدا هەبوو کە دارایی چاک بۆ گـۆڤـارەکـە پەیدا بکات، بەڵام لەوانەیە هۆی سـەرەکی راوەسـتـانی گـۆڤـارەکـە ژنهێنانی کاک عەبدولڕەحمان بووبێ، چونکە ئێمە لە ماڵی کاک عەبدولڕەحمان کارەکانی گۆڤارەکەمان دەکرد تا درەنگانی شـەو بەتایبـەتی دوایین هەفتـە پێش دەرچوونی گۆڤارەکە.

*** ئەی دوای وەستانی ئەم گۆڤارە، تۆش وەستای؟**

– نەخێر ئێمە برێکمان نییە، پساوە! نەک دوای وەستانی "مەلامەشهور"، بەڵکو کاتی دەرچوونیشی، من لە ٢٠٠١ تا ٢٠٠٤ لە گۆڤاری "پەلکە زێڕینە" کە گـۆڤـارێکی منداڵانە بوو نیگارکـێش و نووسـەر بووم، لە سـاڵی ٢٠٠٢ – ٢٠٠٤ لە مـانگنامـەی "سـەروەریی یاسا" کـاریکـاتێریست و نووسـەر بووم (لەویش هەر بە خـۆرایی و بەبێ پاداشت) و دوای وەستانی مەلامەشهوریش لە ٢٠٠٤ تاوەکو ٢٠٠٥ لە هەفـتـەنامـەی "دەنگی مـیـللەت" بەبەردەوامی کـاریکاتێـر و نووسـینم بڵاودەکـردەوە، لە سـاڵی ٢٠٠٤ – ٢٠٠٥ لە رۆژاری "گەپ" کاریکاتێریست بووم، لە ساڵی ٢٠٠٥ لە گۆڤاری "ئاسۆی منداڵان" نیگارکێش بووم، لە ساڵی ٢٠٠٥ تاوەکو ئێستا لە هەفتەنامەی "میدیا" کاریکاتێر بڵاودەکەمەوە، لە گۆڤاری "تەنزوێنە"ش کە گۆڤارێکی کاریکاتێرییە بەرێوەبەری نووسین و کـاریکاتێـریسـتـیش بووم، زۆربەی کـارەکـانی ئەو گـۆڤـارە خـۆم ئەنجـام دەدا و بەبێ پاداشت و بەخۆرایی، ئێستاش لە هەفتەنامەی "بەدرخان" کاریکاتێریست و نووسەرم و هەروەها لە رۆژنامـەی "کـوردسـتـانی نوێ" کـاریکاتێـر بڵاودەکـەمـەوە. لە ساڵی ١٩٩٧ـەوش بەبەردەوامی لە رۆژنامـەی خەبات کـاریکاتێر و نووسین و بابەتی وەرگێڕدراو بڵاودەکەمەوە، لای من زۆر گرنگە کە زۆرینەی خـەڵکی بە هەموو ئاستـەکانەوە کارەکانم ببینن و باسی بکەن و رەخنەی لێبگرن یان ستایشی بکەن، گرنگیش نییـە لە کـام بڵاوکراوە کـارەکـان دەبینرێن، چونکە هونـەر و نـووسین ئـەو کــات کاریگەری خۆی دەبێ کە زۆرینەی خەڵکی ببینن و بیـخـوێننەوە، نەک تەنهـا کـۆمـەڵە خـەڵکێکی دیاریکراو، بۆیە لە زۆربەی بڵاوکـراوەکــان شت بڵاودەکـەمـەوە. هەروەها لە یەکـەمین پێشـانگای کاریکاتێری کۆمەڵەی کاریکاتێریستان بەشداریم کـردووە لە ٢٠٠٥ و بەشـداریم لە پێشـانگای کـاریکاتێـری لە رۆژی رۆژنامـەگـەری کـوردی بە هاوکـاری دەزگـەی بەدرخـان لە هەولێـر لە ٢٠٠٦ کردووە و خەڵاتیش کرام.

*** وادیارە جگە لە بواری هونەری کـاریکاتێـر بایەخ بە بواری دیکەش دەدەی؟**

–بـەڵێ ئـەوەی راســـتـی بێ، جگە لە بواری کاریکاتێر، جاروبار تابلۆی شێوەکاری و مۆتیڤیش دەکێشم، هەروەها وێنەش بۆ گۆڤارەکانی منداڵان و نووسین و وتاریش دەنووسم و کـاری وەرگـێـڕانیش دەکـەم و زۆر حـەزیشم لە هونەری فـۆتۆگـرافە، لە زۆربەی پێشانگاکانی کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان بەشداریم کردووە.

*** پێتوایە هۆی چییە هونەری کاریکاتێری کوردی لەچاو گەلانی ناوچەکە وا دواکەوتووە و درەنگتر گەیشتۆتە لامان؟**

– بەراستی هۆیەکانی ئەو دواکەوتنە گەلێ زۆرن، لە پێش هەمــوویانەوە هۆی سـیـاسی و نەبوونی قـەوارەیەکی سیاسی بۆ گەلی کورد و لەبەرنەبوونی ئەو قـەوارەیەش کـەوتوینەتە ژێردەسـتی گـەلانی دراوسێمـان و زۆربەی ئازادییەکانمان لێزەوتکراوە و ئاشکراشە کە بەبێ نەبوونی ئازادی کە بە کۆڵەگەی پێشکەوتنی هونەری کاریکاتێری دادەنرێ (چونکە کاریکاتێر هونەرێکی رەخنەگرە) کاریکاتێر پێش

ناکەوێ و هۆیەکی دیکە نەبوون و کەمی بڵاوکراوە و ڕۆژنامەی کوردییە، ئەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوانەی هەشبوون بایەخیان بەهونەری کاریکاتێر نەداوە و بڵاویان نەکردۆتەوە ئێستاشی لەگەڵدابێ و زۆر لە سەرنووسەران و بەرپرسی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکان نووسینێکی دوور و درێژیی کە دەبێتە مایەی بێزاری خوێنەریان پێ گرنگتر و چاکترە لە بڵاوکردنەوەی تابلۆیەکی کاریکاتێری زیندووی کاریگەر، یان ئەگەر بڵاویشی بکاتەوە لە گۆشەیەکی بچوکی خوارەوەی لاپەڕەیەکی مردووی ڕۆژنامەکەی بڵاویدەکاتەوە، لەوانەیە خوێنەر هەر سەیری ئەو لاپەڕەیە نەکات، زۆرجاریش هەیە کەسێکی وا کاریکاتێرەکەت هەڵدەسەنگێنێ و پێیرازی نییە و ڕەخنەی لێدەگرێ، کە فڕی بە هونەری کاریکاتێریەوە نییە و شارەزایی لێ نییە، دیاریشە کە کاریکاتێر بەبێ ڕۆژنامەگەریی مەودای بڵاوکردنەوەی زۆر بەرتەسک دەبێتەوە، بڵاوکردنەوە و کەوتنەبەرچاوی خوێنەران هاندەرێکی سەرەکین بۆ پێشکەوتنی کاریکاتێر و نەبوونی گۆڤار و ڕۆژنامەی تایبەت بە کاریکاتێر وەکو گەلانی دیکە، ئێمە تا ئێستاش حەفدە ساڵ دوای ڕاپەڕین تەنها خاوەنی پێنج گۆڤاری تایبەت بە کاریکاتێر بووین، (سیخورمە، مەلامەشهور، دەهۆڵ تایز، گەپ، تەنزوێنە) و ئێستا تەنها دوانیان ماون (سیخورمە و گەپ) ئەویش لەبەرئەوەی دوو حزبی باڵادەست پاڵپشتی دارایی و مەعنەوی دەکەن، دەنا ئەوانی دیکە توانای بەردەوام بوونیان نەما، کاتێ بزانین لە ساڵانی سییەکانەوە تەنها لە عێراق نزیکەی سی گۆڤاری گاڵتەجاڕی و ڕەخنەگری و کاریکاتێری بە زمانی عەرەبی هەبووە! (مرقعة الهندي، بالك، خان الذهب، بلبل، أسرار، جنه باز، دومبلا، المضحكات، القسطاط، بابل، البدائع، المراقب، جحا الرومي، الحقائق، الهزل، كناس الشوارع، المداعب، سينما الحياة، الكرخ، صدى الحقائق، الناقد، الرصافة، حبزبوز، البهلول، الممثل، ابو حمد، قرندل، المتفرج، الفكاهة).

یەکەمین گۆڤاری کاریکاتێری "حبزبوز" بووە و یەکەم ژمارەی لە ٢٩ی ئەیلول ١٩٣١ دەرچووە. هۆیەکی دیکە سەختی باری ژیان لە کوردستان بە گشتی، بۆ نموونە کەس لە ئێمە ناتوانێ تەنها بە کاری کاریکاتێریستی بژێوی خۆی و خێزانەکەی دابین بکات و بەتەنها خەریکی ئەو هونەرە بێ و بەردەوام خەمخۆری بەرەوپێشبردنی هونەرەکەی بێ، بۆیە دەبێ کارێکی دیکە بکات بۆئەوەی بژێوی خێزانەکەی دابین بکات، ئەمەش بەدڵنیاییەوە کارێکی زۆر نیگەتیڤی هەیە لەسەر پێشکەوتنی هونەری کاریکاتێر و پەیداکردنی بژێوی ژیان کاتێکی زۆر لە هونەرمەند دەکوژێ و ماوەیەکی کەمی بۆ دەهێڵێتەوە و ئەویش پڕە لە ماندووبوون و ئەندێشە و ئازاری مێشک، ئەمەش وایکردووە کە کاریکاتێریستی پرۆفیشناڵمان نەبێ کە هەموو کاتی خۆی بۆ ئەو هونەرە تەرخان بکات، تۆ واز لەوە بێنە کە یەکێ لەبەر ئەوەی کادیری ڕاگەیاندنی حزبێکە، لە مەکتەبی ڕاگەیاندن موچەیەک وەردەگرێ و لە ئۆرگانەکە موچەیەکی دیکە و لە ڕۆژنامەیەکی دیکەی حزبەکەی موچەیەکی دیکە و دیزاینەری گۆڤارێکی دیکەی حزبەکەیە و موچەیەکی دیکە وەردەگرێ و بە سایەی حزب و ئاوارەییەوە دوو سێ پارچە زەوی وەرگرتووە، چەندین کاری قۆرخکردووە و ئەوە بۆ هەموو کەسێ نارەخسێ و ناگونجێ و ناکرێ و نەبوونی فیستیڤاڵی ساڵانە و بۆنەی تایبەت و پێشبڕکێ بۆ هونەرمەندانی کاریکاتێر و نەبوون و نەگەیشتنی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی تایبەت بەکاریکاتێری گەلانی دەرەوە بۆ کوردستان، بۆ زیاتر ئاشنابوونی کاریکاتێریستانی خۆمان بە ئەزموونی هونەرمەندانی دەرەوە، هەروەها هاوکارینەکردنی کاریکاتێریستان بۆ سەفەرکردن و بەشداریکردن لە خولی هونەری کاریکاتێریی لە دەرەوەی وڵات بۆ برەودان بە توانای خۆیان و هونەرەکەیان و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی گەلانی پێشکەوتوو و هاننەدان و ڕێزنەگرتنی مادی و

مەعنەوی رۆژنامەکان بۆ کاریکاتێریستان هۆیەکی دیکە، بۆ نموونە رۆژنامـەیەکی حـزبی خـاوەن داراییەکی گەورە، کاتی خۆی بە (٤٠٠٠ دینار) بە تەکسی کاریکاتێرێکم دەبرد بۆ رۆژنامەکە و دوای سەری مانگ (٤٠٠٠ دینار)یش بە تەکسی دەچووم بۆ پاداشتەکە، کەچی پاداشتەکەش (٦٠٠٠دینار) بوو، هەر کـاریکاتێـرێک (٢٠٠٠دینار) زەرەری هەبوو، جگە لە مـاندووبوونەکـە، ئەوە چەندی بە چەند!؟ ئەمە و چەندین هۆی دیکە...

*** لە بارەی مێژووی کاریکاتێر و بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەگەریی کوردیدا چی دەڵێی؟**

– لەگـەڵ ئەوەی کـە یەکـەمین رۆژنامـەی کـوردی (کوردستـان) لە ١٨٩٨ پێش ١١٠ ساڵ لە قاهیرە لەسەر دەستی میـقداد بەدرخان دەرچووە، بەداخەوە بەبێ وێنە بووە!، دەکرێ گـۆڤـاری (رۆناهی - Ro-nahi) کـە لە سـاڵی ١٩٤٢ لە شـام دەرچووە بەیەکـەمین گـۆڤـاری وێنەداری کـوردی دابنێین لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا، چونکە تا ساڵانی دوای شـۆڕشی ١٤ یۆلیـۆی ١٩٥٨ هیچ گـۆڤـار و رۆژنامەیەک ئەوەندەی گۆڤاری (رۆناهی) بایەخی بە بڵاوکـردنەوەی وێنە نەداوە، هەرچەندە هەندێکیـان وێنە و وێنەی بەدەست کـێشـراوی بڵاودەکردەوە. و یەکـەمین گـۆڤـاری کـوردی بووە کـە کـاریکاتێـری بڵاوکردۆتەوە، بەداخەوە کاریکاتێرەکە بیانی بووە، لە سلێـمانی لە ساڵی ١٩٢٧ هونەرمەند مەحمود شەوقی باوکی ئازاد شەوقی کـاریکاتێر و نیـگاری کـێشـاوە لە سلێـمـانی، بەڵام لە هیچ رۆژنامـە و گۆڤارێک بڵاونەکراوەتەوە و بۆیە بەدەست نەکەوتون. هەروەها شەمسەدین عەبدولقادر ناسراو بە (حەسەن فـەلاح) (١٩١٠ - سلێـمـانی ١٩٧٦ بەغـدا) کـە بەیەکێک لە یەکەمین هونەرمەندە شێوەکارەکانی کوردستانی عێراق دەژمێردرێ، لە ساڵی ١٩٤١ لە بەغـدا لە گـۆڤـاری کـاریکاتێـری (حـبـزبوز) کـاریکردووە، کـە بە زمـانی عـەرەبی دەردەچوو (و بەرپرسی گـۆڤـارەکـە نوری سـابت بوو ئەویش کـورد بووە) و بە کـاریکاتێـر وێنەی (عـەبدول ئیـلاهی وصی) و (نوری سـەعـیـدی سـەرۆک وەزیران)ی کـێشـاوە. هەروەها لە گـۆڤـاری کـاریکاتێـری (الکشکول) وێنەی کـاریکاتێری هیـتلەر و نوری سەعیدی کێشاوە.

هونەرمەند ئەنوەر سینو توۆفی (١٩٢٧ بامەرنی - ١٩٩٤ بەغـدا) کـە خـەڵکی گـوندی توۆفیـە لە کوردستـانی تورکیاوە هاتونە کوردستـانی عـێراق، یەکـێک بووە لە یەکـەمین ئەو نیگارکێـشـانەی کـە کاریکاتێریان دروستکردووە و بڵاوکردۆتەوە. ئیدی دوای ئەوانیش بە مـاوەیەکی زۆر لە سـەرەتای حەفتاکانەوە و لەگەڵ دەرچوونی رۆژنامە و گۆڤاری کوردی لە عـێراق، وەکـو (هاوکـاری) و (بەیان) و (رەنگین) و (تەندروسـتـی) کـاریکاتێـریان بڵاودەکـردەوە، کـە زۆربەیان، لە رووی هونەری تەکنیـک و دارشـتـنی بابـەت و هێـلکـاریەوە، کـاریکاتێـری سـادە و لاواز بوون بێـجگە لە کاریکاتێرەکانی مامۆستایان محەمەد ساڵەیی و دارا محەمەد عەلی و عەلی مەندەلاوی، دوای راپەڕینیش لەگـەڵ دەرچوونی ژمـارەیەکی زیاد لە پێـویست لە رۆژنامـە و بڵاوکـراوە، و چەندین گـۆڤـاری تایبـەت بەکـاریکاتێر کـە لەسـەرەوە باسـمـان کـردن، بوونە هاندەرێک بۆ هونەرمـەندان بۆ بڵاوکـردنەوەی کاریکاتێرەکانیان، نەوەیەکی نوێ لە هونەرمەندانی کـاریکاتێر هاتنە مەیدانەوە، بۆیە دەتوانین قۆناغی دوای راپەڕین بە قـۆناغی سـەرهەڵدانی هونەری کـاریکاتێـری کـوردی لە قـەڵەم بدەین، چونکە لە قـۆناغی هەوڵدانی تاکـە کـەسی دەرچوو، و چووە قۆناغی کاری دەستـەجەمعی و دەرچوونی گۆڤاری تایبـەت بە کاریکاتێر، کە هەنگاوێکی نوێ بوو، و پێـشـتـر نەکـرابوو بیـری لێنەکـراو بۆوە، و دەکـرێ هەردوو گۆڤاری (سیـخورمە) و (مەلامەشهور) بە پێشەنگی ئەو بوارە دابنێین.

# ئەو وشانەی لە چاودا جێ مان
# ڕۆژمێرێک بۆ گوتن و نەگوتن

نەجات حەمید ئەحمەد

لەهەر سی کۆلاژدا بۆشاییەکان وشەیان دەوێ، دیمەنێک بۆ گوتن ،ئایانەگوتن لە چ هێزێکی فیکریی گوماندارەوە لەدایکدەبێ؟ هێزی نەگوتن و ماناو ئاماژەکانی لەچیەوە کامڵ دەبن؟ بۆچی نەگوتن لەو دەم و روو لێوانەی یا بەستراونەتەوە، یا سەرەوخوار بوونەتەوە، یا بڕاوو دوو کەرتن؟ بۆچی هونەرمەند نەژاد عەزیز سورمێ پەنای بردۆتەبەر ئەم تەکنیکە هونەری فیکرییە؟ بەرامبەر بەنەگوتن کۆلاژەکانی هونەرمەند بەگوتراوو نەگووتراوەکانیەوە گوتنێکی دیکەمان ئاراستە دەکەن ، لەنێوانی گوتن و نەگوتندا لە هەموو دەقێکدا بۆشاییەکی زۆر دەمێنێتەوە بۆ قسە لەسەرکردن، ئەگەر بێتوو هەموو دەقێکی هونەری یا ئەدەبی لە رووکاری زمانی قسەکردنیدا لە دوو لای دوو سەرەی بنیاتە رووکەشەکان، واتە ئەوەی لەسەرووی دەقدا دەخوێنرێتەوە یا دەبینرێت، هەروەها بنیاتە شاراوەکان واتە ئەوەی لەژێرەوەی زمانی بەرجەستەبوودا، ئەوا دەشێ لەم دەقانەی هونەرمەنددا بۆشاییەکانی نەگوتن بەپەیوەست بەو زمانە بەرجەستەییەی سەرەوەی دەق، بۆشایی نەگوتراوەکان بگرنەوە، کە ئەویش لەگەڵ بنیاتی شاراوەی مانادا یەک دەگرێتەوە، ئەمە یەکەمین جارە هونەرمەندێک لێنەگەڕێ، بنیاتی شاراوەی مانا بەبۆشایی بمێنێتەوەو بێ لایەن بێ لە خولْقاندنی ئەو مانایانە، هاتنە ناوەوەی هونەرمەند بۆ دیاریکردنی نەگوتراوەکان بەبۆشایی و جوولەو متبوون و چەپاندن و خەیاڵ و فانتازیا ئەو شێوازانەی گوتنن کە بینەری وردبین

دركیان پێدەكات، بەڵام بۆچی هونەرمەند بەم ئاراستەیە دەچێ؟ لە دنیایەكی پڕ لە خیانەتەكان لە باوەڕو بیركردنەوە، لە دنیا نایەكسان و زۆرینە نادادپەروەرییەكان، گوتن دەكەوێتە سەرەوەی ئەو كۆمەڵگەیەوە وەكو ئەو پارچە فلینانەی دەكەونە سەرەوەی دەریاوە، كە لەگەڵ جووڵەی شەپۆلەكاندا دێن و دەچن، بەبێ ئەوەی قەتاوقەت بتوانن بچنە ناوەوەی، یا قووڵایی دەریاكانەوە، گوتن چ شوێنێك لە ویژدانی مرۆڤ دەگرێتەوە لەو كاتەی هەست بەوە بكەی هەموو گوتنەكان كە جیاوازییەكی ئەوتۆ نەهێننە كایەوە، بەوەی دەسەڵاتێكی نابینای بیركردنەوە لەنێو زۆرینەدا رەگاژۆیە، بێ گومان گوتن خۆی لەخۆیدا كەوتنە دەرەوەی ئەو مانایانەیە كە زۆرینە بڕیاری لێ دەدەن و دەیخەنە پشتەوەی ماناكانی خۆیانەوە، لێرەوە گوتن هەروەك قوربانییەك دەكەوێتەڕوو، وەكو ئەو پەپوولانەی دەیانەوێ هێلانەیەك لە دۆزەخدا دروست بكەن، ئەمەش مانای ئەوە نییە گوتن بەر هەڕەشەو سەركوتكردنی ئەو زۆرینەیە بكەوێ و لە ماناكانی خۆی، پەشیمان ببنەوەو بەرەو نەگوتن ببردرێن، بەڵكو مەسەلەكە هەموو پەیوەستە بەتەكنیكی گوتنەوەو گۆڕینی شێوازی گوتنەكان، كە لە شێوازەوە بەرەو دروستكردنی هێلانەیەك دەچێ لەدژوارترین



شوێنی كوشتن و تیرۆركردنی مانا جوانەكانی ژیاندا. لەلایەكی دیكەوە بەكارهێنانی شێوازی نەگوتن تەكنیكێكە لەجووڵەی پۆرترێت و بارستاییە زیندووەكان و بەستنەوەو گرێدان و بڕین و دوولەتكردنی تەنەكان و هێشتنەوەی لە بۆشاییداكاریان لەسەركراوە، كە ئەمەش جۆرێك لەشێوازە دەربڕین لەتەكنیكێكی هونەریی فیكری دەكات، لەوكاتەی جووڵەی تەنەكان بەرجەستەی بێدەنگبوونی تەنەكان دەكەن، هەموو مرۆڤێك پاش گوتنی هەموو شتەكان لەیادەوەری و بیركردنەوەیاندا هەمیشە چەند مانایەكی لێ جێ دەمێنێتەوە بۆ گوتن لێرەدا نەگوتن خۆی لەخۆیدا بەشێوازێكی نوێی گوتن، كە هونەرمەند زۆر بەوردی كاری لەسەری كردووە، ئەمەش جگە لەو هۆیەی سەرەوە هۆی دیكەیان لەپشتەوەیە، هونەرمەند دەیەوێ بەبینەرانی بڵێ زۆرجار دەربڕینكردن لە نەگوتن دەربڕینكردنە لەهەموو ئەو شتانەی یا ئەو مانایانەی كە هێزی خۆیان لە بێ دەنگییەكی ماناداردا دەبیننەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ نەگوتن ئەو گوتراوانەن كە هێزی ئاخاوتنی خۆیان گواستۆتەوە شوێنێكی دیكە، ئەو شوێنەی وادەخوازێ وشەكان، ماناكان خاوێنی و زیندوویێتی و جوانییەكانی مرۆڤ بپارێزن، لەناوەندێكی پڕ لەبانگەشەوە واتە واتی گوتندا

مانایەک دەمێنێتەوە کە دەبێ لە شێوازی گوتنەکان دەرچێ، لەناخەوە ئەو مانایە لەنێو هێزو توانای خۆیدا جوولەیەو نەکەوتنە سەرەوەی دەق بەتەواوەتی گەڕاندنەوەی هێزە بۆ گوتن، ئەو هێزەی هەموو دەسەڵاتە سادەو ساکارەکانی کۆمەڵگەیەک ناتوانن ڕێ لە هێزی گوتنی بکەن، بەڵکوهێزی گوتن دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، بەو مانایەی پاساوەکانی جوولەو هاتنە گۆڕێ لە مانادا بەتاڵ دەکاتەوە، لێرەوە دەچینە ناو هەندێک لەو نموونە هونەریانەی کە لەو پیشانگایەدا کە لە هۆڵی میدیا بەرچاو خران.



١ـ لەنێو بۆشاییەکاندا دەمی پێنووسێک

بەرزەوەبوو، ڕوو لەسەرەوە، دەمی سپانەیەک بەکراوەیی ڕووی لەدەمی پێنووسەکەیە...لەخوارەوە چاوەکان چی دەڵێن؟! ئەو دەمە ئاسنینە، بەرامبەر بەنووکی لاوازو بچووکی پێنووسێک ئەو هەڕەشەیە کە لەنووسین دەکرێ کە هەڕەشەیەکە لەگوتن ئەو هێزە، هێزێکی پۆلاینی دیاری نەکراوە، کە بینەر بۆی هەیە پرسیار لە گەوهەرەکەی بکات. لێرەدا نەگوتراوەکانی دەق، سەرەتا لە بۆشاییەکانەوە دەست پێ دەکات کە هونەرمەند دەیتوانی، سپانە لەنێو دەستێکدا دیاری بکات، بەڵام نەیویستووە.
هونەرمەند دەیتوانی لە دەمی پێنووسەکەدا تەنانەت بەوشەیەکیش گوتراوی پێنووس بنووسێتەوە، بەڵام نەیویستووە، چاوەکان کراوەن و شایەتن، ئاماژەی بنەڕەتیی نەگوتراوەکان زۆرن.
هونەرمەند دەیەوێ بڵێ لە ناوەندێکی ڕۆشنبیری و فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی دەمامکداردا ئەو هێزانە دیاری نەکراون کە هەڕەشە لە گوتن دەکەن، لەویدا کە بەهاکانی مرۆڤ بزردەبن، کە زۆرینەیەک لەناخەوە قەدەغەکارو دەمامکدارن، هەڕەشە لە گوتن زۆرن، قەدەغەکردنی گوتن زۆرن، بەڵام پێناسی کەسایەتی هەڵناگرن لە کۆمەڵگەیەکدا کە ترسی لە تازەبوونەوە زاڵ دەبێ، گوتن، نەگوتن شوێنی دەگرێتەوە.

٢- تەنها پێیە ڕووتەکان لە حاڵەتی درێژکردندان، لە خوارەوە دەستەکان بۆ پێیەکان یا بۆ ئاسمان بەرزەوە بوونە، ڕێگەیەک لە جەستەوە بەرەو ماڵێک دەچێت، لە خوارەوە چاوەکان زیت بوونەتەوە، بەڵام ئاراستەی خۆیان لەو تەنانە نییە.
هونەرمەند لێرەدا شێوازی بە دووی یەکدا هاتنی شۆڕبوونەوەو سەرکەوتنی بەکارهێناوە، گوتنەکان لە پەیوەستەکانی ئەو تەنانەدا بزردەبن و بۆشاییەک لە مانادا جێ دێڵنەوە بۆ ڕێگە خۆشکردن بۆ گوتراوی دیکە، بەوەی هەموو




نزاکـان، ئارەزووەکـان، تێکەڵبـوونی رەگـەزەکـان تەنها یەک رێگەیان لەبەردەمە، ئەویش مـاڵێکی وشک و تاریک و رەقـانییـە، ئەو ماڵە تاریکەی کۆتایی هەمـوو کێشـەکانی ژیانی مرۆڤە، وەکـو ئەوەی پێمان بڵێ رێگەیەکی دیکە لە بووندا نییە جگە لەرێگەیەک کە لەسـەرووماناوەیەوە هەمـوو بەبێ ئەوەی ئاگـامـان لێ بێ لەسـەری دەڕۆین و دەگـەینە مـاڵێکی تاریک کـە کـۆتایی هەمـوو رێگاکانە، نەگوتراوی لە زنجیربەندیی تەنەکانە کە هونەرمـەنـد دەیەوێ لەو زنجیـربەندییـەی تەنەکـانەوە، رێکەوتی دەرکـەوتنی تەنی دیکە بگرێت، هەروەکو چۆن دەیەوێ هەمـوو تەنەکـان لە یەک واتای وادا کۆبکاتەوە کە تەنی دیکەو مانای دیکە بەخۆیەوە نەگرێ، یەک زنجیـرە بەرەو یەک واتا.

٣- دەمەگازێک و گوڵەگەنمێک لەنێو دوو لێوی کـراوەیدایە، مـرۆڤـێکی رووت سـەری لەنێـو ئەژنۆیدایە، چاوەکـان پێـمـان دەڵێن بێ گـوناهی لەنێـو هێـزی دەمی پۆڵاو ئاسندایە، مـرۆڤـە بێ




گوناهە رووتەکە هیچی پێ نییە بۆ گوتن، هەست بەگـوناه و پەشـیـمـانی دەکـات، تەنهـا کـاردانەوەیەکی رووتبـوونەوەیە، دۆش دامـانە، پەشیمانبوونەوەیە، لە خوارەوەش چاوەکان بەڵگەن بۆ کـەوتنی مـرۆڤ لەنێـو گـوناهی کـوشـتنی بێ گوناهی، ئەم کۆلاژە دەقەی هونەرمەند بەهەمان شـێـوازی بە دووی یەکـدا هاتن رێکخـراوە، هونەرمەند دەیەوێ نەگوتراوەکان لەوێدا کۆکاتەوە، کـە مـرۆڤ هەر خـۆی خـوڵقـێنەری گـوناه و بێ گوناهییـە، هەر خۆی دەسکی گازو بەشێک لەو گازەیە کە بێ گوناهی دەخاتە بەر هەڕەشەوە، بەڵام لە هەمـان کـاتیـشـدا هەر خـۆی شـوێنی بەزەیی پێـداهاتنەوەیە گـوناه و پەشـیـمـانبـوونەوە، دەستـەپاچەیی بەرامـبەر بەگـوناهەکان ئەوەیە ئەو نەگوتن و بێ دەنگی و ماتبوونەی کە زمانی گوتن لەدەستـدەدات تاکو زمانێکی دیکەمان نیشان دا کە لە نەگوتنەوە لەدایکدەبێت.

٤- بۆشـاییـەک بەنیـمـچە کـەوانە، چاکـەت و


٤

بەستراوەتەوەو بۆشایی گوتنەکانی دەرخستووە، هونەرمەند دەیەوێ ئاماژە بەو مرۆڤانە بدات کە خۆیان وەکو مرۆڤی شارستانی و خاوەن چێژو ستایلزان نیشان دەدەن، بەلاّم لەناوەوە بۆش و بەتالّن، هیچیان بۆ گوتن پێ نییە، نە لە دەم و نە لە دەست و نە لە سەرو نە لە رۆح، ئەوان تەنانەت جەستەشیان جەستەیەکی ونە، چونکە لەنێو رووکەشێکدا ونبوونە کە گەوهەریان نییە، چەندن ئەوانەی لەوپەڕی پۆشتەو پەرداخی و خۆشگوزەرانیدا دەژین، بەلاّم لەناوەوە بەتالّ و هیچ پێ نەبوون، هەر وەکو ئەو گەلاّیانەی کە وشک و رەشەوە بوون و گیان و سەوزاییان تێدا نەماوە لە دارو سەرچاوەی خۆیان بزربوونە، ئەمانەیە حیکمەتی نەگوتنەکانی هونەرمەند.

کراسێکی بۆینباغ لە ملی بێ سەر، پەنجەکان گرێ دراون، دوو گەلاّ لەژێر باسکیدا، گەلاّیەکی پان و ئەوی دی باریک، چاوەکان سەیری ئەو جلانە دەکەن کە شێوەی مرۆڤیان لەخۆگرتووە، رەگەزی سەرەکی نەگوتن ئەو بۆشاییەیە کە شوێنی سەری گرتۆتەوە جلەکان لە کاتی قسەکردندان، بەلاّم بەیەک وشەش نادوێ، پەنجەکان لە کاتی رووکردنەوەدان، بەلاّم هەموو بەدەرزیلە بەستراونەتەوەو دیار نییە پەنجەکان دەیانەوێ چی روونکەنەوە. رەگەزی گەوهەریی نەگوتن هەموو لەم حالّەتانەی شێواز پێکدێن کە هەموو ئاماژەیەکن بۆ بزربوونی گوتن، لێرەدا هونەرمەند ئاماژە بەمرۆڤێک دەدات کە دەزانێ چی لەبەر دەکات، ئاماژە بەبۆینباغ لە ملەکان دەدات کە شارستانین و پوخت و رێکن لە ستایلی جلوبەرگ و جوولّەو ئەکێتدا، بەلاّم بۆچی سەری دیار نییەو پەنجەی


٥

٥- ئافرەتێک رووی لە قەڵەمێکە کە ئاگری لێوە دەردەچێ، تەکنیکی بەکارهاتوو لەم کۆلاژە لە گۆشەیەکەوە بۆ گۆشەیەکی دیکەیە، هەرووکو چۆن قەڵەمی داهێنەر دەکەوێتە نێوان دوو مەقاشەوە کە

ڕێ لە گوتنی دەگرن، هەروەها قەڵەمێکیش هەیە کە ژەهراوی و کوشندەیەو دژ بەجوانی و بێ گوناهی و پاکیزەییە، ئەو قەڵەمانەی نە بەهای دۆستایەتی و نە خۆشەویستی و نە چاکە دەزانن، وەکو قەڵەمی زێڕن لە شێوەداو، لەناوەوەش وشەکانیان ئاگری لێ دەچۆڕێ و لەنێو پیلان و شێواندنی راستی و نەخۆشیی ژاراوییبوونی عەقڵی و دەروونیاندا دەژین، ئەو ئافرەتە کە هێمای جوانی و خۆشەویستییە بەسەرسوڕمانەوە سەیری



٦

ئاگری قەڵەمەکە دەکات، سەرسوڕمان بەوەی قەڵەم لە سەردەمێکدا ژەهرو ئاگری لێ دەبارێ کە هەمیشە ئەو قەڵەمە بۆ راستگۆیی و هاوخەمی و

دەد

ۆڕ

دڵسۆزی بووە بۆ بەها گەورەکانی مرۆڤ.

٦- سەرێکی بەستراو بەداو، لەسەرەوەدا زەوی یەک کیشوەری، لە پشتەوەی لاکێشە ئاسنینە کۆنەکان، لە خوارەوەش ئەوە چاوەکانە وشەکانی دەمرن، سەری مرۆڤ تەنها لێوەکانی دیارن، نە گوێ و نە چاوو نە لووت، سەرێک کە لە بیستن و بینین و بۆنکردن و قسەکردن قەدەغەکراوە، چەند دوورە لە جیهانەوە، چەند هەست بەجیابوونەوە دەکات لە بینینی دنیا، دنیا لە پشتی ئاسنە چوارگۆشەییەکانەوەیە، دنیا نە ڕووناکی و نە بۆن و نە دیمەنی دیارە، دنیا لە مرۆڤ شاردراوەتەوەو قەدەغەکراوە، نە گوتن تەنها لە وشەدا نییە، بەڵکو لە بیستن و بینینیشدایە تاکو لە نەگوتراوەکانەوە پێمان بڵێ ئەی مرۆڤ تۆ چەند لە شوێنی خۆت دوورکەوتوویتەوە، چەندێک لەژێر ئازاری غوربەتی گۆشەگیرکردن و تەنیاییدای، تۆی خاوەن جەستەیەکی ڕووتوقووت چۆن بەرگەی ئەو هەموو دیواربەندی و ئاسنانە دەگری کە دنیات لێ قەدەغە دەکەن، لە سەردەمێکدا کە مرۆڤ باوەڕەکانی بەمرۆڤی بەرامبەری



٧



٨

ێنێ، هونەرمەند بەهەمان دابەشکردنی گۆشە بەرامبەر بەگۆشە تەنەکانی شوێن کردۆتەوە، بەڵام کۆلاژ پڕ بەقەد چوارچێوەیە.

٧- سەری ئافرەتێک لای پشتەوەی تاریک و نیوەی کەمتر روناک، لە پشتەوەی تەلبەندێک تەنها یەک چاو بۆ بینینی راستییەکان بەسە، تەکنیکی دابەشکردنی تەنەکان لەناوەند دایە، درکەکان زیاتر لە هەموو تەنەکان بەرجەستەتر کراون، چی بگوترێ بەرامبەر بەو قەدەغەکراوانەی کە رێگە لە بەیەکگەیشتن دەکەن، کە مرۆڤ لە مرۆڤی دیکە قەدەغە دەکەن، تەلبەندەکە دڕکاوی و بریندارکارە، دەرفەتێک نییە بۆ گەیشتن بەرووی جوانییەکان، رەگەزی نەگوتن هەموو بۆ چاوەکان جێهێڵدراون، کە شایەتی لەو ئازارانە دەدەن کە ناهێڵن مرۆڤ بگاتە خۆشەویستی.

٨- ئافرەتێک رەگەکان بەری روویان گرتووە، لەسەر چەند چوارچێوەیەکدا بەرجەستە بووە، بەرەو ئاسۆ دەڕوانێ، بەرامبەر بەو جیهان لەسەر دیوارێکی خشتیندایە، کە ئەویش لەسەر چوارچێوەیەک بەرجەستە بووە، رەگەزی نەگوتن ئەو چوارچێوە بۆش و دڕاوانەی کە پێشتر وێنەو دیمەن و پۆرترێت بوونە، یا ئەو پەنجەرە شکاوانەن کە خاوەنەکانییان جێیانی هێشتووە، ماڵە تاریک و چۆڵەکان، هەروەک ئەوەی کاتێک جوانی لە دنیادا بەتاڵ دەبێت، زەوی دەکەوێتە دەرەوەی مرۆڤەکان، مرۆڤەکان وەکو دیلی رەگەکان بن، زەوی دیلی دیوارو هەڵچنینەکان بن، ئیتر روانین تەنها بینینی شتەکانە لەنێو روناکیدا، پاییزی خۆشەویستی و بەیەکگەیشتن، کۆتایی تێڕوانین و ئاسۆکانی دنیا بن. رەگەزی نەگوتراو تاریکبوون و دیواربەندیکردن و دیلکردنی رووی مرۆڤە، کە تەنانەت روانینەکانیشی لە پشتەوەی رەگ و دەمارەکانی گەلایەکەوەن.

سپۆتلایت

# وێنەگری سینەمایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تورەج ئەسلانی گەنجترین بەڕێوەبەری وێنەگرتن لە مێژووی سینەمای ئێراندا

ئا: ژەنیار



تورەج ئەسلانی وێنەگری بەتوانای سینەمای کوردستان و ئێران، خاوەنی نازناوی "گەنجترین بەڕێوبەری وێنەگرتن لە مێژووی سینەمای وڵاتی ئێراندا" و وەک بەڕێوبەری وێنەگرتن لە فیلمی بڵندی سینەمایی "پەڕینەوە لە غوبار" کاری کردووە.

تورەج ئەسلانی ساڵی ١٩٧٣ لە گوندی "گردەکانە"ی نزیک شاری سەنقور لە شاری کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە، دەرچووی بەشی گرافیک و دەرهێنانی سینەماییە لە زانکۆی "سوورە" لە تارانی پایتەختی وڵاتی ئێران، ساڵی ١٩٩٠ لە ئەنجومەنی سینەمای لاوانی کرماشان دەستی بە چالاکی خۆی لە بواری فیلمسازیدا کرد و توانی ١٠ کورتە فیلمی کارتۆنی و دیکۆمێنتی و چیرۆکی لە ئەنجومەنی سینەمای لاوانی کرماشان و سینەما لاوانی ئێران لە قەبارەی ٨ میلی مەتری و ١٦ میلی مەتری و ڤیدیۆیی ساز بکات.

ساڵی ٢٠٠٠ بە وێنەگرتنی فیلمی سینەمایی «خواب سفید» لە دەرهێنانی حەمید جەبەلی، وەکو گەنجترین بەڕێوەبەری وێنەگرتنی سینەمای ئێران دەستی بەچالاکی پسپۆرانە لە بواری سینەمادا کرد، تا ئێستا بەڕێوەبەری وێنەگرتنی زیاتر

# پەڕینەوە لە غوبار

لە ٢٠ فیلمی بڵندی سینەماییە لە بەرهەمەکانی سینەمای ئێران و وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە.

تورەج ئەسلانی وەک وێنەگرێک، خاوەنی چەندین کورتە فیلم و فیلمی بڵندی سینەماییە کە بۆ سینەماکارانی کورد و فارس و جیهان ئەنجامی داوە، لەوانەش:

**کورتە فیلمەکان:**




فیلمی چیرۆکی "دخمە" واتە "ئەشکەوت"، لە دەرهێنانی بێهزاد خوداوەیسی، ماوەی فیلم ٢٠ خولەک.

فیلمی چیرۆکی "فسلی بی تو" واتە "وەرزێک بێ تۆ"، لە دەرهێنانی فەرناز جەمشیدی موقەدەم، ماوەی فیلم ١٠ خولەک، جۆری فیلم ١٦ م.م.

فیلمی چیرۆکی "رنگین کمان" واتە "کۆڵکە زێرینە"، لە دەرهێنانی عەلیرەزا ئەمینی، ماوەی فیلم ١٤ خولەک، جۆری فیلم ٣٥ م.م.

فیلمی چیرۆکی "ترانهای برای روح کوستان" واتە "گۆرانییەک بۆ رۆحی کوێستانەکان"، لە دەرهێنانی بەهرام تەووەکولی، ماوەی فیلم ١٦ خولەک، جۆری فیلم ٣٥ م.م.

فیلمی چیرۆکی "چکمەها در برف" واتە "پۆتینەکانی نێو بەفر"، لە دەرهێنانی شەمسەدین ئاروەند، ماوەی فیلم ١٥ خولەک، جۆری فیلم ٣٥ م.م.

فیلمی چیرۆکی "تولد" واتە "لە دایک بوون"، لە دەرهێنانی سەعید لوتفی، ماوەی فیلم ٦ خولەک، جۆری فیلم ٣٥ م.م.

فیلمی چیرۆکی "اینجا تهران است" واتە "ئێرە تارانە"، لە دەرهێنانی عەلیرەزا ئەمینی، ماوەی فیلم ٢٢ خولەک.

فیلمی چیرۆکی "شعری کە زندگی است" واتە "شیعرێک کە ژیانە"، لە دەرهێنانی بابەک شیرین سیفەت، ماوەی فیلم ٢٠ خولەک.

فیلمی دیکۆمێنتی "هدرسە"، لە دەرهێنانی رامتین لەوافی پوور، ماوەی فیلم ٢٠ خولەک.

فیلمی چیرۆکی "ان" واتە "ئەو"، لە دەرهێنانی پووپەک موزەفەری، ماوەی فیلم ١٦خولەک.

فیلمی چیرۆکی "گریز" واتە "هەڵاتن"، لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد رەحیم زەبیحی، ماوەی فیلم ١٢ خولەک.

فیلمی "هێمەیمێ"، لە دەرهێنانی ئارەزوو ئەرزانیش.

فیلمی "شکۆفە"، لە دەرهێنانی ئەڵلاموراد کەرەمی.



فیلمی "این خانه مرد ندارد" واتە "ئەو ماڵە پیاویان نییە"، لە دەرهێنانی عەلی عەبدوڵلازادە.

فیلمی "دیر وقت" واتە "درەنگ وەخت".

**فیلمە بڵندە سینەماییەکان:**

فیلمی "عقل سرخ" واتە "مێشکی سوور"، لە دەرهێنانی بەهرام تەوەکولی، ساڵی ٢٠٠٠.

فیلمی سینەمایی "خواب سفید" واتە "خەونی سپی"، لە دەرهێنانی حەمید جیبیلی ئەکتەری ناوداری سینەمای ئێران.

فیلمی سینەمایی "پروانەها بدرقە می کنند" واتە "پەپوولەکان ماڵئاوایی دەکەن"، لە دەرهێنانی محەممەد ئیبراهیم موعەییری، ساڵی ٢٠٠١.

فیلمی سینەمایی "عروسکی باری الدوز" واتە "بووکەڵەیەک بۆ ئۆلدوز"، لە دەرهێنانی موحسین چگینی، ساڵی ٢٠٠١.

فیلمی سینەمایی "نوار خالی، خاترات تاران" واتە "شریتی بەتاڵ، بیرەوەرییەکانی تاران"، لە دەرهێنانی سیناریۆنووسی بەتوانای کورد فەریبورز کامکاری، ساڵی ٢٠٠١.

فیلمی سینەمایی "توکیو بدون توقف" واتە "تۆکیۆ بە بێ راوەستان"، لە دەرهێنانی سەعید عالمزادە، ساڵی ٢٠٠١.

فیلمی سینەمایی "دانەهای ریز برف" واتە "دەنکە چکۆلەکانی بەفر"، لە دەرهێنانی عەلیرەزا ئەمینی.

فیلمی سینەمایی "او" واتە "ئەو"، لە دەرهێنانی رەهبەر قەنبەری.

فیلمی سینەمایی "کنار رودخانە" واتە "تەنیشت رووبار"، لە دەرهێنانی عەلیرەزا ئەمینی.

فیلمی سینەمایی "باد بە دستان" واتە "با بە دەستەکان"، لە دەرهێنانی عەبدولرەزا کاهانی.

فیلمی سینەمایی "من و نگین دات کام"، لە دەرهێنانی حوسێن قەناعەت.

فیلمی سینەمایی "تنهایی باد" واتە "تەنیایی

با"، لە دەرهێنانی وەحید مووسائیان.

فیلمی سینەمایی "٢٠ انگشت" واتە "٢٠ قامک"، لە دەرهێنانی مانیا ئەکبەری.

فیلمی سینەمایی "سالآنی تەمەنی شەوێک"، لە دەرهێنانی مەهدی ئومید، بەرهەمی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

فیلمی "پەرینەوە لە غوبار"، لە دەرهێنانی شەوکەت ئەمین کورکی، بەرهەمی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

فیلمی سینەمایی "چند کیلو خرما برای مراسم تدفین" واتە "چەند کیلۆ خورما بۆ رێورەسمی بەخاک سپاردن"، لە دەرهێنانی سامان سالوور، ماوەی فیلم ٧٨ خولەک، جۆری فیلم ٣٥ م.م.

فیلمی "راک در تەران" واتە "راک لە تاران"، لە دەرهێنانی تورەنگ عابیدی، بەرهەمهێنەر: کەناڵی BBC. فیلمی "روز بعد" واتە "رۆژی دوایی"، لە دەرهێنانی رەحیم زەبیحی، بەرهەمهێنەر تورەج ئەسلانی.

فیلمی سینەمایی "رامی" لە دەرهێنانی بابەک شیرین سیفەت.

فیلمێکی بڵندی دیکۆمێنتی لە سەر کۆمەڵگای ئێران، لە دەرهێنانی جابلین شاپیرۆ سینەماکاری ئەندەنوسی.

فیلمی سینەمایی "نارەنگ" لە دەرهێنانی غولآم رەزا رەمەزانی.

فیلمی سینەمایی "هاموون و دەریا" لە دەرهێنانی ئیبراهیم فروزێش.

ئەسلانی ئەو فیلمانەی کە کاری وێنەگرتنی بۆ کردووە چەندین خەڵاتی جیهانیان بەدەست هێناوە، لەوانەش فیلمی "پەرینەوە لە غوبار"ی شەوکەت ئەمین کورکی کە خاوەنی چەندین خەڵاتی جیهانییە، هەروەها فیلمی سینەمایی "سەوزی چکۆلە" لە دەرهێنانی غولآم رەزا رەمەزانییە کە لە فیستیڤاڵی فیلمی "ئێشلینگێل" لە وڵاتی ئەڵمانیا نمایشکرا و خەڵاتی تایبەتی لیژنەی ناوبژیوانی بەدەستهێنا.

تورەج ئەسلانی بەم دواییە کاری وێنەگرتنی بۆ فیلمی سینەمایی "٤ + ١٠" کرد کە لە دەرهێنانی مانیا ئەکبەرییەو ئەمساڵ (٢٠٠٨) لە ٦١مین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی کان لە فەرنسا نمایش کرا.

وێنەگری لاوی رۆژهەڵاتی کوردستان حەمید قەوامی دەربارەی تورەج ئەسلانی دەڵێت "تورەج ئەسلانی بە روانین و جۆرێکی دیکەوە سەیری وێنەگرتن و فیلم و هەموو بوارەکانی سینەما دەکات".

مەحموود کەری کە یەکێکە لە ناودارترین و سەرکەوتووترین بەرێوەبەرانی وێنەگری سینەمای ئێران، سەبارەت بەتورەج ئەسلانی دەڵێت "تورەج ئەسلانی یەکێک لە وێنەگرانی نەوەی دوای ئێمەیە کەبەو شێوەیە نوێخوازی و ئاڵوگۆر و ئازایەتی لە روانین لە تەواوی بوارەکاندا هەیە، لەوانە وەکو کوالیتەی سازکردنی چاو، رووناکی و هەروەها کۆمپۆزیسیۆن، سەرنجدان لە بەکارهێنانی تایبەتمەندی لێنزەکانی کامێراکەی، زیرەکی و وردبوونەوەیەکی بەرچاو و بەهرەمەندانەی تێدایە".

وێنەگری کورد تورەج ئەسلانی دەڵێت: "وەکوو وێنەگر زیاتر هەندێک سیناریۆ هەڵدەبژێرم کە جێگای ئەزموونکردنی تیدابێت، ئەگینا من و وێنەگرەکانی دیکە هیچ جیاوازییەکمان نییە، حەز دەکەم لە سیناریۆیەکدا بەشداری بکەم کە شتێکی تازەی بۆ گوتن پێی بێت، دەخوازم کە هەموو کات تازەگەریم هەبێت".

* تێبینی گشت ئەم زانیارییانە لە ئاژانسی هەواڵ و بەدواداچوونی کوردستان "پەیامنێر" وەرگیراوە.

فۆتۆ: مەنسور جیهانی

# فەرامۆشکردنی گەنج..
# فەرامۆشکردنی کۆمەڵگا

زیرەک عەبدوڵلا



بەپێی راڤەکاری هەندێک لە سۆسیۆلۆژست و ئەنترۆپۆلۆژیست و سایکۆلۆژیستان گەنج ئەو بوونەوەرەیە کە لە قۆناغێکی دیارکراودایە، ئەو قۆناغە خاوەنی کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندییە، ئەمەش لایەنی جیاجیا دەگرێتەوە، هەر لە لایەنی فیزیکی جەستەیی و تەمەنەوە بیگرە، تا چۆنیەتی بیرکردنەوە و رەفتارکردن لە ژیاندا، واتا تێڕوانینی جیاواز لە بەرامبەر بوونەوەری گەنج هەیە، تێڕوانێنکی بایۆلۆژی کە گەنج بە جەستە و تەمەنێکی دیارکراو دەبەستێتەوە، تێڕوانینێکی فەلسەفی و هزریش کە گەنج بە چۆنیەتی بیرکردنەوە و رەفتارکردنی بوونەوەرەکە دەبەستێتەوە.

گەنج بە تایپی خۆی و بە حوکمی ئەو قۆناغەی تیایدا ژیان دەگوزەرێنێت، کەسێکە هەڵگری دونیابینی تایبەت بەخۆیەتی، هەڵگری فەلسەفەیەکی تایبەتە بۆ ژیانکردن، کەوا زۆرجار

دونیابینی و فەلسەفەی ژیانکردنی ئەو یەکنایەتەوە لەگەڵ دونیابینی و فەسلەفەی ژیانکردنی ئەوانیدیکەی نێو کۆمەڵگا، ئەوەش زۆرجار کێشە دەنێتەوە، هەم بۆ گەنج و هەمیش تەواوی کۆمەڵگا.

لە راستیدا بەپێی لێکۆڵینەوە سۆسیۆلۆژییەکان وا دەردەکەوێت کە گەنج لە هەموو وڵاتێکدا کێشەی تایبەت بە خۆی هەیە، پێناچێت لە گێتیدا کۆمەڵگایەک هەبێت سەدەرسەد هەموو پێداویستییەکانی گەنجی دابین کردبێت و گەنج تیایدا کێشەی نەبێت، واتا لەمبارەیەوە کۆمەڵگایەکی نموونەیمان لەبەردەستدا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا جۆری کێشەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە، یاخود لە دوو قۆناغی جیاوازی یەک کۆمەڵگاشدا جیاوازی زۆریان هەیە.

لە وڵاتانی دونیای سێ بەگشتی و کوردستانیش بە تایبەتی کێشەی گەنج ماوەیەکی دوورودرێژە بوونی هەیە، لەو وڵاتانەدا گەنج لە قەیراندا دەژیت، ئەوەش بەپلەی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی بینین و تێگەیشتن لە بوونەوەری گەنج و تایبەتمەندییەکان و کێشە پەیوەستەکانی، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی رەفتارکردن لەگەڵیدا.

ئەو کۆمەڵگایانە بەوە ناسراون کە ئیدارەکردنی وڵاتیان ئیدارەکردنێکی ناتەندروست و نێگەتیڤە، تیایدا بایەخ بە مرۆڤەکان (بەتایبەتی گەنج) و چۆنیەتی ژیانکردنیان نادرێت، حەز و خواست و ئاواتی گەنجەکان لەبەرچاو ناگیرێت، بەمانایەکی دیکە گەنج فەرامۆش دەکرێت، ئەوەش سەرچاوەی هەموو ئەو کێشانەیە کە گەنج لەنێو کۆمەڵگادا هەیەتی، لەمەشدا بوونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا و سیستمەکانی (سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئیداری و ئابووری ...هتد) هەمووی بەیەکەوە بەرپرسن، بەڵام هەر یەکەشیان بەرێژەیەک بەشداری تیا دەکات.

## فەرامۆشکردنی سەرمایەی مرۆیی دیاردەیەکی بەرچاوی کۆمەڵگای کوردییە

نابێت ئەوە لەبیر بکەین کە هەموو کۆمەڵگایەک دوو سەرمایەی سەرەکی هەیە، لە بەردەوامیدان بەمانەوە و بەرەوپێشچوونی پشتیان پێدەبەستێت، ئەوانیش سەرمایەی ماددی و سەرمایەی مرۆیین. سەرمایەی مرۆیی هەمیشە یەکێکە لە گرنگترین سەرمایەکانی هەموو کۆمەڵگایەک، لەوەشدا گەنج بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی هەیەتی بەشێکی زۆری لە پێکهێنانی ئەو سەرمایەیەدا بەردەکەوێت، بەڵام بەداخەوە وەکو دەبینرێت لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا (بە کوردیشەوە) گرنگی بەو سەرمایە نادرێت و وەکو پێویست رەفتاری لەتەکدا ناکرێت و بەکارناهێنرێت، یاخود بەهەند هەڵناگیرێت و سوودی لێوەرناگیرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی بەهەدەردانی سەرمایەی مرۆیی، هەروەکو ئەوەی بە بێشومار سەرمایەی ماددی بەهەدەر دەدرێت.

فەرامۆشکردنی سەرمایەی مرۆیی

(فەرامۆشکردنی گەنج) دیاردەیەکی بەرچاوی کۆمەڵگای کوردییە، ئێستا ئەگەر لەسەر هەر شۆستەیەکی هەر گوندێک، یا شارێک، یاخود ناوچەیەکی کوردستان پیاسەیەک بکەیت، ئەگەر بچیتە نێو هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەک، ئەگەر لە نزیکەوە گوێ لە هەر گەنجێک بگریت، ئەوا ئەو دیاردەیە زۆر بە ئاشکرا پەی پێدەبەیت، ئەمەش دیاردەیەکی زۆر نێگەتیڤە، چونکە دەشێت دیاردەی ترسناکی لێبکەوێتەوە، یاخود پەرچەکرداری ترسناکی ببێت. کەواتە ئێستا ئێمە لەبەردەم هاوکێشەیەکداین، ئەویش (دیاردەی فەرامۆشکردنی گەنج دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ترسناک)، ئەو هاوکێشەیەش راستەوانە هاوڕێژەییە، واتا هەر چەندە فەرامۆشکردنی گەنج ئاستی زیاتر بێت، ئەوا ئەوەندە کاردانەوەی خراپتر و مەترسیدارتری لێدەکەوێتەوە، سەرەنجام بەهۆیەوە چەندین دیاردەی مەترسیداری دیکەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقی لەسەر هەر دوو ئاستی ناوەوە و دەرەوەی وڵات لێدەکەوێتەوە. لەوانە تێکدان و ناتەندروستبوونی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و گەنج، نەمانی ئینتیمای هاوڵاتیبوون و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، جێهێشتنی وڵات و کۆچکردن بەرەو هەندەران، ئەندامبوونی لە گرووپی تاوانی رێکخراو و بەرجەستەکردنی رەفتاری

**دیاردەی فەرامۆشکردنی گەنج دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ترسناک**

نایاسایی و لادەرانە لە کۆمەڵگا، ئەندامبوونی لە گرووپی تیرۆریستی و بەشداریکردن لە دیاردە تۆقێنەرەکانی وەکو تیرۆر و سەربڕین و کوشتن و...هتد، لە وانەش خراپتر بەشداریکردن لە پیلانەکانی دەزگا جاسووسییەکان وڵاتانی دژی ئەزموونی کوردستان...هتد. فەرامۆشکردنی گەنج واتا کردنەوەی دەرگای دونیایەک بەروویدا کە دواتر نازانرێت بە کوێدا و چۆن و چی لێدەردەچێت، لەگەڵ کام گرووپی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت، کام رەفتار پراکتیزە دەکات، دەبێتە چ بوونەوەرێک، مودمین دەبێت بە ماددەی بێهۆشکەر، دەبێتە پیاوکوژ، دەبێتە گەندەڵکار، دەبێتە بەکرێگیراوی دەزگا جاسوسییەکانی وڵاتانی دراوسێ...هتد، بۆیە ئەمە زەنگێکی مەترسیدارە و شایانی هەڵوەستە لەسەرکردنە.

سەرەڕای ئەو دیاردە ترسناک و پەرچەکردارانەی کە لەو دیاردەیە دەکەوێتەوە، ئەوا دەبێت ئەوە بزانین کە فەرامۆشکردنی گەنج فەرامۆشکردنی کۆمەڵگایە، فەرامۆشکردنی گەنج هەوڵدانە بۆ نەهێشتنی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا، ئەوەش پێچەوانەی ئەو خواستەیە کە کۆمەڵگای ئێمە لە زەمەنی ئێستادا گەرەکیەتی، پێچەوانەی ئەو رێکلامانەشە کە دەسەڵات دەیکات بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگای کوردی، چونکە گەنج هێزی بەرجەستە و

بزووێنەری کۆمەڵگایە.

دەبێت بزانین کە ئەو کۆمەڵگایەی پێشدەکەوێت، ئەو کۆمەڵگایەی بەرگری لە مانەوەی خۆی دەکات و بە بەهێز دەردەکەوێت، ئەوا بە توانای گەنجەکانەوە ئەو ئامانجانە دەپێکێت. کۆمەڵگا کاتێک بوونی بەردەوام دەبێت و پێشدەکەوێت کە گەنج هەبێت، ئەگەر گەنج نەبێت و تواناکانی بەکارنەخرێ و سوودی لێوەرنەگیرێت، ئەوا بە هیچ شێوەیەک کۆمەڵگا لە رەوتی مێژووی خۆیدا بەردەوام نابێت و پێشناکەوێ، لێرەشدا پرسیارێکی زۆر گرنگ دێتە پێشەوە کە بەبۆچوونی من پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و دەسەڵات و کۆی کۆمەڵگاش بە هەندی وەربگرن، ئەویش ئەوەیە بۆ دەبێت گەنج فەرامۆش بکرێت؟ کێ سوودمەندە لە فەرامۆشکردنی؟ کێ سوودمەندە لە بەهەدەردانی سامانی مرۆیی وڵات؟ با دەسەڵاتی کوردی ئەوە لەبیر نەکات پێویستی بە گەنج دەبێت، بوونی دەسەڵات بە بوونی گەنج، بە دەنگی گەنج بەستراوەتەوە، هەروەکو بۆ بوونی کۆمەڵگاش ئەو قسەیە راستە. بۆیە پێویستە ئیدی بە چاوێکی دیکە سەیری گەنج بکرێت، بایەخیان پێبدرێت، پێویستە گەنج رۆڵی خۆی بگێرێت و بخرێتە بەردەم بەرپرسیارێتییەوە، پێویستە بەجدی کێشەکانی گەنج بەسەر بکرێتەوە. کردنەوەی وەزارەتێکش بۆ گەنجان ئەگەر لەسەر ئاستی رووکەشی بایەخدان بێت پێیان وەکو ئەوەی رێکلامی بۆ دەکرێت، ئەوا دەبێت لە واقیعدا وەربگێردرێتە سەر کردەوە، چونکە گەنج بوونەوەرێکە بە دوای ژیانێکی خوازراودا دەگەرێت، بەدوای ژیانێک دەگەرێت کە تیایدا پێدوایستی و حەز و خواستەکانی بەرجەستە ببێت، نەوەکو فەرامۆشکردن و بێبەشبوون، یاخود پەیماندان و جێبەجێ نەکردن، گەنج لە وڵاتی ئێمەدا دەیان پەیمانی لە لایەن دەسەڵاتەوە پێدراوە کە هیچیان جێبەجێ نەکراوە، ئەوەش بۆ خۆی کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت، فەرامۆشکردن لە لایەک و جێبەجێنەکردنی پەیمانەکان بۆیان بەتەواوی گەنج تووشی رەشبینی دەکات، ئەمەش بۆ خۆی بێمەترسی نییە. بەڵام پرسیار ئەوەیە دەسەڵاتی کوردی بۆ ئەوەندە ئامادەیە خیانەت لە پەیمانەکانی خۆی بکات؟ بۆ ئەوەندە ئامادەیە گەنج فەرامۆش بکات و گرنگیان پێنەدات؟ بڵێیت بیر لەوە نەکاتەوە جارێکیتریش دەکەوێتەوە ئەو مەوقیفەی کە تیایدا پێشتر پەیمانی بە گەنج داوە؟ ئایا دەسەڵات ئەوە لەبیر دەکات کە پێویستی بە دەنگی گەنج دەبێت لە پرۆسە سیاسیەکانی لەچەشنی هەڵبژاردن و دەنگدان؟

واتێدەگەم ئەو شێوازی گەنجبینیەی دەسەڵات و رەفتارکردن لەتەکیدا دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی کوردی دەسەڵاتێکی پیرە، دەسەڵاتێکە نە گەنج دەبینێت و نە دەشیناسێت،

**ئەگەر گەنج نەبێت و تواناکانی بەکارنەخرێ و سوودی لێوەرنەگیرێت، ئەوا بە هیچ شێوەیەک کۆمەڵگا لە رەوتی مێژووی خۆیدا بەردەوام نابێت و پێشناکەوێ**

دەسەڵاتێکی کامڵ نییە و لە گرنگی کائینەکانی وڵاتەکەی و ئەو ئەرکەی کە دەکەوێتە سەرشانیان و پێویستە بیگێڕن ئاگادار نییە و پەی پێنابات.

پێدەچێت دەسەڵاتی کوردی لەوە نەگەیشتبێت کە گەنج چەکێکی دوو سەرەیە، چۆن دەشێت بۆ کاری چاک و بوونیادنەر بەکاربهێنرێت، ئاواش دەشێت بۆ کاری خراپ و رووخێنەر بەکاربهێنرێت، چۆن دەشێت کۆمەڵگا ئاوەدان بکاتەوە، ئاواش دەشێت تێکی بدات و سەرجەمی ژیانی کۆمەڵگا بشێوێنێت. بەڵام بۆ دەبێت دەسەڵاتی کوردی نەزانێت سوود لەو سەرمایە مرۆییە وەربگرێت و وەکو پێویست رەفتاری لەتەکدا بکات؟ بۆ دەبێت بیکاتە دووژمنی ئەزموونی کوردستان کە بەخوێنی باوک و برا و کەسانی نزیکی دەسەڵات و ئەو گەنجانە بەیەکەوە بونیادنراوە؟ من لەو حیکمەتەی دەسەڵاتی کوردی تێناگەم توانای مرۆیی کۆمەڵگای خۆی فەرامۆش دەکات و بەهەدەر دەدات، لەولاشەوە توانایی مرۆیی بەرجەستەبوو لە کادیری ئەندازیاری و بیناکاری و رێگاوبان..هتد لە کۆمەڵگای دیکە قەرز دەکات! لەو حیکمەتە تێناگەم گەنجەکانی خۆی فرێدەداتە سەر شەقام، لەولاشەوە گەنجی فلیپینی و بەنگلادیشی دێنیت بۆ کاری شارەوانی و خزمەتگوزارییەکان، لەوە تێناگەم کرێکاری خۆی بێکار دەکات، لەولاشەوە کرێکاری هیندی و تورکی دێنێت باڵەخانەیان پێدروست دەکات. ئەو رەفتارەی دەسەڵاتی کوردی لە سادەترین مانایدا بەهەدەردانی سەرمایەی مرۆیی و لەگەڵ ئەویشدا سەرمایەی ماددی ئەو وڵاتەیە، هەروەها تێنەگەیشتن و نەزانینی ئیدارەکردنی سەرمایەکانە.

لە راستیدا ئەم شێوازی گەنجبینیەی دەسەڵاتی کوردی زیانی گەورە بەکۆمەڵگا دەگەیەنێت، چونکە گەنج ئامادەیی ئەو جۆرە ژیانکردنە کۆیلەیانە و بێئیرادەییانەی نییە، ئامادەنییە بەو شێوەیە بەبێبەشی و بەبێکاری بژیت و بیر لە ئەلتەرناتیڤ نەکاتەوە، سەرەنجام کاردانەوەی دەبێت، لەوانەیە ئەگەر هیچی بۆ نەکرێت بیر لەوە بکاتەوە بڕوات و ئەو کۆمەڵگایە جێبهێڵێت، بەمەش سەرمایەی کۆمەڵگا بەهەدەر دەچێت.

ئەو دیاردەیە چەندە مەترسیدارە لە بەرامبەر ئەو گەنجانەی کە نیشتەجێی شارن، دوو هێندە مەترسیدارترە لە لایەن گەنجەکانی دەرەوەی شارەکان، لە لایەن گەنجەکانی مەخموور و سۆران و کەلەک و هەڵبجە و...هتد، ئەوانە کە هیچ کامێرایەکیان لەسەر نییە، کە وەفدی هیچ وڵاتێک سەردانیان ناکەن و لە نزیکەوە نایانبینن، ئەوە هەر بەیەکجاری فەرامۆشکراون. فەرامۆشکردنی ئەو گەنجانە لە ئاساتێکی زۆر مەترسیداردایە، چونکە لە سادەترین مافەکانیان بێبەشن، لە بەرجەستەکردنی کەمترین حەز و ئاواتەکانیان بێبەشن، ئەگەر گەنجی شارەکان شانسی ئەوەیان هەبێت بەهۆی ئەوەی کامێرای وڵاتانی دیکەیان لەسەرە، یاخود وەفدی وڵاتانی دیکە سەردانی شارەکەیان دەکەن، ئەوا وەکو رێکلامێک لە لایەن دەسەڵاتەوە چەند سەنتەرێکی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیان بۆ کرابێتەوە، ئەگەر شانسی ئەوەیان هەبێت بتوانن ساتێکی کەم لەپارک و باخچە پڕ لە چاودێرەکان بەسەربەرن، ئەوا ئەمانە بۆ گەنجی نیشتەجێی گوند و قەزا و شارەدێیەکان یاساغە. خودایە ئەو گەنجانەی لە دەرەوەی شارەکانن دەبێت چەندە بە هیوا و تاسەی سەنتەرێکی رۆشنبیری و یاریگایەکی وەرزشی بن، دەبێت چەندە بە هیوا و تاسەی کتێبخانەیەک و پارکێک بن، ئەگەر ئەو گەنجانە لەمانە بێبەشبن کە سادەترین داوا رەواکانیانە، کەواتە دەبێت لە چ ژیانێکدا بن.

دەسەڵاتی کوردی ئەوەی لەبیر کردووە کە بەشداریکردنی ئەکتیڤانەی گەنجەکانی نیشتەجێی گوند و قەزا و شارەدێیەکان (شانبەشانی گەنجەکانی شارەکان)، بەشداریکردنێکی کاریگەر و جەوهەری بووە لە پرۆسەی سیاسی گەلەکەمان، ئەوەی لەبیر

کــردووە کــە ئەوان هێـــزی بزووێنەری راپەرین و شۆڕشـەکانی کوردسـتـان بوون. ئەوان سەروەت و سامان و گیانی خۆیان دەکردە قوربانی شۆڕشەکان، ئەوان سووتەمەنی شۆڕشەکان بوون، کەچی ئێستا لە هەموو شوێن زیاتر و لە هەموو کەس زیاتر ئەوان و نەوەکانیانی فەرامۆشکردووە، باشە دەسەڵاتداران دەتوانن ئەوە بەبیر خۆیان بێننەوە لە پێش راپەرینی ٩١ لەکوێ بوون؟ کێ یارمەتیداون؟ چۆن راپەرینیان دەست پێکرد و چۆن دەسەڵاتیان وەرگرت؟ ئاخر بۆچی دەسەڵات دەبێت ئەوانە لەبیر بکات کە رۆژانێکی سەخت و دژوار، دڵسۆزانە باوەشیان بۆکردۆتەوە و سەروەت و سامان و گیانی خۆیان فیداکردووە؟!، من لە ژیانمدا هێندەی دەسەڵاتی کوردی بێوەفام نەناسیوە لە بەرامبەر دڵسۆزانی خۆی، لە دونیادا هێندەی دەسەڵاتی کوردی بێوەفام نەبینیوە لە بەرامبەر دڵسۆزانی خۆی.

بەڵام دەبێت بڵێم کە چەندە لە فەرامۆشکردنی ئەو گەنجانەدا دەسەڵات خەتای هەبێت، ئەوا هێندەش گەنجەکان لەو پرسەدا خەتابارن، چونکە لە بەرامبەر ئەو رەوشەدا بێدەنگییەکی زۆر بێمانایان هەڵبژاردووە، ئەوان(رێژەییە) هەر بەجارێک ئیرادەیان لە دەستداوە، توانای داواکردنی پێداویستی و خواستەکانیان نەماوە، توانای بەرگریکردنیان لە گەنجبوون و ژیانی گەنجێتی خۆیان نەماوە، بۆیە پێویستە گەنجانی ئەو شوێنانە ئەوەندە بێدەنگ نەبن، پێویستە گرووپێکی فشاری مەدەنیانە دروست بکەن، بەشێوەی جیاجیا فشار بخەنە سەر دەسەڵاتی مێژوونەناس، فشار بخەنە سەر دەسەڵاتی پیر و گەنج نەدیو، ناچاریان بکەن بەوەی بەشێوەیەکی دیکە رەفتاریان لەگەڵدا بکات و هەوڵبدات بۆ تێرکردنی حەز و ئارەزوو و دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانیان، بۆ ئەوەی چیدی لەو فەرامۆشکردنە رزگاریان بێت و ژیانێک بژین شایستەی ئەو هەموو قوربانیدانە بێت کە پێشکەشیان کردووە، ئاخر شۆڕش بەخوێنی گەنجەکانی ئەو شوێنانە بەردەوام بووە، بۆچی دەبێت ئێستا گەنجەکانی ئەوشوێنانە ئەوەندە بەدبەخت و خێرلەخۆ نەدیو بن، بۆچی دەبێت ژیانی بێبەشبوون لە خۆشی بەسەربەرن، لەگەڵ پێکەنین و شادی دووشک و لەگەڵ گریان و خەمیش دەستلەملان بن.

دەسەڵاتی کوردی لەسەر ئاستی کردەییدا تا سەرئێسقان گەنج فەرامۆش دەکات، لەولاشەوە لەسەر ئاستی زمان دەڵێت گەنج تەمبەڵە، توانای نییە، پرۆژەی نییە، بەرهەمی نییە، ئینتیمای نییە، هەستی بەرپرسیارێتی نییە...هتد، دەسەڵات ئەوەی لەبیر کردووە کە خۆی هۆکارێکی کاریگەرە لە تەمبەڵبوونی گەنج، لە بێ توانایی و بێ بەرهەمی و بێ پرۆژەیی گەنج، لە نەمانی ئینتیماو هەستی بەرپرسیارێتی گەنج، بەڵام ئەمە لە سادەترین مانایدا دووفاقیەتی ئەو دەسەڵاتە دەگەیەنێت لە رەفتارکردن لەتەک توێژی گەنجاندا. بەڵام ئایا ئەوە تاکەی قبووڵ دەکرێت؟ ئەوە ئەو پرسیارەیە کە دەبێت دەسەڵاتی کوردی لەخۆی بکات.

دەسەڵاتی کوردی دەبێت ئەوە بزانێت ئەو شێوە رەفتارکردنە لە بەرامبەر گەنج رەفتارکردنێکی زۆر نالۆژیکی و ناعەقڵانییە، رەفتارکردنێکە هێزێکی کۆمەڵایەتی گەورە لە خۆی دوور دەخاتەوە، دەشێت بەهۆیەوە لاواز بێت و پشت ئەستوور نەبێت. دەسەڵات بەم رەفتارەیدا زیان بەخۆی دەگەیەنێت، دیسان زیان بە توێژێکی گرنگی نێو کۆمەڵگا دەگەیەنێت، دواجار زیان بە کۆی کۆمەڵگا دەگەیەنێت، چونکە ئەم توێژە هێزی بزوێنەری کۆمەڵگایە، شادەماری جەستەی کۆمەڵگایە. هەر بۆیە فەرامۆشکردنی گەنج فەرامۆشکردنی کۆمەڵگایە.

# تارمایی پیاو لە پشت بڕیارەکانی ژنەوە

باران عەلی

فێمینیزم لە رووی زاراوەییەوە بریتییە لە تیۆرێک بۆ داکۆکیکرن لە رەگەزی ژنێتی، هەرچی لە مانا فەرهەنگییەکەیەتی بزووتنەوەیەکە بە دوای شوناسی ژنێتی دەگەڕێت، رزگارکردنی ئەو شوناسە بە کاری سەرەکی خۆی دەزانێت، ئەو بزووتنەوەیە لە بنەڕەتدا بۆ دوو جۆر پۆلێن دەکەین، ئەوانیش (فێمینیزمی رەگەزی) و (فێمینیزمی زمانەوانی).

یەکەمیان فێمینیزمێکە بەرەنجامی دۆخی کۆمەڵگای تازەگەرییە، داکۆکی لە شوناسی رەگەزێتی دەکات، بە دژی دەسەلاتی پیاو رادەوەستێت، دەیەوی مانایەک بۆ ژنبوون بدۆزێتەوە.

هەرچی جۆری دووەمی فێمینیزمە.. فێمینیزمێکی فەلسەفییە، بەرەنجامی دۆخی پاش تازەگەرییە، ئیش لەسەر تێکستەکان دەکات، پەیوەندی راستەوخۆی بە تەئویلکردنی ئاماژە زمانەوانییەکانەوە هەیە، ئیش لەسەر ئاماژەکانی نێو زمان دەکات، دەقە فەلسەفییەکان لە روانگەی فێمینیستانە دەخوێنێتەوە، رەخنەگرتنیان لە تازەگەری بابەتێکە بەهەند وەری دەگرن، چونکە پێیانوایە تازەگەری بەشدارە لە چەوساندنەوەی شوناسی ژنێتی.

تازەگەری بەلایانەوە تا ئەو شوێنە ژنی ئازاد کردووە، کە وەک کەرەستەیەکی جوانکاری بۆ پیاو دەری بخات، پرۆژەی عەقلانی تازەگەری، پرۆژەی هاو یەکسانی نێوان ئەو دوو رەگەزە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە پۆلینکاری سێنتەر و پەراوێز هەیە، عەقڵ سێنتەر و جەستە پەراوێز، عەقڵ موڵکی پیاوە و جەستەش هی ژنە.

ئەگەر بە دوای بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی وەکو فێمینیزم لە کۆمەڵگای کوردیدا بگەڕێین، ناتوانین ئەو هۆشیاریە بەرهەم بێنین، کە ئەو بزووتنەوەیە

مێژوویەکی درێژی هەیە، لە هەناوی کۆمەڵگای ئێمەدا، چونکە هەموو ئەو ژنانەی لە مێژووی سیاسی ئێمەدا ئاماژە بۆ ناوەکانیان دەکرێت، لە بنەڕەتدا کێشەی رەگەزییان نەبووە، هێندەی جەستەی خۆیان لە پێناو بەرژەوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و نەتەوەیی پیاودا تواندۆتەوە، ئەو قوربانی بەخشینە کوشتنی هەستی رەگەزییە، نەک قوربانی بێت لە پێناو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی.

وتمان فێمینیزمی رەگەزی بەرهەمی تازەگەرییە، بەو پێیەی راپەرینی بەهاری نەوەت و یەک ساتە وەختی خۆی و ئێستاشی لەگەڵ بێت زۆر بۆچوون بە تازەگەری راڤەی دەکەن، ئەگەرچی ئەو تازەگەرییە شەپۆلی تیرۆری ژنی رەوایەتی پێ دا، ئەو تازەگەرییە رێکخراوەکانی ژنانی هێنایە بوون، ئەو رێکخراوانە بەبێ هۆشیارییەکی تیۆری خۆیان بە بەرهەمی فێمینیزمی رەخنەیی ناساند.

دامەزراندنی ئەو گرووپانە بڕیارێکی نێرسالاری حزبەکان بوو، بەرادەی ئەوەی سەرجەمە حزبەکان رێکخراوی ژنانیان دامەزراند، ئەو رێکخراوانە وەکو سەرجەمە ناوەندەکانی تر، حزب وەکو ئۆرگانەکانی تر بەکاری هێناوە، ئەو رێکخراوانە لە بنەڕەتدا ئاوا پۆلێن دەکەین:

**ژنانی ناسیۆنالیزم**: بریتین لەو رێکخراوانە کە هەڵگری تێڕوانینی ئایدیۆلۆژیی نەتەوەپەرستین، کێشەی ژن پابەست دەکەنەوە بە کێشەی نەتەوە.

**ژنانی کۆمۆنیست**: ئەو رێکخراوانە دەگرێتەوە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ سەر بە رێکخراو و حزبە کۆمۆنیستەکانن، خۆیان بە نوێنەری راستەقینەی فێمینیزم دەزانن بەهۆی پەیوەندی راستەوخۆی مارکسیزم بە فێمینیزمەوە.

**ژنانی ئیسلامی**: ئەو رێکخراوانە دەگرێتەوە، کە هێزە ئیسلامییەکان لە پشت دامەزراندنییەوەن، لە بنەڕەتدا ئەوان داکۆکی لە کێشەکەیان دەکەن لە روانگەی ئەحکامی ئاینی ئیسلامەوە.

**ژنانی رادیکال**: ئەو جۆرە بریتی نییە لە گرووپێکەن ژنانێکەوە کاری بۆ دەکرێت، بەرێکخراوکردنی ئەو ژنانە دوور لە دەسەڵاتی حزبەوە، نوخبەی لە دایکبوونی بزووتنەوەی فێمینیزمی چالاکی لێ چاوەڕوان دەکرێت.

لەو دابەشکارییە دەگەینە ئەوەی بزووتنەوەی ژنی کوردی بەسەر چوار گرووپ دابەش دەبێت، کە هەر گرووپێک لە روانگەیەکی ئایدیۆلۆژیەوە سەیری گرفت و کێشەکان دەکات، گرفتی ئایدیۆلۆژی لەبری رزگارکردن ئاستەنگی تر بۆ ژنان دێنێتە کایەوە، بەو پێیەی ئایدیۆلۆژیا شوناسی رەگەزی لەناو شوناسی حزبیدا بتوێنێتەوە، بۆیە لە شوێنێکدا کە گرفتی ژن وابەستە کراوە بە گرفتی چینێکی دەست نیشانکراو، مانای وایە بۆ ئەوەی ئازادی بەو ژنە ببەخشرێت، دەبێت کار بۆ ئەو ئایدیۆلۆژیایە بکرێت.

گەمەی ئایدیاکان بە شێوەیەک بەڕێوە دەچێت، هێزە مەزهەبییەکانیش بەشداری تیا دەکەن، ئەگەر هێزێکی ئسوولی رایبگەیەنێت کە بڕوای بە کێشەی ژن نییە گرفت نییە، بەڵکو گرفت لەوێوە دەست پێدەکات ئەو کاتانەی رێکخراوی ژنان دادەمەزرێن، ئاین تێکەڵی چەمکەکانی مافی مرۆڤ و ئازادی ژن دەکەن، کە ئەوەش هەوڵێک نییە بۆ داکۆکیکردنی ئەوان لە ژن، هێندەی بردنەوەی ژنە لە شەقامەوە بۆ ناو مزگەوت و شەریعەت و تۆبەخانەکان، ئەوەی دێتە بەردەم رێکخراوەکانیش جیاوازی جەوهەری و فیکری قووڵ نین، بەڵکو جیاوازی رووخسار و رووکەشن، ئەوەش دەتوانین لەناو خاڵێکدا کۆی بکەینەوە و ناوی بنێین "ئامادەبوونی تارمایی پیاو لە پشت بڕیارەکانی ژنەوە"

# چەند وشەو زاراوەیەکی کوردی

ئەسعەد ماوەرانی

هەندێ وشـەو زاراوەمـان هەیە لە هەندێ ناوچە جیاجیایەکانی کوردستان دێنە پەیڤ و ئاخفتن ، لەوانەیە ئەو بەڕێزانەی کە لەبواری زمـانەوانیـدا کـار دەکـەن بەو وشـەو زاراوانە نەگـەیشـتبن، گـوێبیـسـتی نەبووبن، یان نەگـەیشـتوونەتە ئەو ناوچانە، بەدەیان و سەدان وشە فەرامۆش کرابن و نەخرابنە نێو فەرهەنگی کوردییەوە، من لەم وتارە مـتـەوازیعـەمـدا تەنهـا چەند وشـەو زاراوەیەک دەخـەمـەڕوو، بۆ ئەوەی بخـزێنە نێـو فـەرهەنگی کوردی و، ئۆقـرە بگرن و، دووربن لە لەناوچوون و لە لایەکی تریشەوە، هەندێ وشەو زاراوەمان هەیە رۆژانە بەهەڵە بەکارمان هێناونەو تاکو ئێستاش لە نووسین و کلێشە فەرمییەکاندا بەکاریان دەهێنین وشەکانیش لە خڕ دائیـرەکاندا باوبوونە، ئەویش وشـەی (لاری)یە لەجیـاتی وشـەی (پێـشگیـری) دەنووسین، کە بەکارهێنانی هەڵەیە، ئینجا لەبواری وەرزشیدا وشە رەسەنەکەمان وەلاوە ناوە، هەر وشە عەرەبییـەکە بەکاردەهێنین، لە دواییدا دێمە سەر ئەم خاڵە.

**أ- ناوی دوو گیای کوێستانی**

ناوی ئەم دوو گـیـایە دەهێنم بە نموونە، کـە لە بناری قەندیل و هەواری (گوێزێ) بوونیان هەیە.

١- گیای چەپچەپکێ:

ئەم گیایە لە پێکهاتە کیمیاییەکەیدا داخکەرو سـووتێنەرە، لەبەرئەوەی (تفـتـە) گـەردیلەی (OH)ی هایدرۆکسیدی تێدایە، وەک پۆتاسیۆم هایدرۆکساید (Koh).

بەکارهێنانی زۆر ترسناکە.

٢- گیای- شیرخوشیلک- شیرخوشیلکێ ئەم گیایە شلەیەکی شیری و هەستیاری حەساسییەی تێدایە. هەمدیس بەکارهێنانی مەترسیدارە. گەر بە ئەنقەست بۆ شوێنێکی یا ئەندامێکی هەستیاری لەش بەکاربێت. ئەو ئەندامە ئەستوورو قەبە دەبێت، دوای دەپووکێتەوە. خورشت و ئازاری لەگەڵ دایە، تا ئەوکاتەی کاریگەری خۆی دەبینێت.

ب - دوو وشەی ترمان هەیە کە پەیوەستە بەدیاردەی حەساییە و، خورشت و خورینی لەش.

١- پانۆک: ئەو لیر بوونەیە لە پێستدا سەرهەڵدەدا، ئەوسا پێست دەپەنمێ و، سوور هەڵدەگەڕێ و پەڵەی سوور دەردەکەوێت، بەو پەڵە سوورانە، یا بڵێین پەنمین و پۆرگ و بلۆقە سوورانە دەڵێن پانۆک، بۆ نموونە دەڵێن وسو خڕ لەشی بوویتە پانۆک!

٢- زڕنووق، دەنکۆکەی سووری کاڵی مەیلەو پەمەیی ورد وردە، لەسەر پێست دەردەکەوێت. ئەمەش جۆرە لیر بوونێکە لە ئەنجامی پێکەوتنی لەش بەگیای (گەسک گەسک، گەز گەزک)ە، باشتر بڵێین، گەر پێستی مرۆ بەتایبەتی دەستی بەم گیایە بکەوێت، یاگەر کەسێکی بەرووتی بەنێو ئەو گیایە بگەوزێن بەنیازی ئەشکەنجە!! هەموو لەشی دێتە خورشت، وێڕای ئازارێکی زۆر، ئەو زڕنووقە دەردەکات.

**١- زاراوەی (عەینی گۆ)**

ئەم زاراوەیە بەزۆری لە ناوچەی برادۆست هەیە کە گوندەکانی بناری حەسارۆست دەگرێتەوە، لەوانە رۆست، گرتک، کەندی نەرێس، سمیلان، سرێشمە، پیرئۆمەر، گەزنە، دزووک... هتد، لەکاتی ئاخافتندا، یەکێ راوبۆچوونی خۆی دەردەبڕی، ئەوجا پرسیار دەکات بۆ متمانەیی و راست و دروستی قسەکەی خۆی دەڵێت چت گۆ؟ بەرامبەرەکەی لە وەڵامدا دەڵێت: عەینی گۆ- ئەم زاراوەیە لە دوو وشە پێک دێت. (عەینی + گۆ) وشەی (عەینی) وشەیەکی عەرەبییە واتە (وەکی، بزەبت، کت و مت، عەینەن، تەواو هەو، بێکەم وزیاد)(١). وشەی(گۆ) رەگی (گۆتن)ە عەینی گۆ: واتە هەر لەمەڕ وشەی (عەینی) حەرزەتی (نالی)یش لە بەیتە شیعرێکی خۆیدا ئەم وشەیەی بەکارهێناوە، دەفەرمووێ.

(لەم حوجرە، لەبەر پەنجەرە کەوتووم و دەخوێنم
بێ عەینی دەڵێی بولبولی گۆشەی قەفەسێکم)(٣)

**سێ وشەی ترمان هەیە با پێیان ئاشنا بین:**

١- گرێسە/ واتە کولێرە بەگێز- یا بەگوێز. هەر هەمان ناوچەی برادۆست بەکاری دەهێنن.

٢- کیتەڵە/ دیزەی چکۆڵە، مەنجەڵی بچووک، کیتەڵە هەنگوین، کیتەڵە ماست. لەکوردستانی رۆژهەڵات بەکاری دەهێنن.

٣- (بڵوار)(*)، ئەو ناوەندەیە دەکەوێتە ناوەندی هەر دوولای (سایدە)ی شەقام. چوون و هاتن. لە شاری سنە ئاواییەک هەیە، پێی دەڵێین بڵوار، مەبەست لەم وشەیە دەمەوێ ئەو(جزرة وسطیة)ی عەرەبی بکەم بەکوردی، وشەی (ناوەندە)ی بۆی زیادکەم، واتە بۆ (بڵوار)ەکە بیێتە (ناوەندە بڵوار) وەک ناوەندە خانەخوێ- (وسط زرعي) Midhost، ئەم زاراوەیە لەبواری تاقیگای بەکتریا لۆجی بەکاردێت بۆ چاندنی میکرۆب. ئێستا (ناوەندە + بڵوار) جێگای (جزرة وسطیة)یە دەگرێتەوە. من پرسیار لە خۆم

دەکـەم. بۆچی ئەم زاراوەیە لە زمــانی کــوردیدا نەبێت؟! لە گـرێمانێکدا ئەم زاراوەیە، لەنگە، یا ناتەواوە، داوا لەو بەڕێزانە دەکـەم، کـە لەبواری زمانەوانیدا کار دەکەن زاراوەیەکی جوانترو پوختتر دروست بکەن و بیــتــاشن لە جـێی ئەم ناوەندە بلۆاره دابنێن.

وەکی گۆتت، هەمانگۆ، وەکی فەرمووت، وەکی ئەوەی فەرمووت، لە کوردستانی ئیراندا گوندێک هەیە بەناوی (عـەینی مـەلا) ناوی ئەم گـوندە لە چییەوە هاتووە؟! من خۆم چوومەتە ئەم گوندە لە هاوینی ساڵی ١٩٨١دا بینیومە، کاتێک دەچیتە نێـو ئەم گـوندە، گـەر لە یادم مـابێ چەند کـەرتە شـاخـێک رووبەڕووت دەبێـتـەوە. بەشـێـوەیەکی سـروشـتی کـەرتە شـاخـێک لە شـێـوەی پەیکەری مەلاییک هەڵشاخاوە، شێوەی پەیکەری مەلایەکی بەخـۆوە گـرتووە، کـتـومت، عـەینەن مـەلایە، مەلایەکی باڵا بەرزو، بەوەستاوی هەڵکەوتووە هەر دەڵێی پەیکەر تاشـێک ئەم پەیکەرەی تاشـیـوە، بێگومــان من لەو بڕوایەدام گــوندەکــە بەناوی (عەینی مەلا) ناوزەد کراوە.

**وشەی پێشگیر- پێشگیری.**

یەکـەم: ئەوەی من بزانم ئەم وشـەیە بەتەواوی فەرامۆش کراوە. لەلایەک لە واری وەرزشیدا وشە عـەرەبییـەکە لە جیـاتی ئەم وشە رەسەنە بەکـاری دەهێنن، لەلایەکی تریشەوە.

لە نووسینی کلێشە فـەرمییـەکاندا وشـەیەکی سـەقـەتمان هێناوە لەبری ئەم دامـانناوە، کـە هیچ مەعنایەکی نییە.. ئێستە لەبواری وەرزشییەکەوە دەست پێبکەین.

لە عـەرەبیـدا وشـەی (مـانع) هەیە، کـۆیەکـەی (مــوانع)ە، بەکــوردی دەبێــتــە پێــشـگیــر- پێشگیرەکان. ئەم وشەیە لەبواری وەرزشیدا هەر ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە. بەڵکو وشـە عـەرەبییـە باوەکـە بەکـاری دەهێنین، (مــوانع) لە جـیــاتی پێـشگیـرەکـان دەنووسـرێت و دەخـوێندرێتـەوە، بۆ نموونە لە هەواڵە وەرزشییەکاندا هاتووە و دەڵێت:

لە پالاوانیـیـەتی گـۆڕەپان و مـەیداندا، یاریزان فـلانی کـوڕی فـلان.. لە پێـشـبـڕکێی غـاردانی (٢٠٠) مەتری (مەوانیع)دا ژمارەیەکی پێوانەیی نوێی شکاند، لە ماوەی خولەکێک و پێنج چرکە و بیـست و چوار لە سـەدی چرکـەدا تۆمـاری کـرد، لێرەدا ئایا باشتر نییە لە جیاتی وشەی (موانع)، کـە کـراوە بەمـەوانیع، وشـەی پێـشگیـرەکـان بنووسین... بەکاربهێنین، کە زۆر جوانترو لەبارترە، جگە لەوەش وشـەیەکی پەتیـیـە...؟! بێگومـان بەڵێ، ئەولاتریش! بەبڕوای من هەر نووسـەرێ لە ئاستی خۆیدا چەند تێبینییەکی ئەوها لەم بابەتە یاداشت بکات لەوانەیە زمـانەکـەمـان پاراوترو کـەمـێکیش دەوڵەمـەندتر دەبێت! بۆیەشە دەڵێم کەمێک چونکە دەوڵەمەندبوون بەجیهـانی بوونی زمـانێک لە پای پێشکەوتنی کـۆمـەڵە، لە هەمـوو بوارەکانی ژیان زانست و پیشـەسازی و تەکنەلۆجیا و ئابووری و رۆشنبـیری و کـۆمـەڵایەتی... هتـد. دەبێت، خودبەخود زمانیش لەگەڵ پێشکەوتنی ئەم بوارانە، بەرێڕەوی خۆی پێشدەکەوێت و دەوڵەمەند دەبێت. من لەگـەڵ ئەو راوبۆچوونانە نیـمـە، وشـە عەرەبییـەکـان بگۆڕین بەکوردی، واتە بەزۆرە ملێ بکوردێنین، لە هەندێ نووسـراودا ئەگـەر وشـە عــەرەبیــیــەکــەی لابــەین، ئەو هێــزو واتایەی نابەخشـێت، چونکە دێر زەمـانێکە زمانەکـەمان لە ژێر کۆنترۆڵ و فشاری ئەم زمانە بووە، چ بەحوکمی دین، پێشتـر خوێندەوەرەکانمان فەقێ و مەلا بوونە، ئەویش دەرچووی حوجرەکـانی مزگەوت و خـانەقا بوونە.. ئەوجـا ئەدەب و نووسـینمـان تەنانەت

قسەکردنیشمان لە ژێر کاریگەریی ئەم زمانە بووە! قۆناغی سەرەتایی بەکوردی بوو، قۆناغەکانی تر بەعەرەبی بوو، لە سەرەتای سالّی حەفتادا قۆناغی ناوەندی بوو بەکوردی. ئەوجا سالّ بەسالّ دواناوەندیشی گرتەوە، گەر تەماشەی نووسراوەیەکی فارسی بکەین، دەبینین لە سێ بەش نووسینەکە دوو بەشی عەرەبی و کوردی و تورکییە، تەنانەت هیندیشی تێدایە لە هەمان کاتیشدا زمانێکی دەولّەمەندە.. بۆ نموونە لەلای خۆشماندا وشەی خزمەت باوە، زۆریشی بە ئاسایی بەکاری دەهێنین، خۆی لە وشەی (خدمة)ەکەی عەرەبییەوە خوازراوە و قالّبی خۆی وەرگرتووە. عامییەی خەڵک لێی حالّی دەبن، کەچی (راژە) نەیتوانی شوێنی (خزمەت)ەکە بگرێتەوە، لە کاتێکدا وشەی (راژە)مان بەکارهێنا لەکاتی قسەکردندا، ئەوە لەنائاگایی سەرباری ئەو (خزمەت)ە، کە بەبێ ویستی خۆمان، دێتە سەر زارمان. وەک قەناعەتمان نەبێت بەوشەکە، یاخود بەرامبەرەکەت بەجوانی حالّی بکەی.. هەر دەلّێ خزمەت! بەهەر حالّ با بێینە سەر کرۆکی بابەتەکە، ئەویش وشەی پێشگیر - پێشگیرییە. گوتمان ئەم وشەیە زۆر جوان و پەتی و رەسەنە بۆچی نەیێتە سەر رەچەلّەک و شیرازەی خۆی؟!

دووەم: گوتمان وەلاوە نانی ئەم وشەیە لە ناوەندە فەرمییەکاندا لە نووسراوە و کلّێشەکانیاندا! لە جیاتی ئەم وشە جوان و پڕ مەعنایە، وشەی (لاری) بەکارهێنراوە، بۆ ئەوەی زیاتر روونی کەمەوە، با نموونەیەک بهێنین.

**بابەت، پشتگیری (تایید)**

ئێمە (لاری)مان نییە بۆ وەرگرتنی قوتابی... یا فیلان فەرمانبەر لە فەرمانگەکەماندا.. هتد.

بۆ (پێشگیری) نەنووسرێ، لە جیاتی (لاری)، چەند ماناو واتایەکی جوان و بەپێزو بەهێز دەبەخشێ! بەلاّم (لاری) چ مانایەک لە پێکهاتەی (مضمون)ی نووسینەکە یا کلّێشەکە دەبەخشێ؟! هیچ نەک هەر هیچ بەلّکو بەپێچەوانەوە ماناو واتایەکی هەلّە دەبەخشێ، کە هیچ پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییە! چۆن؟!

یەکەم جار پرسیارێک سەری خۆی کێلّ دەکاتەوە. لە سەرەتای سەردێڕی نووسینەکان و کلّێشەکاندا، بابەت (پشتگیری) دەنووسرێت، واتا (تەئید)، پرسیارەکەش ئەوەیە، دەلّێن بۆچی پشتگیری لە جیاتی (تأید)ی عەرەبییەکە دەنووسرێت، کە زۆر جوان و ماقوولّ و لە بارە، ئەی بۆچی (پێشگیری) لە جیاتی (لاری)یە سەقەتەکە بەکارنەهێنراوە؟!

**دووەم**: با چاوێک فەرهەنگەکان بخشێنن ئاخۆ وشەی (لاری) چ واتایەک دەبەخشێ ؟!

(لاری) واتە خواری، چەوتی، بەقسە نەکردن و، گوێنەدان، بازی، گەمە، گالّتە.. هتد)(٤) گەر بەگوێرەی ئەم ماناو واتایەی سەرەوە بێت، بەو مانایەش بخوێنینەوە، بەراستی دەبێتە جێگای گالّتەجاری.. فەرموون سەیری ئەم نووسراوە بکەین کە بەم شێوازەی ئێستە دەنووسرێ، تەنها (لاری)مان گۆڕیوە بەواتە راستییەکەی خۆی:

**بابەت/ پشتگیری**

ئێمە خواریمان، یان چەوتیمان نییە لە وەرگرتنی قوتابی ... هتد!! گەر سەلیقەی خۆمان بەگەڕبخەین لە گوزارشتی ئەم کلّێشەیە.. بێ یەک و دوو گوزارشت لە پاکانەکردنی بەڕێوەبەرەکە لە هەلّویستی خۆی دەکا. جا بەڕێوەبەر بێت یا لێپرسراوبێت!!

یەکەم: ئەم بەڕێوەبەرە یا ئەو بەرپرسە، بەحوکمی پایەو دەسەڵاتی خۆی سەرپشکە نەک مووسەیەر، خۆی فەرمان دەدات، نەک فەرمانی لەسەر بکرێت!! دوای ئەم لێپرساوە گەورەیە مێزو کورسییەکی داگیر کردووە پاسەوان بەردەست لە پشت دەرگاکەی دەست بەسینگ وەستاون و فەرماییشتەکانی جەنابی جێبەجێ بکەن!!

چ پێویست دەکات بڵێت ئێمە هەڵەو خوارمان نییە بۆ کەسێکی داخوازو، لە خۆی زۆر بەرەو ژێرتر بێت لە پلەو پایەوە، وەک پاکانە و پاساوکردن...؟! لەمە زیاتر درێژەی پێ نادەم دەربارەی ئەم وشە سەقەتە! کە گوزارشتێکی سەقەت و ناڕێکی هەیە.. بەقەناعەتی من بیگۆڕن باشترە. وشەی (پێشگیر)یە فەرامۆشکراوەکە لە جیاتی (لاری) بەکاربهێنن!!

تێبینیەکی ترمان ماوە دەربارەی وشەی (پێشگیری)، (حەبی پێشگیر)مان هەیە، واتە حەبی (منع) حەبی منداڵ نەبوون، لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا ئەم وشەیە بەکاردەهێنن، ئەوان دەڵێن حەبی پێشگیری! چەند وشەیەکی جوان و بێ تەکلیفە، خود بەخود دێتە سەر زارو وێردی ئەوان، لەلای ئێمە سەدا نۆهەدو نۆی، حەبی مەنع دەبێژن، تەنانەت دوکتۆرەکانیشمان، هەر دەڵێن حەبی مەنع، قەد ناڵێن حەبی پێشگیری! چۆن دەتوانین لەلای خۆشمان ئەم وشەیە بەکاربهێنین و باو بێت؟! خانمە پزیشکەکان کاتێک بەرنامەی تەندروستی پێشکەش دەکەن. لەمەڕ تەندروستی ئافرەتان. بایەک دووجار بێژن و بفەرموون حەبی پێشگیری ئەوە خەڵکەکە فێر دەبێت. بۆ وشەی نۆژەن و نۆرینگ، لە نۆڕین هاتووە. لە مووعاینە.. وەرگێڕدراوەتەوە بۆ کوردی؟! ئێستە ژنێک بچێتە لای دەرمانخانەیەک پێی بڵێ کاک دکتۆر حەبی پێشگیرم بدێ، من لەو بڕوایەدام دکتۆرەکە دەڵێ، خوشکم دەڵێیی چی؟! نازانم چ دەرمانێکت دەوێ؟

ئیلا دەبێ پێی بڵێیت، حەبی مەنعم دەوێ ئەگینا لێی حاڵی نابێ- دەوا بڵێ! من چ بزانم، حەبی...

گوتت چی؟! حەبی پێشگیری...! نەک هەر لەبەرنامەی تەندروستی ژناندا ئاماژەی پێ بکرێت بەڵکو، لە فەرمانگە تەندروستییەکان و دەرمانخانەکانیشدا زانیاریان بۆیان بنێرین لەجیاتی حەبی مەنع، حەبی پێشگیری بڵێن، ئەوە زۆر بە ئاسایی رێڕەوی خۆی وەردەگرێت، خەڵکەکە فێر دەبێت...!

دوو زاراوەی داتاشراو!

من لە نووسینەکانی خۆمدا دوو زاراوە بەکاردەهێنم، کە خۆم پێکم هێناون.

١- مەشقکاری: لە مەشقکردن و راهێنان هاتووە، عەرەبییەکەی (ممارسە)یە.

٢- تێپەڕکاری: لە تێپەڕاندن (تجاوز) هاتووە، لەکاری هونەریدا بەکاردێت بەمەبەستی ئەفراندن و داهێنان!

**پەراوێز**

١- فەرهەنگی: هەمبانە بۆرینە، مامۆستا هەژار موکریانی.

٢- دیوانی نالی/ لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریم مودەریس، فاتیح عەبدولکەریم، پیاچوونەوەی محەمەدی مەلا کەریم، چاپی بەغدا. ساڵی ١٩٧٦ ز لاپەڕە ٢٨٣ .

٣- هەمبانە بۆرینە، م: هەژاری موکریانی.

# (ڕۆحی) حەمەدەمین پێنجوێنی
# لەژێر ساباتی(هەورو بەفر)ی کوردستاندا .!

مەسعوود پەرێشان



* **سەرەتای درەوشانەوەی ناوەکی:**

سەرەتای سالآنی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، ناوی (محەمەدەمین پێنجوینی) لەنێو شاری سلێمانیدا وەکو دەنگێکی ئازادو بوێرانەی نێو شاری سلێمانی، سەدای گەیشتە سەرتاپای باشووری کوردستان ، کە ئەوسا تۆزێک دەسەلآتیشی هەبوو، بەلآم بەهۆی ئەوەی بەودەسەلآتەی یارمەتی زۆرینەی ئەدیب و نووسەرو شاعیرە بەهەلویستەکەی ئەوشارەی دەدا، بەوەی لە گرتن و ئازاردان دەیپاراستن و ببووە پشتوپەنای راستەقینەیان، بەعسی گۆڕەوگۆڕ ئەم پشتوپەنایەی ڕۆشنبیرانیان پێ قەبووڵ نەکرا، بۆیە بەپلەیەکی زۆربچووکترو بەئاستێکی زۆر کەمتری ژیاریش،راگوێزی نێوشاری هەولێری پایتەختی کوردستانیان کرد،

* **لەنێو هەولێر، پێش راپەڕین:**

لەناوەڕاستی سالّی(١٩٨٥)کاکەی پێنجوێنی هاتە هەولێرو وەکو کارمەندێکی ئاسایی لە ئەمینداریەتی ڕۆشنبیری دەستبەکاربوو، ئێمەش کە ئەوسا گۆڤاری(کاروان)مان زۆر خۆشدەویست،

هەمیشە لە کاتی بەتاڵیماندا سەردانی بارەگاکەیان دەکردو بەرهەمی ئەدەبی خۆمانیشمان بۆی دەبردو بەشانازییەوەش لەوێدا بڵاومان دەکردنەوە .

پێش نیوەڕۆیەکی یەکێک لە رۆژەکانی مانگی هەشتی ئەوساڵە، کەسێکی باڵا نیمچە بەرزی رەنگ سوورو سپی جوانکیلە، لە ژوورەکەی مامۆستا حوسێن رەشوانی، سەرنووسەری ئەوسای کاروان لێمان وەژوور کەوت، یەکسەر مامۆستاحوسێن عارف لەبەری هەڵسایەوەو گوتی..ئەوە مامۆستا حەمەدەمین پێنجوێنییە. ئەوەی لەوێ بووین زۆربەمان دەمانزانی لێی قەوماوە، بۆیە بەوپەڕی حورمەتەوە بەخێرمان هێنا، تا ئەوساتەی هەرلەوێ بریاری دا، لە گۆڤاری کاروان کاربکات و مامۆستا حوسێن رەشوانیش لەسەر داواکەی رەزامەند بوو، بەش بەحاڵی خۆم لێی نزیک کەوتمەوەو لەوەم گەیاند، کە ئێمە کارمەندی ئێرە نین، بەڵام خۆشەویستی گۆڤارەکە لێرەی کۆکردووینەتەوەو وادەی ئێوارەم لەگەڵیدا دانا، کە لە کتێبخانەی(دانا)بەیەک بگەین!

ئێوارەی هەمان رۆژ لەوێ بەیەک گەیشتین و لەگەڵ دەستەیەک لە رۆشنبیرە بەتواناو بەهەڵوێستەکانی ئەوشارە بەیەکم ناساندن، کە نەک هەرتەنها رێزیان لێی نا، بەڵکو تا سەرەتای راپەڕینیش هەمیشە بەیەکەوە بووین و تێر متمانەمان بەیەکدی دەکردو لەوە گەیشتین، پێنجوێنی شایەنی ئەوەیە تۆڵەی ئەوەدەرکردنەی نێو شاری سلێمانی لە هەولێر بۆ بکەینەوە، بەوەی هەمیشە لە تەکیدا بین.

**..هەڵوێستێکی بوێرانە.**

ئێمە وەکو شاعیر، زۆر زووتر لەوەی بێینە نێو شاری هەولێر، کاکە حەمەدەمینمان بەوە ناسیبوو، کە هەڵوێستی بوێرانەی کوردایەتی هەیەو لە کاتوساتە زۆر تەنگەتاوەکانیشدا، زووتر لە هەموومان دەردەکەوێ بەوەی ئەوسا، ئێمە زیاتر دەترساین و ئەویش کەمتر، کە هەندێجار ئەو نەترسانەیان دەخستە نێو سەبەتەی گومانەوە! بەڵام ئێمەی حەمەدەمین ناس، بەوگومانانە هەڵنەدەفریواین و دەمانزانی، مەعدەنی ئەوپیاوە پاکە! ساڵی هەشتاوهەشتی سەدەی رابردوو، کە بارزانییەکانی پاشماوەی ئەنفالەکان، دووچاری تەنگەژەو ئاریشە هاتنەوەو، بەعسی گۆڕبەگۆڕ لە هەولی ئەوەدابوو، پاشماوەی ئافرەت و منداڵەکانی بارزانییەکان، دووچاری ئازارو ئەشکەنجە بکاتەوە، هەر هەموومان دژی ئەو هەڵوێستەی بەعسییەکان وەستاینەوە، بەڵام هەڵوێستی هەر هەموومان، کە بۆ ئەو رۆژگارە بەزۆر دەژمێردرا، بەقەد ئەو شیعرەی کاکە حەمەمین دەنگی نەدایەوە، کە لەو رۆژگارە نووتەکە تەنگەتاوەدا بۆ ئەوبارزانییانەی نووسی و لە یەکێک لە ژمارەکانی ئەوسای گۆڤاری(کاروان)یشدا بڵاوی کردەوەو دەنگ و سەداکەشی تا رۆژی ئەمرۆ ماوەتەوە!




**..دوای راپەڕین.**

لەسەرەتای رۆژو مانگە بەراییەکانی دوای راپەڕیندا، حەمەدەمین پێنجوێنی هەرلەگەڵماندا بوو، بەڵام دواتر پەرتەوازەبوو، بەجۆرێک ماوەیەک لە هەولێرو ماوەیەک لە سلێمانی و هەندێجاریش هەواڵی ئەوەمان پێدەگەیشت کە سەفەری شاخی کردووە.

بەهەرحاڵ دوای ئەوەی لەدەرەوەی وڵات و لە ئەورووپا گیرسایەوە، لەوە گەیشتین، کە هزری ناسیونالیستی کشتگیری هەرچوار پارچەی

کوردستان بەسەریدا زاڵ بووەو بەو هۆکارەشەوە لەحاڵەتێکی زۆر تازەدا دەژیێ، کە رەنگی بەسەر شیعرەکان و هەڵوێستە دەربڕیوەکانییەوەی دیارە، کە تا ڕۆژی ئەمڕۆش بۆتە سێبەری خۆی و ناتوانێ لێی دابڕێ.

ئەمڕۆش کە گەڕاوەتەوە کوردستان و لە شاری سلێمانیدا ژیان دەگوزەرێنێ، لە هەوڵی ئەوەدایە، رایەڵێک لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆکەی خۆی دروست بکات و لە یەکەمین هەوڵی زۆر سەرکەوتووانەشیدا، چاپکردنی ئەم دیوانە شیعرییەتی لە دەزگای(ئاراس)و پەیوەندیکردنەوەیەتی بەئێمەی کۆنە دۆست و هەڤاڵی خۆی، کە هەرئێمەین دەتوانین بەرگری لەو ڕۆژگارە تەنگەتاوانەی پێنجوێنی بکەین، کە لەگەڵیدا ژیاوین و ئەویش خودان هەڵوێستی بوێرانەو مەردانەی خۆی بووە، کە ئەمڕۆ ئەز لە ناساندنی ئەو دیوانەیدا، کردوومەتە دەستپێک و بەجوانترین بەرگریش تێدەگەم.

* وەفای- بەدران ئەحمەد حەبیب، لەو ساڵانەی باسم کرد، یەکێاکە بەدرانی ئەحمەد حەبیب بوو، کە بەردەوام بەیەکەوە بووین و، سوودێکی زۆریشمان لە دایەلۆگی پیاسەی ئێواران وەردەگرت، کە لەسەر چەندین کێشەی سیاسی و کوردایەتی و ئەدەبی رۆشنبیری و زمانەوانی و شیعرو چیرۆک و تا ئاستی ئەندازیاری بیناسازیش، بەدەم رێوە دانووستانمان دەکرد، کە پیاسەکانمان لە بەردەم کتێبخانەی(دانا)ی جومعە ئاکرەییەوە دەستی پێدەکردو بەشەقامی باتە تێدەپەڕین و بەلای مزگەوتی شێخی چۆلی دەچووینەوەو لە شەقامی محەتەوە، بەرەو شەقامی ئیسکان دەچووین و لە محەتە بەدرانمان لێ دابڕا، بەوەی دەگەیشتەوە ماڵەوەو لە نزیک شەقامی ئازادی، تاریق جامبازمان لێ دابڕاو لە ئیسکان سابیر رەشیدو ئەزیش کە ماڵەکەم بەرامبەر ماڵی سابیر بوو دانەدەبڕام و لەگەڵ ئاغای پێنجوێنی، تا گەرەکی رووناکی دەچووم و بەدووری سەد تا دووسەد مەترێک لە ماڵەکەی خۆی لێی دادەبڕام و رێ بەرێ دەگەڕامەوە ماڵەکەی خۆمان.

ئێستاش برادەرانی هاوپیاسەی ئەوسامان دەڵێن(بەدران) بۆ هاوڕێکانی ئەوسای زۆر بەوەفایە، بەجۆرێک هیچ هاورێ و هەڤاڵێکی ئەوسای لەبیر نەکردووە، تا ئەو ئاستەی خزمەتی زۆرینەیانی کردووە، بە(حەمەدەمین پێنجوێنی)شەوە، کە بەجوانترین بەرگ و کاغەز سەرکۆی دیوانەکەی بەتیراژێکی گونجاو و دیزاینێکی شایستەش بەچاپ گەیاندووە، وام لێدەکات، لەجیاتی هەر هەموو کۆنە برادەرەکانی، سوپاسی بکەم، کە ئەز بەشبەحاڵی خۆم، دوای راپەڕین، یەک سڵاو و سوپاسگوزاری ئەویشم پێنەگەیشتووە، کە لە ڕۆژگاری تەنگەتاویدا نان و نمەکی یەکدیمان کردووە، تا ئاستی ئەوەی نەتوانین لە یەک دابڕێین!

بەڵام ئەمڕۆ کە دەبینم بەجوانترین بەرگ و دیزایەن دیوانی حەمەدەمین پێنجوێنی بەچاپ دەگەیەنێ، بەوپەڕی جوامێری دەناسێنم، بەوەی بەدران ڕۆژانی تەنگەتاوی دوێنێی لەبیر نەچۆتەوەو، ئەمڕۆکە بەرپرسی دەزگای(ئاراس)ە، وەکو برادەرێکی بەوەفا(حەمەدەمین پێنجوێنی) دەگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی دیوانەکەی لەو دەزگایەدا بەچاپ بگەیەنێ! کە هەر هەموو دەزگاکانی دیکەی خێر بەباڵادەستەکان و حکوومەتیش ئامادەیی ئەویان تێدا هەیە، دیوانە شیعری ئەو کەسایەتییە بەچاپ بگەیەنن!

*** خودی دیوانەکە-**

لە بەرگێکی رەنگاورەنگی شین باوی بەرەش و زەرد نووسراودا، لە دووتوێی لێ سەدوبیست لاپەرەی قەوارە گەورەدا. دیوانە شیعری(حەمەدەمین پێنجوێنی) لەژێر ناوی(رۆح و هەورو بەفر) لە دەزگای(ئاراس) بەچاپ گەیشت و لە یەکەمین چاپکردنیشدا، بەتیراژی(کەس نەزانێ) وەکو

زۆرینەی کتێبەکانی ئەو دەزگایە کەوتە بەردەست و دیدی ئاشقانی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی. وەکو لە بەرگەکەیدا شاعیر نووسیویەتی(بەشی هەرەزۆری شیعرەکانمە)و بەخۆشم بەمۆبایل پەیوەندیم بەشاعیرەوە کردو پرسیم مەبەستت لەو دەربڕینە چییە؟ لە وەڵامدا گوتی: هەموو شیعرەکانمە ئەوانەی لێ بترازێ کە لێم ونبووینە.

* **فەرەیدوون پێنجوێنی-**

لەجیاتی دەستپێک و پێشەکی، کەسێک بەناوی( فەرەیدوون پێنجوێنی) کە من ناویم لەوەوبەر نەبیستووە، بەڵام وتارێکی چوار لاپەڕەو نیوی زۆر جوانی لەسەر ئەم کۆدیوانەی کاک حەمەدەمین نووسیوەو لەجیاتی هەرهەموومان دەڵێ:(بەشداری حەمەدەمین پێنجوێنی لە پەرەپێدانی ئەدەبی بەرهەڵستکاری ئێمەدا، ئەگەرچی بەشدارییەکی قووڵ و جیاواز نەبووە، بەڵام بەشدارییەکی دیارو بەرچاو بووە، بەتاموچێژێکی تایبەتییەوە) کە ئەم رایە ئەوە دەگەیەنێ ئێمەش بڵێین ئەو برایە زۆر راست دەکات. بەوەی ئاغای پێنجوێنی لە هەر هەموو بۆنەو رووداوە کارەساتئامێزەکانماندا بەوپەڕی بوێری شیعری ئامادەی زۆر جوانی خۆی بڵاوکردۆتەوەو بەوەش بوونی خۆی سەلماندووە!

* **چیا فەرشی جەربەزەیە-**

یەکەم کۆمەڵە شیعری ئەو شاعیرە هێژایەمان بەو ناوەی سەرەوە بڵاوکرایەوە، کە پێشەکییەکەی لە ساڵی ١٩٨٠ی سەدەی رابردوو نووسراوەو تیایدا دەڵێ: شیعرەکانی نێو ئەم دیوانە بریتین لەو شیعرانەی کە رۆژانی پێشمەرگایەتی نووسیونییەتی وفرێی داونەتە نێو هەگبەکەی پشتەکۆڵەی خۆیەوەو هەندێکیان وەکو خۆیان ماونەتەوەو هەندێکیشیان بەقوربانی تەڕوتووش و باووبۆران بوونەتەوەو تواونەتەوە. واتە ئەوەی بەردەستمان بریتین لەو شیعرانەی کە سروشتیش لەناوی نەبردوون و کەوتوونەتە دووتوێی ئەم دیوانە بەراییەی حەمەدەمینی شاعیر، کە ئەم شیعرانەی لە ئامێزی گەرمی خۆی پاراستووە، کە بریتین لەم شیعرانە:- سۆزێک بۆ شاری سنە، قەرەج، نەورۆزی ساڵێک، رێگەی سەخت، چیا فەرشی جەربەزەیە، یاری و گلان، بۆ حەمدی، بەیانییەک، لەپاش بیست ساڵ، گۆرانییەک بۆ کرێکاران، باوک، ئەستێرە گەشە، نائومێدی، تەزووی رازونیازو پاشبەندییەکەی کە بریتییە لە وتارێکی سێ لاپەڕەو قسووری کاک مومتاز حەیدەری لەسەر ئەو شیعرانەی کاک حەمەدەمین. دواتر دوو شیعر بڵاوکراونەتەوە، کە یەکەمیان بەناوی(راسپاردەی گۆران بۆ خانی)یەو دووەمیشیان(برووسکەی نەورۆز)ە، کە هەر یەکێکیان سێ لاپەڕەی ئەم دیوانەیان داگیرکردووە.

* **ئەستێرەخان**

ئەم شیعرە، لە لای شاعیر تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەوە لاپەڕەیەکی تەواو پێشەکی بۆی نووسیوەو لە کۆتاییەکەیدا دەڵێ:(نازانم دەتوانم جورئەتم هەبێ و بوێرم بڵێم، گیانەکەم تۆم خۆشدەوێ، یان بەلای کەمەوە ئەوەندە جەسووربم بتوانم دوو دێڕ شیعرت پیا هەڵبدەم؟ وا خۆم تاقی کردەوەو ئەم نامەیەم بۆ ناردی). کە بەیەکێک لە جوانترین نامەشیعرییەکانی شاعیر دەژمێردرێ، کە بۆ ئافرەتێکی دیاریکراوی تەرخان کردووە.

دوای ئەوەش ئەم شیعرە جوانانەمان دێنەپێش:- سلێمانی، گەڕانەوە، یادی چوار ئەفسەرەکە، شەوانی سلێمانی، قەڵای هەولێر، لە خەوما، چاوەکانی ئەمیرەو کچێکی جوان. لەگەڵ مام هۆمەر شیعری رەش و سپی دەڵێت، دڵم، نەورۆزی عیشق و پێنجوێنی تەخت کە بەیەکێک لە شیعرە راستبێژەکانی دەزانم.

* **پێنج وێنەکەم.**

ئەم شیعرە بەیەکێک لە بەناوبانگترین شیعرەکانی ئەم شاعیرە دەژمێردرێن، کە وەک کاک حەمەدەمین

هەڵوێستەیەکی لەسەر بکردبایەو بەچەند دێڕێک وەکو پێشەکییەکەی-ئەستێرەخان- هۆکارەکانی ناوداربوونی ئەم شیعرەی بۆمان روون بکردایەتەوە، کە لەبەراییەکەیدا وێنەیەکی جوانی پێنجوێنی بلاوکردۆتەوەو هەر هەموو شیعرەکەش بریتییە لە پیاهەڵدانی پێنجوێن و چۆنیەتی دروستبوونی و یادەوەرییەکانی شاعیر لەم پارچەیەی کوردستان و وێرانبوونی ساتەوەختی پێش راپەڕینی ئەم شارۆچکەیەو وەسفێکی دڵتەزێنی دوای وێرانبوونیشی، کە دڵ و دەروون دێنێتە ژان و ئەنفال و رووخاندنی چوارهەزارو قوور گوندی کوردستانمان وەبیردەهێنێتەوە کە نموونە هەرە ئازیزەکەی(پێنجوێنی)وارو وڵاتی هەمیشەیی خۆیەتی و بەڕاستیش زۆر بەجوانی و هونەرمەندانەش توانیویەتی ئەو بیرۆکەیە لەو شیعرە درێژە تراژیدییەدا بتوێنێتەوەو بەو جۆرەش وێناکان بونیات بنێ، کە هەر هەموویان لە خوێندنەوەیدا وا لە خۆمان بگەین، خۆمان ئەو شیعرەمان لەسەر وێرانبوون و سەراوژێرکردنی واری خۆمانمان نووسیوە، کە لە مێژووی تەڕو تازەی ئێستاکەماندا لەسەر دەستی بەعسی گۆڕبەگۆڕی ئاوەئاو چوودا، بەهەمان وێنەی پێنجوێنی واری کاکە حەمەدەمین بەپەندبران.

دواتر چەند شیعرێکی دیکەمان بەرچاو دەکەون، کە پێچەوانەی ئیقاعی ئەو شیعرەن بەناوی: ئافرەتێکی رۆمانتیکی، بەفرماڵێن، کرێکار، هەر قژ زەردێ، بێشکەی دڵ، گوڵ و یاد، بەڕوو گرژی، رێواس و نەورۆز، بەفر ئەگرێ، نەورۆز ئاوا پەیدا بووە، پرسیارێکی بێ وەڵام، دڵی بێ پەزۆو شیعرێکی دیکە بۆ ئەوانەی لە شیعری گوڵ و یاد نەگەیشتوون.

*** کە گڵ دەبێتە هێمۆگلۆبین-**

ئەمەش ناوی دیوانە شیعرێکی دیکەی شاعیرە، کە لەو کۆ دیوانەیدا پێگەی شایستە بەخۆی وەرگرتووەو برای شاعیرمان لە پێشەکییە کورتیلەی لاپەڕەو نیوێکدا دەڵێ: زووتر لەسەر ئەم کۆمەڵە شیعرەم زۆر کەس لەسەریان نووسی و مایەی سوپاسگوزارین، بەڵام لەو کۆ دیوانەمدا هەر تەنها شیعرەکان بلاودەکەمەوە، کە هەر هەموویان بەجگەرگۆشەی خۆم دەزانم و چاوەڕوانی ئەویشم بەکەیفی خۆتان لەسەریان بنووسن و ئەوەی بەدڵتانە پەسەندیان بکەن و ئەوەی بەدڵیشتان نییە هۆکارەکەیم بۆ روون بکەنەوە. کە من ئەو رایەی ئاغای پێنجوێنی بەهەند وەردەگرم بەوەی هەموو جۆرە رەخنەیەکی قەبووڵە لە پێناو بەخۆداچوونەوەو بەهێزترکردنی بەرهەمەکانی.

ئەو بەشەی کۆ دیوانەکەیشی ئەم شیعرانەی گرتۆتە خۆی: کە شیعر لە سێدارە ئەدرێ، من ئاشقم، شاری گڕ(کە شیعرێکی درێژە) لەگەڵ کاتی گڵ ئەبێتە هیمۆگلۆبین و لە مەستیماو سێ تیرماسکی هێشووە شیعرێک و ئەزموونی ئەلماس و بۆ حەسیب قەرەداغی شاعیرو کەمن کێش و چرنووکی چاو و هەپی بێرس دەی توو یوو و برووسکە شیعرێک بۆ یادی جگەرخوێن لە دهۆک و هەریەک کەسەو خاوەرو نەورۆزانەو جارێکی دیکەش و گوڵە وەچنی و نفێم و سروودی زیندووبوونەوەو مێژووی دەستەمۆو کۆتەڵی کامەران موکری و ژیان و مردن و خەونی سوورو بەهارو مارەیی و تەوژم و دوا سەرنج و بینای چاوان و خوێن بێ فرمێسکە سلێمانی و فیزی ئەسپەشێ، دوو شاعیرو لەکێ بپرسم، کە هەر هەموویان بەیەک جۆرە تەکنیکی شیعری داڕێژراون و لە هەر هەمووشیاندا کێشی چوار برگەیی پیادەکراوە، کە شاعیر لە هەر هەموو شیعرەکانی ئەو کێشەی پێخۆشەو ئەگەر بڵێم زۆربەی شاعیرانی دیکەشمان لەسەر ئەو جۆرە کێشە راهاتوون، بەهەڵەداناچم و لەسەر هەر هەمووتان دەچەسپێ بەفۆلکلۆریشەوە. لە لایەنی زمانی شیعریشەوە بەیەک جۆرە زوبانی دەربڕینی قۆناغێکی دیاریکراوی ئەوسای شیعر

نووسیندا نووسراونەتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە تایبەتمەندییەکی زوبانی جیاوازی هەبێت لەگەڵ شاعیرانی دیکەی هاوشێوەی خۆی لە هەمان قۆناغدا، بەڵام ئەوەی کە بەجیاواز دەژمێردرێ، لە زوبانی شیعری و دەربڕیندا، کە لەو قۆناغەی جیادەکاتەوە، بریتییە لە راشکاوی بێژی لە شیعری بەرگریکاری ئەو قۆناغە کە زۆربەمان نەدەوێراین بەوجۆرە شیعر دابڕێژین، بەڵام لەو رۆژگارەدا ئەو سانسۆرە ترسناکە لەسەر شیعرەکانی کاک حەمەدەمیندا نەبوو، بەوەی دەسەڵاتی گۆڕبەگۆڕی ئەوسا. بەهەر هۆکارێک بێت(خیانەتی لێ بترازێ) موجامەلەیان دەکردو دڵیان رادەگرت، بۆیە ئەو راشکاوبێژییە لەم سەردەم و قۆناغەدا ببووە زوبانی شیعری و دەربڕینە شیعرییەکانی ئەوسای حەمەدەمین پێنجوێنی، کە ئەوەش بەیەکێک لە تایبەتمەندییەکان و سەرکەوتنەکانی ئەو سەردەمەی شاعیر دەژمێردران کە قۆناغ و سەردەمێکی زۆر هەستیارو مەترسیداری رووبەڕووبوونەوەی ئێمەی رۆشنبیران بوو، لەگەڵ سەرسەختترین دوژمنی بێ بەزەییدا، کە حسێب و کتێبی لەگەڵ پیت و وشەشدا دەکرد، چ جای رستەو شیعری بەرگری راشکاوانە، کە لەو سەردەمەدا کاک حەمەدەمین ، ئەو شیعرە جوانانەی خۆی دەنووسین و بڵاویشی دەکردنەوە، کە ئەمڕۆ بۆتە بەشێکی گرنگ لەم کۆدیوانەیدا.

*** گرێژەنە-**

ئەمەش ناوی کۆمەڵە شیعرێکی دیکەی حەمەدەمین پێنجوێنییە کە لە ساڵانی بووریدا، بەچاپی گەیاندووەو ئەمڕۆکەش لەو کۆدیوانەیدا پانتاییەکی زۆری لە لاپەڕەکان داگیر کردووە. کە بەهەمان هەناسەی کۆمەڵە شیعرەکانی دیکەی، ئەم شیعرانەش داڕشتوو، بەجۆرێک دەکرێ بێژین: هیچ جۆرە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە فۆرم و ناوەرۆک و دەربڕیندا بەدیی ناکەین، شاعیر ئەم کۆمەڵە شیعرەی پێشکەشی خەباتگێران و ئەوانەش کردووە، کە گوڵ لەناو شووشەدا پەروەردە دەکەن. لەگەڵ کورو کچەکەی و بەوانەش کە دڵیان دەکەنە زیندانی نهێنییەکان و سنگیشیان دەکەنە گۆڕەپانی رەخنە.

دوای ئەوەش کاکە بەدرانی ئەحمەد حەبیب، لە وتەیەکی خێرای دوو لاپەڕەییدا دەڵێ: (ئەمڕۆ کاک محەمەدەمین پێنجوێنی دەنگێکی ناسراوی شیعری کوردییەو خاوەنی رەنگ و رەچەی تایبەت بەخۆیەتی. گەلێک جار شیعری ئەو دەتهەژێنێ، دەتبزوێنێ، ئاودیوی دنیایەکت دەکەن دنیای ملنەدان و خۆ بەدەستەوەنەدانی چارەنووس و دنیای ژیان بەئومێد خواستنە) ، کە دەکرێ بێژم ئەو دەربڕینەی بەدران باشترین ناساندنی کاکڵەی شیعرەکانی نێو ئەم دیوانەیەتی.

ئینجا بابێینە سەر شیعرەکانی نێو ئەو کۆمەڵە شیعرە، کە بریتین لە:- ئایەتی ئاشق، قڵپەی زریان، سپرای، بلیتی ساڵی ١٩٨٨، کۆماری رەش، ئاڵووشی زێڕ، چزووی تۆڵە، چاوی فرۆکە، بێچکەی مێژوو، خورما، ئەستێرەی چاو، کۆڵانەوە، قەواڵە- کە حەوت پارچە شیعرە، سەرپشک، سێ پەرستگا، ئەندام، بۆ کرووز، رۆڵەم چیا، تەسەوفی نوێ، وەرزەکان چاویان ئەرێژن، ئینجا شیعری(گرێژەنە) کە ناوی دیوانەکەیە، لەگەڵ شیعری هۆ ئەستێرە، گەنجەو شێست ساڵانە، خەوێکی کورت و شەوێکی درێژ، ئەو، خەڵاتی مەرگ، وێنە، نووستن، ئەگەر کە هەشت برگەی سەربەخۆیە، مۆم، تەوقە، شێت و مەی، ختووکە، کۆچی شاعیر، دیلان، کچە گڵاسنۆت، شیعر، تەوار، تەلبەن، وانەی گەریلا، لە چاوەڕوانی سەلمادا، ئەو وەسییەتنامەیەی بەزیندوویی نەمنووسی، مارو دیمەن، دژستان، پایتەختی دژ، شەوانی ئامەد، بیابان(عەرعەر) ، گازاندە، ئەستێرەی گەش(کە بۆ دڵشاد مەریوانی شاعیرە) ، چل نەورۆزە، ماچی ژەهرین و دوا شیعریش بەناوی کێل و قاسە، کە دوا شیعری ئەم کۆمەڵەیەو کۆدیوانەکەشە. لەگەڵ پێڕستێکی رێکوپێکی ئەم

کۆدیوانە.

*** چەند رایەکی زۆر خێرا:**

ئەگەرچی برای شاعیرمان لەبەرایی دیوانەکەیدا لەسەر بەرگیش نووسیویەتی(بەشی هەرە زۆری شیعرەکانمە)، بەلام ئەز دەتوانم بلێم هەر هەموو شیعرەکانییەتی ئەوانەی لێبترازێ کە ون بووینە، یان لەنێو هەگبەکەی سەر پشتیدا باران تواندوویەتنەوە، واتا لەناوچوون و فەوتاون و ئومێدی ئەوە لە ئارادا نییە جارێکی دیکە بدۆزرێنەوەو بکەونە نێو بەرگێکی دیکەی شیعرەکانی ئەم شاعیرە!

* لەماوەی ئەو هەشت نۆ ساڵەدا، کە بە بەردەوامی خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو دیوانە شیعرانە دەنووسم، کە باوەڕی تەواوم بەوە هەیە، کە ئەو دیوانە شیعرانە، شایستەی ئەوەن بەقەڵەم و هزرو خوێندنەوەو پێناسەی من بناسیندرێن، ئەوە دەگەیەنێ کە شاعیرەکانی خودانی ئەم دیوانە، شاعیری بەتوانای سەردەمی خۆیانن و بەهەوەنتەش نەکەوتوونەتە بەر گردیلە بینی زۆر وریاو خێرای ئەو مایکرۆسکۆپەی کە شاعیران و ئەدیبان و رۆشنبیرانی پێدەناسێنم، کە لەو ماوە دوورودرێژەدا هەم شاعیرەکان و هەمیش خوێنەرانی ناساندنەکانی من، مەمنوونی بەندە بووینە، کە بوومەتە سەرچاوەی ئەوەی، کە پێناسە بۆ هەر شاعیرێک دەکەم، قوتابیانی بەشی کوردی کۆلێژی ئاداب و پەروەردە، بەدواداچوونیان بۆ دەکەن و لە راپۆرتی نووسینی دەرچوونیشیاندا ئاماژە بەو خوێندنەوانەی بەندەدا دەکەن، کە لەدوا دیدارمدا لەگەڵ یەکێک لە قوتابییەکان گەیاندمە ئەو باوەڕەی کە باسەکەی بۆ شیعرەکانی حەمەدەمین پێنجوێنی تەرخان بکات، کە ئەز زۆر زۆر بەشاعیرێکی خودان دەنگ و رەنگی خۆی ناسیومەو ئامادەشم هەمیشە بەو پێناسەیە بیناسێنم! بۆیە ئەمرۆ سەرکۆی دیوانەکەیشیم خستۆتە بەر گەردبینی وردوو ئافەریدەی ناساندنی راستەقینەی خۆی، بۆ ئەوەی هەر هەموو شیعرەکانی ئەو شاعیرە بەئاستی راستەقینەی خۆیانیان بسپێرم.

* سەرلەبەری شیعرەکانی کاکە حەمەدەمین، بەسەر دوو لایەندا دابەش دەبن، کە یەکەمیان کوردایەتیکردنێکی راستەقینەی بێ غەلوغەشەو، دووەمیشیان ئەشق و ئەویندارییەکی راستەقینەو راستگۆییانەیە بۆ ئافرەت، کە لە هەردوو هزردا توانیویەتی سەرکەوتن بەدەستبهێنێ و بەوپەڕی راستگۆیانەش هزری شیعرەکانی لە دووتوێی شیعری هونەریدا بتوێنێتەوەو واشمان لێ بکات لە هەردوو حاڵەتی ئەوپەڕی خۆشەویستیدا لەگەڵ راوبۆچوونەکانیدا بتوێینەوەو نەتوانین خۆمانیان لێیان دابڕ بکەین!

* لە نووسینەوەو دەربڕینی هەر هەموو شیعرەکانیدا وەکو سەرکردەیەکی باوەڕ بەخۆی هەڵبژێردراو خۆی دەردەخات، بەبێ ئەوەی دواتر هیچ کەسێک بەرەنگاری بێتەوەو، بەجۆرێکی ناجۆریش وەڵامی بداتەوە.

* لەبەر رۆشنایی ئەو هۆکارو کاردانەوانەش دەتوانین زۆر بەراشکاوی، حەمەدەمین پێنجوێنی، بەیەکێک لە شاعیرە بەتواناو خودان هەڵوێستە بەرزەکانی کاتوساتە شاراوەکانی سەردەمی خۆی بناسێنین و ئەمرۆکەش لە ناساندنی ئەو سەردەمە تەموژاوییەدا، شیعرە پایە بەرزەکانی بەنموونە بهێنینەوە، کە لەم کۆدیوانەدا کۆکراونەتەوەو ئەزیش شانازی بەوەوە دەکەم کە یەکەم رۆشن هزری کوردم بەو جۆرە هۆش و هزر کراوەییە راستەقینەیە، بەشایستەی ئەوەی بزانم بیخەمە پاڵ سەرجەم ئەو دیوانە شیعرانەی لە ماوەی ئەو هەشت نۆ ساڵەدا بەچاپ گەیەندراون و بەسەر کۆشیانەوە، مێژووی تازەی شیعری کوردی تۆمار دەکەن، کە کاکە حەمەدەمین پێنجوێنی یەکێکە لەو ناوە شایستانە!